# هەنار

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٨٩
ساڵی هەشتەم
پووشپەڕ ٢٧١٣ی کوردی
یۆنیۆ ٢٠١٣ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

هەنار

دەستەی نووسەران:

کارزان عەبدوڵڵا

ئەکرەم محەمەد ئەمین

نەورۆز جەمال

مستەفا زاهیدی

محەمەد حەسەن (هاشمی)

هەڵەچن:

مونا عەبدوڵڵا

ئاشنا جەمال

مۆتیف:

بەهار حسێن

تیراژ

٥٠٠

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


- زمان لە ئایدیۆلۆژیادا... کامیل محەمەد قەرەداغی ٧
- نووسەر و نووسین... بەختیار محەمەد ١٦
- ئیماجیزم لە شیعری تازەی ئینگلیزییدا... ئا: دلێر محەمەد ٢٨
- رەچەڵەکناسی شیعری هاوچەرخی هۆرامی... عادل محەمەدپوور ٣٤


## دەق


- شەش شیعر... سەباح رەنجدەر ٥٧
- بە قەڵەمی هەورەبروسکە... سەروەر عومەر ٦٣
- لۆسیۆی پاش کارەساتە گەورەکان!... گۆران رەئوف ٦٧
- موسافیرێک وای وت... ئیبراهیم هەورامانی ٧٢
- من دەمەوێت... بای عیشق هەڵبکاتەوە!... هەرێز رۆژیار ٧٤
- کوشتنێک بمکوژە وەک سەما پڕ چێژ... ئومێد عەلی ٧٨
- لەباتی بنووسم شیعر نووسیم خۆشم دەوێی... دەروون یاسین ٨١
- نامەی بەر لە خۆرئاوابوون... فەیسەڵ هەمەوەندی ٨٣


## دیدار


- دیدار لەگەڵ: بێهروز چەمەن ئارا... سازدانی: سیاوەش گۆدەرزی ٨٧

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| بنەما فەلسەفییەکانی رووناکبیریی فەرەنسا... | جەمال نەجاری | ١٠٥ |
| دیدار لەگەڵ: سەباح ئیسماعیل... | بورهان ئەحمەد | ١١٢ |
| گوڵاڵە سوورە... | جەلال زەنگابادی | ١٢٠ |
| لە ئەفسانەکانی یۆنانییەکان ((گریکەکان))... | عەبدولکەریم شێخانی | ١٣٣ |
| کۆشکی هاوینەیی... | هیوا خەیات | ١٣٧ |
| لەنێوان بوونم بەکرمی ژێر زەوی و هەواڵسازدا... | هەنار ئەلسەراج | ١٤٤ |
| "بەردەکان"... | جەواد حەیدەری | ١٤٧ |


---

## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| سیناریۆ؛ رەگی لەنێو ژیاندا و بالای لەنێو خەیاڵدا... | کەریمۆک | ١٥١ |
| دەربارەی گۆرانی و موزیکی کوردی... | تەها ئەحمەد رەسوڵ | ١٥٥ |
| دیدار لەگەڵ هونەرمەند "عوسمان قادر"... | سازدانی: ستار قادر | ١٧٢ |
| شیکردنەوەیەک بۆ سیمفۆنی ژمارە (٩)ی بیتهۆڤن.. | فەرمان عەلی نوری | ١٨٠ |
| لویس بۆنوێڵ سینەما دژی دەسەلات و کەنیسە... | و. ئەکبەر حەسەن | ١٨٧ |

# لێکۆڵینەوە

- زمان لە ئایدیۆلۆژیادا — کامیل محەمەد قەرەداغی
- نووسەر و نووسین — بەختیار محەمەد
- ئیماجیزم لە شیعری تازەی ئینگلیزییدا — ئا: دلێر محەمەد
- رەچەڵەکناسی شیعری هاوچەرخی هۆرامی — عادل محەمەدپوور

# زمان لە ئایدیۆلۆژیادا:
## وردبوونەوەیەک لە پەیوەندییەکانی نێوانیان




کامیل محەمەد قەرەداغی

زمان و ئایدیۆلۆژیا دوو خەسڵەتن، کە مرۆڤ لە تەواوی بوونەوەرانی تر جیادەکەنەوە، چونکە ئەگەر مرۆڤ ئەو بوونەوەرەبێت، کە زمان لە ئاستێکی ئاڵۆز و پێشکەوتوودا بەکاربهێنێت، ئەوا هەر ئەویش دەتوانێت وەک هەڵگر و پیادەکاری ئایدیۆلۆژیا بەخۆیەوە بنازێت، لەو رووەوەی، کە ئایدیۆلۆژیا کۆیەکی دارێژراوی بیرەکانە و بە یەک رایەڵ یان چەند رایەڵێک پێکەوە کۆکراونەتەوە بۆ پێکهێنانی بوونیادێکی نوێتری قەواڵەدار، کە خزمەت بە ویست و نیازی کەسی ئایدیۆلۆژیادار دەکات.

ئەگەر مرۆڤ زمان و ئایدیۆلۆژیا وەک خاڵی بەهێزی بوونی خۆی لەناو بوونەوەرەکاندا ببینێت، ئەوا لەناو خوودی مرۆڤەکانیشدا ئەوانەیان، کە لە بوونی هەر جۆرێکی دەسەلات بەهرەمەندبن، دیسانەوە زمان و ئایدیۆلۆژیا بە کەرەستە و ئامرازێک دەزانن، کە موڵکی خۆیان بێت.

ئەستەمە بتوانین کایەیەکی بزوتنەوە و جموجووڵی کۆمەڵایەتی بدۆزینەوە، کە زمان و ئایدیۆلۆژیا پێکەوە کاری تێدا نەکەن و کارەکەشیان لەناویدا سەرەکی نەبێت. ئەگەر زمان ئامرازی پەیوەندیپێکەوەکردن و لێکترتێگەیشتن بێت، ئەوا هاوڕایی و هاودەنگییەکیش هەیە لەسەر ئەوەی، کە ئامانجی ئایدیۆلۆژیاش بریتییە

له دانانی کاریگەری لەسەر ئابوریی سیاسیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

پەیوەندیی نێوانی زمان و ئایدیۆلۆژیا هێندە پەیوەندییەکی قووڵ و رەگاژۆیە، کە ئەستەمە هیچ کامیان بتوانن بەجیا و دوور لە ئەوی تریان کاربکات، بەڵام وەک پێداویستییەکی ئەکادیمی پێش ئەوەی بڕوانینە ئەم پەیوەندییە، پێویستە سەیرێکی پێناسەی هەریەکەیان بکەین:

## زمان:

زمان دیاردەیەک(فینۆمینایەک)ی ئاڵۆزە، پێناسەکردنیشی هەروەک خۆی ئاڵۆزە و ئاسان نییە. چۆمسکی (١٩٥٧:١٣) لە کتێبی (سینتاکس ستراکچەرس)دا پێناسەیەکی زمانی کردووە و پێیوایە، کە: زمان گورزەیەک رستەی (کۆتا یان ناکۆتا)یە، کە هەریەکەیان درێژییەکی کۆتای هەیە و لە گورزەیەکی کۆتای رەگەزی تر پێکدێت.

پێناسەیەکی تری زمان ئەوەیە، کە: بریتییە لە میتۆدی پەیوەندیکردنی نێوانی مرۆڤەکان، چ بە ئاخاوتن بێت یان نووسین، یان ئاماژە، کە بەشێوەیەکی نەریتی بەکارهێنانی وشەی تێدایە، ئەم وشانەش بوونیادی تایبەتیی خۆیانیان هەیە.

## ئایدیۆلۆژیا:

ئایدیۆلۆژیا لە زۆر روانینی جیاجیاوە پێناسەکراوە، پێناسەی ئایدیۆلۆژیا بەپێی گۆڕانی ئەوکایەی کە ئایدیۆلۆژیای تیادا سازدەبێت، دەگۆڕێت، بەڵام ئەم پێناسانەی ئێمە لێرەدا پێشکەشیان دەکەین زیاتر ئەوانەن، کە لە ئاستێکی گشتیدا رێکەوتنیان لەسەر هەیە.

تێری ئیگڵتن(١:١٩٩١) کە خۆی لە یەک کتێبدا (ئایدیۆلۆژیا: سەرەتایەک) بیست و سێ پێناسەی بۆ ئایدیۆلۆژیا کردووە[١]، لەو بڕوایەدایە، کە تائێستا هیچ کەسێک نییە توانیبێتی"یەک پێناسەی ورد و تەواوی ئایدیۆلۆژیا بکات". ئەگەر ئێمەش لە تێرمەکە خۆی وردبیبنەوە و بمانەوێت چەمکەکە لە وشەکە خۆیەوە گەڵاڵە بکەین، ئەوا بۆچوونەکەی ئیگڵتن رەوایە و لە جێگەی خۆیدایە. بەڵام کۆدەنگییەکی زانایانیش لەسەر ئەوە هەیە، کە کارکردنی ئایدیۆلۆژیا لە بواری کایە کۆمەڵایەتییەکان، ئاگایی و ململانێی هێزەکاندایە.

پێناسەی لویس ئالتەسێر یەکێکە لە دیارترین ئەو پێناسانەی، کە بۆ ئایدیۆلۆژیاکراون، ئەگەرچی ئاڵتەسێر ئەو روانینەشی لەسەرە، کە وادەزانرێت نەیتوانیوە لە سەیرکردنی ئایدیۆلۆژیادا دنیابینییەکانی (جاک لاکان) تێبپەڕێنێت.

بەپێی ئاڵتەسێر (٢٣٨:١٩٦٥) ئایدیۆلۆژیا سیستمێکی نواندنی (وێنە، خورافە، هزر یان چەمکەکان)ە، لۆژیک و توندیی خۆی هەیەو هەڵگری بوونێک و رۆڵێکی مێژووییە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا.

عەبدوڵا ئەلعروی پێیوایە، رەچەڵەکی وشەی ئایدیۆلۆژیا فەرەنسییە و مانای "زانستی بیرەکان" دەدات، بەڵام نەیتوانیوە تائێستا پارێزگاری لەو مانادێرینەی خۆی بکات، بۆیە ماناکەی گۆڕاوە، کاتێک دەگوترێت حزبێک هەڵگری ئەو ئایدیۆلۆژیایە، ئەوە مانای وایە ئەو حزبە ئەو کۆمەڵە بەها و ئاکار و ئامانجانەی لەبەرچاو گرتووە، کە خۆی دەیەوێت بیانهێنێتەدی.

خاڵێکی شایانی تێبینیکردن لەسەر تێرمی ئایدیۆلۆژیا ئەوەیە، کە لە تێگەیشتنی ناوەکییانەی پێناسەکانیدا بۆ باسی کۆمەڵگا، کۆمەڵگای رۆژئاوایی و بۆباسی ململانە و کێشەکانیشی هەر ململانە و کێشەکانی ناو کۆمەڵگای رۆژئاوایی لەبەرچاو گیراون. لەبەرئەوە لێرەدا هێنانەوەی ئەو پێناسەیەی عەروی کرا بە نموونە. عەرویش باس لە رۆژئاواییبوونی تێرمەکە دەکات و دەیباتەوە سەر رەگێکی فەرەنسی، بەڵام لە تێگەیشتنی ئیسلامیشدا ئایدیۆلۆژیا بوونێکی نەرێیی نییە نەهیی لێبکرێت، بەڵکو زۆر ئەرێیی و پۆزەتیڤە بیرۆکەیەکی سرووشبەخشە، ژیانی خەڵک کۆنترۆڵ دەکات.

تیمۆسی فیزجیراڵد (٢٠٠٣) دەڵێت لە روانگەی ئیسلامەوە ئایدیۆلۆژیا و ئاین رێگری لە یەکتر ناکەن و حەقیقەتی ئایدیۆلۆژی حەقیقەتی ئاینییە و پێچەوانەی ئەمەش هەر راستە.

ئایدیۆلۆژیا دەڵێت دەیەوێت هەڵوێستێک، سیستمێک، قۆناغێک، هەلومەرجێک یان هەموو ئەمانە بەیەکەوە بگۆڕێت. ئایەتوڵاخومەینی لە ئێران، لینین لە مۆسکۆ و فیدێل کاسترۆ لە هاڤانا هەڵگری ئایدیۆلۆژیای تایبەت بە خۆیان بوون و بانگەشەی گۆڕانکارییان دەکرد. کەی سیستمێکیش وەک بەرهەمی ئایدیۆلۆژیایەک هاتەبوون، هەمان ئایدیۆلۆژیا دەتوانێت رۆڵێکی پارێزەرانەی بۆ ببینێت. هەریەکە لە ماوتسی تۆنگی چین و لایەنگرانی خومەینی لە ئێران و بەلشەڤیکەکانی رووس بەڵێنی ئەوەیان دەدا خەڵکەکانی خۆیان ببەنە سەردەمێکی نوێی گۆڕانکارییەوە. لەم بارانەدا دەبینین، کە چۆن توانایەکی خەیاڵییانەی ئەفسانەدروستکردن دەدرێتە پاڵ ئایدیۆلۆژیا.

ئۆژین لەمبێرگ (واداک ١٤٠: ١٩٨٩) پێیوایە، کە ئەفسانە و ئایدیۆلۆژیا هاومانان، یان دوو ناون بۆ یەک شت، لەبەرئەوەی هەردووکیان بریتین لە (کۆبەندی سیستماتیزەکراوی هزرەکان و توانای ئەوەیان هەیە کۆڕی

کۆبوونەوەی خەڵک لە دەوری ئامانجێک لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا گەڵاڵە بکەن).
کاتێک باس لە ئایدیۆلۆژیا دەکەین بێگومان باسی دەسەڵاتیش دەکەین، ئەگەر ڕاستەوخۆ ناویشی بهێنین یان نا! چونکە ئەم دووانە لە یەکتر جیاناکرێنەوە، ئەگەر دەسەڵات هاوشان و هاندەری ئایدیۆلۆژیا نەبێت، ئەوا ئایدیۆلۆژیا لە ڕچەیەک بیروباوەڕ بەولاوە هیچی ترنییە.
لە کتێبی (لەنێوانی قسەکردن و بێدەنگیدا) سوزان گاڵ (٩٧: ١٩٩١) دەڵێت: دەسەڵات لەوە زیاترە تەنها دەنگێکی گوێلێگیراوبێت لە دروستکردنی بڕیاردا، لەوانەیە بەهێزترین قەواڵەی ئەو بریتی بێت لە توانای پێناسەکردنی واقعی کۆمەڵایەتی، بۆئەوەی دنیابینیی خۆی بسەپێنێت ئەم دنیابینیانەی ئەو شۆڕبوونەتەوە بۆناو زمان و کار دەکاتە سەر شێوازی پەیوەندیکردن.

## تیۆر و کایەکانی ئایدیۆلۆژیا

لەزمانی ئیگڵتنەوە ئاماژەمان بەوەدا، کە پێناسەکردنی ئایدیۆلۆژیا ئاسان نییە. هەروەها پێناسەکەی ئاڵتەسێریش پێیگوتین، کە ئایدیۆلۆژیا دوو کاراکتەری هەیە، یەکیان ناوەکییە(لۆژیک و توندییەکەی) ئەوی تریشیان دەرەکییە، کە دەتوانین لەناو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکەیدا بیدۆزینەوە. هاوشێوەی ئەم پێناسەیە دوو تیۆر هەن بۆ سەیرکردنی ئایدیۆلۆژیا، یەکیان پێیدەگوترێ ناوەکی و ئەوی تریشیان دەرەکی.
لەناو دەستەی لایەنگرانی تیۆری یەکەمدا شیلز (١٩٦٨) ئاراستەیەکی تایبەتی هەیە و کۆمەڵە خەسڵەتێک لە ئایدیۆلۆژیادا دەبینێت، کە جیاوازن لە ڕوانینی گشتیی باو، وەک پێویستیی ڕەوانیی داڕشتن، گشتگیری و ڕوونی و متمانەداری. لەڕووی کاراکتەری دەرەکییەوە گیرتز (١٩٦٤) باس لە چەمکی (چالاکیی ڕەمزییانەی ئایدیۆلۆژیا) دەکات و پێوایە ئایدیۆلۆژیا دەتوانێت لەسەر ئاستی ڕەمزی و لەسەر ئاستی پراگماتیکیش کاربکات. ئەمە دابەشکردنێکی باشی کاراکتەرە دەرەکییەکەیەتی، لە هەر کوێ باس لە کاری ئایدیۆلۆژیا لەناو کۆمەڵدا بکرێت دەبێت ئاماژە بە ئەم ڕوانینەی گیرتزیش بکرێت.
تیۆرەکەی کارڵ مارکسیش لەسەر ئایدیۆلۆژیا لە ڕیزی تیۆرە دەرەکییەکاندا هەژمار دەکرێت. تێگەیشتنی مارکس و ئەنگلز لە چەمکی ئایدیۆلۆژیا ئەوەیە، کە زادەی کۆمەڵێک بەرژەوەندیی ئابووریی چینێک، یان گرووپێکی دیاریکراوە، فەرمانڕەوابن یان نا.
بەلای لینینەوە ئایدیۆلۆژیا تەنها کەرەستەیەکە بۆ ململانەی چینایەتی. بەلای

کۆمەڵناسی فەرەنسی (پییێر بۆردیۆ)یشەوە ئایدیۆلۆژیاکان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ یارمەتیی زاڵبوون و بەرفراوانبوونی قەڵەمڕەو دەدەن، لەبەرئەوەی هەرچی ئایدیۆلۆژیا هەیە کۆمەڵێک گوتارە لەڕێگەی دامەزراوەکانەوە فۆرمولە دەکرێن و بەکاردەهێنرێن بۆئەوەی بتوانن خۆیانی پێ بەرهەم بهێننەوە.

فەیلەسووفی هەنگاریی مارکسیست ئیستیڤان مێزەروس (١٩٨٩) لەبارەی مەودا و کایەی ئایدیۆلۆژیاوە دەڵێت: پێی بزانین یان نا، راست و رەوان، لەناو کۆمەڵگاکانی ئێمەدا هەموو شتێک نووقمی ناو ئایدیۆلۆژیا کراوە. لە کۆمەڵگە سەرمایەدارەکانی رۆژئاوادا هەرچی بەها هەیە بەپێی مشتومڕی ئایدیۆلۆژیانەی نێوانی لیبراڵ و پارێزکارەکان دەپێورێت، تائەو ئاستەی، کە ئێمە ئیتر بەبێ دوودڵی و بێ پرسیارکردنیش کۆمەڵە بەهایەک پەسەند بکەین، کە خۆمان دەتوانین لەدژیان بوەستین و لەسەر بنەمای راست و دروست ئەڵتەرناتیڤمان بۆیان هەبێت.

**لەبارەی پەیوەندییەکەوە**

بەدەر لەوەی، کە داخۆ لە کایەی زماندا چ لەبارەی ئایدیۆلۆژیاوە لە گۆڕێیە، قسە و بۆچوونێکی وا پەیدابووە، کە خەڵکێکی زۆر هەن وا بیردەکەنەوە، کە زمان دایکی هەموو فەلسەفە و زانستەکان و ئایدیۆلۆژیاشە، چونکە هەموو ئەو شتانە یاریکردنن بە زمان و تێرمەکانی زمان و واتە فەلسەفە و زانستەکان و ئایدیۆلۆژیا هەر شتێک بکەن، بە هەڵچوون و داچونیانەوە، ئاکامەکانیان ئەوەیە یاریکردنن لەناو زماندا. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە بۆ چوونێکی تریش هەیە، کە زیاتر بە ناوی روانینەکەی (جۆزێف و تایلەر ١٩٩٠)ەوە ناسراوە، ئەمیش پێیوایە، کارکردنەکانی زمانەوانیش ئایدیۆلۆژیان و پێیانوایە، لە کایەی کۆمەڵایەتیی زمانەوانیدا[٢] ئەوکاتەی زمانێک دەیەوێت خۆی لە زمانێک، یان چەند زمانێکی تری بەکارهاتوو باڵاتر پیشان بدات، ئەمە لەوە دەردەچێت تەنها مەسەلەیەکی زمانەوانی بێت، بەڵکو دەبێت بە کارێکی ئایدیۆلۆژییانە و کارێکە کە رەگی کۆلۆنیالیستییانەی هەیە. لە ئەم وڵاتەی خۆماندا بەخۆنازینی سیاسییانەی زمانی عەرەبی و خۆبەزلزانینی لەئاستی زمانەکانی تردا، کارێکی ئایدیۆلۆژییانەیە، نەک کێشەیەکی زمانەوانی. لە هەرکوێیەکی تری دونیاش زمانێک خۆی بە پێشەنگ زانی لە ئاست زماناای تری بەکارهاتوودا، دیسان مەسەلەکە لە تەوەری زمانەوانی دەردەچێت.

رەوشی زمان لە کۆمەڵگە پاش کۆلۆنیالیستییەکاندا سەرنجی زانایانی بەلای

خۆیدا راکێشاوە. بۆ نموونە لەناو وڵاتی نایجیریادا، کە دانیشتووانەکەی سەدو حەفتا ملیۆن کەسە، سەدان زمان هەن بەکاردەهێنرێن، دیارترینیان زمانەکانی (یۆروبا، هاوزا، ئیگبۆ، ئیدۆ، فولفوڵدە، کانووری، ئیبیبیۆ)ن، بەڵام زۆربەی ئەم زمانانە لە ئەو ئاستەدا نین ببن بە زمانی سەردەم و زانیاری و مومارەسەی رۆشنبیرییان پێ بکرێت. بیستوحەوت شاری گەورە لە ئەو وڵاتە هەن، لە هەموویاندا رۆژنامەی تایبەت دەردەچێت، بەڵام تەنها چوار شاریان هەیە بە زمانی رەسەنی خۆیان رۆژنامەکانیان بڵاوبکەنەوە و هەموو ئەوانی تریان بە ئینگلیزی دەردەچن، چونکە لەناو ئەو هەموو زمانەدا زمانی فەرمیی دەوڵەت کراوە بە ئینگلیزی. ئەنگۆلاش نموونەیەکی ترە، لەو وڵاتە شەش زمانی نیشتمانی بە رەسمی ناسێندراون. کە لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٧٥ دا ئەو وڵاتە سەربەخۆیی خۆی بەدەستدەهێنێت، مشتومڕێکی گەرم لەسەر ئەوە پەیدادەبێت، کە داخۆ کام زمانە جێگەی زمانی پورتوگالی بگرێتەوە!

بۆئەوەی لەوە تێبگەین، کە ئایدیۆلۆژیا نهێنکار و شاردراوەکان چۆن بۆ گەلاڵەدانی سیستمی کۆمەڵایەتی بە پێی خواست و مەبەستی خۆیان مانا بە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەبەخشن، ئەوا پێویستە لە ئەو بار و گریمانانە تێبگەین، کە دەکەونە ناو ئەو تێگەیشتن و بۆچوونانەوە لەبارەی زمانەوە هەن. دیارە ئایدیۆلۆژیاکانی زمان بە تەنها لەبارەی زمانەوە نین، بەڵکو وەک دەوارێکی گەورە وان زۆربەی ئایدیا و هزرەکانی دەوری تاکی مرۆیی و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیش دادەپۆشێت، هەروەها شموولی نەریت و دەستووری کۆمەڵایەتی و ئاین و مەسەلە رووحییەکان، پەیوەندیی رەگەزی، خوێندنی ناو قوتابخانە و یاساکانیش دەکات. جگە لەمانەش کەی و لە هەرکوێیەک خەڵک پێکەوە قسە بکەن جۆرێک لە پەیوەندی بوونیاد دەنێن. وۆتزلاویک و بیڤن(١٩٦٧) دەڵێن یەکێک لە دیارترین خەسڵەتەکانی پەیوەندیکردن لەڕێگەی زمان و ئاخاوتنەوە ئەوەیە، کە ئەوکەسانەی پێکەوە قسەدەکەن، تەنها ئەوەنییە، کە رێکەوتنێک لەنێوانیاندا دروست ببێت لەسەر مانای شتەکان، بەڵکو رێکەوتنێکیش لەسەر شێوازی پەیوەندییەکەی نێوانیان سازدەکەن.

لەناو پایەی سیاسییانە و مۆنەپۆڵیستانەی ئەمڕۆی ئەمریکادا، چۆمسکی دەبینین، کە وەک دیارترین زماناسەکانی سەردەم رەخنە لە هەڵسوکەوت و سیاسەتەکانی حکومەتی وڵاتەکەی خۆی دەگرێت و پێیوایە لەوێ زمان بە تەواوی خراوەتە خزمەتی ئایدیۆلۆژیاوە و دەڵێت لەپاش جەنگی ساردەوە ئەوە بە ڕوونی دەبینین ویلایەتە یەکگرتووەکان بەناوی پاراستنی دیموکراسی و

مافی مرۆڤەوەدەستی خۆی گەیاندۆتە هەموولایەکی دونیا، واتە بە زمان باس لە خزمەتی پرۆسەی بە دیموکراسیکردن و پاراستنی مافی مرۆڤ دەکات، بەڵام لەڕاستیدا و ئایدیۆلۆژیای سەرەکیی ئەمریکا لە پشتی ئەم هەڵسوکەوتانەیەوە بریتییە لە کردنە ئامانجی ئەو خەڵکە رەسەنانەی لەسەر خاکی خۆیان نیشتەجێن و نەیاری سیاسەتەکانی ئەمریکان.

### ئێستای کوردستان

دیاردەیەکی چالاک و روو لەگەشەی ناو زمانەکان، کە دەکرێت ببێت بە بەڵگەی زیندوویێتییان ئەوەیە زمانەکان لەڕووی تێرمینۆلۆژییەوە پەرەدەسەنن. بەهۆی ئاسان بوونی پەیوەندییەوە لەسەر ئاستی جیهان، زمانەکان بە ئاسانی تێرم و وشەی یەکتر وەردەگرن و بەکاریدەهێننەوە و هیچ دابینێکیش بۆ پاراستنی مانا نییە لە ئەم گواستنەوانەدا. لەم رەوتەدا زمانی کوردییش هەم وشەی لێوەرگیراوە و هەم وشەی زمانەکانەی تریشی بۆ هاتۆتە ناوەوە. کەواتە زمانەکان هەمیشە لەسەر رەوتی گەشەکردنن، زمانێک ئەم کارلێکانەی نەبوو، ئەوە مانای وایە رووی لە لەناوچوون کردووە.

زمان لە وڵاتانی ئێمەدا و بەتایبەتییش لەلای خۆمان پەیوەستە بە مەسەلەی ناسنامەوە. ناسنامەش ململانەی سیاسەتی لەسەرە، ململانەی سیاسەت ئایدیۆلۆژیا گەڵاڵە دەکات، کەواتە ئەوە ئاساییە بۆ هەر جۆرە باسێک لەسەر کارلێکەکانی زمان و ئایدیۆلۆژیای زمانی کوردی و پاشان خەڵکی کورد ببن بە نموونە. نووسەری ئەم باسە چەندان کتێبـی لەسەر ئەم باسە لەبەردەستدایە، کە زمانی کوردی بووە بە نموونەی ئەو ململانانەی یەخەیان پێگرتووە، بەڵام بێگومان زۆربەیان باسی ململانەی دەرکییانە دەکەن، بۆ نموونە زمانی کوردی و ئەو تەحەدا ئایدیۆلۆژییانەی لەلایەن دەستەڵاتی زمان عەرەبییەوە بەرامبەری پیادەکراون. بۆیە ئێستە ئێمە باس لەوە ناکەین. کاردانەوەیەکی کوردییانە بۆ ئەو سیاسەتانە ئەوەبوو، کە ساڵی رابردوو سەرۆکی هەرێم لەسەر ئاستی زاراوەسازی قسەی لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا کرد و ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستانی عیراقی ناونا (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم). ئەمە بڕیارێکی ئایدیۆلۆژییانەی ناو زمان بوو، بەڵام پانتاییەکی سیاسییانەی هەبوو، لەبەرئەوە دەماری شۆڤێنیزمی عەرەبی عیراقیی جوڵاندەوە.

لەئێستادا و لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان قسەوباسێکی ئایدیۆلۆژییانە لەسەر زمانی فەرمیی کوردی هەیە و خەڵکانێک هەن وا

بیردەکەنەوە و کاردەکەن، کە ئیتر بۆ لەمەودوا ئەو شێوەزارەی بووە بە زمانی فەرمیی نووسین و قسەکردنی کوردی وەک خۆی نەمێنێتەوە و(بەپێی گۆڕانی رۆژگارەکە!) گۆڕانی بەسەردا بهێندرێت. دیارە من لەگەڵ ئەوەم زمانی فەرمیی نووسینی کوردی هەر ئەوەی ئێستابێت، کە هەیە و پێموانییە ئەو دەستکارییەی باسیدەکرێت سوودێکی زیادەی وای تێدابێت، کە پێویست بکات کاری لێبڕاوانەی بۆ بخرێتەگەڕ، بۆئەوەی ئەو فۆڕمەی ئێستای بگۆڕدرێت. وادەزانم پاشەڵی ئەم کارە ئەوەندەی کە ئایدیۆلۆژییانەیە، ئەوەندە زمانەوانییانە نییە. ئەو برایانەی داوادەکەن ئەم زمانە بگۆڕدرێت زیاتر لەو توێژە رۆشنبیرەن، کە رەچەڵەکی خۆیان لەناوچەکانی سەر بە هەولێردایە. گومان لەوەدانییە، کە لە سنووری پارێزگای هەولێردا ژمارەی زمانە ناوخۆییەکان و شێوەزمانەکان زۆرترن لەناوچەی سلێمانی، بەدیوێکی تریشدا ژمارەی ئەو خەڵکانەی کە شێوەزمانی جیاواز بەکاردەهێنن، زیاترە لەوانەی سنووری پارێزگای سلێمانی، لەمەوە زانستی زمان بە ئاسایی دەزانێت، کە لە ناوچەی هەولێردا لەبری زمانی ستاندارد جۆرێک لە (کریۆلی) پەیدا ببێت. لە هەولێر کریۆلییەک هەیە، خەڵکێکی زۆر قسەی پێدەکەن، هەمان کریۆلی لەناوچەکانی سەر بە پارێزگای موسڵیشدا هەیە و کاری پێدەکرێت. درێژیی ماوەی پێکەوەژیانی نێوانی ئەم زمان و شێوەزمانانەی وایکردووە، کە لە لای چەند وەچە ئەو کریۆلییە بووبێت بە(پیجن). پیجنیش زمانێکی نوێیە لەناو جەرگەی چەند زمانێکی ترەوە سەر هەڵدەدات، دەکرێت لە هەموویان بچێت، وەک ئەوەی کە دەکرێت لە هیچیشیان نەچێت. جیاوازیی نێوانی کریۆلی و پیجنیش لەوەدایە، ئەوکەسەی، کە زمانێکی تێکەڵ لە چەند زمانێکی تر وەردەگرێت، ئەوە زمانەکەی کریۆلە، بەڵام ئەو منداڵەی کە لەناو خێزانی کریۆل زمانەکاندا لەدایک دەبێت و دایک و باوکی بە زمانێک ئاخاوتن دەکەن، کە هیچ کام لە زمانە رەسەنە کاریگەرەکان نییە، ئەوە ئەو زمانە لەلای منداڵەکە دەبێت بە پیجن. بۆیە زۆر ئاساییە نەوەی نوێی پیجن زمان زمانەکەی خۆی بە رەسەن بزانێت و قسەی لەسەر بکات و بۆی بچێتە ململانێی ئایدیۆلۆژییەوە.

وەک ئەوەی، کە کوردبوونمان وەک نەتەوە مایەی شانازیمانە، ئاواش زمانی کوردی بە هەموو شێوەزمانەکانییەوە مایەی شانازیمانە هی هەر هەرێم و شارێکی کوردی بێت، پێشمان باشە هەموو لایەک لە تەواوی مافی ئازادیی بەکارهێنانی زمانی خۆیان بەهرەمەندبن، هەر هێندە لەو مەسەلەیەدا خاڵی جیاوازیمان هەیە، کە ناکرێت هەستانەوەی زمانێک لەسەر زیانی رەسەنایەتیی زمانێکی تر بێت.

## پەراوێز:

(١)وەک نموونە بۆ بیستوسیّ پێناسەکەی ئیگڵتن ئەمانەی خوارەوە هەڵدەبژێرین:

١. بریتیە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانا، رەمز و بەها لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا. ٢. کۆمەڵە ئایدیایەکە یارمەتیی بە یاساییکردن و زاڵکردنی هێزێکی سیاسی دەدەن. ٤. کۆمەڵە بۆچوونێکی هەڵەن یارمەتیی بەیاساییکردن و زاڵکردنی هێزێکی سیاسی دەدەن. ٥. کۆمەڵە فۆرمێکی هزرە بەپێی بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی گەلاڵەکراون.

(٢)زاراوەی "کۆمەڵایەتیی زمانەوانی"م لەبریی سۆسیۆلینگویستیکسی ئینگلیزی بەکارهێناوە، ئەگەرچی پێشموایە، کە ماناکەی پڕاوپڕی خۆی نەبێت، چونکە سۆسیۆلینگویستیکس وەک زانستێکی زمان کار لەسەر ئەو لایەنە کۆمەڵایەتییانە دەکات، کە زمانیان تێدابەکاردێت و ئەوانیش کار لە زمان دەکەن.

## سەرچاوەکان:


**أنور، دكتور أحمد : النظرية و المنهج في علم الاجتماع. كلية التربية – جامعة عين شمس**

Althusser Louis. (1977). For Marx. Trans. B. Brewster. London: Verso.

Chomsky، Noam (1992). Deterring democracy. New York: Farrar، Straus and Giroux.

Eagleton، Terry. (1991). Ideology: An introduction. London: Verso.

Eagleton، Terry. (1989). Literary theory: An introduction. Oxford: Blackwell

Fairclough، Norman. (1989). Language and power. Longman: London.

Watzlawick، Paul، Bavelas، Janet Beavin، and Jackson، Don De Avila. (1967). Pragmatics of human communication. New York: W.W. Norton

Zaidi، Abbas.(2012) . Language of ideology/ideology of language: Notes on theory and practice،' JPCS، Volume 3، No 1، 2012

# نووسەر و نووسین

بەختیار محەمەد

نووسەر بەشێکە لە پرۆسەی داهێنانی نووسین و ئەم پرۆسەیەش بەشێکە لە ئەزموونی رۆشنبیریی نووسەر. پیشەی نووسەریی: کاری ناو دەزگای نووسینە. ئێمە ناتوانین نووسەر بین، هەتا دەزگای نووسینمان نەبێت؛ ئەم دەزگایەشمان نابێت، هەتا دەزگای خوێندنەوەمان نەبێت. ئەم دوو دەزگایەشمان نابێت، هەتا دەزگای ئاخاوتنمان نەبێت؛ کەواتە ئێمە لێرە هاوکێشەی (ئاخاوتن – نووسین – خوێنەر)مان هەیە {ئەم هاوکێشەیە لە بڕگەی نێوان نووسەر و خوێنەردا پێچەوانەکەشی هەر راستە}، (بە واتای لێرەدا نووسەر {نووسین} و خوێنەر لە رێگەی دەقەوە یەکتر بەرهەم دەهێنن. دەق لێرەدا – ئەگەر بشێ ئەم دەستەواژەیە بەکار بهێنین – مەیدانی جێژوانێکە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا؛ جێژوانێک بۆ عیشقی نووسین و خوێندنەوە. بێگومان دەق، نووسەر و خوێنەر دەخولقێنێت و تاکە ناوەندێکی رەهایە بۆ بە یەکگەیشتنی نووسەر و خوێنەر؛ ئەو دوو کەسایەتییەی، کە جیهانی مەعریفە و رۆشنبیریی بەرهەم دەهێنن).[١]نووسین لەهەر بوارێکدا بنووسرێت ((زانستە))؛ واتە هونەری داڕشتنی شێوازی دەربڕینی زمانی دەقە.[٢] دەقی نووسین راستەوخۆ پێوەندی بە خاوەنەکەیەوە (نووسەرەوە) هەیە: من ئەوە دەنووسم، کە ئەوەم، کە وەک بوونەوەرێکی رۆشنبیریی بەم شێوەیە هەم. نووسین بەرهەمی خودی منە؛ منیش بەرهەمی مرۆڤ و کۆمەڵگەی

مرۆڤایەتیی و بەرهەمی واقیعم. واتە منیش دانابڕێم لە مێژووی کەلەپووری نووسین: نووسینی رۆشنبیریی داهێنەری هەموو گەلان. چونکە نووسین هونەر و زانستە، هەرگیز هەڵپە و پەلەکردنی ناوێت. هەڵبەت تۆ دەتوانی شتی هاکەزایی بەخێرایی بنووسی، وەلێ بابەتی باش و کاری جددیی، ئارامییەکی رۆشنبیریی باشی دەوێت (لەمەوە ئێمە ئەگەر نەشتوانین نووسەرێکی پڕ بەرهەمی باش بین، بەڵام دەشێت و دەکرێت کەم بنووسین، تا بشێ و بکرێت شتی باش بنووسین. دەبێت بشزانین، نووسین کە سیفەتی شتومەک و کاڵای بازرگانیی وەرگرت، ئەوا لە بەهای نووسینی راستەقینە دەکەوێ. نووسەریش بە پێچەوانەی بازرگانەوە زەرەرێکی یەکجار گەورە دەکات. من ئەم نموونەیەم {خوازەیەم} لە بواری ئابووریدا بۆیە هێنایەوە، تا نووسەریش بزانێت، کە دەشێت ئەویش وەک بازرگان لە ئاست خوێنەر {کڕیار} و خوێندنەوە {بازاڕ}دا قازانج و زەرەر بکات؛ کەواتە هەموو دەقێکی باش بریتییە لە قازانجێکی گەورەی مەعریفیی، یان ئیستێتیکیی و هەموو دەقێکی خراپیش بریتییە لە زیانێکی گەورە لە بەهای بەکارهێنانی وشە {وشە بەواتای چۆنیەتی دەربڕین و دەلالەتی زمان}. هەڵبەت نووسین هیچ نییە، بێجگە لە بەکارهێنانی راست و دروستی {واتا و دەربڕینی} وشە. لێرەشدا نووسین بریتییە لە بەهای داهێنەرانەی بەکار هێنانی زمان). لە لایەکی دیکەشەوە،دەشێت نووسین — وەک هەر کارێکی داهێندراوی دیکە – هەمیشە قەرەبووی کێماسییەکانی ژیانمان بکاتەوە (بە تایبەتیش من لێرە باس لە نووسینی فەلسەفیی و ئیبداعیی دەکەم).[٣] پێدەچێت داهێنان هەمیشە پڕکردنەوەی بۆشاییەکان (کێماسییەکان)ی واقیعی ژیانمان بێت: ئەو بۆشایی و کێماسییانەی، کە ئێمە لە بوونی خۆمان هەستی پێدەکەین؛ هەر بۆیەش داهێنان تەنها پێوەندی بە خودەوە (تاکەوە) هەیە.[٤] دیارە تاک لە کۆمەڵگەدا (بێگومان تاکی هۆشیار) لە کامڵبوونی خۆی دەگەڕێت. پێ دەچێت ئێمە بتوانین لە چوارچێوەی داهێناندا ئەم کامڵبوونە بەدەست بهێنین؛ بەڵام ئایا داهێنانیش یەکسان نییە بە حاڵەتی نەمریی؟ هەر بەم شێوەیەش ئێمە هەمیشە داهێنەرەکان بە نەمریی دەناسین. لێرەشەوە ئێمە بەهۆی داهێنەرەکانەوە، ژیارە مەزن و نەمرەکان دەناسین. بەهەر حاڵ من کە دەنووسم، چونکە دەمەوێت بڵێم هەم: هەمێکی ناسراو و بەرێز و موعتەبەر؛ ئەمەش دیارە پێوەندی بە بەدیهێنانی خود و پڕکردنەوەی کێماسییەکانەوە هەیە. ئەم حاڵەتەش سەد لە سەد حاڵەتێکی مرۆییە. واتە حاڵەتێکە پێوەندی بە ژیانی هەموو مرۆڤایەتییەوە هەیە. دەمەوێت بڵێم: خودی نووسەر لە رێگەی نووسینەوە، پێوەندی بەهەموو مرۆڤایەتییەوە دەکات. لێرەشدا خود لە لووتکەی کامڵبوونی

خۆیدا بەدی دێت (کەواتە ئێمە هەمیشە لە کەسایەتی خوێنەر دەگەڕێین؛ ئەو کەسایەتییەی، کە لەگەڵ پرۆسەی خوێندنەوەدا لە دایک دەبێت؛ دیارە تا پرۆسەی خوێندنەوە و کەسایەتی خوێنەریش بوونیان نەبێت، ئەوا پرۆسەی بەرهەمهێنانی زانینیش بوونی نابێت. لەمەوە خوێنەر ژیانی راستەقینەی نووسەرە. هەڵبەت ئەوە خوێنەرە، کە ژیان بە دەقەکانی نووسەر دەبەخشێت. هەر بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە پێمانوایە، کە دەقی زیندوو و دەقی نازیندوو هەن: دەقی زیندوو بریتییە لەوەی، کە خوێنەر بۆ خۆی دەخوڵقێنێت، بەڵام دەقی نازیندوو ناتوانێت خوێنەر بۆ خۆی بەرهەم بهێنێ. دەقی زیندوو هەمیشە چالاکی بە خوێنەر دەبەخشێ، بەڵام دەقی نازیندوو خوێنەر تەمبەڵ دەکات).(٥) ئەم پێوەندییەی نێوان نووسەر و خوێنەر، پێوەندییەکی ئەنتۆلۆژییە؛ ئەو پێوەندییەی، کە لەسەر بنەمای جوانیی و زانین بەرهەمدێت و دەخوڵقێ. بێگومان ئەم پێوەندییە بەدەر لە دەقی داهێنەر هیچ شتێکی دیکە نییە. ئا لێرەدا خوێنەر دێت ئەم گوتارە ئەنتۆلۆژییەی دەق تەواو دەکات. بە نموونە: من کە لە رێگەی نووسینی دەقێکی داهێنەرەوە باسی شکستی ئەزموونی عیشقێکی خۆم دەکەم (وەک نموونەی رۆمانی "ئازارەکانی ڤارتەر"ی گۆتە)، ئەوا لە سەرانسەری ئەم جیهانەدا بە سەدان هەزار کەس هەن، کە بەشداری گوتاری ئەم زمانی ئازار و شکستەم دەکەن و هاوشێوەی من نائومێد و نیگەرانن (چونکە عیشق هەمیشە کێشەیەکی هەرە گەورەی هەموو مرۆڤایەتییە). دیارە ئێمە لێرە هەردووک لاشمان چ وەک خوێنەر و چ وەک نووسەریش، دەبینە خاوەنی یەک گوتاری هاوبەشی ئەنتۆلۆژیی: ئەنتۆلۆژیای واقیعێکی تراژیدیی؛ ئەو تراژیدیایەی، کە لە قەیرانی عیشقەوە سەر هەڵدەدا (واتە ئێمە لەناو یەک قەیرانی ئەنتۆلۆژییدا دەژین، کە لە رێگەی عیشقەوە بەرجەستەی دەکەین و دەری دەبڕین. نووسەر دێت لە رێگەی داهێنانەوە ئەم قەیرانەمان پێدەبەخشێت؛ ئەو قەیرانەی، قەیرانێکی هاوبەشی هەموو تاکەکانی مرۆڤایەتییە). راستییەکەی مرۆڤ بوونەوەرێکە ناتوانێ بەبێ قەیرانی رۆمانتیکیی بژی؛ ئەو قەیرانەی دەلالەت لە نامۆ بوونی مرۆڤ دەکا لەم ژیانەدا (لەم سەردەمەدا): ئەم سەردەمە، سەردەمی نامۆبوونی مرۆڤە لە ئاست بە کاڵابوونی هەموو پێداویستییەکانی ژیاندا؛ ژیان بە یاسای کاڵا و کڕین و فرۆشتن مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەکات. لێرەشدا مرۆڤ خۆی بووەتە کاڵا و کۆیلەیەکی دەسەڵاتی کاڵا مادییەکان. بەم شێوەیەش مرۆڤ بەها و حەقیقەتە مرۆییەکانی خۆی لە دەستداوە؛ ئەمەش جەوهەری نامۆبوونی مرۆڤە لە ئاست ویست و حەزە سروشتییەکانی خۆیدا. مرۆڤ ئەمڕۆ ناتوانێت عیشق بکات، چونکە ئازادیی خۆی

لە دەستداوە و بووەتە کۆیلەی بەرژەوەندی ماددیی و دەسەڵاتی کاڵا و سەرمایە. مرۆڤ ئەمڕۆ ناتوانێت هیچ چاکەیەکیشی (هیچ بەهایەکی بەرزیشی) خۆش بوێت، چونکە پارە دەپەرستێ و پارەی لە هەموو شتێک خۆشتر دەوێت؛ ئا لێرەشدا مرۆڤ عیشق ناکا و تاقەتی نییە هیچ هەوڵێک بۆ بەدیهێنانی بەها باڵاکان بدا (عیشق یەکێکە لەم بەها باڵایانە)، چونکە پێیوایە پارە و تەکنەلۆژیا هەموو شتێکی بۆ دابین دەکەن (بۆ دەکڕن) {لە راستیدا سەرمایە مرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی ماددیی بێ سۆزی گەمژە. مرۆڤی سەرمایەدار تەنها لە چاوچنۆکیی و پارە کۆکردنەوەدا داهێنان دەکات، بەڵام چونکە سەرمایە دەسەڵاتە، هەموو شتێک بۆ خۆی داگیر دەکات؛ تەنانەت عەقڵ و زانست و پێشکەوتنیش بۆ خۆی داگیر دەکات}. لێرەشدا مرۆڤ لەناو وەهمێکی کوشندەدا، جگە لەو ویستە بەهێزە شەڕانگێزە نەبێ، کە هەمیشە حەزی لە داگیرکردن و چاوچنۆکییە، هەموو شتێکی دۆڕاندووە. بێگومان ئەمڕۆ مرۆڤ لەسەر حیسابی ئازادیی و بەختەوەریی و کەرامەتی خۆی، ویستێکی بەدکارانەی یەکجار بەهێزی بۆ چاوچنۆکی و دەوڵەمەندیی هەیە. دیارە مرۆڤ لێرە حەقیقەتی سروشتیی خۆی لە بیر کردووە، کە ئەو لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی سروشتیی ئازادە؛ بەر لە بوونی ژیارەکان ئەو بە ئازادیی لەناو سروشتێکی ئازاددا ژیاوە؛ بەڵام مرۆڤ بە تەواویی ئەم ئازادییە خۆڕسکەی خۆی لەبیر کردووە، بۆیەش هەوڵی وێرانکردنی سروشتیش دەدا و دەشیەوێت گۆی زەوی تەنها بۆ خۆی قۆرخ بکات و یاسا پراگماتییە ماددییەکانی خۆشی بەسەر یاسا سروشتییەکانی ئەم زەوییەدا بسەپێنێ. راستییەکەی مرۆڤ هەر وایشی کردووە، بۆیە وەک دەشبینین کارەسات و تراژیدیاکان (کارەسات و تراژیدیا سروشتیی و دەستکردەکان) یەکجار زۆر و بێ شومارن. کێشەی هەرە گەورەی مرۆڤ ئەوەیە، کە ناتوانێت خۆنەویست بێت؛ بەڵکو حاڵەتی خۆپەرستیی تەواو بەسەر ویستی مرۆڤدا زاڵە. تەنانەت– با بەنموونە بواری سیاسی وەربگرین – مرۆڤ، کە سەرکردەیەکی نەیاری شۆڕشگێڕیش بێت، بەڵام کە دەسەڵات دەگرێتە دەست، بە خۆپەرستیی دەسەڵات بەڕێوە دەبات. زۆر دەگمەنن ئەو سەرکردانەی، کە لە لووتکەی دەسەڵاتدا خۆنەویستن (وەک ماندێلای ئەم سەردەمەمان). پێ دەچێ ئەم خۆنەویستییە رۆحی هەرە گەورە و پرەنسیپی هەرە سەرەکی دیموکراسییەت پێک بهێنێ. لێرەشەوە دەبێت بڵێم: دیموکراسییەت هیچ نییە، بێجگە لە خۆنەویستیی؛ خۆنەویستیی لە ئاست بەرژەوەندی تایبەتی چاوچنۆکانەدا. ئا ئەم خۆپەرستییە نەخۆشانەیەیە، کە ناهێڵێت نە تاک، نە کۆمەڵگاش بەختەوەر بن. ئێمە کە باس لە دادپەروەریی بکەین، دەبێت

خۆنەپەرست بین. خۆپەرستەکان ناتوانن ئەوی دیکەیان خۆشبوێت؛ خۆشەویستیش سەرچاوەیەکی رۆحیی و ئەخلاقیی گرنگی دادپەروەرییە. من کە ئەوی دیکەم خۆشویست، دەشتوانم لە ئاستیدا دادپەروەر بم. دادپەروەرییش رۆحە مەزن و پاکەکەی دیموکراسییەت پێکدەهێنێت. ناشێ بەبێ دادپەروەریی بڵێین دیموکراسین. ئەوانەی لەسەر بنەمای نادادپەروەرییدا بانگەشەی دیموکراسییەت دەکەن، درۆیەکی یەکجار گەورە دەکەن و رێش بۆ فێڵی ستەمکردن خۆش دەکەن. ئەوەی درۆ بە ناوی دیموکراسییەتەوە دەکات، ستەمکارێکی گەورەیە. بە داخەوە جیهانی ئێمە پڕە لەو سیاسییە گەمژە و درۆزنانەی، کە لە سەفسەتە و دیماگۆگییەت و درۆکردندا داهێنەرن؛ ئەو سیاسییانەی، کە فریودانی خەڵک بە دەستکەوتی گرنگی سیاسی دەزانن. بەڵام ئایا هەموو درۆزنێکیش ستەمکار نییە؟ (راستییەکەی درۆکردن خۆی لە خۆیدا ستەمە: ستەم لەوی دیکە و لە خودیش. ستەمێکە بە ئاخاوتن دەست پێدەکات و دەبێتە کردار؛ بە تایبەتی لە ئاستی دەسەڵاتدا لە ئاخاوتنەوە دەبێتە کردار. هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی نادیموکراسی، لە درۆی ئاخاوتنەوە دەست پێدەکا بۆ ستەمی کردار. واتە یەکەم جار درۆ دەکات، پاشان بە کردار ستەم دەکات). بەهەرحاڵ ئێمە پێشتر گوتمان، دەق ناوەندێکە (مەیدانێکە) — نموونەشمان بە ئەزموونی رووداوی عیشق هێنایەوە – بۆ گوتاری هاوبەشی ئەنتۆلۆژیی نێوان نووسەر و خوێنەر؛ ئەو گوتارەی لە چوارچێوەی دەقدا لە کاری بەخشین و وەرگرتندا بەرجەستە دەبێت. هەڵبەت گوتاری (کاری) بەخشین، بە گوتاری (کاری) وەرگرتن تەواو دەبێت. وەرگریش گەورەترین دەستکەوت (پاداشت) بە دەق (بە نووسەر) دەبەخشێت، کە ئەویش کاری خوێندنەوەیە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەم گوتارە — گوتاری هاوبەشی بەخشین و وەرگرتن و بەخشینەوە — لە زماندا بەرجەستە دەبێت (لێرەشدا گوتار بەهای جوانیی خۆی بەرهەم دەهێنێت). واتە زمانی دەق دەتوانێت ناوەندێکی بە پیت و کارا بێت لە نێوان نووسەر (دەق) و خوێنەردا. بە واتایەکی دیکە ببێژین: ئەرکی هونەری نووسین لێرە ئەوەیە، کە بە زمانێکی هونەریی دانسقە چیرۆکی رووداوەکانمان بۆ بگێڕێتەوە و وێنە و وەسفی دیاردە و حاڵەتەکانمان بۆ بکێشێ و دابڕێژێ (لێرەشدا زمان دەبێتە تەوەری سەرەکی کاری نووسین: زمان چ وەک شێوازی دەربڕین؛ چ وەک داڕشتنی بنەمای رێزمان). لێرەدا جارێکی دیکەش جەخت دەکەمەوە و دەڵێم: نووسین هەمیشە قەرەبووکردنەوەی ئەو شتەیە، کە لە واقیعدا نیمانە: قەرەبووکردنەوەیەکی بە زیادە و داهێنەرانە. ئا هەر لەبەر ئەوەشە،

کە هەمیشە جیهانی نووسین (دەق) جیاوازە لە جیهانی واقیع؛ ئەو جیاوازییەی، کە خەیاڵی داهێنان (داهێنەر) سنوورەکەی دیاری دەکات. واتە جیهانی نووسین (دەق) هەمیشە شتی نوێ و زیادە دەخاتە سەر جیهانی واقیعیمانەوە، (ئا ئەمەش پرۆسەی بیناکردنی کایەی مەعریفە و رۆشنبیرییە)؛ جیهانی نووسین، جیهانی واقیعیمان فێری واتای نوێ و زمانی نوێ و تێگەیشتنی نوێ و گوتاری نوێی ژیان دەکات. ئا لێرەشەوە هەمیشە پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان گوتاری نووسین (کاری هونەریی) و واقیعی ژیانی رۆژانەماندا هەیە (بەڵام ئەرکی نووسین، یان کاری هونەریی ئەوەیە، کە داهێنان لەسەر ئەم واقیعە بکەن)، هیچ نووسەرێکی جددییش نییە، کە ویست و خواستی خوێنەری – وەک ستراتیژ– لە وسیت و ئارەزووی خۆی پێ گرنگتر نەبێت. هەڵبەت لە جیهانی نووسیندا هەرگیز شتی وەها نییە، کە بەبێ ئەوەی حیساب بۆ کارەکتەری خوێنەر بکرێت، نووسین تەنها لە پێناو نووسیندا (لە پێناو دەقدا) بنووسرێت (خوێنەریش بە مانای وشە، ئەوی دیکەیە: ئەوی دیکەی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگە. تەنانەت کەسێکی وەک هایدگەر پێیوایە، کە "گوتەی شیعریی هیچ نییە، بێجگە لە راڤەکردنێکی دەنگی گەل ").[٦] راستییەکەی دەق ئەو کاتە دەتوانێت زیندوو بێ و لە هەموو سەردەمەکاندا بژی، کە لە ساتێک لە ساتەکانی پرۆسەی خوێندنەوەدا، دەبێتە موڵکی راستەقینەی خوێنەر (زۆرترین و باشترین خوێنەر: دەقە نەمرەکان لە هەموو سەردەم و لە هەموو سەدەکاندا، خوێنەری چۆنایەتیی و خوێنەری چەندایەتیی خۆیان هەیە). بێگومان دەقی باش هەروەک چۆن خاوەنی نووسەری جیهانییە، بە هەمان شێوەش خاوەنی خوێنەری جیهانییە. ئا لێرەوە دەق لەگەڵ نووسەردا لەدایک دەبێت و لەگەڵ خوێنەریشدا پێدەگا و گەورە دەبێت؛ دەشکرێ بە شێوەیەکی دیکە بڵێین، کە دەق – بە فیعلی – لەگەڵ خوێنەردا لەدایک دەبێت و لەگەڵ خوێندنەوەشدا پێدەگات و گەورە دەبێت؛ شاکارە مەزنەکان بەم پرۆسە مەعریفییەدا تێپەڕیون: پرۆسەیەکی مەعریفیی لە نێوان نووسەر و دەق و خوێنەردا. تەنانەت نووسەریش، کە چەند جارێک دەقەکەی خۆی دەخوێنێتەوە، ئەوا لە مێشکی خۆیدا بە خەیاڵی ئامادە بوونی خوێنەر دەیخوێنێتەوە (هەڵبەت کاتێک کە خوێنەریش بە کارەکتەرێکی فاکتەری داهێنان لەقەڵەم بدەین)؛ ئەمە بەو مانایە نییە، کە نووسەر لە ساتی نووسیندا، لەبەر خاتری خوێنەردا دەقەکەی بنووسێت؛ چونکە ساتی نووسین ساتێکە لە سەرووی یاسای هەموو ئیعتیبارێکی پراگماتیکیدایە. ساتی نووسین ساتێکی میتافیزیکییە: ساتێکە لە نێوان خود (قەڵەم) و دەق (کاغەز) دا. ئەم ساتە لە نێوان خەیاڵی نووسەر (داهێنەر) و ئیلهامی

وشەدا، یاسای میتافیزیکیی خۆی هەیە. لێرەدا نووسەر مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکات، نەک هیچ شتێکی دیکە. لێرەدا نووسەر دەبێت پێش هەموو شتێک ڕێزی وشە (زمان) بگرێ. پاشان لەناو دەسەڵاتی زمانیشدا، دەتوانێت ڕێزی دەلالەت و واتای وشە و ناوەرۆکی دەق بگرێت. نووسەری بەهرەمەند ئەوانەن، کە قووڵترین واتا، بە دەوڵەمەندترین زمان و ڕاستترین و سادەترین شێوازی دەربڕین بەکار دەهێنن. هەرچەندەش با واتای قووڵ، زمانی قورسی خۆی هەبێت؛ بەڵام کێشەکە لێرە لە قورسی زماندا نییە، بەڵکو لە ڕاست و دروستی داڕشتن و دەربڕینی ئەم زمانەدایە. لێرەشدا دەقێکی باش (سەرکەوتوو) نییە، کە لەسەر بنەمای ڕێزمانێکی خراپ نووسرا بێت؛ چونکە نووسین نووسینە، کاری گوتاردان (قسە کردن) نییە، تا ڕەچاوی یاساکانی ڕێزمان نەکات؛ ئەگەرچی گوتارخوێندنەوەش ناتوانێت لەم یاسایانە لا بدا، بەڵام یاسایەک، کە بەزار دەیڵێی، جودایە لەو یاسایەی، کە چاپ دەکرێ. لێرە بە کورتی دەمەوێت بڵێم: نووسەر هەن زۆر دەنووسن، بەڵام بۆش دەنووسن؛ هەشن کەم دەنووسن، بەڵام پڕ دەنووسن. نووسەر هەن زۆر دەنووسن، بەڵام شێوازیان خۆش نییە (ڕووت، ڕەق، وشک و میکانیکانە دەنووسن)؛ هەشن کەم دەنووسن، بەڵام شێوازیان لە خوێندنەوەدا مەستت دەکەن (ڕەوان، دینامیکیی، تەڕ و پاراو دەنووسن). لەلای کۆمەڵی یەکەمیان تا ڕادەیەکی زۆر هزر (ئەوە ئەگەر هزرێکی پێگەیشتوو هەبێت) لە زمان دادەبڕێت (بۆیە هەمیشە بە شێوازێکی وشک و ڕەق دەنووسن)؛ بەڵام لەلای کۆمەڵی دووەمیان، هزر و زمان تێکبەستەن و پێبەپێ لەگەڵ یەکدیدا هەنگاو دەنێن. دەقی یەکەمیان خوێنەر بێزار و سەرگێژ دەکات و دەقی دووەمیشیان خوێنەر خۆشحاڵ و سەرمەست دەکا. ئێمە پێشتر باسی پێوەندی نێوان نووسەر و خوێنەر و دەقمان کرد و گوتیشمان ئەم پێوەندییە پرۆسەیەکی مەعریفییە...؛ ئەگەر ئەمە وابێت، ئەوا هەر ئەم پرۆسەیەش خۆی لە خۆیدا بەهای ئیستێتیکای دەق بەرهەم دەهێنێ. پێشمانوایە جوانیی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقدا، لە دەرەوەی مانای مەعریفەدا (مەعریفەیەکی شیعریی و عەقڵانییدا) بوونی نییە. ئەم مەعریفەیەش هەمیشە مەعریفەیەکی مرۆییە. ئێمە (بەنموونە) با هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ تەماشای شاکارە فەلسەفیی و ئایینیی و ئەدەبییەکان بکەین، کە چۆن سەد لە سەد خاوەنی ئەم گوتارە مرۆییەن! هەر لەبەر ئەوەش وای بۆ دەچم، کە زۆرجار نووسین دەربڕین لە بێ ئومێدیی ئێمە بکات: بێ ئومێدیی ئێمەی تاکی نووسەران لە واقیعی ژیان؛ بۆیە ڕۆحی نووسین هەرچەندە گەشبین بێت، بەڵام دەشێت دەربڕین لە نائومێدیی ڕۆحی نووسەرەکەی بکات. ئەو کاتانەش، کە ڕۆحی

نووسەر نیگەران و نائومێد بوو، ئەوا دەشێ بەرهەمی (دەقی) نووسین باشترین قەرەبووکردنەوەی پڕ لە ویستی پڕ لە چێژی ئەم ڕۆحە نائومێدە بێت (واتە نووسین ئامرازێکی ڕەتکردنەوەی ئەم نیگەرانیی و نائومێدییەیە). ئێمە زۆر جاریش ئەو کاتانە دەنووسین، کە هەست بە تەنیاییەکی زۆر دەکەین. هەڵبەت تەنیایی و نووسینیش لێکگرێدراو و تێکبەستەن (دیارە زۆر جاریش نائومێدیی ڕۆحی نووسەر لەوەدایە، کە ناتوانێت لەگەڵ واقیعی باودا بگونجێ. هەڵبەت دەشبێ نەگونجێ! چونکە زۆربەی جار کاری باش و داهێنان، بریتین لە بەرهەمی مێژووی ئەم نەگونجانە). ئا لێرەدا و لەناو ئەم ناکۆکی و نائومێدییەدا، نووسین و هونەر ئومێدمان پێدەبەخشن (ئەمەش هەم ڕەهەندی ئەخلاقیی و هەم ڕەهەندی ئیستێتیکیی تێدایە)؛ ئومێد نەک هەر بە ئێمە، بەڵکو بەوی دیکەش (خوێنەر)؛ ئەوساش پرۆسەی نووسین، حەقیقەتی "زانین"مان بۆ بەرهەم دەهێنێ. دەمەوێت بڵێم: پێوەندی نێوان داهێنان و واقیعی ژیانی داهێنەران لە کۆمەڵگەدا– گەلێک جار – پێوەندییەکی دژبەیەک و پێچەوانەیە. واتە لەو ساتانەی، کە نووسەر لە لووتکەی ڕەشبینیی و نائومێدییدایە لە ژیانی خۆی، ئەوا - ڕەنگە بەبێ ئەوەی بەخۆشی پێی بزانێت– لە ساتەکانی داهێناندا بێت؛ لێرەشدا نووسەر و هونەرمەند عەودالی جیهانی نووسین و هونەر دەبن و بەتەواویی لەم جیهانەدا دەژین و ژیانی ئەوێ هەڵدەبژێرن. ئێمە ئەگەر لە حەقیقەت بگەڕێین، دەبێت لەم دوو جیهانە و لە جیهانی داهێناندا لێی بگەڕێین. هەڵبەت – ئێمە پێشتریش گوتمان – کە حەقیقەتی داهێنان و حەقیقەتی جیهانی واقیعیمان دوو شتی لەیەک جودان (واتە لە ساتی داهێناندا خود و بابەت ناکۆک دەبن): ئێمە لە ساتی داهێناندا، تەنها خودی خۆمانین، بەڵام لە واقیعی دەرەکیدا، ئەوانی دیکەش ئێمەن. ئێمە لە جیهانی خۆماندا (لە جیهانی داهێناندا)، دەتوانین بە تەواویی خۆمان و ئازادیی خۆمان ببینین؛ بەڵام لە جیهانی دەرەکیدا، هەرگیز تەواو ئازاد نین و بە تەواوییش کەسایەتی خۆمان نین (بێگومان من لێرە باسی واقیعی کۆمەڵگەی تەقلیدیی خۆمان دەکەم)؛ کەواتە لە نێوان خود و واقیع و بابەتدا، ساتی بەرهەمهێنانی دەق (کاری ئەدەبی و کاری هونەریی)، ساتێکی نادیار و تەمومژاوییە: ئەو ساتەی، کە خود دەبێتە بەشێک لە کاری بەرهەمهێنانی نووسین (هونەر)؛ بەڵکو لەم ساتەدا خود خۆی لە خۆیدا دەبێتە ئەم کارە. ئێمە کە دەنووسین، دەکەوینە ناو دۆخێکی پڕ لە تەمومژەوە؛ ئەو دۆخەی، کە تەنها قەڵەم و وشە تەحەکوممان پێدەکەن. ئێمە لێرە لە نێوان جووڵەی قەڵەم و هاتنی وشەدا، چاوەڕێی لە دایکبوونی خۆمانین (سەر لەنوێ لە دایکبوونەوەیەکی دیکە). ئا ئەمەیە ساتە سیحراوییە

هەرە تەمومژاوییەکەی کاری نووسین و کاری هونەریی. بەرهەمهێنانی دەق، یان کاری هونەریی، بەرهەمهێنانەوەی (لە دایکبوونەوەی) جارێکی دیکەی خودە. لێرەشدا خود لە جیهانی واقیعی دادەبڕێت، بۆ ئەوەی پێوەندی بە جیهانی دەقەوە بکات. لە ئاکامدا ئەم جیهانە تیۆرییە ناوەکییەش – لە ڕێگەی خوێنەرەوە – پێوەندی بە جیهانی دەرەوەی واقیعمانەوە دەکات. بارت دبێژە: ((نووسین واتای ڕێکخستنی جیهانە، هەر وەک چۆن واتای بیرکردنەوەشە...))؛[٧] کەواتە نووسین پێوەندییەکی تەمومژاوییە لە نێوان خود و دەق و جیهاندا. دیارە ئێمە وەک نووسەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمرین و جیهانی نووسین بەجێ دەهێڵین و ناشتوانین چیدی کە بیری لێ بکەینەوە و بەرهەمی بهێنین، بەڵام جیهانی نووسین هەرگیز بەجێمان ناهێڵێت و هەردەم نەمریی بە ناوەکانمان دەبەخشێت، بۆیە نووسین هەردەم ئێمە دەکاتە یادەوەرییەکی زیندوو و هەردەم بە بیر خەڵک (خوێنەران)مان دەهێنێتەوە؛ ئەمەش سیفەتە نەمرییەکەی دەقی نووسین و هەموو کارێکی هونەرییە. نووسین ناسنامەی خۆی بە ئێمە دەبەخشێت، کە ئەویش ناسنامەی بیرەوەریی و یادەوەرییە؛ ئەو ناسنامەیەی، کە ناهێڵێت ئێمە وەک ناو و وەک کەسایەتیش بمرین؛ کەواتە نووسین وەک مانا میتافیزیکییەکەی ڕۆحی ئیماندار لە ئاییندا، بۆ کەسایەتی نووسەر گرنگە. داهێنان سیفەتی میتافیزیکانەی ڕۆحی هەیە. هەڵبەت داهێنان سیفەتی (دۆنا و دۆن)یشی هەیە.واتە داهێنان وەک ڕۆح لە جەستەی داهێنەرێکەوە دەچێتە جەستەی هەموو تاکێک و هەموو کۆمەڵگەیەک و هەموو گەلێک و سەرلەبەری مرۆڤایەتیشەوە. ئێمە بەم شێوەیە داهێنانەکانی جیهانی کۆن و ڕابردوومان بۆ گوازراوەتەوە. ڕاستییەکەی داهێنان ڕۆحێکە دەچێتە جەستەی هەموومان و هەموو سەدە و سەردەمەکانەوە. هەڵبەت لە نووسیندا کتێب گرنگە، بەڵام هەرگیز وەک چییەتی نووسینەکە (دەقەکە) گرنگ نییە (کتێب وەکماڵێکە بۆ دەق، بەڵام هیچ پێوەندییەکی بە حاڵەتی داهێنانەوە نییە). ئەوەی کاری باش و داهێنان دیاری دەکات، چییەتی دەقەکەیە، نەک دانان و بڵاوکردنەوەی کتێب؛ بۆیە هەڵپە و پەلەکردن لە بڵاوکردنەوەی کتێبدا – کە ئەمە نەخۆشییەکی کوشندەی نووسەری کوردە – هیچ حیکمەتێکی تێدا نییە؛ بەڵکو حیکمەتی هەرە گەورە لەوەدایە، کە ئێمە چ کتێبێک بڵاودەکەینەوە؟ بێگومان زۆر جاری وا هەیە، کە تەنها دەقێک (شیعرێک، چیرۆکێک، ڕۆمانێک، گوتارێک...)، کاریگەریی لەسەر ڕۆح و ویژدانی خوێنەر لە چەندین کتێب زیاترە. جار هەیە دەقێک لە چەندین کتێب زیاتر دەتوانێت کار لە ڕێڕەوی بیرکردنەوەی ڕۆشنبیریی نەتەوەیەک بکات؛ ئەم دەقە دەتوانێت – لە کتێبەکان پتر – مۆرکی خۆی لە زمان

و ئاستی ژیانی رۆشنبیریی تاکەکانی ئەم نەتەوەیە بدا. لێرەشەوە نووسینی باش (بە واتای دەقی نەمر)، هەردەم لە یادگەدا دەمێنێتەوە؛ بەڵام دەقی خراپ ناچێتە یادگەی هیچ کەسێکەوە؛ بۆیە نووسینی راستەقینە دیاردەیەکی چۆنایەتییە، نەک چەندایەتی. ئێمە پێشتریش گوتمان، کە کەم بنووسین باشترە لەوەی کە زۆر بنووسین، بەڵام خراپ بنووسین (واتە با کەم بنووسین، بەڵام کەڵ بنووسین؛ نەک زۆر بنووسین، بەڵام فشەڵ بنووسین)؛ نووسینی خراپ هیچ بەها و ئامانج و ئاکامێکی باشی نییە و تووشی بێزاریی و بێهوودەییشمان دەکات. جارێکی دیکەش لە چوارچێوەی ئەم باسەدا جەخت دەکەینەوە و دەڵێین: باشترین دەق ئەو دەقانەن، کە لە هەموو سەردەمەکاندا خوێنەری خۆیان هەیە (با گریمان لە سەردەمی خۆشیاندا هێشتا نەناسرابن، بەڵام دواتر دەناسرێن). خراپترین دەقیش ئەو دەقانەن، کە لە کورتترین زەمەندا کەمترین خوێنەر دەیناسن؛ ئەمانە ئەو دەقانەن، کە بەپرۆسەی چەژی خوێندنەوە ئاشنا نابن و ئەمانە ئەو دەقانەن، کە کاری خوێندنەوە لەبەر چاوی خوێنەر دەخەن؛ ئەمانە ئەو دەقانەن (کتێبانەن)، کە لە بازاڕەکاندا کەمترین دانەیان لێ نافرۆشرێت و نووسەرەکەشی خۆی بەدوای خوێنەردا دەگەڕێت دەقەکانی پێشکەش بکا (کتێبەکانی ببەخشێتەوە)، نەک بەپێچەوانەوە، کە خوێنەر بەدوای دەقەکەدا بگەڕێ. هەموو دەقێکی باش خوێنەر (ئەمە یاسایە) بە هەڵەداوان بۆی دەچێت، نەک دەق بۆ خوێنەر بچێ. دەقی باش خوێنەر عەوداڵ و عەشقیەتی؛ نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەقی باش خوێنەریشمان بۆ دەخوڵقێنێت (هەڵبەت من لێرەدا باسی سیاقی ئاستی رۆشنبیریی کۆمەڵگەکان و ئاستی پرۆسەی خوێندنەوە و ژمارەی خوێنەران دەکەم لە فلانە کۆمەڵگادا. دیارە ئەوەش دەزانین، کە ئاستی خوێندنەوە بە ژمارەی خوێنەران دەپێورێت و دیاری دەکرێت). ئێمە لێرەدا کە قسەمان لەسەر کتێب بێت، دەڵێین: زۆربەی نووسەرانی کورد کتێب لەپێناو کتێبدا دەردەکەن، نەک لەپێناو داهێنان و زانین و رۆشنبیرییدا. زۆربەی ئەو نووسەرانەی ئێمە عیشقی بڵاوکردنەوەیان (لە راستیدا هەڵپە و گرێی دەروونیی بڵاوکردنەویان) هەیە، نەک عیشقی خوێندنەوە و خۆ دەوڵەمەندکردن بە زەخیرەی رۆشنبیریی گەلان (کە ئێمە دەزانین چەند هەژارین لەم زەخیرەیە). هەڵبەت کتێب دەرکردن گەورەترین بەرپرسیارییە: بەرپرسیاریی بەرانبەر بە وشە و بە خوێنەر. ئەو نووسەرەی بە نیگەرانییەوە رێزی ئەم دوو رەگەزە نەگرێت، ناتوانێت نووسەرێکی داهێنەر (جددیی) و باش بێت. هەرگیز ناشتوانێت دەقی باشمان پێشکەش بکات. ئەمڕۆ کتێبخانەی کوردی پڕە لە کتێبی بێکەڵک و خراپ؛ ئەو کتێبانەی چەند سەد

دانەیەکیان لێ چاپ دەکرێت و ئینجاش لەسەر رەفەی کتێبخانەکان تۆز و خۆڵیان لەسەر دەنیشێت. من تەنها رادەی فرۆشتن ناکەمە پێوەر بۆ باشی کتێب، هەر چەندەش فرۆشتن پێمان دەڵێت، کە پێوەندییەکی باش لە نێوان خوێنەر و دەقدا هەیە. هەڵبەت من لێرە لە سیاقی بابەتی دەقەکاندا باسی ژمارەی خوێنەر دەکەم، چونکە بێگومان هەموو دەقێک (ژانرێک) خوێنەری وەک یەک نییە؛ بەڵام ئێمە لە هەموو حاڵەتێکدا باس لە چالاکی بوونی خوێندنەوە و خوێنەر دەکەین. من دەمەوێت بڵێم: ئێمە ئەمڕۆ دەقی باش و جددییمان کەمە، بۆیە خوێنەری باش و جددییشمان کەمە. دەبێت بزانین، دەق خوێنەر دروست دەکات، نەک خوێنەر دەق دروست بکات؛ بەڵکو ئەوە نووسەرە، کە دەق دروست دەکات؛ لەمەشەوە نووسەر بەبێ خوێنەر بوونەوەرێکی رۆشنبیریی مردووە (مت بووە). خوێنەر تەنها بە بەرهەمی زۆر و کتێبی زۆر پەیدا نابێت؛ بەڵکو بەر لەمە، بە دەق و کتێبی شاکار و باش پەیدا دەبێت. زۆربەی نووسەرانی ئێمە هەڵپەی ئەوەیانە، کە کتێب و دەقەکانیان بڵاوبکەنەوە، بەڵام خەمی ئەوەیان نییە، کە خۆشیان خوێنەرێکی جددیی بن و ئاستی رۆشنبیرییان بەرز بکەنەوە، تا دەقی باش و زیندوو پێشکەش بە خوێنەرەکانیان بکەن (ئەو خوێنەرە گریمانەییەی، کە تەنها دەق بەرهەمی دەهێنێت و دەیکاتە راستیی: راستیی کەسایەتی خوێنەر). لە لایەکی دیکەشەوە، نووسەر بەر لەهەر کەسێک دەبێت خۆی رەخنەگری خۆی بێت: هەموو نووسەرێکی باش بەر لە رەخنەگر، رەخنەگری دەقەکانی خۆیەتی؛ لێرەشدا دەقی جددیی و دەقی باش بەرهەم دێت؛ کەواتە دەشێ نووسەر باشترین رەخنەگری دەقەکانی خۆی بێت. لێرەدا راستەوخۆ دەمەوێت بە نووسەر بڵێم: تۆ لە نووسین بترسێ، بەڵام لە رەخنە مەترسێ؛ تۆ لەوە بترسێ، کە خراپ بنووسی، بەڵام لەوە مەترسێ، کە رەخنە پێت دەڵێت خراپ مەنووسە. دەشێت تۆ نووسەرێکی باش بیت، بەڵام جارجارە شتی خراپیش بنووسی؛ ئەمە شتێکی ئاساییە و گرنگ نییە – چونکە نووسین ئەزموونە، ئەزموونێکی رۆحییە – بەڵام گرنگ ئەوەیە لە ئاست خراپ نووسیندا، خەمسارد و کەمتەرخەم نەبیت. ئەمەش پێویستی بە رۆحی رەخنە هەیە؛ کەواتە داهێنەرەکان، هەم نووسەریشن (هونەرمەندیشن)، هەم رەخنەگریشن. هەر بۆیەش پۆپەر دەڵێت: ((گیانی زانست رەخنەیە)).(٨)

## پەراوێزەکان:

١- لێرەدا نووسەر کارایە و پرۆسەکە بەرکارە و ئەزموونی رۆشنبیرییش کارایە. وەک دەبینین لەم هاوکێشەیەدا جارێک کارا بەرکارە و جارێکیش بەرکار کارایە. بە واتای کارا بەرکار بەرهەم دەهێنێت و بەرکاریش کارا بەرهەم دەهێنێت. تاکە کەسایەتییەکیش، کە لە هەمان کاتدا هەم کارا و هەم بەرکاریشە، خوێنەرە. لە راستیدا خوێنەر لە ئاست دەقدا هەم کارایە و هەم بەرکاریشە. کاتێکیش خوێنەر دەبێتە پاژێک لە جیهانی نووسین، ئەوا هەم دەبێتە کارا بەوەی، کە پرۆسەی خوێندنەوە بەرهەم دەهێنێت؛ هەم دەشبێتە بەرکار بەوەی، کە چێژ لە دەق وەردەگرێت و شتی لێوە فێر دەبێت؛ کەواتە جیهانی دەق، هەم نووسەر، هەم خوێنەریشمان بۆ دەخوڵقێنێ. لێرەشەوە نە نووسین بەبێ خوێندنەوە هەیە، نە نووسەریش بەبێ خوێنەر هەیە.

٢- جاک دریداش سیفەتی زانست بە دیاردەی نووسین دەبەخشێت. ئەو کتێبێکیشی هەیە بە ناوی ((زانستی نووسین = گراماتۆلۆژیا)) هوە.

٣- پرۆسەی دۆزینەوەش هەر بە هەمان شێوە پڕکردنەوەی ئەم کێماسییانەیە، بەڵام لە رێگەی بەدواداچوون و لێگەڕانەوە.

٤- پێدەچێت لە مێژووی داهێنانی کەلەپووریشدا تاکەکان – تاکە نەناسراوەکان– داهێنەر بوو بن.


٥- ئێمە لێرە مەبەستمان لە دەقی زیندوو لە دەقی چالاکە. بە واتای لە چالاکیدا زیندووە: لە چالاکی واتا و چێژدا بۆ خوێندنەوە. ئێمە لە ئاخاوتنی ناو خەڵکیشدا دەبیستین، کە بە کەسانێکی لە ژیانی رۆژانەیاندا چالاک و زیرەک بن، دەگوترێت: ((زیندووە = زیندییە)). زیندوو لێرەدا ئەم واتا مەجازییە دەبەخشێ، نەک واتای حەرفیی بایۆلۆژیی زیندوو بوون و مردوو بوون.

**٦–تالیف مشترك، اللغة و المعنى، اعداد و تقديم: مخلوف سيد احمد (دار العربية للعلوم ناشرون، الطبعة الاولى: ٢٠١٠)، ص ٢٢٧.**

**٧–رولان بارت، نقد و حقيقة، ت: د. منذر عياشي (مركز الانماء الحضاري، الطبعة الاولى: ١٩٩٤)، ص ٥٩.**

**٨–كارل بوبر، المجتمع المفتوح و اعداؤه، ت: د. السيد نفادي (دار التنوير للطباعة و النشر – لبنان، الطبعة العربية الاولى: ١٩٩٨)، ص ١٨٤.**

# ئیماجیزم لە شیعری تازەی ئینگلیزییدا



ئا: دلێر محەمەد

ڕێبازی وێنەیی، یان ئیماجیزم لە شیعری نوێی ئینگلیزییدا، لەنێوان ساڵانی (١٩١٣-١٩١٧) بەدەستپێشخەری "ئەزرا پاوەند"ی شاعیری ئەمریکی دامەزرا. وەک سەرەتا ئەم ڕێبازە ژمارەیەک تێزی بنەڕەتی شاعیر و بیریاری ئینگلیزی تۆماس ئیرنست هیۆم و توێژینەوەی قوڵی فەلسەفەکەی بیرمەندی فەڕەنسی هنری بیرگسۆن و دواتریش خوێندنەوەی هۆشیارانەی شیعری (هایکۆ)ی ژاپۆنی و شیعری فەڕەنسی مۆدێرن دەبنە هەوێنی دامەزراندنی ئەم ڕێبازە لە بەریتانیا، بەڵام ساڵێک پاش دامەزراندنی ڕێبازەکە، ناکۆکییەکی توند دەکەوێتە نێوان پێشڕەوان و دامەزرێنەرەکانییەوە. بۆیە لە پاییزی ساڵی ١٩١٤ بەدواوە وەرچەرخانێک بەسەر ئەم ڕێبازەدا دێت و ژنە شاعیری ئەمریکی خاتو (ئایمی

لویل ١٨٧٤-١٩٢٥) بەهۆی دەوڵەمەندی و لێهاتووییەکەیەوە دەست دەگرێت بەسەر ئیماجیزمدا، تاکو هاوینی ساڵی ١٩١٧ ئەم ڕێبازە بەڕێوە دەبات. لێرەوە دەکرێت لەم وتارەدا ئێمە بەکورتی ئاماژە بە هەردوو شێوازەکەی ئەم ڕێبازە بدەین، کە مەبەستمان لە شێوازەکەی ئەزرا پاوەند و شێوازەکەی خاتوو ئایمی لویلی شاعیرە.

**ئیماجیزمی ئەزرا پاوەند:**

لە سەرەتای مانگی ئابی ساڵی ١٩١٢دا، ئەزرا پاوەند ١٨٨٥-١٩٧٢ی شاعیری ئەمریکی ئاوارە و پەراکەندەی بەریتانیا، شەشەمین کۆمەڵە شیعری خۆی لەژێر ناوی (لێدانەکانی ئەزرا پاوەند)دا لە شاری لەندەن چاپ و بڵاودەکاتەوە. ئەوەی جێگای تێرامانە، ئەم کۆمەڵە شیعرەی پاوەند، پاشکۆیەک لەخۆ دەگرێت کە تیایدا جگە لە پێشەکییەک بە قەڵەمی خۆی کۆی بەرهەمی شیعری (تۆماس ئیرنست هیۆم ١٨٨٣-١٩٧١)ی بیریاری بەریتانی تێدا بڵاودەکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە هیۆم وەک بیریار و تیوریزەکەرێکی بواری هونەر ناسراوە، بەڵام لە ماوەی ژیانیدا پێنج قەسیدەی کورتی نووسیوە و ئەزرا پاوەندیش نووسینی ئەم پاشکۆیە وەک هەلێک دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە بانگەشە بۆ لەدایکبوونی ڕێبازێکی ئەدەبی بەناوی (ئیماجیزم)ەوە بکات. پاوەند لە پێشەکی ئەم پاشکۆیەدا شیعرەکانی هیۆم وەک نموونەی یەکەمی سەرهەڵدانی شیعری (وێنەیی) وەسف دەکات و دەڵێت: ئیماجیستەکان سەر بە ڕێبازێکی لەبیرکراون، کە مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٩، واتە بۆ ئەو سەردەمەی کە هیۆم یانەی شیعر دادەمەزرێنێت و تیایدا لەڕووی هونەرییەوە دەربارەی فەلسەفەکەی خۆی بە ئامادەبوونی (ئەزرا پاوەند) دەدوێت. پاش بڵاوبوونەوەی سەرنجەکانی پاوەند دەربارەی شیعری وێنەیی لە پێشەکی ئەو پاشکۆیەدا کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بە دەستپێشخەری پاوەند و شاعیرە ئیماجیستەکانی تر لە هەریەک لە بەریتانیا و ئەمریکا لەنێوان ساڵانی (١٩١٣-١٩١٧)دا ژمارەیەک بەیاننامە بە ناوی ئەم ڕێبازەوە بڵاو دەبنەوە. هەرئەمەش وا لە مێژوونووسانی بواری ئەدەب دەکات کە ماوەی نێوان ئەم دوو ساڵە بە تەمەنی تەواوی ئەم ڕێبازە لەقەڵەم بدەن. لە سەرەتای ساڵی ١٩١٣دا خاتوو (هاریت مۆنرۆ)ی شاعیری ئەمریکی وەک ڕێزلێنان لە بۆچوونەکانی ئەزراپاوەند لە ژمارە (١)ی گۆڤاری شیعری ئەمریکیدا بە سەرنجێکی کورت لەدایکبوونی ڕێبازی ئیماجیزم ڕادەگەیەنێت، بەڵام شاعیری ناوبراو، کە لەوانەیە لەبەر ناوە فەڕەنسییەکەی

قوتابخانەکە بوو‌بێت، بەهەڵە ئیماجیزم لەگەڵ ڕێبازی سیمبولیزمی فەڕەنسیدا تێکەڵاو دەکات و لە سەرنجەکەیدا بە هەڵە دەڵێت: ئیماجیستەکان هەوڵدەدەن لە شیعری ئینگلیزیدا ئەوە دەستەبەر بکەن، کە پێشتر مالارمێ-ی شاعیری فەڕەنسی و هاوڕێکانی لە شیعری فەڕەنسیدا دەستەبەریان کردبوو. هەروەها لەلایەکی ترەوە خاتوو مۆنرۆی شاعیر ئیماجیستەکان بەو شاعیرە کلاسیکییانە وەسف دەکات کە کاریگەری گریکیان لەسەرە، بەڵام گۆڤاری ناوبراو لە ژمارە (٤)دا سێ قەسیدەی کورتی وێنەیی ژنە شاعیری ئەمریکی (هیلدا دولتیل ١٨٨٦-١٩٦١) لەگەڵ نامەیەکی کورتدا کە هێڵە سەرەتاییەکانی بەیاننامەی یەکەمی ئیماجیزم لەخۆدەگرێت و واژۆی ئەزرا پاوەندی لەسەرە، بڵاو دەکاتەوە. دواتریش هەر ئەم گۆڤارە لە ژمارە (٦)ی ئاداری ١٩١٣دا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئەزراپاوەندی دامەزرێنەری ئەم ڕێبازەدا بڵاو دەکاتەوە، کە تیایدا دەڵێت: دامەزرێنەرانی ڕێبازی ئیماجیزم تێکرا لەسەر ئەم سێ پرانسیپە هاوڕان:

-مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شتەکاندا جا گەر ئەوشتانە خودی، یاخود بابەتی بن.

-دوورکەوتنەوەی ڕەها لە هەر وشەیەک کە کۆمەک و هاوکاری نەکات لە خستنەڕووی دەقدا.

-لەوەدا کە پەیوەندی بە ریتمی شیعرەوە هەیە، دانانی دەق بەپێی جووڵە و بزاوتی گوزارشتی مۆزیکی دەبێت، نەک بەپێی ریتمی بەندوڵ (تیک تاک). هەروەها پاوەند لە پێناسەکردنی وێنەی شیعریدا دەڵێت: وێنەی شیعری ئەوەیە کە پێکهاتەیەکی هزریی و سۆزداری لە چرکەساتێک لە چرکەساتەکانی تەمەندا پێشکەش دەکات. پاشان دەڵێت: پێشکەشکردنی ئەم جۆرە پێکهاتەیە بەچڕی و بەخێرایی ئەو گەشەکردنە کتوپڕە بە خوێنەر و وەرگر دەبەخشێت کە لەکاتی خوێندنەوە، یان بیستن و بینینی بەرهەمە مەزنە هونەرییەکاندا ئەزموونی دەکەین، یاخود پیایدا تێپەڕدەبین. پاش ئەوەی کە ئیماجیزم وەک ڕێبازێکی شیعری ئینگلیزی نوێ لە ئەمریکا و بەریتانیا ناوبانگ پەیدا دەکات، پاوەند خۆی بۆ چاپکردنی کۆمەڵە شیعری شاعیرانی ئیماجیزم ئامادە دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش خاتوو (ئایمی لویل)ی ژنە شاعیری ئەمریکی دەوڵەمەند ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت، کە دواتر ڕێبازەکە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، دوای ئەوەی دێتە شاری لەندەن و سەردانی پاوەند دەکات، کتوپڕ و بەخێرایی لەناو ئیماجیستەکاندا پێگەیەکی شایستە بۆ خۆی داگیر دەکات. دواتریش هەر بەکۆمەکی ئەم خانمە شاعیرە لە مانگی شوباتی ١٩١٤دا لەلایەن خانەی گۆڤاری (گلیپ)ی ئەمریکییەوە

یەکەم کۆمەڵە شیعری شاعیرانی ئیماجیزم بە ناونیشانێکی فەڕەنسی و لەژێر ناوی (هەندێ لە ئیماجیستەکان) بڵاو دەبێتەوە، کە کۆی دیوانە شیعرییەکە (٣٤) قەسیدەی شیعری (١١) شاعیری ئیماجیزمی ئەمریکی و بەریتانی لەخۆ دەگرێت. ئەم رێبازە لە حوزەیرانی ١٩١٤دا دەبێتە خاوەنی گۆڤاری تایبەت بە خۆی کە بە ناوی گۆڤاری (تەقینەوە)وە بڵاودەبێتەوە، ژمارە (١)ی گۆڤارەکە لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا دەردەچێت کە هێرشێکی توند و بێزارکەر دەکاتە سەر فەلسەفەکەی (هنری بێرگسۆن)ی فەیلەسوفی فەڕەنسی و شیعرەکانی شاعیری هیندی (رابراندرات تاگور). ئەمە جگەلەوەی هەمان ژمارەی گۆڤارەکە کۆمەڵێ چیرۆکی (جیمس جۆیس)ی ئیرلەندی و چەند قەسیدەیەکی شاعیری ئینگلیزی (ت.س.ئیلیۆت)یش لەخۆدەگرێت، کە ئەزرا پاوەند دەیباتە ناو رێبازەکەوە.

**ئیماجیزمی ئایمی لویل ١٩١٤-١٩١٧:**

ئاشکرایە ژمارە (١)ی گۆڤاری ئیماجیستەکان لەڕووی پەیداکردنی خوێنەر و سەرنجڕاکێشانییەوە دووچاری شکست دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارە (٢)ی گۆڤارەکە لە مانگی تەمووزی ١٩١٤دا بڵاودەبێتەوە، بەڵام بەهۆی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا گۆڤاری ئیماجیستەکان بەتەواوەتی دادەخرێت. نەمانی گۆڤارەکە لەلایەک و هەروەها پەیوەندی بەرفراوانی ئەزرا پاوەندی دامەزرێنەری رێبازەکە لەگەڵ بزووتنەوە ئەدەبی و هونەرییە تازەکاندا بە مەبەستی دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی هونەری و ئەدەبی تازە، زیاتر دەبێتە هۆی دابڕان و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی ئیماجیزم و دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان ئەندامە سەرەکییەکانیدا. کاتێک پاوەند دەچێتە ناو بزووتنەوەیەکی هونەری ترەوە، ئیدی شاعیری ئەمریکی خاتوو (هاریت مۆنرۆ) نامەیەکی بۆ دەنووسێت و تیایدا ئاماژە بەوە دەدات کە ئەزرا پاوەند خەریکە لەناو خراپترین بزووتنەوەی هونەریدا نوقم دەبێت. پاش ناردنی نامەکە دەستبەجێ شاعیری ئەمریکی (ئایمی لویل) لەگەڵ ئەندامە سەرەکییەکانی رێبازەکەدا کۆدەبێتەوە و تیایدا باس لە دوورکەوتنەوەی پاوەند دەکرێت لە ئیماجیزم. هەربۆیە بەکۆی دەنگ ئەندامە سەرەکییەکان ناوە فەڕەنسییەکەی رێبازەکە دەگۆڕن و ئیدی لە پاییزی ساڵی ١٩١٤وە تاکو هاوینی ساڵی ١٩١٨ خاتوو ئایمی لویل دەبێتە بەرپرسی رێبازەکە. ناوی رێبازەکەش لە ئیماجیزم-ەوە دەگۆڕێت بۆ ئیماجیست. پاش ئەم وەرچەرخانە ئایمی لویل بەخێرایی دەگەڕێتەوە ئەمریکا و ژمارەیەک شیعری ئیماجیستە پێشڕەوەکانی وەک

(هیلدا دولتیل، ئولدینگتۆن، فلنت، فیلچەر) لەناو جانتاکەیدان کە دواتر لەژێر ناونیشانێکی ئینگلیزیدا بە ناوی (هەندێ شاعیرانی ئیماجیست )ەوە لە ئەمریکا و لە ساڵی ١٩١٥دا بڵاویان دەکاتەوە. دیارە خاتوو ئایمی لویل هەر خۆی پێشەکی بۆ کۆمەڵە شیعری دووەمی ئیماجیستەکان دەنووسێت، کە لە هەنووکەدا بە مانیفێستی دووەمی ڕێبازەکە دادەنرێت. دیارە ئایمی لویل لە پێشەکییەکەیدا بۆ ئەو کۆمەڵە شیعرە دان بە چاکەی دامەزرێنەری ڕێبازەکەدا دەنێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ناوی بەرێت، کە مەبەست لە ئەزرا پاوەندە کە لەوکاتەدا بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە کۆمەڵە شیعری دووەمی شاعیرانی ڕێبازەکەی بە کۆمەڵە شیعری یەکەمی ئایمی-جیزم ناودەبرد... هەروەها خاتوو ئایمی لویل لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت هەر شەش شاعیری هاوکاری ڕێبازەکە لەسەر ئەم پرەنسیپانە هاوڕان:

-بەکارهێنانی زمانی ئاسایی لە نووسیندا، بەڵام وشە جوانساز و ستاتیکییەکە ئەو وشەیەیە کە پێویستە هەمیشە بەکاربهێنرێت.

-بەکارهێنانی ریتم و ئیقاعی نوێ بۆ گوزارشتکردن لە حاڵەتی سایکۆلۆجی نوێ، نەک لاساییکردنەوەی ریتمی کۆن کە حاڵەتە سایکۆلۆجییە کۆنەکان تیایدا ڕەنگدەدەنەوە.

-ئازادیی ڕەها لە هەڵبژاردنی بابەتدا.

-پێشکەشکردنی وێنە، یاخود وێناکردن. سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە بەتەنیا ڕێبازی وێنەیی نین، بەڵام بڕوامان بەوەیە کە دەبێت شیعر ڕووداو و حاڵەتەکان بەشێوەیەکی چڕ و ورد بخاتە ڕوو.

-بەرهەمی شیعری دەکرێت ڕوون و دیاریکراوبێت، نەک تەمومژاویی و نادیار.

-دواجاریش زۆربەمان لەو بڕوایەداین کە تەرکیزکردن بریتییە لە ڕۆحی شیعر...

وەختێک ئەم پرەنسیپانەی پێشەکییەکەی ئایمی لویل دەخوێنیتەوە، هەست بەوە دەکەیت کە هەندێکیان بەپێچەوانەی ئەو پرانسیپانەوە داڕێژراون، کە ئەزرا پاوەند لە مانیفێستی یەکەمی ڕێبازەکەدا ئاماژەی پێداون. بەتایبەتی لە خاڵی سێیەمدا کە بەشێوەیەکی فراوان دەرگا بەڕووی هەر بابەتێکدا واڵا دەکات. پاشان دەکرێت بڵێین لە مانیفێستی دووەمدا تا ئەندازەیەکی زۆر بیرۆکەی خستنەڕووی بابەتییانەی وێنە لابراوە. وەک چۆن لە مانیفێستی یەکەمدا پاوەند بانگەشەی بۆ کردووە، چونکە لە لێدوانێکی ئایمی لویلی شاعیردا درک بەوە دەکەین

که وێنە بەتەنیا بە مانای خستنە ڕوو نایەت، بەڵکو وێنە لەلای ئەم خاتوونە شێوازی خستنەڕوو و پێشکەشکردنیشە... لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین ڕێبازەکە بە سەرپەرشتی ئایمی لویل توانی لە ساڵی هەڵوەشانەوەی یەکجارەکیدا، واتە لە ساڵی ١٩١٧دا سێیەمین کۆمەڵە شیعری شاعیرانی ئیماجیست لەژێر هەمان ناونیشانی کۆمەڵە شیعری دووەمدا (هەندێ شاعیری ئیماجیست) بڵاو بکاتەوە. کە لە پێشەکی ئەم دیوانەدا شاعیری ناوبراو رایدەگەیەنێت: هیچ بەشێکی دیکەی کۆمەڵە شیعری شاعیرانی ئیماجیست بەدوای ئەم کۆمەڵە شیعرەدا نایەت، بەدڵنیایی ئیماجیزم کاری خۆی تەواوکرد. ئەم سێ ناملیکە شیعرە دەبنە ناوکی ڕێبازەکە و پاشان بەرەبەرە فراوان دەبن، هەربۆیە پێویستە لە بەرهەمی تاکگەرایی شاعیرانی ئیماجیزمدا، بەدوای درێژەپێدانی ڕێبازەکەدا بگەڕێین... پاشان خاتوو (هیلدا دولتیل)ی شاعیر بە پەیامێک لایەنگری خۆی بۆ بڕیاری ڕاگرتنی کاری دەستەجەمعی ئەندامانی ڕێبازەکە دەربڕی، کاتێک لە لەندەن بوو، وتی: ئایمی ئێمە هەمووومان هەستمان هەیە دەربارەی ڕاگرتنی کاری دەستەجەمعی ڕێبازەکە، بەڵام بەدڵنیایی ئیماجیزم لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا گەلێک کار و بەرهەمی جوانی پێشکەشکردووە...

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (افاق عربیە)ی ژمارە ٢ی مایسی ساڵی ١٩٨٥.

# ڕەچەڵەکناسی شیعری هاوچەرخی هۆرامی
## (لە دەسپێکەوە تا ئەمڕۆ)[1]
# خەسارەکان، تایبەتمەندییەکان...



● عادل محەمەدپوور

**ئاماژە:**

مێژووی شیعری هۆرامی هەر لە دەسپێکەوە تا بە ئەمڕۆ لە حەوت قۆناغدا تێپەڕیوە:

١- قۆناغی «سەرهەڵدانی شیعری هۆرامی، خاستگاه شعر هورامی»، (دەهەکانی سەدەی هەوەڵی ک.م). شیعری «هورمزگان» و «ماریفەتوو پیرشالیاری، ماریفەتی پیرشالیار» و...

٢- «یارسان، وێنای شیعری ئایینی هۆرامی»، (نیوەی دووەمی سەدەی دووەم تا سەدەی یازدەیەم ک.م).

٣-قۆناغی بێسارانی نموودی «بزاڤ و داهێنان، خلاقیت و افرینش)»، (سەدەی ١٢-١١ ک.م).

٤- صەیدی هورامی، ڕێچکەی «بەردەوامی و فرەدەنگی، تداوم و تنوع»، (سەدەی ١٣-١٢ ک.م).

٥- مەولەوی تاوەگۆزی، ڕەوتی «هارمۆنیای فۆڕم و ناوەڕۆک، تلفیق فرم و محتوا» (سەدەی ١٤-١٣ ک.م)...

٦- پاش مەولەوی (سەدەی ١٤ و دوایی) و بەردەوامی شێوەی باوی بڕگە.

٧- دەسپێکی نوێخوازی شیعری ئێستای هۆرامی.

لەم وتارەدا باس لە سەر دوایین قۆناغ، چۆنییەتی سەرهەڵدانی شیعری هاوچەرخی هۆرامی دەکرێت.

## هەڵوێستە و تێڕوانینێک:

نامەوێت لەم وتارەدا بە ورووژاندنی بابەتگەلی بێ ئامانج و لاوەکی، نووسراوەکە قەبە بکەم، بۆیە پاش دەرخستنی هەندێ خاڵی بنەمایی- کە لە ناواخنی ئەم رەوتەدا بەدی دەکرێن- راستەوخۆ دەڕۆمە سەر جەغزی باسەکە.

شیعری ئەوسای هۆرامی، هەم لە «تەشکو هەم لە ناوەڕۆک»دا لە دەسپێکەوە تا چوار دەیە لەمەوپێش نەگۆڕ مابووەوە. بۆ؟ شیعری بڕگەیی لە ئاستی خۆیدا خاوەن چەپکێ «خەسڵەتی تایبەت» و «حاڵووهەوا»ی تازە هەبووە، کە هەست بە گۆڕانکاریی نەکرێت. بە رای نووسەر، ئەم دیاردەیە لە پێکهاتەی ئەم شیعرەدا، پارادۆکس (دژبەر) دەنوێنرێت. ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ شێوەکانی تری شیعری کوردی تماشایان بکەین، ئەوا خەسڵەتێکی جیاوازن و هەرکام دەتوانن «بایەخ و جەوهەر» بن بۆ ئەم شیعرە، بەڵام ئەگەر وەک هۆکاری «وەستاندن و پەکخستن»ی پڕۆسەی گۆڕانکاری سەیریان بکەین، ئەوا «خەسار» دێنە بەرچاو.

## چەند هۆکارێک:

ئەو هۆکارانە کە تا چەند دەیە لەمەوپێش بوونە لەمپەر یان بەربەست لە گۆڕانکاریی شیعری هۆرامی، لەم چەند «گوزارە»دا خۆیان دەبیننەوە:

الف- هەندێ خاڵی «جوانیناسی» لە ناواخنی شیعر و زوانی هۆرامیدا بەدی دەکرێت، کە لە بەدواخستنی رێفۆرمخوازیی ئەم پڕۆسەیە کاریگەری هەبووە. بە پەیلوای نووسەر «کرکە دەنگ یان زڕەدەنگ»[٢] ئەو ئامیانە بووە کە زاڵێتی «هێژموونی» خۆی لە پڕۆسەی دەنگسازیدا نواندووە و بووەتە یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاوازە سەرەکییەکانی زمان و شیعری «لیریک، غنایی» هۆرامی. بۆیە لەو مەودا زەمەنی دوورودرێژەدا شیعرمان نەکەوتە ژێر لێشاوەی عەرووزی عەرەبی و دواتریش هەست بە (گۆڕانکاری) نەکرێتن. نووسەر پێشتر لە نووسراوەکانیدا بە تەسەل لە بارەی چەشنی ئەفراندویەتی ئەم توخمە زمانییە لە ناواخنی شیعردا، باسی کردووە و لێرەدا دووبارە ناکرێنەوە[٣].

لێرەدا با ئەوە روون بکەمەوە کە تێزی «حاڵ و هەوای تازە»، مەدلوول و مەبەستی تایبەت دەگرێتەخۆ. حاڵ و هەوای تازە تەنیا لە بەراورد لەگەڵ شیعری شێوەکانی تری کوردیدا دێتە نواندن، کە زۆرتر لەژێر کاریگەری جەوهەری جوانیناسی عەرەبیدا

بوون تا هەڵگری جەوهەری خۆماڵی، نە «گونجاندن و بەراوردکاری» لەگەڵ چەمکە تیۆریکییەکانی شیعری ئەمڕۆدا.

ب- فۆڕمی «مەسنەوی» هەر لە مێژە بەشێکی ئەوە نەبڕاو بووە لە تەشکی (ساختار) شیعری هۆرامی. ئەم مادە شیعرییە دۆخێکی تایبەتی بۆ شیعر هۆرامی رەخساندووە کە زۆر جیاوازە لە شیعری کلاسیکی تر. بۆ وێنە «بەیت، دێڕ» لە میحوەری ئاسۆیی (افقی) «قەسیدە» و «غەزەل» و فارسی و کوردی سۆرانیدا مانای سەربەخۆی هەیە، کەچی لە مەسنەوی هۆرامیدا ئەم توخمە کاربردی خۆی لەدەست دەدات. واتە بەیتەکان لە تۆڕی سەرتارە خواری (ئەستوونی، عمودی)دا، فرەمانایی و فرەپەیامی درووست دەکەن و لە ئاستی خۆیدا رەهاتر، ئازادتر و لە هەمان کاتدا یەکانگیرتر دێتە بەرچاو لە دابەزاندنی زمانی شیعردا. ئەم توخمە لە عورفی تیۆری شیعردا «هارمۆنی» پێدەگوترێ. هارمۆنی لە شیعری مۆدێرنیدا بایەخێکی ئەوتۆی پێدراوە و یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی پێکهاتەی شیعری هاوچەرخ. داکۆکی من لەسەر «مەسنەوی هۆرامی» لەسەر هەمان توخمە کە هۆکاری بەدیهێنانی «ریتم»ە لە پێکهاتەی هۆنەدا، نەک رواڵەتی نەریتی و کۆنی ئەو فۆڕمە.

ج- لە پڕۆسەی مێژوویی شیعری هۆرامیدا، هەندێ شاعیری وەک «بێسارانی، ١١ ک.م» و «صەیدی، ١٣ ک.م» و بەتایبەت «مەولەوی تاوەگۆزی، ١٤-١٣ ک.م»،- کە ئەوانیش خۆیان سەر بە رەوتی باوی بڕگەی هورمزگان بوون (سنت معهود هجایی هورمزگان)، نەخشی «کاریزمایی»یان هەبووە و شاعیرانی دواتر وەک «دانای کول، زانای گشتی، راوی فازڵ و هەمەدان و نوخبە» بۆ شیعری ئەوانیان روانیوە و بێ یەک و دوو رێچکەی شێوازی ئەدەبی و هەناسەی ئەوانیان قۆستووەتەوە، بێ ئەوەی کەس، یان کەسانێ ئاوڕێک لە مەنهەجەکەیان بدەنەوە. لەوە گرنگتر ئەم شاعیرە نوخبانە بە «تابۆ»، «پیرۆز» و «بڤە» دانراون، بۆیە رێوڕێچکەی ئەدەبی ئەوان لە «فۆرم و مەزموونخوازی»دا وەک خۆی وەرگیراوە. رەنگە دەگمەن بن شاعیرانێک کە لەم «هێڵە ئەدەبی»یە لایاندابێت. هەر بەم بۆنەیەوە، نەکەوتوونەتە توخنی و کەمتر خەسارناسی کراون، یان رەنگە هەر نەکرابێتن، ئەمە لە نەوعی خۆیدا، خەسارێکی هەرە مەزن دێتە ئەژمار بۆ ئەم جمە شیعرییە (رەوتی شیعری). ئەگەر ئاوا نەبوایە شیعری هاوچەرخی هۆرامی ئێستا خۆی لە ئاستێکی بەرزتردا دەبینییەوە.

د- لە روانگەی نووسەردا، شیعری کوردی سۆرانی بەهۆی کاریگەری هەندێ پارامێتر، وەک بە ئیستانداردکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی، حاڵەتێ «هێژمونی، Hegemony، خۆزلزانی، برتری جویی» هەبووە بەسەر شێوەکانی تری کوردی، بەتایبەت هۆرامیدا. لەم گۆشەنیگایەوە شاعیرانی هۆرامی زمان بەجێی کەڵکەڵەی

شیعری ئەمڕۆی هۆرامی، ورکەی سۆرانی گۆتنەوەیان بووە و زۆرتر بەو شێوە وزەی خۆیان خستووەتە گەڕ. من شاعیرانێک دەناسم کە زمانی دایکیان هۆرامییە، بەڵام تاکە دێڕێکیان بەم زمانە دانەناوە. بەم جۆرە تا ماوەی چوار دەیە لەمەوپێش بایەخێک بە پێداچوونەوەی مەنهەجی شیعری هۆرامی نەکراوە و ئەم پرۆسە نەزۆک ماوەتەوە. ئەمەش یەکێکی ترە لە خەسارەکانی پرۆسەی گۆڕانکاری بنەمایی شیعری هۆرامی کە ئۆباڵی دەکەوێتە سەر هەمان شاعیران.

بەڵام لەگەڵ ئەم «ڕێو ڕێچکە»یەدا و هەبوونی ئەم هۆکارە سەرەکییانە، ماوەی چوار دەیەیە شیعری هۆرامی هەم لە «تەشکی لیریکا، ساخت غنایی»- سیستمی ٥+٥- و هەم لە «مەژگە، ناوەرۆک»دا کەوتووەتەبەر شەپۆلی گۆڕانکاری سەردەمییانەوە.

ئەگەرچی هێشتا زووە کە لەبارەی ئەم جمە ئەدەبییەوە قسە بکرێت، بەڵام نووسەری ئەم دێڕانە دەیەوێت بۆیەکەمجار شۆڵەیەک بخاتە سەر چەشنی سەرهەڵدانی قۆناغەکان و دەرخستنی هەندێ لە تایبەتمەندییەکان[٤] با ببێتە بەردی بنەڕەتی ئەم ڕەوتە و ئەگەر دوایی کەس، یان کەسانێک بیانەوێت لەم بارەیەوە توێژینەوە بکەن، لانیکەم بنەماکانی روونکرابێتەوە و ئاسانکارییەک کرابێت بۆ ئەوان.

**-لادان لە ڕێسای باوی بڕگەیی و فۆڕمی مەسنەوی**

پێشتر ئاماژەمان پێدا کە ئەم ڕەوتە لەسەر کاریگەرییەکانی سوننەتی باوی ئەدەبی «سنت معهود ادبی» نەگۆڕ مابووەوە. «عوسمان محەمەد هۆرامی» لەژێر کاریگەری «ریفۆرم»کاریی مامۆستا گۆران لە ساڵی (١٩٧٢ز) بۆ یەکەم جاری «ئێرو دڵی، ئاوری دڵ»ی داناو بەم شێوەیە ئەم دەقە بوو بە یەکەم «ڕێسا گوریز، هەنجارشکێن»ی شیعری بڕگەی هۆرامی.

بەڵام لەپاڵ ئەم ریفۆرمکارییانە بڕێ پرسی تیۆریکی-ئەدەبی بۆ بەردەنگی (موخاتەب) شیعرمان قوت دەبنەوە، کە ناکرێ بەسانایی چاویان لێ بنووقێنین. با سەرەتا پرسەکان بخەینە بەرچاو، ئینجا بەپێی توانست لە روانگەی خۆمانەوە وەڵامی لۆژیکییان بۆ بدەینەوە. پرسەکان ئەمانەن:

ئایا ئەم«ڕێسا گوریزی»یە و خۆلادان لە خسڵەتەکانی باوی شیعری کلاسیکی هۆرامی وەک باقی شیعرەکانی تر (کوردی سۆرانی، فارسی، عەرەبی و تورکی) ئاگاهانە و لەسەر بنەمایەکی تیۆریکی و جوانیناسی تایبەتی هاتووەتە نواندن؟

لق و پۆکانی ئاڵترناتیڤی ئەم باسە بابەتی- تیۆریکییە چی بوون؟ و لە کامە کتێب، بڵاڤۆکدا هاتوونەتە چاپ و پەخش کرن؟

دەکرێت بزانین لە پرۆسەی تازەگەریدا تەنیا دیدی تازە، جیاواز و هەبوونی

دەزگای یەکگرتنی جوانیاسی سەردەمیانە (دستگاه منسجم زیباشناختی) لە تەشکوو نێوەرۆکدا، دەتوانێت پێکهاتەی شیعری ئەوسا (شعر سنتی) تێک بدات و سەر لەنوێ بینایێ رازاوەتر دروست بکاتەوە، کەچی ئێمە لەم تۆشە ئەدەبییە بێبەش بووین.

کەس، یان کەسانێکمان وەک: «نیمایوشیج»[٥]ی فارس (١٢٧٦–١٣٣٨ ک.ر)»، «نازک الملائکە»[٦] خانمە شاعیری هاوچەرخی عەرەب (٢٠٠٧–١٩٢٣ز)، «نازم حیکمەت»[٧]ی ترک (١٩٦٣–١٩٠٢ز) و مامۆستا (گۆران)ی سۆرانی (١٩٠٤–١٩٦٢) نەبووە کە بە «وتە و نووسین» هەیکەلی شیعری هۆرامی تێوریزە و موهەندیسی بکەن و زەمینە درووست بکەن بۆ «گۆڕانی بنەمایی» شیعر هەم لە «تەشک» و هەم لە «نێوەرۆک»دا.

لەم بارەیەوە تەنیا دەتوانین بە شیعرەکانی (عوسمان محەمەد هۆرامی) بە تایبەت شیعری «ئێرودڵی، ئاوری دڵ» کە لە ساڵی (١٩٧٢ ز) وتراوە و چەند پارچە شیعرێکی تر لە ساڵەکانی دوایی لەم شاعیرە، ئاماژە بکەین کە بێگومان ئەوانیش لە کاریگەری شیعری سۆرانی و ریفۆرمکاری «گۆران» بێبەش نەبوون. بەڵام لانیکەم «ئێرو دڵی» و ئەو شیعرانە سوودیان ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار توانی تەجروبەی نۆرم شکینی ستایلی بڕگە بکاتە زایەڵەی ریفۆرم و تەنانەت خۆشکردنی زەمینە بۆ قۆناغەکانی دوایی لە شیعری هۆرامیدا. ئەم پاساوەش بە سانایی ناتوانێت بەرسڤێک بێت بۆ ئەو پرسە ئەدەبییە، چونکە وتنی ئەم قسەیە کە «فلانی لە سەدەی فلان، فلان شیعری بێ وەزنی و قافییەش گوتووە، گرێی کێشەکەی ئێمە ناکاتەوە. زانستیتر ئەمەیە کە بگوترێت دەسپێکی (مبدا) شیعری ئەمڕۆمان وەک فەلسەفەی جوانیناسی (فلسفه زیباشناختی)، یان شێوازێک (سبک) و یان وڵامێک بۆ پێگەیشتنی نیازە مێژوویی و ئەمڕۆییەکانی گلێرگەمان، کەی و چ جۆر بووە؟

نیمایوشیج (١٢٧٦–١٣٣٨ ه.ش) وەک نوێخوازەکانی پێش لە خۆی، شیعری نوێ و ئاوانگاردی لە رێی زمانە ئەوروپاییەکاندا بەتایبەت فەڕەنسا هێنایە نێو شیعری فارسییەوە، بەڵام جیاوازی نیما لەگەڵ ئەوانی تر وەک: (تەقی رەفعەت، جافر خامنەیی، خانوم کەسمایی و لاهووتی)، ئەوە بوو کە ئەو بە دەرک و شعورێکی جوانیناسانەتر لە فەلسەفەی شیعردا، بە ئامادەیی و وشیارییەوە هاتە مەیدان و سەرەنجام هەیکەلی شیعری هاوچەرخی فارسی تێوریزە کرد»[٨].

لە شیعر هاوچەرخی کوردی سۆرانیدا رەنگە «مامۆستا گۆران»یش ئەم رۆڵەی بووبێت. «شێخ نوری شێخ ساڵح» بەر لە ئەو دەستی دایە شیعری تازە، بەڵام وەک گۆران نەیتوانی ببێتە خاوەن دەزگایەکی جوانیناسی، یان دەرک بە فەلسەفەی ئەو تیۆرییە. کەچی هەر بەم دەلیلە «گۆران» بوو بە «باوکی تازەگەری و نۆژەنی شیعری کوردی سۆرانی» و بنەمای ئەم شیعرەی تیۆری پەردازی کرد.

«گۆران» وەک «نیما» لە باسە تیۆریکییەکاندا ئەوەندە بەتوانست و بەرزەفڕ نەبوو، بەڵام توانی جگە دەسبەرداربوون لە قەید و بەندی عەروزی عەرەبی و بەزاندنی نۆرمەکانی ئەم ئوسلووبە کە ساڵهای ساڵ بەسەر شیعری کوردی سۆرانیدا سێبەری کردبوو، بگەڕێتەوە بۆ جەوهەری خۆماڵی شیعری هۆرامی -کە من پێشتر بە حاڵ و هەوای تازە وەسفم کرد- لەم ڕێگەیەدا شۆڕشێکی مۆسیقایی لە حەوزەی شیعردا بەرپا بکات.

ئەم دیاردەیە واتا بایەخدانی «گۆران» بە بنەماکانی جوانیناسی شیعری هۆرامی، کە من بە توخمی «کرکە» نێودێرم کردووە، بۆ شاعیران و ڕەخنەگرانی کوردی هۆرامی بەڵگەیە کە بە وەسواس و وردبینییەوە بڕواننە ئەم جەوهەرە و بە سانایی لێی تێنەپەڕن، دەکرێت بینای جوانیناسی شیعری ئەمڕۆ لەسەر ئەم پێڕەوە میعماری بکرێت. گوتمان شیعری هۆرامی بەپێی ئەو خسڵەتانە کە ئاماژەمان پێدان، لە جۆری خۆیدا، بەتایبەت لە فۆڕم و پێکهاتەدا «ڕەهاتر» دەنوێنرێت، بۆیە درەنگتر کەوتە بەر شەپۆلی گۆڕانکاری. تیۆریزانێکی تۆکمە و ئاگا و ئەکتیڤی نیاز بووە کە لە ماندوویەتی و ئەزموونخوازی و موکاشفەی زیهنی و لۆمەی کۆنەپەرستی نەترسابێت و وەک ئەو پێشەنگانە کە پێشتر ناوم بردن، بە «گوتن و نووسین»، تەشکو مەژگە (فۆڕم و ناوەڕۆک) شیعری ئێمەی تیۆریزە بکردبایە، کەچی ئەم باسەش نابێت ببێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە لە واقیعەکان و هەبوونی هەندێ دەق چاو بنووقێنین، وەک ئیفلیج بڕوانینە ئەم ڕەوتە ئەدەبییە.

وێڕای دروستی ئەمانە، شیعری هۆرامی ئەگەرچی درەنگ، ماوەی چوار دەیەیە ئاهەنگی گۆڕانکاریی لە «تەشک» و هەروەها «ناوەڕۆک» سازکردووە و چەند قۆناغێکی کورتی بڕیوە و تا ڕادەیەک بووەتە خاوەن «مینیرەوت»ی خۆی. یەکێک لەو قۆناغانە، دیاردەی ڕێساشکێنی شیعری بڕگەیی (٥+٥) و کوڵو درێژکردنی دێڕەکانە لە تەشکی مەسنەویدا و پێشتر گوتمان «دەق»ە شیعری «ئێر و دڵی» بۆ یەکەم جار بوو بە ڕچەشکێنی سیستمی بڕگە لە شیعری هۆرامیدا.

دانەری ئەم دەقە «عوسمان محەمەد ساڵح فەرەج، مەشهوور بە عوسمان محمد هۆرامی»یە، کە دانیشتووی سلێمانی باشووری کوردستانە و لەدایکبووی شارۆچکەی «تەویلێ، Tewêlê، بەرواری ١٩٣٦ز»یە[٩]. کاک عوسمان ئێستا مامۆستای خانەنشینە. لە حەوزەی شیعردا بەتایبەت بۆ زاڕۆکان و کاری نووسیندا خاوەن ئەزموونە، تائێستا چەند بەرهەمی بە دوو شێوەی سۆرانی و هۆرامی چاپ و پەخش کردووە[١٠]. ساڵی (١٩٧٢ ز) لەژێر کاریگەری شیعری ئەو سەردەمە شیعرێکی بە ناوی «ئێر و دڵی، ئاوری دڵ» داناوە، هەروەها کە ئاماژەمان پێدا لەم شیعرەدا ڕێسای باوی «پەنج پەنج»ی لە

هۆرامیدا بەزاندووە و گەیشتووەتە تەجروبەیەکی تازە بۆ شیعری هۆرامی. پاشان لە ساڵەکانی تردا چەند دەقی شیعری تری هەر بەو ریتمە داناوە. ئەم شیعرە بوو بە بەردی بناغە بۆ شاعیرانی هۆرامی لە رۆژهەڵات. من خۆم شاهێدم لەگەڵ ئەوانەی کە ئێستا لە شیعری ئەمڕۆی هۆرامیدا خاوەن دەقن، باسمان لە «رێساگورێزی» کاک عوسمان- وەک پێشەنگ لەم بوارەدا، کردووە. ئەمەش دەقەکە و بەشێک لە شیعرەکانی تری. شایەنی ئاماژەیە باقی شیعرەکانی بە کاملی لە ئارشیفدا مەوجوودن کە خۆی داویەتی بە نووسەر.

**-ئێرو دڵی، êrû dilî**

گرد نەیار و دۆسێ ماچا/دوورو نزیک،/سەرجەم مێژوونویسی ماچا: ئورومۆنا/هۆرامانا/ئاریمانا/ئێرە گەشەو/دڵ و گیان و گردیمانا.../شۆق و کڵپەو ئاتەشگاکا/مژدەو پەشتاو پەشتیمانا/گۆرەتەرین نیزانییا/بانگگەوازە فرە رۆشنەکەو/ناخە پاکەو یەزدانییا،/ئایرمانا/سەیرانگەو میترایيشناسان/دڵما گەشا/وەشیمانا/سەرانسەر تا دما هەناسە/مەڵبەند و گرد/هورۆچیایاو پاک و خاسان،/خونچە گەشەو ئارمانی/هەر ئاهەوگا و شادمانی/هەردەم، گەش گەش، گەشە کەرۆ/چەنی رۆزگاری و دۆرانی/پەیام یاونۆ/مژدە مدۆ/لوتکەو سەرکەشماتا رووگەو/واتەو پەیامی نوورانی،/جە سەرزەمینی پیرۆزۆ/پەیاپە، پەی گرد جیهانی/گەشەو سەرچەمەو رۆشنی/بانگەوازا/کوڕو پیرا ئورۆمۆنی/ناڵەشا وەشتەرین سازا/هەر پا رازە شیرینەنە/ئەشقما پەڕاو/جە وینۆگەو گەشوینیەنە/چریکەما بەرزو سەرڤازا/بە ئاوازو زڤانە گەشەکەو ئاڤیستای/سرودو نەمریما تۆمارا/هەمیشە پەی هەتا هەتای/لانما وەشتەرین گوڵزارا.../ئینە زادەو/ئەشقو پیرۆزو یەزدانین/بوتەو پەڕگڕو بیکوتاو/دڵە شادەکەو هۆرامانین[11].

تەوێڵێ (١٩٧٢/٢/١٠)م

ئەشقی دانسقە

ئەڤینو من دڵگیرا/ ئۆ گڵاوی پاکی مشۆ

چنگش جە گیانیم گیرا/ بورکان ئاسا هور مشو...

بێپەروا هەر ملوونە/ پەی سەرچەمەو ئاشنایی/ کە فرەتەر سەرکەرونە/ دنیام بۆ بە رۆشنایی.

ئەی سۆزداری بێوێنە/ سەراپا جەستەم وینە/ جە ناخۆ دڵنیانا/ نازاڕی/ دانسقەنی/ مەکینتەرین عەشقەنی بە سۆزیوی وەهاری/ئی خەزانیە رازنە،/ بە خەندیوی گۆڵزاری/ ئاسۆم پەی ترازنە

تەوێڵێ: ١٩٧٤/٩/٣

گەشت

ژین و گیانم/ من گەرەکما خەم لابەری/ کسپە و ژانم/ بە رۆشنایی ژێنی کەری/ یا دەس جە دەس/ بلمێ سەیرانوو کەشا/ بە بێدەربەس/ سەردەمێ ئا باخە گەشا/ با دووبارە/

گێڵمێوە بەهەشتی بەرین/ چا گۆڵزارە/دەم بنیەمێ چەمەی شیرین/ دەس بارە، دەی/ ئۆخەی ئوخەی/ با بلمێ پەی/ سەرچەمەو سەیرانی بییەی/ ئۆخەی ئۆخەی!!

سلێمانی ١٩٨٩/٢/١ز

یان ئەم شیعرە:

–ئەندێشەی کاریگەر وێڵا/دێوانە ئاسا و بێ پەروا/پۆل پۆل شەیداکێ هەر گێڵا/ جە کام لاوە/کام مەڵبەندۆ/ جە کام زێد،/دەس پەنە کەرمێ./جە وەش تەرین/چەمەی شیرین/ئاوەو نەمری تا سەر وەرمێ./ پەی بە رازە و/باو و باپیریما بەرمێ ...[١٢]

**–روانین بۆ ئاسۆیەکی رووناکتر و تەجرووبەیەکی تازەتر**

ئەم قۆناغە بەسەرەکی دێتە هەژمار و لەڕاستیدا چەند قۆناغی تر دەگرێتە خۆی. کە هەرکام لە یەکتردا دەیەیەک مەودای زەمانییان هەبووە. بە تێکڕا دەتوانین بڵێین شیعری هۆرامی دوای رێساگورێزی «ئێرو دڵی» –هەرچەند دەقەشیعرمان کەمە– نیشانەی ئەوەیە ئەم رەوتە دەستی پێکردووە، هەرکامیش بۆن و بەرامەی شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە کە دەکرێت لە ئاستی خۆیاندا بە تەجروبەکی جیاوازتر لە یەک بە هەژمار بێت. لە دوای «رێساگۆرێزی» ئەم شاعیرانە تا بە ئەمڕۆ خاوەن دەقی داهێنانی شیعرین.

«جەلیل عەباسی(قەقنەس)، کولسووم عوسمانپوور، رەوف مەحمودپوور، پەرویز بابایی، محەمەد رەشید ئەمینی، داوود غەفاری، محەمەد شەریف عەلی رەمایی[١٣]، یوسف رەسوڵ ئابادی، هادی سپەنجی، مەنسور رەحمانی، موختار هیدایەتی، جەهانگیر مەحموود وەیسی، ئەحسەن رەشیدی، مدریک کەریمی[١٤]، ئاشنا عەباسی، شایان رەبیعی، فەرید عەباسی، سابیر سەعیدی، عەبدوڵا حەبیبی، کورش ئەمینی، "ئەمین حاجی زەڵمی، ئیبراهیم حاجی زەڵمی و..."[١٥]، شنۆ رەحیمی، سابیر عەزیزی[١٦]، بێهروز محەمەدپوور[١٧]، بورهان ئەختەر و...».

با ئەوە روون بکەمەوە کە لەم نووسراوەدا ناوی کەسانێک هاتووە کە یان خاوەن

دەفتەرە شیعری پەخشکراوەن و یان دەقەشیعریان لە گۆڤارە ئەدەبییەکان چاپکراون و یان لە گلێرگە ئەدەبییەکاندا خوێندراونەتەوە. ڕەنگە ناوی کەسانێک بن شیعریان چاپ و پەخش نەکرابێتەوە و یان نەخوێنرابێتەوە، بەڵام لەسەر داواکاری من دەقە شیعریان هێنابێت، یان تەنیا ناویان هاتووە. ڕەنگە کەسانێکیش بن شیعر بڵێن، بەڵام ناویان یان نموونە شیعریان لێرەدا نەهاتبێت، یان داوام کردوون نەیانهێناوە و یان من نەمزانیوە و دەسرەسیم نەبووە، لەم حاڵەتەدا هیچ لارییەک ڕووناکاتە نووسەر و نابێت بە تاوان بۆی. ڕەنگە کەسانیش بن لە ڕووی زەوق و یان تەنیا بۆ سوکنای خۆی، یەک دوو شیعری وتبێت، بەڵام لە ئاستێکدا نەبن کە باسیان لەسەر بکرێت. با بەشێوەی گشتی تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە، ئاراستەی بەردەنگ بکەین و پاشان ئیشارە بکەین بەو دەقە سەرەکییانە کە چاپ و بڵاوکراونەتەوە. ئەمە را و پەیلوای منە بزانین ئێوە چلۆن بۆی دەچن.

**-هەندێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕەوتی شیعری هاوچەرخی هۆرامی لە دەسپێکەوە تا ئەمڕۆ**

١- بە پێچەوانەی شیعری کلاسیکی هۆرامی کە خاوەن فەلسەفە، شوناس و نێزامێکی ئەدەبی تایبەت بە خۆی بووە، شیعری هاوچەرخ قوتارە لەم توخمە جەوهەرییە، چونکە بنەماکانی «جوانیناسی»ی لەلایەن کەس، یان کەسانێک لەسەر دەرک بە بەرپرسیارێتی گۆڕانکاریی لە شیعردا، تیۆری پەردازی نەکراوە. ئەم ڕەوتە ئەمێستاکە هەیە لە شۆێنگەی کاریگەری شەپۆلەکانی شیعری هاوچەرخی سۆرانی و بزاڤە ئەدەبیی نوێخوازییەکانی دەورووبەری هێزی وەرگرتووە و سەریهەڵداوە و نیشتووەتە گاگۆڵکێ. بەم حاڵەوە ئەم پرۆسەیە لەم «مینی قۆناغ»انەدا تێپەڕیوە:

٢- ڕێسا گورێزی

ئەم ڕەوتە لە هەوەڵی دەیەی (٧٠ی ز/ دەیەو ٥٠ی ک.ر)، لە ریفۆڕمکاری مامۆستا «گۆران»ی کاریگەریی وەرگرت. ئەڵبەت لە بواری بەزاندنی ژمارەی بڕگەکاندا، ئەگینا لە بواری واتاییدا ئەم قۆغانە نەیتوانی شیعری هۆرامی بەرەو ئاراستەی ئاوانیگارد ببات، مەزموونەکان هەروەها لە ئاستی کلێشەی باودا مایەوە، کە وەک دیاردەیەکی «پارادۆکسیکاڵ، دژنوما» دێتە بەرچاو بۆ شیعری هۆرامی. لەلایەکەوە «گۆران» بە تیشکاوێژی قابیلییەتی شیعری هۆرامی هەنگاوی یەکەمی بەرەو تازەگەری «فۆڕم و واتا»ی شیعری کوردی سۆرانی هاویشت، کەچی تا ماوەیەک لەمەوبەر ناوەڕۆکی شیعری هۆرامی لە چنگ «مەزموون خوازی سونەتی باو» رزگاری نەبوو، بەڵام شیعری ڕێساگورێزی و بەزاندنی «نۆرم»ەکانی ئەو ڕێچکە ئەدەبییە وەک بەزاندنی

ژمارەی بڕگەکان لە دۆخی(٥+٥) و گوریز لە فۆڕمی سەقامگرتووی مەسنەوی، تایبەتمەندی ئەم قۆناغەیە کە بە لەدایکبوونی شیعری «ئێروو دڵی» عوسمان هۆرامی خۆی بەڵگەمەند کرد، بۆیە ئەم قۆناغە بەناوی «ڕێساگوریزی» نێودێر دەکرێت.

٣- تەجروبەیەکی دی:

سەرەتای دەیەی (٦٠ی کۆچی-روجیاری)، قۆناغێکی ترە بۆ گۆڕانکاری «تەشک و مەژگە، فۆڕم و ناوەڕۆک»ی شیعری هۆرامی. لەم مەودا زەمەنییەدا، شیعری ئێمە دەچێتە نێو فەزایەکی جیاوازتر لە رابردوو. ساڵی (١٣٦٠)ی کۆچی هەتاوی، جەلیل عەباسی «قەقنەس» شیعری «سزاو ئەنەنەیاوای، سزای تێنەگەیشتن»ی دانا، کە کۆپلە شیعرێکی «سەمبولیک»ە و بۆ ئەو مەودا زەمەنییە لە شیعری هۆرامیدا دەتوانم بڵێم: وێڕای ساکاری، شاز و جیاواز بێتە ئەژمار و هەنگاوێکی دیکە بێت بۆ نزیکبوونەوە لە فەزای «حیسی-ئیدراکی» شیعری هاوچەرخی هۆرامی و مەوداگرتنە لە قۆناغی «ڕێساگوریزی»ی «ئێری دڵ». بە پەیلوای نووسەر، ئەگەر ئەم دەقە نەبووایە ئاهەنگی قۆناغەکانی دواییتر سازنەدەکرا و بێگومان ئەو پرۆسەیە هێورتر دەبووەوە. بە وتەی شاعیر، ئەم شیعرە لەودەمەی لە رادیۆی مەریواندا خوێنراوەتەوە و لە گۆڤاری «اصحاب انقلاب» و «ئاوێنە»دا چاپکراوە.

سزاو ئەنەنەیاوای، سزای تێنەگەیشتن

ژەرەژێ وات... مەزانو چی
ژەرەژەکێ... جەزوانیم مەیاوانە
دایم ماچوو:
دووریٚ گندیٚ... وێتا نیشانە مەدەیدیٚ/ قاقبووەکەم رەمزا... یانیٚ/ ویٚ شاردێوە.
بەڵام... بەڵام/ مەیاوانە... و مەیا... وەرۆ/ ئێتر تەقە و تفەنگین... و
ونیٚ سوورەو ئادیشانە/ بۆ بە خەنیٚ کویسانی.
دماییچ ماچا/ ژەرەژەکێ... ویٚ وەرەنە؟
مەیاوانە/ نا داخەکێم... مەیاوانە.
مەیاومێنە/ زانمیٚ قاقبوش/ یانی نزیکیٚ مەگندێوە
بەڵام ئێمە/ ملمیٚ وەرۆ... ئاماوجاریٚ/ پەیمارێک کەوت... و
تاواما/ رەفێقە پەل بەسیەکێما/نەجات دەیمیٚ/ کەچی هەمیشەو زەمانیٚ
نەخشەکەما/ کەوتەن چێرو تەمیٚ سیاو و سەختە و/ فێڵا و تفەنگداری.
هۆز و تفەنگدارەکەیچا،/ مەیاوۆنە... و ماچۆ... ژەرەژ ویٚ وەرۆوە.

ئینه سەیرا/ هەمیشەو خوای/ ئەنەیاوایما پەی ویما بۆزەرەرو...
نەیاواینەو تفەنگداری... و/ هۆزەکەیچش پەیش بۆ
قازانج... و... وەش کەیفی[18].
١٣٦٠/٦/١٧
را...
هەر ئاژەڵە رێوەنە/ زەمان .../ زڵماتە شەوێنە بێ بەرایی... و/ لووتەوانەش
loوورە و وەرگی کەڵبە تێژین.
چەنی ...؟/ چەنی چکۆرە ورگێڵووە/ وە ئەرواحەکەم؟
ئا... خ خ.../ چی سەردەمنە؟/ نا... گیانەکەم
هەی هوو.../ هەر سەردەمانێن... و
... شەرەف گەنان!!/ چەنی...؟/ چکۆرە ورگێڵووە ئەرواحەکەم؟
دالانی...؟[19]

بێتاقەتەنا:...
تاسەمەندێم/ ئاسکێ سرکەو دەشتو کوساری نیەنە/ هەر سڵ کەرۆ.
(سۆسی) نیەنە/ پەی خشێوە بدۆ شەقەو باڵی و پڕۆ
پلوزگردێ کۆچەرە نیەنە/ ئیلیانەکێش جیا بازۆ و کۆچ کەرۆوە
تاسەمەندیم/ ژەرەژێوە خاڵ ڕەژیەنە و
ئاوارێ سەر کۆو عەشقینە.../ زمسان سەردا...و/ ئامێنە تا جە هیلیانە و سینەیتەنە
وەش سەیۆوە/ ئامێنە... تا/ دلێ گەرما و سینەی نەرم و وەشڵەیتەنە
وەرمی وەشو ئەوە سەیایی بوینۆ/ تکا... تکا
وەروە چەرمێ سەرقەڵاو عەشق و ئاواتیم/ سەرو سینەی نەرمۆڵەیتۆ
وەش وەش بووسنەش/ با ژەرەژەڵا سەردا بەردێ تاسەمەندیم
چی زمسانە تۆفانەنە/ چینەی وەیلان تەرە نەبۆ[20].

٤- ساکاری زمان و روخسار و تێڕامان لە واتای شیعر(سهل و ممتنع)

سەرەتای دەیەی (٧٠ی ک.ر)، قۆناغێکی ترە بۆ مەنهەجی شیعری هۆرامی. لەم قۆناغەدا خانم «کلسووم عوسمانپوور» بەرچاوە. ئەم خانمە شاعیرە شیعرێکی بەناوی «شیعرێ عالێ، شیعری جوان»[21]داناوە. بە گوتەی شاعیر ئەم کۆپلە شیعرە نێردراوە بۆ گۆڤارە ئەدەبییەکان، بەڵام لەسەر هۆکاری بەرچاونەگرتنی زمانی هۆرامی، چاپ نەکراوە، کەچی دوایی لە دەفتەرە شیعری «گرێ»دا بڵاوکراوەتەوە. ئەم دەقە

«شیعرێ عالێ» و هەروەها ئەو کۆمەڵە شیعرە لە دوای شیعری «سزاو ئەنە نەیاوای» توانی تەجروبەیەکی تر بخاتە سەر خوانی شیعری هاوچەرخی هۆرامی و پێگەی شیعری ئارۆی هۆرامی لەگەڵ قۆناغەکانی پێشووی پێکەوە گرێدا و ببێت بە هۆکاری بەردەوامی ئەم پرۆسە شیعرییە (توالی و پیوستگی پروسه شعر امروز هورامی). تا نووسینی ئەم وتارە ئاخرین داهێنانی ئەم خانمە شاعیرە شیعرێکە بە ناوی «نەواتم». لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی وتنەوەی ئەم شیعرانە دەتوانین ئاماژە بدەین بە «ساکاری، ئیجاز و لە هەمان کاتدا فرەدەنگی و قووڵبوونەوە لە واتا، گیرایی، سەرنجڕاکێشی و سانایی دەربڕین کە لە نەریتی شێوازشناسیدا ناسراوە بە ئوسلوبی-سهل و ممتنع». لەبەر تیشکی ئەم چەپکە تایبەتمەندییەدا بوو کە فرە زوو بەردەنگی شیعری کوردی چوون بە هانای ئەم دەقانەوە و بوو بەهۆی پێشوازیکردنی ئەوتۆ. تایبەتمەندییەکی تر لەم شێوازە ئەدەبییە دەتوانین ئاماژە بدەین بە تەبایی لە گەڵ پێکهاتەی «فێرکانس»ەکانی جوانیناسی شیعری هۆرامی کە ئەم توخمە لە هەندێ لە دەقەکانی تردا نابینرێت، ئەم رووکردە لە رادەی خۆیدا خاڵێکی «ئەرێنی و دڵنە، ایجابی و محتوایی» دێتە هەژمار بۆ سەبک و سیاقی ئەم شاعیرە.

شیعرێ عالێ

وەیلان و شۆنە و شیعرانا/ شیعرێ بێ دەنگێ هەوارا/ نانێ پەی شەوە و هەژارا بڕواتا بۆ/ شیعرێ نییەنێ دڵێ دیوانوو کەسینە/ شیعرێ ئینێ دڵێ دەس و تاتە و مننە

دڵێ سوورە هەراڵەینە/ وەر کەمەر و کاکەیمنە
وێرەگا کۆساڵان مێوە/ ئینێ لاو جوانی ئەدێمۆ
کە وەخت و بانە ناو و یانەو «خانینە»/ بێ چێر و لیتەو خانیوە و ناواشاوە
شیعرێ یانێ/ کۆڵە چۆکڵێ من و کناچە رەفێقەکام
چەنی براڵوە تالا پەی براڵەکاما/ بڕواتابۆ/ هیچ شیعرێ
ئننەو بێ دەنگی شمشاڵەکێ تاتەیم/ منش نەسۆچنێنا
شیعرێ چا وڵاتو ئێمە/ یانێ مەجنوونێ گوم بێی/ لەیلێ وێڵ وێڵ
گێلا شۆنیشارە/ بەڵام...!/ نا... نا... یانێ/ کۆساڵان و بنەو هەژگا
تەقەو کلاشا و نەگێلاوە[٢٢].

***

...

کۆسالاَنێ ئاواتی نە/ گجار وینوو/ مارەم برا/ پەی ڕیواوەو و دلێ خڕا
پیچکی سۆڵ، گیواوی تاڵ/ چۆپی رەش و بە بەزمی «نا»
زەماونە و مننە ورپڕا...[٢٣]

زەمین
ماچا زەمین/ مێ دەورو وەرەتاویرە
چن شەو و روێش پەنە مشۆ/ چننە ئامێنا دەورترە
هەر شەوەنە و/ رۆم پەی مەبۆ[٢٤].

٥-شیعر بۆ شیعر...

دەسپێکی دەیەکانی (٨٠ ک.ر) قۆناغێکی جیاوازتر و دانسقەتر لە پێشوو دێتە نێو ڕێ و رەوتی شیعری ئێستای هۆرامییەوە. «رئوف مەحموودپوور» بە چاپ و پەخشکردنی دوو دەفتەرە شیعر بە ناوی «زەڕنەو ئاسۆی، ١٣٧٨-١٣٧٧ و ورپڕای گەچ و تەختەی»، بوو بە هۆکاری قەڵەوی ئەم جمە شیعرییە. برێک لەو شیعرانە سەرکەوتوو، سەردەمییانە و ئاوانێگارد دێنە هەژمار. نووسەری ئەم دێڕانە لە هەندێ لەگلێرگە ئەدەبییەکان، یان لە وتارەکانمدا وەک ئەم وتارە «پێسە ناڵەو شیعرێ» و... باسم لەسەر فۆرم و ناوەڕۆکی ئەو شیعرانە کردووە و بە پێوانەی رەخنەیی-گوتاری خوێندراونەتەوە و پێموابووە ئەم دەقانە هەندێکیان «سەرکەوتوو، هارمۆنیک، جیدی و خاوەن جەوهەری ئیجابی شیعر»ن و پێموابووە شێوازی «دەربڕین، پەیڕەنگ، دابەزاندنی زمانی شیعری، نەخشی زەینی و هەناسەی دەربڕین» تەجروبە ئامێز و هونەریین و فەزایەکی «حیسی-ئیدراکی» باش دەگرنە خۆ. وەک ئەم شیعرانە: «سینەڕیزە»، «کاریز»، «کاروان»، «مەحشەر و عەشقی» ، لە کۆمەڵە شیعرەو «زەڕنەو ئاسۆی و...».

*کاروان
...(با) ختوولە/ بێ ورە بۆ/ «دەربەن دزڵی»ورنە چلاَکیۆ/
شیعرە بووسۆ./ سیاوچەمانە/ چەترەو سەروو وەرنگازو و کوڵما/
زەڵمی... سەردەمێوەن/ گەورە کناچێ ئی کویسانی/ بالاَش رامان/ ...
دڵش رەشتەن/ بە تاماوەو واراناوی/ گەورە کناچێ ئی کویسانی/ تەڕش پۆشتەن
چەنی چڵێ وەرەتاوی.../ ... ئاها... چی سەرە ڕانە/ وەرمە واران/ نەمامێوە دەسەنیان.

نەرم/ پێسە قژا شەمێ و/ بێ دەنگ/ پێسە تاسێ «خانی»/ ئارام، ئارام.
زەنگ/ دڵۆپەی وشک نە کەردە[٢٥].

مەحشەر و عەشقی
منپەی شمە/ تۆفانێوە/ جە خورپەمنە چەمەڕاتا/ کەوەپۆشتەر/ جە شەپۆلە و گوڵ وەنەوشەی.
خەیاتخانە و چەمەکاتنە/نەشمیل نەشمیل/ کەرۆ دەس دوور سیروان/
ژوونێ/ پەی بەرۆکەو شەوگارێوە/ کرچ و کاڵی./ زرێبارە/ مارەبڕۆ بوغزو و برای
زریکەو بەختێ/ رێکوو باڵاو هۆرگێڵایۆ/ جە ساواقوو وێرەگاینە.
من/ پەی شمە/ تۆفانێوە هەناری بڵ/ جە کرمۆڵی وەرگەژانەو زڕباخیەنە
برقەش/ ئاڵاییێنە گەلە دزیێ/ تا... وەرم./ شاهۆ/ وسڵوو تەعمیدێوە/ جە زەمزەمە و قەڵەمیەنە.
هێـــی... کناچڵە چەم سیاولێ!!/ جە دڵداری کوانتۆمیەنە
سوخنوو سەمای/ کارەوانێ ریوایەتا/ کامپیۆتەریچ،
لەتەرێوە چزە فسیێ/ شیعرەکاو من کەردێ: هەنار
پەی رەژیایی تاسۆخێوە/ هەڵەبجانەی/ حەز کلدانێ ئۆکسیژەنی هۆرفلێقیا!/ تۆیچ،
زەلانێ سەرگەردانی...[٢٦]

بەڵام بڕێکیان وەک «ئەیهام»، «گەردانێ تاسەی»، «شیوەن»، «پەلەقاژێ زەڕنەو ئاسۆی» و... لە بواری زمان و چەشنی دەربڕیندا وەکو ئەوانی تر نین و هەڵگری ئەم تایبەتمەندییانەن: زمان «دەستکرد، قورس، تاسراو، بڕگە بڕگە و موعەمایی». پێکهاتەی زەینی «پێچراوە و داخراو». مانا: «بێبەش و روتۆکراو لە توخمی ساکاری، رەوانی و سەمیمی بوون».
ئەم شیعرە:
* گۆشێ وازیێ/ هەزار، هەزار/ چرپەو دەنگیت:
تاسۆخێوە و/ بادە، بادە./ کە کەوت گەلش
لوورە و دێزیی،/ گۆشێ، فڕکەو، دڵ، دەروازەی
خڕ پشت کریا(٢٧) و...

پێویستە بگوترێت لە نیوەی دووەمی دەیەی (٧٠) تا (٨٠ ک.ر) لە لای چەند شاعیرێکەوە... بەتایبەت «رەوف محموودپور و پەرویز بابائی و...» لە گۆڤارە

کوردییەکاندا وەک: سروە، زرێبار، ئاوێنە، ئاویەر و... چەند شیعرێک چاپ و پەخشکراونەتەوە، کە بێگومان بێ کاریگەری نەبوون لە گەشەو نەشەی شیعری ئێستای هۆرامی. دەستهەڵگرتن لە شیعری بۆنە و تەوسیفی، پارێز لە شێوەی دەربڕینی شیعری ئەوسا، داهێنانی بڕێک تازەکاریی شیعری، تایبەتمەندی ئەم جۆرە شیعرانەیە.

*جە ئاگاو
کەلارە و هۆبەو دڵیەنە
ئایر و ئەوینیم هور گڕیان
ترووسکە و شۆڵەیش
پەردە و شەوگارە و دووریش
ئەشکاوا[٢٨].

٦- هەنووکە و بەردەوامی و...

ئەم رەوتە هەروەها لە (هۆرامانی روژهەڵات و هەرێم) بەردەوامە، چ ئەو شاعیرانەی بە ئەزموون و خاوەن دەقن، پێشتر تیشکمان خستە سەر دەقەکانیان و چ ئەوانە بە تەئسیر لە قۆناغەکانی دەیەکانی پێشوو و کاریگەری شیعری دەوروبەر سەریانهەڵداوە و هاتوونەتە گۆڕەپانی تاقیکاری ئەدەبی، وان لە حاڵی داهێنان و ئەزموونگەرێتیدا. بەگشتی ئەندێشەمەندی هونەری (تامُّل هنری) لە دنیای دەوروبەری (ابژەها) و بە رووژکردنیان بە دیدێکی نیمچە فەلسەفی و پرس ورووژاندن، بە هەستکردنی وێنە خەیاڵییەکان، رووکردن لە جۆراوجۆری ئەدەبی (اصل انواع ادبی) لە تایبەتمەندی ئەم شیعرانەیە[٢٩]. ئەمەش نموونە شیعری ئەم جمەیە. کە بە داخەوە لێرەدا بەهۆی نەبوونی ماوەی وتارەکە هەلی بڵاوبوونەوەی نموونە شیعری ئەو شاعیرانە کە ناومان بردن، نارەخسێ، چاوەڕێی مەودایەکی تر بن، بەڵام:

* تەپاڵێو شیعرێ/ بۆگەنشا/ هیلاکش وست سەرەزلێی
قەیپەرۆشش/ رەنجوو شانەو/ هەژاری بێ و/ تیکەو یانەو
هەتیمێوی/ تەپاڵەکێ/ قولانچێوەش/ گەردە و
قۆلانچەکێ/ ج تەپاڵێ/ خاس دا تلێ/ تا تەپاڵێ/ بیە تلێ
قۆلانچەکێ/ بەردە سەرکۆ/ بە تلاو تلێ
جا فرەش دا ئاما خولێ/ تلە بیۆ پێسە تلێ
کەوتە سەرەو سەرە زلێ/ ناگا شیرەو تەپاڵەکێ

زەمین پۆژنا/ بە گوڵە رەنگێ/ ڤەهار ئاما
هەژار دەسشۆ/ ئالایە بی و
هەتیمەکە قارە قوزی[٣٠]

*من دەسوو دیموو شیعرەکام، بە شەپۆلەو وەشەویسی، ماڕوو
جە هۆنراوە تەژنەکا وارانی، یانە بینوو، هەرچن مزانوو
دنیا، لیپاولیپ جە تەژنەیی، کەیلا...[٣١]
*چەکوو هۆنیام، با بۆ باروتیش، گرڕ روێو و جە نۆ بەی،
چەکوو[٣٢] دلێ هۆنیام[٣٣]، با تەقەو گرۆ چیاش، شێونۆ پێوەرە، کەرۆ سەرپەننام
کۆگاو قەێوا، با حەر دەنگش بەی، حەر نەبا یۆوە، پاسنە من زیندە وویرم مسیۆوە[٣٤].

*وەهار خەزانشا، گۆ نەماما رێزیۆ، هەورێ دێز، وەرش کەردەن کز، زڕ، نەزۆک
رەشحە رێویان، قەڵەم چەوێڵ، عەشق پوویا، زەمین! دیویە، لەعنەت چی هەوریە!
وەهار خەزانشا[٣٥].
*خەڵاتوو زمسانی
قەرار نەبێ، قالاو، بە ئاسمانوو وەرمەکام، عادەت کەرۆ، درەختەکەو وەروو یانەیچما
هەڕەشێ کەرێ، جگەم کەڵەشێری و بڵبڵی و پەپووسلێمانەی، هیچێوتەر نەنیشۆشەوە ونە
هەر وەرەنە پاییز و زمسان، درەختەکەشا وسنا و، قالاوەکەیچ، وەراوەروو یانەو وەرمەکاوە
لیانیش بەسە، ئیسە...، گرد شەوێوە، قڕە ناشیرینەکەو قالاوەکەی، چڵاکنۆمەرە ئیتر، وەرمیچم مەگنۆوە پۆرە[٣٦].

## ئەنجام

ئەم پرۆسەیە ئەمێستاکە لەلایەن شاعیرانی نوێخواز وا لە حاڵی بەردەوامی و تاقیکاریدا، هەم لە باری «چەندی» و هەم لە «چۆنییەت» (کمیت و کیفیت)، یان بڵێین دۆخی «فێرکاری» و «ئەزموون»یەت (فراگیری و ازمودن). بە وتەیەکی شێوازشناسانەتر واین لە حاڵی «بەرزەخ»یەتدا، خۆماڵیتر: «سێوس»[٣٧] (بوومەلێڵ، سایە روشن و یان خاکستری). دەکرێت باسی فەنی -گوتاری ئەم رەوتە بخەینە دواتر، با دەقەکان لە

داهێناندا قەبەتەر و قەڵەوتر بکرێن. ئەو کاتە دەلوێ تاک بە تاک لەسەر زوان، پێکهاتە و دەربڕینیان بە دیدی مێتێدولۆژی ڕەخنەکاری و هەوێنی شێوازشناسانە بخوێنرێنەوە و بناسرێن بە خەڵکانی تر. ئەمەش ئەرکی تۆکمەی ڕەخنەڤانەکانە. خاڵی بەرچاو لەم پڕۆسەیەدا کرانەوەی ئاسۆیەکە بۆ ئەو شاعیرانە، کە من بەنێوی شاعیری نوێ بیر (نسل نواندیش) ناوم بردوون، لەنێو ئەمانەدا شاهێدی شاعیرانێکی نۆ ڤیر هەین کە خەریکن بە شێوازێکی تر لە شیعری ئەمڕۆی هۆرامیدا چەکەرە دەکەن. چەند شاعیرێک وەک «داوود غەفاری، ئەحسەن ڕەشیدی، عەبدوڵا حەبیبی، کورش ئەمینی، بێهرووز محەمەدپوور و مدریک کەریمیو...». لەگەڵ ئەوەدا کە «زەینێکی بزاڤمەند(خلاق)، چێژێکی دڵخۆشکەر، دیدێکی دواڕۆژیانە و زمانێکی ئیدراکییان هەیە، مەزندە دەکرێت، کە بتوانن لە فۆرم و ناوەڕۆکدا ئەم پڕۆسەیە بگەیەننە ئەنجام، بەڵام بەمەرجێک لە ماندوویەتی، خوێندنەوە و داهێنان (سلوک، مکاشفە و خلاقیت) و بەردەوامی نەترسێن. ئەمە دەتوانێت ڕادەی وزەی شیعری ئێمە لە داهاتوودا نیشان بداتن.

شاعیرانی هاوچەرخ دەبێت لە ئاستی «زمان و شێوەی دەربڕین»دا تازەکاری بنوێنن، واتا بتوانن هونەرمەندانە و شعورئامێز «زمان» دابەزێننە نێو فەزای «شیعر»، ئەمە تاکە پێناسەی شیعر و جیاکەرەوەی «شاعیر»ە لە «شیعرنووس». لەڕاستیدا ئێمە پێویستمان بەم «کارەساتە زمان»ییە هەیە لە شیعری ئێستای هۆرامیدا، بە واتای بتوانن دەق دابهێنن (سرودن) نەک بسازێنن (ساختن)، کە ئەم خەسڵەتە خۆی لە ناخدا جیاکەرەوەی تخووبی «شاعیر»ەو «نا شاعیر». «ڕەخنەڤان»ەکانیش دەبێت بە ئاگاهی لەسەر بنەمای مێتێدۆلۆژی ڕەخنەی ئەدەبی دەقەکان شیتەڵکاری بکەن. با پێکهاتەی ئەم دۆخە «سێوس، سایە ڕۆشن»یە بکەوێتە پەراوێز و پڕۆسەکە بەرەو شاکێڵەی نوێتر و ڕادیکاڵتر میعماری بکرێت و سەرەنجام بگەینە جەمسەری درەوشاوەی ئەدەبی (قوتب روشن ادبی). ئەگینا بەم قڵەتە دەقانەوە ناتوانین لەگەڵ دۆخی «بەرزەخ، سێوس»دا چنگاوەش بین. بەهەرحاڵ بەم سامانەش کە ئێستا هەمانە، من هەم خۆشحاڵ و هەمیش گەشبینم، ئەگەرچی ڕێگەی نەبڕاوی زۆرترمان لەپێشدایە. ئومێدەوارم ئەوەی کە چاوەڕێی دەکەین هەرچی زووتر بێتە ئاستی پراکتیک و کردار.

**سەرچاوەکان:**


-ارین پور یحیی، از نیما تا روزگار ما، انتشارات زوار، چاپ سوم، ١٣٧٩ک.ە، ٥٩٨.

-ایندە، نازم حیکمەت سیمبولی عەشق و ئازادی، ل(٥٨)، (ژ ٥٢)، ٢٠٠٤.

-بابایی پەرویز، سروە ژمارە ٢١٠.

-رستم ایوب، هورامان، سلیمانی، چاپخانە هلن، چاپ دوم، ٢٠٠٨م

-سەعیدی سابیر، دفتر شعر هەنگی روح، ناشر پرتو بیان، ١٣٨٤ ه.ش.

-گجارنامەی روجیار، ش (٨/٥).

-عەباس مەنش محمد ئاشنا، کۆمەڵە شیعری ئەمڕۆی پاوە و هورامان، تهران، انشارات سیروان، چاپ اول، ١٣٨٧ه.ش.

-عەباسی جەلیل، گۆڤاری هەڵەبجە، ژمارە (٤/٣)، ١٩٩٩م.

-عەزیزی سابیر، هەناسەی کاڵ، ناشر: کانی، ١٣٩٠ ک.ر.

-عەلی رەمایی حەمە شەریف، حەوتەوانە، مجموعە شعر، سازمان چاپ و انتشارات، ١٣٨١ ه.ش.

-عوسمان محمد هۆرامی، زرێبار، ژ (١٨/١٧)، خرداد ماه ١٣٨٠ ه.ش.

-عوسمانپور کلسووم، گرێ، پەخشکاری کوردستانی، هامنو ساڵەو ١٣٨٣ی ک.ر.

-عوسمانپور، زریبار، ژ (٣)، خرداد ١٣٧٧.

غەفاری داود، زریبار، ژ (٢٢/٥٣).

کدکنی شفیعی، محمد رەزا، موسیقی شعر، موسسە انتشارات اگاه، چاپ دوم، تهران ١٣٦٩ ک.ه.

لنگرودی شمس، تاریخ تحلیلی شعر نو، ج ١، نشر مرکز، تهران ١٣٧٠.

-مەحمودپور رئوف، دفتر شعر زەڕنەو ئاسۆی.

-مەحمودپور رەوف، زرێبار، ژ (٥٣/ ٢١)

-محەمەدپور عادل، سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شیعری کوردیدا، تهران، نشر احسان، چاپ مهارت زمستان ١٣٨٨ ه.ش.

-نامەکانی جەلیل عەباسی (قەقنەس) بەرواری (١٣٩٠/٥/١) و خانم کلسووم عوسمانپوور، بەرواری (١٣٩٠/٥/١٦) بۆ نووسەر.

## پەراوێزەکان:

١- ئەم نووسراوە وەرگێڕدراوی وتارێکی کوردی هۆرامیە (بە توزێ دەستکارییەوە) بەناو «جمەو شیعرەو ئارۆ هۆرامی جە سەرەتاوە تا بە ئیسە»، کە لە ناواخن کتێبێکدا بە ناونیشان «رەنگاڵە» دێتە چاپ و وەشان.

٢- لە برێ ناوچەکانی هۆرامیدا بە «کرکە» دەڵێن «گرنگە» کە لە ئاستی دەنگسایدا نزیکن بە یەک.

٣- بڕواننە کتێبی «سۆزی لیریکا» و «رەنگاڵە» لە نووسەری ئەم دێڕانە.

٤- ئەم وتارە بەشیکە لە کتێبی(تەرح، پلان) کە ماوەی پێنج ساڵە بە زمانی فارسی نووسراوە، بەڵام هەلی چاپی بۆ نەڕەخساوە، کەچی نووسەر لە کۆڕە ئەدەبییەکاندا لە کاکڵەی ئەم بیرۆکەیە باسیکردووە.

٥- عەلی ئێسفەندیاری ناز ناو بە نیمایوشیج (یوشی) لە٢١ی خەزەڵوەری (١٢٧٦ه.ش) لە گوندی «یوش»ی مازەندەران لەدایک بووە و لە شەوی (١٣)ی بەفرانباری (١٣٣٨ ه.ش) لە تەمەنی (٦٤) ساڵیدا ماڵاوایی کردووە لە ژیان. لە ساڵ (١٣٠٠ ه.ش) دەفتەر شیعری «قصەهای رەنگ پریدە»ی و لە ساڵی

(١٣٠١ ه.ش)، «ئەفسانە»ی نووسیوە. بە وتەیەک ئەو دەفتەرە شیعری «ئەفسانە» بوو بە بەردی بناغەی شیعری هاوچەرخی فارسی لە ئێراندا. نیما لە ساڵەکان دواییدا بە نووسینی هەندێ دەفتەرە شیعر و کۆمەڵە وتاری تیۆریکی وەک «خانواده سرباز، شیعر» (١٣٠٥ک.ه)، «ناقوس، شیعر» ساڵ (١٣٢٣ ک.ه) و کۆمەڵە شیعری «مانلی سریویلی» (١٣٢٤ ک.ه) و «ماخ اولا» و کۆمەڵە بەرهەمی شیعری، کتێبـی تیۆریکی «ارزش احساسات»، یادداشتها، نامەها، حرفهای همسایه و...» نازناوی «باوکی شیعری هاوچەرخی ئێران»ی پێبەخشرا. لەنگرودی/٩٥ و ارین پور یحیی، از نیما تا روزگار ما، انتشارات زوار، چاپ سوم، ١٣٧٩ ک.ه، ٥٩٨

٦- نازک صادق الملائکه نازناو بە «نازک الملائکه» خانمە شاعیر، رەخنەوان و نووسەری نوێخواز و هاوچەرخی عەرەبە کە لە (٢٣) ئۆگۆست ساڵی (١٩٢٣ز/١٣٤٤٢ ک.م) لە بەغدا لەدایک بووە و لە (٢٠ ژوئن) ساڵی (٢٠٠٧ ز) لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە و لەگەڵ «بدر شاکر السیاب» بابی و «عبدالوهاب البیاتی» بە بناغەدارێژی شیعری هاوچەرخی عەرەب دادەنرێت. ئەوەڵین دەفتەرە شیعری ئەم شاعیرە بەناوی «عاشقه اللیل» لە ساڵی (١٩٤٧) نووسراوە و دوایین دیوان بەناوی «للصلاه و الپوره یغیر ألوانه البحر، ١٩٧٨ ز» نووسراوە. وێڕای شیعر لە بواری رەخنە و شیعری هاوچەرخی عەرەب خاوەن ئەزموونە و بابەتگەلێکی تیۆریکی وەک «قچایا الشعر المعاصر، ١٩٦٢ز» و «سایکولوجیه الشعر، ١٩٧٩ز» و «الصومعه و الشرفه الحمرا» چاپ و بڵاوکراوەتەوە. شفیعی کدکنی، موسیقی شعر/٥٠٨ و ماڵپەڕی «ویکی پێدیا» لەبارەی ئەم شاعیرە.

٧- نازم حیکمەت شاعیری نوێخواز، شانونامەنووس و رۆماننووسی تورک ساڵی(١٩٠٢ ز) لە ناوچەی مەقدوونیە، کە ئەو کات بەشێک بوو لە قەڵەمڕەوی عوسمانی لە دایک بووە و لە (١٩٦٣ ز) لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. نازم بە وتنی شیعرە بێسەرواکانی بە زمانی نوێ و تەڕ و پاراو، لەگەڵ دۆزینەوەی زایەڵەی وشە فۆلکلۆرییەکانی تورک بە هاوکاری شێوە نوێکانی دەربڕین، گۆڕانێکی بەرچاوی لە ئەدەبیاتی تورکدا بەدیهێنا. وێڕای شیعر نازم دەستی باڵای لە چیرۆکنووسی، شانۆنامە، پەخشان، فیلمنامە و نامەنووسیندا هەبووە. بەرهەمە شیعرییەکان ئەمانەن: «٨٣٥دێڕ، ژوکوندوسی-یا-ئو، ئەو شارەی کە دەنگی خۆی ونکردووە، ئەو نامانەی کە شەوانە گەیشتن، نامەگەلێ بۆ تارانتابابۆ، داستانی جەنگی ئازادی، شیعرەکانی کاتژمێر ٢٢: ٢١، تێڕوانینەکانی مرۆیی، چوارینەکان، لە چوار زیندانەوە، شیعرە نوێکان، یەکەمین شیعرەکان، دوایین شیعرەکان، لە لووتکەی بۆرسەدا دەخەوێت، تاراوگە کارێکی دژوار» و... ئاینده، نازم حیکمەت سیمبولی عەشق و ئازادی، ل (٥٨)، (ژ ٥٢)، ٢٠٠٤ز.

٨- هەمان لەنگرودی/٤٩.

٩- رستم ایوب، هورامان/٦٢٢

١٠- بۆ یەکەم جار کۆکردنەوە و چاپکردنی دیوانی صەیدی (چاپخانە راپەڕین سلیمانیە، ١٩٧٠م) وتاری جۆراوجۆری ئەدەبی و رۆشنویری، ئەدەبی زارۆکان وەک: خونچە گوڵ ٢٠٠٨، رۆشنایی ٢٠٠٩،ئاسوی گەش ٢٠٠٩، گوڵزاری پەروەردە ٢٠١٠، چریکە ٢٠١٠ و... دوای شیعری «ئێرو دلی»

ئەم شیعرگەلەی داناوە: «رووگەی گەش ١٩٧٤، گۆرانییە نەمرەکا ماچمێ ١٩٧٨، گەشت ١٩٨٩، ئاژاوە ١٩٩٥،»، زەنگوو رۆزگاری ٢٠٠٢، تومە تەقان ٢٠٠٤، و چەند دەقی تر...

١١- ئەم شیعرە شاعیر لە بەرواری ١٣٨٩/٢/١٥ک.ر لە کونگرەی بین المللی ئەدەبیاتی کوردی زانکۆی کوردستانی لە سنە داویەتی بە نووسەر.

١٢- عوسمان محمد هۆرامی، زرێبار، ش ١٨/١٧ خورداد مانگ ١٣٨٠ ک . ر، بەشێک لەو شیعرە لێرەدا هاتووە.

١٣- بە وتەی شاعیر شیعرە هۆرامییەکانی لە ساڵ (١٣٨١ک.ه) لە دەفتەرە شیعری«حەوتەوانە»دا چاپ کراون بەڵام مەودای وتنەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکان (١٣٧١ و ١٣٧٢ ک .ه).عەلی رەمایی/١١

١٤- ئەم شاعیرە خاوەن دەفتەرە شیعرێکی هۆرامیە بە شێوازی ئارۆیانە، بەڵام هێشتا دەرفەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ نەڕەخساوە.

١٥- لەڕاستیدا ئاگاداری شاعیرانی هۆرامی زمانی هەرێم نەبووم، لە کاک ئیبرایمی حاجی زەڵمی، داوامکرد هاوکاریم بکات، بەڵام داخەکەم نەهات بە هانامەوە. بەڵام دەزانم شاعیرانی هۆرامی رۆژهەڵات زووتر لە «رێساگورێزی ئێرو دڵی» کاریگەرییان وەرگرت و زووتر کەوتنە هەوڵ، کەچی ماوەیەکی کورتە شاعیرانی هۆرامی هەرێم دەستیان داوەتە نوێخوازی.

١٦- ئەم شاعیرە نیوەی دوەمی ساڵی (١٣٩٠)ی دەفتەرە شیعرێکی بەناوی «هەناسەی کاڵ» لە (١٠٢) لاپەڕەدا بە دوو شێوەی «هۆرامی و سۆرانی» بە شێوازی هاوچەرخ چاپ و بڵاوکردووەتەوە. (عەزیزی سابیر، هەناسەی کاڵ، ناشر کانی، ١٣٩٠ ک.ر).

١٧-ئەم شاعیرە پیشەی مامۆستایە لە گوندی دزڵێی نیشتەجێیە. لە حەوزەی شیعریدا چێژێ جوان، زمانێ پاراو و ئەندێشەیێ ئەورۆیانەی هەیە. ئەگەرچی تازە دەستی پێکردووە، بەڵام زۆر ئەکتیڤ، جیدی و ماندوونەناس هاتووەتە گۆڕەپان. تائێستا بە سێ شێوازی: هۆرامی، سۆرانی و فارسی خۆی داوەتە بۆتەی ئەزموونگەری و لە برێ بڵاڤۆکە ئەدەبییەکانی ئەمدیو ئەودیودا شیعری بڵاوکراوەتەوە و یان لە گلێرگە ئەدەبییەکاندا خوێندراوەتەوە. یەکێکە لە شاعیرانی نوێ بیر(نسل نو اندیش) کە بە سانایی و ئاوەڵایی لەگەڵ زماندا دانوستان دەکات، داهاتوویەکی رووناکی هەیە بەمەرجێک ماندوویەتی نەیشەمزێنێ.

١٨- ئەم شیعرە بۆ یەکەمجار لە بەرنامەی (شیعر و ئەدەبی بەرنامەی هۆرامی رادیۆ مەریوان) و دواتر لە ژمارە (...؟!)ەو گۆڤار و (اصحاب انقلاب)ی یا (ئاوێنە) چاپ و پەخشکرایەوە... بە تەواوی ناوی و ژمارەو ئەو گۆڤارەم لە بیر نەماوە. یەکەم شیعر:... لە کۆمەڵەشیعری (یەلدای شووم): جەلیل عەباسی (قەقنەس): ... نامەو تاریخی ١٣٩٠/٥/١ بۆ نووسەر.

١٩- عەباسی، هەڵەبجە، ژمارە (٣ و ٤)، ١٩٩٩، ص١٠٥.

٢٠- دمایین شیعرە، جە کۆمەڵەشیعرە و (دیوانو کۆچ)ی، ٢٠١١/٣/٣، هەولێر.

٢١- عوسمانپوو گرێ/ ٣٩.

٢٢- عوسمانپوور کلسووم، گرێ/ ٣٩ لە دەفتەری شیعری گرێ تاریخی ئەم شیعرە دیاری نەکراوە، بەڵام بە وتەی شاعیر لە نامەکەیدا گوتراوە ئەم شیعرە لە پاییزی ساڵی (١٣٦٩) ک .ر گوتراوە و نێردراوە بۆ سروە، بەڵام بەهۆی زمانەکەیەوە کە هۆرامی بووە، لە چاپیان نەداوە. (نامەی شاعیر بۆ نووسەر (١٣٩٠/٥/١٦).

٢٣- عوسمانپوور، زریبار، ش ٣ خرداد ١٣٧٧، ص ٢٨.

٢٤- عوسمانپوور، گرێ/ ٤٦.

٢٥- سوزی لیریکا لە...، بەشێک لە شیعری کاروان، پێسەناڵە و شیعرێ، محەمەدپوور، ٢١٢.

٢٦- مەحمودپور، زریبار، ش ٢١/٥٣، بەشێک لە شیعری «مەحشەر و عەشقی».

٢٧- مەحموودپوور ، زەڕنەو ئاسۆی، ٢٠.

٢٨- بابایی، سروە، ژ ٢١٠.

٢٩- ئەم رووکردانە لەنێو برێک لە دەفتەری «زەڕنەو ئاسۆی و ورپڕای گەچ و تەختە»ی و شیعرەکان جەلیل قەقنەس، داوود غەفاری، ئەحسەن رەشیدی، بێهرووز محەمەدپوور و مدریک کەریمی و... دەبینرێن.

٣٠- داود غەفاری، زرێبار، ژ (٢٢/٥٣).

٣١- دەق ئەحسەن رەشیدی، عەباس منش، ٦٤.

٣٢- تفەنگ، تفنگ.

٣٣- شیعرە، شیعر.

٣٤- شیعری «چەکوو هۆنیلم» لە کورش ئەمینی.

٣٥- بێهرووز محەمەدپوور.

٣٦- مدریک کەریمی. ئەم تیکە شیعرە شاعیر دەسی داویەتی بە نووسەر.

٣٧- ئەم توخمە کاک «فاتێح رەحیمی» پێشنیازی کردووە لەوانەیە لە هۆرامیدا بە مانای «بوومەلێڵ، تاریک و روون و سایە رۆشن» بێت.

# دمق

| | |
|---|---|
| شەش شیعر | سەباح رەنجدەر |
| بە قەڵەمی هەورەبروسکە | سەروەر عومەر |
| لۆسیۆی پاش کارەساتە گەورەکان! | گۆران رەئوف |
| موسافیرێک وای وت | ئیبراهیم هەورامانی |
| من دەمەوێت... بای عیشق هەڵبکاتەوە! | هەرێز رۆژیار |
| کوشتنێک بمکوژە وەک سەما پڕ چێژ | ئومێد عەلی |
| لەباتی بنووسم شیعر نووسیم خۆشم دەوێی | دەروون یاسین |
| نامەی بەر لە خۆرئاوابوون | فەیسەڵ هەمەوەندی |
| دیدار لەگەڵ: بێهروز چەمەن ئارا | سازدانی: سیاوەش گۆدەرزی |

# شەش
# شیعر



سەباح رەنجدەر

(١)

چاکەیەکی زۆری شاعیرە
مەنگۆلی و
دڵڕەش و
بەدگۆ و
لێخنبیر ە کانم لەسەرە
بەوەی زۆر گێچەڵیان پێکردووم
لە گێچەڵیانەوە فێر بووم بە ئەدەب بیر بکەمەوە
لەوپەڕی سادەییدا
بێباک بژیم و ئەدەب بژێنم
ئاڵای سرووش و هەناسەی سییەکانی سروشت بم
بە بایەخەوە لە سێبەری ژێ دانیشم
تا ئاواز و مەقامەکان بناسم و بیانڵێم
رۆحم لە دووتوێی خوناو و هەتاودا
بچێتە سەر قوفڵی گۆزەی مەیی ئەشق و بڕسکێ
ئەرێ خوناو بۆ سەرەتا دڵی دەبێتە هەڵم

هەتاویش بەرزی دەکاتەوە بۆ هەواری سرووش و هەناسەی سروشت
تا گوڵاوی دەستنووس پێشکێش بە گوڵی فریاکەوتن بکات
لە ئەفسوونی وشەی گلەیی و گەڕی گەرووندا هیچم نەدۆزییەوە
لە کتێبی حەزدەکەم ئەوەندە بژیم چاوم دۆزییەوە
چاوی ئاسمان
لە ناوچەوانی خۆمدا چاندم
چاو چرای سەری مرۆڤە
چاوی سەرەتای نووسین
ئەرێ گوڵی سوور لە چاوەڕوانی چیدا
جلی خۆی دەگۆڕێ و زەمینی رۆشنە
خۆی بە هەموومان دەناسێنێت



(٢)

بۆ دوایین جار ناولەپی خۆمم بۆن کرد و پشتی دەستم
لەسەر ناوچەوانم دانا
دڵم گوتی ئەم کارە بکە و رۆژی خەون و خولیایە
لە رووناکی سرووشدا بژی
لە رووناکی سرووشدا بمرە
لە رووناکی سرووشدا دەژێیتەوە
هەموو شتێک لە ژیانەوەی تۆوە دەست پێدەکاتەوە
کۆسپ و تەگەرەکانم وردوخاش کرد
لەوێ بەجێم هێشتن و دەناڵێنن
ورچانە دەبۆڵێنن
چاوڕوونی رێگا ئاوڕ بۆ دواوە ناداتەوە
هەموو چاوڕوونێک
چارەنووسی ئاڵای هەیە و شارێک لەسەری دێتە دەرێ
رووناکی رۆژ دەڕژێتە پێشی
ئەنگوستیلەی ئاشقان دەردەکەوێت
دڕندەی زەبەلاح و ناقۆڵا هەڵدێ و بە کەژاوەوە دەگەیت
ئەسپەکەت پشوو دەدا و ئەنگوستیلەی ئاشقان
بە ناوچەوانییەوە دەکرێت

هەواڵی سواران بە تابلۆی گەورەی شارەوە هەڵدەواسرێ
دڵ بە کوڵ دەست بە ناوچەوانی ئەسپەکەت دادەهێنێ
دەنگێک پاداشتت دەداتەوە
بەناوی نزیک لە مانگ و خۆشبەختی بانگت دەکات
برادەری شیاوی سڵاو
رۆشنایی دەموچاوت
دەردەکەوێت و کێڵگەی پەراسووت
پڕ شیرترین گوڵەگەنمی هەست دەگرێ
شێوەکاری شار هەستت لە ئاسمان دەنەخشێنێ
لەگەڵ دارژانی گوڵەستێرەدا دادەبەزیتە سەر زەوی
لالە بەدەستان مۆم لەسەر ناوچەوانت دادەگیرسێنن


(٣)

لاولاو بە دیوارەوە هەڵدەچێت و سەریشی داگیر دەکات
بەو داگیرکردنە رازییە
بیانوو ناهێنێتەوە
سەری بۆ رادەخات
مەرگی دوا دەکەوێ
روخساری پڕ دەبێ لە ئارەزوو
رووناکی بۆنوبەرامە ناوچەوانی دەلاوێنێتەوە

| | |
|---|---|
| چاو | و |
| دەم | و |
| سینگ | و |
| دەست | ت بکەرەوە ئەی چرۆ |

بۆ یەکەمین پیرۆزبایی لە دڵگەرمبوونی دەشتودەر
بەهار رووبەرێکی پانوپۆڕی پێویستە
لە یەکەمین خوناوکەوتن
باڵندەی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەون و راز و نیاز دەکەن
سۆزی پاراویان دەردەبڕن
هەریەکەیان هۆگری درەختێکن
دەچنە لای پرچ و سەری پڕ دەکەن لە هێلکە و زەرنەقووتە

هەموویان تەنیان
ئاسمان بە پانوپۆڕی دەپێون
تا ئاشنا ببنەوە بە ئاوازی جریوەی خۆیان
لەقلەق لەسەر یەک قاچ راوەستاوە
بە چاوی تا لێهاتووی تەماشای ئەو شوێنەوارناسانە دەکات
بە دڵشکاوی لە قەڵا دێنە خوارێ
لە ناوچەوانی گەرمیان گوڵەبەڕۆژە رووا‌وە
چاویان بڕیووەتە چاوی خۆر لێ پێگەیشتووی لەقلەق
سمۆرە دوور لە درەخت هیچ حەزێکی بۆ تاقی ناکرێتەوە
رایەڵی تیشکی چاوی دەچێتەوە ناوکی گوێز
بە خێرایی بەناو لکەکانی تێدەپەڕێ
دەتوانێت سوپاس و ستایشی بکات
رێکەوتێک ئەوەی مەبەست و خولیایە
هەر هەمووی روودەدەن



(٤)
نازانم لە کاتێکی رەوابوو یان نارەوا
پەیام لە دڵم خامۆش بوو
یەکەم لاپەڕەی ژیانم نووسیوە بۆ کێی بنێرم
لە تەمەنێکی گەرم بە سەرسوڕماوی مامەوە
ئادەم بە چ زمانێک قسەی کرد

| | |
|---|---|
| تەورات | و |
| ئینجیل | و |
| قورئان | |

فانۆسی ئەفسووناوییان لە هەوای سییەکانیان
پڕ کرد و پێشوازییان لە جەنگ کرد
گەنجینەی جەنگیان بردەوە
حیکمەتی ئاگریان خەڵات کردین
هەموو خەڵاتەکان لە یەک دەچن
هەناسەی ساردیان لێ بەجێما
بە قووڵی گوێ لەو ئاوازانە دەگرم کە ناپچڕێن

(٥)

بەرزبوونەوەی باجی تەمەن پیرییە

وەک ئاوێنە

| | |
|---|---|
| ئارام | و |
| هێمن | و |
| لەسەرخۆ | و |
| بەخشندە | |

پێشانم بدە باجم پێیە



ئەو دیارییانەی بە ئامانەت لە تەمەنم وەرگرتوون

بە پارێزراوی دەیدەمەوە دەستی

| |
|---|
| هەوری یەزدانی |
| شەقامی نەرمونیان |
| چلچرای تاسە |
| پەروباڵی کامەرانی |

چەندتان لە تەمەنم دەوێ

دوا پاداشتتانە بیبەن و پێشکێشتان بێ

سوورێکی خوێنین لەسەر لێوم نیشان و دوا پاشایە

نواڵە لە ئێسکی حەوتەمی تەنیشتم

خوێن و دەماری خەملّی و جۆشا

هەلاّت

بۆنی هەلاّلان و ئارەقەی زیندووبوونەوەی

بەدوای خۆیدا بلاّوکردەوە

منی نەرگسی بەدوای خۆمدا غارم دا و دوورکەوتەوە

نزیکە دەبێتە خاڵێک و لە ئاسۆ پشتەوشکێن دەبێ

خاڵی روومەتی سێو رەنگ لە ئاوێنەدا بەرپا دەکات

رەنگ لە ئاوێنەدا پەنگ دەخواتەوە، بەڵام نابێ بە رابردوو

دەبێتە دوا پاداشت

دوا پاشا

(٦)

**سیزیف بەردەکەی سەرخست و جێی هێشت**
**مانگ تریفەی خۆی لەسەر رشت و خەرمانەی لە دەور چنی**
**هەزار و یەک گرێی سەرکەوتن بووەوە**
**لەوێدا بۆنی ئارەقەی زیندووبوونەوەی ئەویندارانی**
**بەدوای ئاشنادا دەگەڕێن**
**بەردەکە تەرمی سیزیفە**
**کۆتایی نییە**
**سەرەتای دووەمە و خەونی کۆن دەهێنێتە دی**

**ناونیشانەکان**



**١: پێشبینیی زمان**
**٢: چارەنووسی چاوڕوون**
**٣: ئاشنابوونەوە بە جریوە**
**٤: ئادەم لە سێ ئاوێنەدا**
**٥: بەرزبوونەوەی باج**
**٦: دوای سەرکەوتن**

# بە قەڵەمی هەورەبروسکە

سەروەر عومەر



من نازانم "دیکارت" بیری لە چی ئەکردەوە
بەڵام من بیر لە تۆ ئەکەمەوە،
بۆیە هەم...!

***

ئەتوانم هەرچی جوانیی دونیا هەیە
لە دێڕێکدا کۆبکەمەوە؛
"زەردەخەنەی سەر لێوەکانت...!"

***

ئەوەندە میهرەبانی
کاتێک ئەتبینم،
دڵڕەقیی رۆژگارم بیرئەچێتەوە...!

***

بە دیواری یادەوەریمەوە
نیگاری زەردەخەنەیەکی پڕ لە رازی
لە کوێی "مۆنالیزا"ی من...؟!

***

هەموو ئەوەی دڵم خۆشئەکا، نییە
هەموو ئەوەی هەیە، دڵم خۆشناکا
هەموو ئەوەی نییە تۆی...!

***

"بوون یان نەبوون"ی تۆ،
لای من پرسیارەکە ئەمەیە...!

***

هەمووان دەستیان داوەتە دەستی یەک
تا من لە تۆ دابڕن
تەنانەت پێچی جادەش...!

***



کاتێک پێکەوە بەڕێدا ئەڕۆین
هێزی کێشکردنی زەوی نامێنێ و
هێزی کێشکردنی تۆ دەستپێئەکا
"نیوتن" چی ئەڵێ بابیڵێ...!

***

من و تۆ و جادە
هەرسێکمان ئامادەین
کەواتە خەتای چییە
کە بەیەک ناگەین...؟!

***

ئێوارەیەکی درەنگ وەختی پاییزە
خەریکم چایەکی تاڵ،
بە خەیاڵی شیرینی تۆوە ئەخۆمەوە...!

***

لەوکاتەوەی لە دوکانەکە هاتووینەتە دەرەوە
هەتا ئێستاکەش هەر مەستم،
ئەو ڕۆژە پێکەوە
شەربەتمان خواردەوە یان شەراب...؟!

***

بەشێوەیەکی ئەوەندە ترسناک لێکدابڕاوین
تەنانەت "ئاسیا سێلْ"یش
ناتوانێ کۆمان بکاتەوە...!

***



ئاوێنەکەتم بە دیاریی بۆ بێنە
بەڵام باوێنەکەی
خۆشتی تیابێت...!

***

وتم شیعرێکی تازەم نووسیوە
گوێبگرە با بۆت بخوێنمەوە...
وتی باش بوو بیرت خستەمەوە
شیعرییەم نەکردووە بەسەر برنجەکەیا...!

***

ئەگەر دڵنیابم دێیت بۆ پرسەکەم
هەر ئێستا ئەمرم...!

***

من و "ستراڤۆن" پێکەوە پیرئەبین
ئەو لە چاوەڕوانی "گۆدۆ"دا و
منیش لە چاوەڕوانی تۆدا...!

***

من تێناگەم بەم یادەوەرییە خراپەمەوە
بۆچی تا ئێستا بۆ چرکەساتێکیش
تۆم لەبیر نەچۆتەوە...!

***

وەک سیسرکێکی پەرێشان
لەم شەوی تەنیاییەدا گۆرانی ئەڵێم
بێئەوەی کەسێک بمبینێ...!

***


دڵنیام رۆژێک هەر ئەتدۆزمەوە
بەڵام ئەو رۆژە تۆ من نابینی

**چونکە ئیدی ڕۆحێکی سەرگەردانم...!**

***

**جوانترین جۆری ئالوودە بوون لە دونیادا**
**ئالودەبوونی منە،**
**بە عەتری لەچکەکەی تۆ...!**

***



**دووریت هێندە قورسە**
**وشەکانم لەژێر باریدا**
**ئە**
**کە**
**و**
**ن...!**

***

**ئەو دڵانەی ئاگریان نەدیوە**
**زوو خراپ ئەبن...!**

***

**دەستت هێواش، هێواش دێت و**
**شەرمنانە دەستی تامەزرۆم ئەگرێت**
**من لەم بەریەککەوتنەدا ئەتوێمەوە...!**

***

**لەدوای یەکەم دەست گرتنتەوە، دڵم لێ نادا**
**هەموو ترپەکانی لە دەستی تۆدا بەجێمان...!**

***

**بە ئەمانەت دڵی زەریا وەرئەگرم**
**ئاخر ئەم دڵە بچووکەی من بە تەنیا**
**بەشی خۆشەویستیی تۆ ناکا...!**

***

**چاوەکانت**
**لە مەی حەرامترن بۆ من**
**چونکە خراپتر مەستم ئەکەن...!**

# لۆسیۆی پاش
# کارەساتە گەورەکان!

**گۆران رەئوف**

**ئێستا زەمەنی دوای کارەساتە گەورەکانە- زەمەنێکە... من دەمەوێت تیایدا کۆشکێکم هەبێ- کۆشکێک بۆنی ئەو ئازارانەی لێبێ کە دالیا بەهۆی شەیدابوونە شێتانەکانییەوە وشک بووبوو- کۆشکێک بەلۆعەکانی فرمێسکەکانی دالیا!- سیفۆنی تەوالێتەکەی دڵی دالیا!- کۆشکێک رووناکییەکەی لە تارمایی خەونە بێ ماناکانی دالیا!**

**ئێستا...**
**زەمەنی پاش چاوەڕوانییە**
**گریاوەکانە!**
**هەنووکە...**
**دەسپێکی سەرەتاکانی**
**یەئس و**
**رشانەوە قەتیسبووەکانە!**
**هەڵدانەوەی**


ئەو برینانەیە
کە دەمزانی هێزێک نییە
بۆ سارێژبوون و
کاڵبوونەوەیان!
دەمزانی هەموو نیگا شەرمن و
تیژەکان
درۆیەکی جوان و
فریودەر بوون!

ئێستای من...
ئێستای خۆتەکاندنە
لە سەرابەکانی شێتی!
دروستکردنەوەی
هەستی پاڵەوانبوونە لە ناخەوە!
ئێستا بۆ من
پەڕینەوەیە لەو ڕێگایانەی
هەرگیز نایانبینمەوە.
خۆدەربازکردنە لە
سێبەرە هاروهاجەکان!



ئێستا دۆخی پێکەنینە...
دڵنیابوونە لە گومانی پاڵەوانبوون!
تێگەیشتنە لە خودی خۆم.
هەڵدانەوەی ڕۆژگارەکانی بێدەنگییە
وەک چێژدارترین بیرەوەری!
توڕەکردنی کارەکتەری حیکایەتەکانە
بە دزینی قارەمانێتی بۆ خۆم!

ئێستا ڕۆژی بردنەوە گەورەکانە!
کاتی کردنی خەندەیەکە
کە بە هەمووان بڵێی



**منم پاڵەوانی چیرۆکەکان**
**منبووم جەنگاوەرە توورەکەی**
**نێو حیکایەتە دۆزەخییەکان!**

**ئێستا تەوقیتی**
**ئەو چرکانەیە**
**کە لەبەردەم خەونە خواروخێچەکانی**
**خاتوونەوە**
**بۆ هەمووانی بسەلمێنی**
**تۆ بووی منداڵە پاکیزەکەی گەردوون!**
**تۆ بووی پاش چەند سەدەیەک**
**وەک (هەللاج)ێکی منداڵ**
**بوویتە کوڕی (أنا الحق).**

**ئێستا سەرەتای گەشتە راستەقینەکانە**
**سەرەتای فڕینە بەئەزموونە تاریکەکان!**
**چۆڵکردنی ئەو شارانەیە**
**ئیدی هیچ پەیامبەرێک**
**تاقەتی وڕێنەی نەماوە بۆیان.**
**وێرانکردنی مەملەکەتەکانی عەشق و**
**بیابانە دوورەکانی درۆی شەیدابوونە.**

**ئای‌ی‌ی‌ی...**
**ئێستا مردنە بەتەنهایی و**
**هەڵواسینی وێنەیەکی شکستە**
**بەپشت سەری ئەزموونەوە!**
**داڕووخانی خەونە کرچوکاڵەکانی**
**هەرزەکارییە بەدزیی**
**بیرۆکەکانی منداڵییەوە!**
**چێژوەرگرتنە لە تلیقانەوەی**
**خەیاڵەکانی ئەم سەدەیە.**

**ئێستای ڕەشپۆش...**
**ئێستای تیژبوونەوە و**
**بەراوردە هیوابەخشەکانی خۆت و**
**خۆیان.**
**گڕگرتنی هێزە هێمنەکانی**
**جەستەیە، کە زەمەنێکە**
**بەکارنەهاتوون.**
**ئێستا کاتی هەڵمژینی هەناسەیەکە**
**بەتەنها و لە نزیک دارستانەکانی قەراغ شار.**
**کاتی گۆڕینی پێستە ژەنگگرتووەکانی**
**ڕۆحە بەبێ ئازاردانی دڵ.**
**کاتی ماچکردنێکی**
**میهرەبانانەی قەدەرە**
**کە وەک داهۆڵەکانی تر**
**تووشی وەستانی نەکردی!**



**ئێستا...**
**ئێستای ئێستا تێگەیم..**
**هێشتا مردن دووربوو..**
**هێشتا ئەڤین دووربوو..**
**هێشتا تەنەکەی زبڵی هاوسێکەمان**
**نەڕژابوو..**
**هێشتا بڵندگۆی خەیاڵەکانم**
**زەنگی تەقینەوە گەورەکان نەبیستبوو...**
**هێشتا بیرکردنەوە لە ژیان**
**وەک دوای کارەساتە گەورەکە**
**بێزاری نەدەکردم...**
**هێشتا بۆنی هەناسەی پەیڤەکانی**
**شەیتان لە گەروومەوە دەردەچوو...**
**هێشتا گومانەکانی ئینسانبوون**

له زوڵمه‌تی دڵمدا ده‌نگه‌ده‌نگیان بوو...
من تێگه‌یشتم پاڵه‌وانم...
پاڵه‌وانی ته‌واوی حیکایه‌ته‌کان!
پاڵه‌وانی ئه‌و چیرۆک و رووداوانه‌ش
که زه‌مه‌نه‌کانی دیکه دێن.



ئێستای پاش پاڵه‌وانبوون...
ئێستای کوڕی وێنایه‌کی وه‌ستاو...
ئێستای بێ قه‌ده‌ری و
بێ چیرۆکی.
هه‌نووکه‌یه‌کی داڕووخاو.
ئێوارانێکیش
به‌سه‌ر هه‌وره‌بانی نهۆمی دووه‌مه‌وه
به‌ته‌نها و بێ خه‌به‌ر له جه‌نگه‌کان،
سیگار ده‌کێشێ!
سبه‌ینێیانیش
ده‌چێته نانه‌وا و به‌ر له گه‌ڕانه‌وه‌ی
بۆ ماڵه ته‌نهاکه‌ی چه‌ند پێکێک
شه‌رابی پاش پاڵه‌وانبوون ده‌نۆشێ.

* "لۆسیۆ" کاراکته‌ری رۆمانی ١٩٣٤ی ئه‌لبێرتۆ مۆراڤیا.

# موسافیرێک وای وت

ئیبراهیم هەورامانی

کاتی چاوشارکێم نەماوە
با چاوەکانم،
بە رەش و سپی...
ژیان وێنا نەکەن.
زەمەنی منداڵیمان بەسەرچوو.

***

گەر تۆ نەبای
هەروەک ماسیگرێ
دنیام بە دەریا دەناسی

***

مەراقەکانم چنییەوە
لە تەک بارانا،
بوومە ئاشنا.
دۆستایەتیم لای تۆ جێهێشت
دواجار
خۆم بوومە مەراق.

***

**تۆ دێیت**
**شەقامەکە ئاسوودەیە**
**تا درەنگانێ**
**لە سیمات...**
**لە هەنگاوەکانت دەڕوانم.**
**جگەرەکەم**
**نێوانی پەنجەکانم ئازار دەدا**
**بەڵام من،**
**لە سووتانی پەنجەکانم ناترسم.**

***


**دارسێوەکە**
**دەستی دامە**
**دەستی جەنگ.**
**رۆحم هەر،**
**بە باغە سێو دەچێ.**


***

**هێندە گەورەیت**
**دڵم تەنیا**
**جێی تۆی**
**تێدا دەبێتەوە.**

***

**لەبیری تۆدا بووم**
**تەزبیحەکەی دەستم،**
**رەوییەوە.**
**هەردانەی بەلایەکدا!**
**بۆئەوەی تۆم بیر نەچێتەوە**
**وازم لە کۆکردنەوەی**
**دەنکەکانی تەزبیحەکە هێنا.**





# من دەمەوێت
# بای عیشق هەڵبکاتەوە!

هەرێز رۆژیار

((من دەمەوێت))
کە تریفەی مانگ لە کانی مارە بکەم!!
گوڵەکان لە چنگی وەرین دەربهێنم
رووبارەکان لە تاشەبەرد پاک بکەمەوە،

((من دەمەوێت))
هانی گوڵەکان بدەم، وەکو گوڵەبەڕۆژە
خۆیان لە ناپاکی بەدوور بگرن!!

((من دەمەوێت))
ئێواران دەستی نەسیمێک بگرم و
لە سایەی درەختێکدا پشوویەکی پێ بدەم!!

((من دەمەوێت))
مانگ لەسەر گازەرای پشت بخەوێنم
بە پرژەی عیشق گوڵەکانی باخچەی موحبەت ئاو بدەم

((من دەمەوێت))
بەدوای خۆمدا بگەڕێم خۆم و
ئەستێرەی بەختم لە ئاسمانی سیا بدۆزمەوە!!
بە فڵچەکەی سلڤادۆر دالی شەقامەکان
یەک پارچە ڕەنگ بکەم بۆ ناسینەوەی
بایەکی ڕەدووکەوتوو!!

لێرەوە...
((من دەمەوێت))
کە لەگەڵ خۆمدا بەشەڕ نەیەم و
ئاسمان پڕ نەکەم لە ئەستێرەی کوژرا و
سوێندی باخچە نەدەم، تا نهێنییەکانی
جووتبوونی دوو کەناری بۆ "با" باس نەکات
من ئیرەیی بە باخچە نەبەم
کە ئەوان هەمیشە دووگیانن بە رامووسان!

((من دەمەوێت))
کاتژمێرەکەم لە ڕاڕایی قوتار بکەم
دڵم لە هاتنت بەئاگابهێنمەوە
دەریاکان بێدار بکەمەوە کە دەچنەوە سەر
ڕەگەزی بەفر،

((من دەمەوێت))
لە نەبوونی تۆ
جەهەنم رابخەم بۆ
مانگ و

تریفە و
خۆر و
زەردەپەڕ و
پەلکەزێڕینە
هەموو جوانییەکان!!

((من دەمەوێت))
لە نەبوونی تۆ
لایلایە بۆ گۆرانییەکان بکەم
بێشکەی خەمێک رابژەنم
ساوای ئەم دڵەم بە شیری هەنجیرێک تێر بکەم!!

ئای خودایە!!
بەقەد ساتی ماچکردنی پەپوولەیەک لە لێوی گوڵ من ئیشم زۆرە
بەقەد وێڵبوونی پەروانەیەک بەرەو مۆمێک دەڕوات سەرقاڵم


لێرە
ژیان= بە تۆ
تۆ= بە ژیان
عیشق= وێڵبوون
وێڵبوون= عیشق


لێرە
رۆژ هیچە
مانگ کۆکردنەوەی رۆژە هیچەکانە
هەر بەم چەشنە ساڵ بە مانگە هیچەکان ئاوس دەبێت
لە کۆتاییدا کۆرپەی ژیانێکی هیچ دێتە ئافراندن
تۆ لێرە نیت
هەموو شت= هیچ

تۆ لێرە نیت پەنجەرەکان تەمی هەناسەی شیعرێک داپپۆشیون
ماسی لە دەریا زیز بووە
گوڵەبەڕۆژەکان لە خۆر تۆراون!!

((من دەمەوێت))
لە نەبوونی تۆ منیش پشت لە خۆر بکەم
تا تۆ دێیتەوە مان لە خۆم بگرم!!

ئای خودایە چەند سەرقاڵم!!
بەقەد لۆچەکانی دەموچاوی نەنکم سەرقاڵم!!





# کوشتنێک
# بمکوژە
# وەک
# سەما
# پڕ چێژ

ئومێد عەلی

*(شەرتی کرد ئیتر لە کوشتن بەس بکا یا ڕەب بکەی*
*ئەو وەفا بەم شەرتە کا ئەمما لە قەتلی من بە پاش)*
**مەحوی**

بمکوتە
وەک کوتانی دەهۆڵێک
تا بزانی دەنگم لە نزیکەوە خۆشترە یا لە دوور
بمسڕەوە
وەک سڕینەوەی دێڕێکی عاشقانە لە کەنار دەریا
بە شەپۆلی ئاو
بمشارەوە
وەک شاردنەوەی مەمک
لە ترسی ئابڕووچوون
ڕاومکە
وەک ڕاوکردنی کەروێشکێک
لە دەمی جووتبووندا

وەک پشیلەیەکی چڵێس مامەڵەم لەگەڵدا بکە و
بمتاسێنە
وەک ڕێوییەکی فێڵباز لیم تێ بگە و
کەوڵمکە
وەک مشتێک گەنم
لە خەزێنەی ژیان دەرمبێنە و
بمخەرە بەردەمی کۆترەکانت
وەک دراوێکی کەم نرخ
بمخەرە ناو دەستی سواڵکەرێکەوە
وەک هۆنراوەیەکی بێ مانا
بمنووسە و پاشان بمسووتێنە
وەک نامەیەکی کۆن
کە زەمەنی خوێندنەوەی بەسەرچووبێت
بمدڕێنە و بمدە بە دەم باوە
وەک شوشەیەکی ورد و خاش کۆمکەرەوە و
لەپێناو سەلامەتی ئەوانی تردا پارچەکانم لە شوێنێکدا بپارێزە
وەک بێچووە پاسارییەک
لە هێلانەکەم دەرم بێنە و
بمخەرە بەر باران تا ڕەق دەبمەوە
بمکڕە
وەک کڕینی کۆیلەیەک لە پیاوێکی سەرمایەدار
با لەمەودوا من جانتاکەت بۆ هەڵگرم
با من دەرگای ئۆتۆمبێلەکەت بۆ بکەمەوە
با من چەترەکەت بۆ ڕاگرم
گومانت لە هەر خواردنێک هەبوو
بە منی تاقی بکەرەوە
ترست لە ئاگری هەر جەنگێک هەبوو
منی تێ فڕێ بدە
ڕقت لە هەر کەسێک هەستا
تۆڵەی ئەو لە من بکەرەوە
بەڵکو پاک ببمەوە

**وەک پاکبوونەوەی سۆزانییەک**
**پاش گەڕانەوەی لە ماڵی خودا**
**بەڵکو بەتاڵ ببمەوە**
**وەک بەتاڵبوونەوەی پیاوێکی هەوەسباز**
**دوای هاتنە دەرەوەی لە تیاترۆخانەیەک**

٢٠١٣
هیندستان



# لەباتی بنووسم شیعر
# نووسیم خۆشم دەوێی



دەروون یاسین

(١)

جیهانێکم هەیە
لە تەنیایی
ژوورێکی بچووک
لە ژیان.

(٢)

ناتوانی بە چاوەکانی من!
تەماشای ژیان بکەی.

(٣)

لەنێو شەمەندەفەر دانیشتبووم،
بەڕێوە بووم، بەرەو ماڵەوە،
لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکە
داهاتووی خۆمم بینی...

(٤)

عەشقی تۆ!
دێت و بە ناچاری،
دەفتەری یادەوەرییەکانم پێ دەکاتەوە...

(٥)

له پەنا هەر دارێکی گۆڕستانەکەوە،

مۆمێکم داگیرسان؛

تا ڕۆشنایی لە چاوەکانی تۆ ونەبێ!

(٦)

شەوانە لە خەونەکانمەوە

سپیاییەک دەبینم،

لەوانەیە

تۆ

بیت!

(٧)

ماڵئاواییت کرد و

چووی بە دەم ژیانێکی دیکەوە؛

ژیانێکی دیکە، تروسکەی هەناسەی

تیا نییە.

(٨)

تەنیام مەکە،

تەنیام مەکە،

بەبێ تۆ وشک هەڵدەگەڕێم

(٩)

کە تۆ ڕۆیشتی

برینێکی تا هەتاییت

لە دەروونمدا جێتهێشت

(١٠)

تۆ لە کوێی:

لە خەونەکانیشمەوە

دیار نیت

(١١)

من ناسکبوومە،

بەرگەی ئەو شەپۆلە

تەنیاییەی تۆ ناگرم!...

# نامەی بەر لە خۆرئاوابوون

فەیسەڵ هەمەوەندی

**ئەو سەرکەوتنانەی بە سەختی دێنە دەست... چەشەیان تاڵ دەبێت.**

**پێشکەشە بە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە، کە لە ژیاندا ماوە... ناویشی مینا نییە و ناشیناسم، بۆیان گێڕاومەتەوە.**

بڕیار وابوو... پەنجەرەی چاوەڕوانی بۆ هەتا هەتایە دابخات، کە دایناخست باڵندەیەک نەیهێشت. رەنگە پێمان وابێت هەڵوەدای شتێک بووبێت لە ژوورەکە، یا لەتاو سەرما ویستبێتی بچێتە ژوورەوە، دوور نییە لە دەستی واشەیەک هەڵاتبێ، دەشبێ بریندار بووبێ...دا بۆنی خوێنەکەی پشیلەی لێ بەئاگا نەکا... بیری چووبێ بۆ ئەو ژوورەی پەنجەرەکەی لەسەر پشت بوو.

(مینا) شرۆڤەیەکی تری هەبوو، دڵە خورپەکەی بردبوویەوە لای قسەی ژنە قەرەجەکە، کاتێ بەردەکانی بۆ خوێندبووەوە، باسی لە گەڕانەوەی کەسێک کردبوو. هەڵدان و خوێندنەوەی بەردەکان ئەگەرچی نەدەچوو بە هزریدا، وەلێ ئەمێستا خەریکە باوەڕی تەواوی بەو ژنە قەرەجە دەبێت. ئەوان هەڵوەستە بە

خەڵکەکە دەکەن، ئەگەر هەندێ لەو خەڵکە بە خورافاتی ناوزەد دەکەن، بەڵام لەودیوی خویانەوە باوەڕێکی نیوەچڵیان پێیەتی... دواتر لە بەرکەوتەیەکدا دەگەڕێنەوە سیلەی ئەو رۆژانەی ژنە قەرەجەکە، کە لە سووتمانەکان... بەچکە قەقنەسی دەرسکاند.

شەوێ باڵندەکە خۆی زۆر کێشابوو بە پەنجەرەکە، دیار بوو (با) کە پەنجەرەکەی دادابووەوە. (مینا) لە سەفەرێکی دووری خەونێکدا بوو، سەفەرێک لەو رابردووانەی مرۆڤ زۆرجار خۆی تێدا لەبیر دەکات.

دەبوو لە یەک ئان و ساتدا بەیەک بگەن، دوو کۆڵان ئەودیوتر لەماڵیانەوە بەیەک دەگەیشتن. بە حەزێکی مزرەوە لەیەکیان دەڕوانی، کە زۆر لە یەک رادەمان خوێندنەوەیەکی قووڵیان هەبوو بۆ شەرم لە لایەک و لە لایەکی ترەوە بۆ جورئەت، لەو دربڕینانەی رانەهاتبوون چۆنی هەڵدەن. شەرم نەیدەزانی چ نیازە لەو چاوانەوە هەڵدێن. جورئەتیش... بەرچنەی رۆژگارێکی لەو مەتەڵە هەڵنەدەهێنا. ئەوەی مەیلی گڕ دەدا، بڕیارێ بوو چەندین رۆژ و شەو لە ململانێی هزر و دڵدا بوو. وەک ئەوەی جارێ دڵ سەرکەوتوو بێت، هزر دۆڕابێ. دڵ بیەوێ راز هەڵبدا، هزر پەژیوانی دەکردەوە. جاری واش بووە هزر رێنمایی دڵی کردووە بۆ دان بەخۆداگرتن، دڵ ئیرەیی بە هزری کەسێکی سادە دەبرد، کە هەموو ئیدراکی دابووە دەست دڵەوە.

داپیرە بە دڵ مەتەڵەکانی دەوتەوە، هەر کە دەیزانی هەموو خەواڵوو بوونە و بڕشتی گوێ گرتنیان نەماوە، دا مەتەڵەکەش لە پێوەری مەتەڵ دەرنەچێت و ببێ بە ئەفسانە، ئیدی چی بۆ نووستوەکان بگێڕێتەوە، ناچار لە ئاوابوونی مەتەڵەکە وا دەوترایەوە:

قەدەر وابوو هەر زوو زەماوەند بکەن و بە دیار دنیایەکی پڕ لە بەختەوەری شاد و شوکوربوونەوە. ئەم شاد و شوکرییەی داپیرە هەر بۆ منداڵەکان نەبوو، تەنانەت ئەو گەورانەی لە دووریشەوە گوێیان بۆ مەتەڵەکە هەڵخستبوو، پریشکی نەسیحەتیان بەرکەوت.

ژنە قەرەجەکە وای نەوت. ئەو نەیوت... ئەوکەسەی ناحەزە پێتان یەکێکە لە...

باوکی واهاتبوو بە عەقڵیدا ئەو کچە بەو کوڕە نەدات، تا بنج و بناوانی ئەو عەلاقەتەی لە بێئاگایی ئەودا کراوە، سەح نەکاتەوە.

"هەڵبەتە... خەڵکیش بینیویانن پێکەوە. ئیدی رووی ناو خەڵکیشم نییە".

بەیانی پەڵەیەکی سووری بەسەر پەنجەرەکەوە بینی، زانی شەوێ زۆری هەوڵداوە بێتە ژوورەوە. "هەڵبەتە بریندار بووە".

زۆر چاوی بەملاو ئەولادا گێڕا، هەموو باڵندەكانی بینی كە بەیانیان بەسەر دارتووەكەوە دەكەتنە جریوەجریو، وەلێ ئەو باڵندەیە دیار نەبوو، ئەو وەك ئەوەی قەرەویتەیەكی سووری لە مل بووبێ... وابوو. (مینا) پەنجەیەكی لە پەڵە سوورەكە وەردا، موچڕكێك بە جەستەیدا هات. ئەو موچڕكەی وەبیرهێنایەوە كە (سوارە) بەر لەوەی بڕوات بۆ شاخ ماچێكی روومەتی كرد.

ئەو رۆژەی تەرمی (سوارە) دەبوو بنێژن، ناردبوویان بە دووی (مینا)شدا. (مینا) ئەو حیكایەتەی بۆ شەهید گێڕایەوە:

سوارە گیان... بیرتە ئەو رۆژەی كە دواكەوتم، نەگەیشتم پێت، زۆر خەفەتم خوارد، بەڵام دەبوو دواكەوم، دەزانی بۆ! ئەو رۆژە دایكی دلاوەر گلی دامەوە. نامەیەكی پێنووسیم بۆ دلاوەر. منیش و ئەویش و تۆش و خەڵكیش دەمانزانی ساڵێ زیاترە دلاوەر شەهید بووە. نامەكەم بە دڵ و بە گیان نووسی، دەمزانی دلاوەر نایخوێنێتەوە. دواتر نامەكە گەیشتە دەست ئەمنەكان. دەزانی ئەو ژنە كە بە دەست ئەمنەكانەوە راپێچ كرا، مژدەی گەڕانەوەی دلاوەری بە گوێی خەڵكەكەدا هەڵدەدا. دواتر تۆش جێی دلاوەرت گرتەوە و چوویتە شاخ.

ژنە قەرەجەكە وتی:

كەسێك لە رێگایەكی زۆر دوورەوە دێتەوە، كەسێكە ماندوو، وەك ئەوەی كۆڵێكی زۆر قورسی بە كۆڵەوە بێ، رێگایەكە لە هات و نەهات، كەوتووەتە دنیایەكی تاریك، رێ بە ئاسانی دەر نابات، خۆر نایگرێتەوە، تەنها ئەو دەمانەی دەكەوێتە بەرزاییەكان، وەلێ دنیا لەو بەرزاییانەوە وەك ئەوە وایە ئەوسەری نەبێت، بۆیە خەمبارە، زۆری بە بەرەوەیە، بەڵام كۆڵ نادا، شەووڕۆژ هەر بەرێوەیە. ئەو لە رۆژێكی ناوادەدا دەگاتە جێ، كۆڵەكەی هەر بە شانەوەیە. كۆڵێكە ناوئاخنەكەی ناخوێنرێتەوە، دەڵێی پڕە لە حیكایەت، بۆ ناخوێنرێتەوە بە شتگەلێك دەچن لە ئەشكەوتەكان دۆزرابێتنەوە.

دایكی دلاوەر بە كۆڵانەكان دەگەڕا و لە دەركەی هەموو ماڵێك سۆراخی دلاوەری دەكرد، داپیرە ئەو مەتەڵەی بۆ حونجە نەدەكرا، پێی وابوو گێڕانەوەی مەتەڵێكی لەو چەشنە منداڵەكان یاخی دەكات، هەرزەكارەكان دەوروژێنێ. وتنەوەی ئەو مەتەڵانە شاد و شوكریان تیا نییە، ناشێن لە كاتی وادا بگێڕدرێنەوە. وەلێ ژنە قەرەجەكە پێی وتبوو... ئەو كەسەی تۆ چاوەڕوانیت لە حەوت بەحری داوە و لە ئاوی حەیات دەگەڕێت، دەمێكی زۆر درەنگ دێتەوە، كە دێتەوە هەموو كچان عاشقی دەبن، هەرچی لە رەگەزی خۆیشێتی ئیرەیی پێ دەبات، تەنانەت ئەو دایك و باوكانەی ئارەزوویان دەكرد منداڵێكی وەك ئەو ساڵحیان هەبووایە،

له دووره‌وه هه‌ڵوه‌سته‌یان ده‌بێت که خه‌ڵکی زۆر به دیقه‌ته‌وه ته‌ماشای ئه‌و ماڵه ده‌که‌ن.

(مینا) له سیله‌ی ته‌رمی باوکیدا دانیشت و گه‌لێ ئه‌شکی بۆ رشت. دواتر گوێی نایه سه‌ر دڵی... دنیایه‌کی خاڵی، دنیایه‌ک تاریک، چوون سه‌ربهووردی مه‌ته‌ڵێکی توڕه‌هات هیچی لێ حاڵی نه‌ده‌بوو:


باوکه گیان... ده‌زانم داپیره ئه‌وه‌نده مه‌ته‌ڵی نادروستی ئاخنیبووه ناخته‌وه، بڕوات به هیچ نه‌بوو. بڕوات به ئاسووده‌یی من نه‌بوو له ژووره‌کانی ئه‌مندا له‌بری سواره راپێچم که‌ن، تۆ ئێستا به‌زه‌ییت به که‌سماندا نایه‌ته‌وه، سه‌رکه‌وتنی تۆ له رووخانی خۆمدا چۆن چه‌شه بکه‌م. ئه‌گه‌ر سواره‌ت دی، بیدوێنه و له‌بری ئێمه‌ش ده‌س له ملی بکه. با چه‌شه‌ی شه‌هیدییه‌که‌ی تاڵ نه‌بێت.

بڕیار وابوو په‌نجه‌ره‌که دانه‌خات، باڵنده‌یه‌ک پێی داخست. شه‌وێ زۆری خۆ ماڵیبوو به په‌نجه‌ره‌که، ته‌نها په‌ڵه‌یه‌کی سووری لێ به‌جێمابوو. نه ژنه قه‌ره‌جه‌که... نه داپیره‌ش ته‌فسیرێکیان بۆ نه‌بوو.

«سواره گیان... که زوو هاتم، ئه‌منه‌کانم بینی بۆسه‌یان نابووه‌وه، ده‌بوو له‌وه‌دا بچمه سه‌ر رای باوکم، تا نه‌که‌ویته ده‌ستیان... بچیته شاخ».

له‌و رۆژه‌وه (مینا) نامه‌کانی له شاخ نه‌بڕیوه، ناشزانێ ده‌گاته ده‌ست کێ، گرنگ ئه‌و که‌سه نه‌مردووه. وه‌ک ئه‌وه‌ی ژنه قه‌ره‌جه‌که وتی:

که‌سێکه له شوێنێکی زۆر دووره... سواری پشتی دنیا بووه بۆ به‌هه‌شت ده‌گه‌ڕێ.



# چەند روانگەیەکی نوێی زمانناسانە
# لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ شانامەناسی کورد
# بێهروز چەمەن ئارا

**سازدانی: سیاوەش گۆدەرزی**

گۆران-ی شێوەزار نییە، بەڵکو ستایلێکی ئەدەبییە بۆ نووسینی هەموو شێوەزارەکان لە کوردستانی خواروو وەک هەورامی، کەڵهوڕی، لەکی و لوڕی.

زیاتر لە هەزار ساڵە شیعر بە شێوازی گۆرانی دەنووسرێت، بەڵام بە هەمان گۆرانی تاقە دێڕێک تێکست وەک پەخشان نەنووسراوە.

لوڕی شێوەزارێکی کوردییە و لە رابردوودا هەموو شیعری لوڕی بە شێوازی گۆرانی نووسراون.

هەورامی و لوڕی نەک تەنیا بۆ خۆیان زمانی جیاواز نین، بەڵکو لە باری زمانناسییەوە دەکەونە نێو یەک بنەماڵەی زمانی کوردی خواروو هەروەک کەڵهوڕی و لەکی.

تێزی پرۆفیسۆر مەکەنزی و قوتابییەکانی لە سەر هەورامی سەروبن هەڵەیە

و له روانگەی زمانناسییەوە رەت دەکرێتەوە.

بێژەی "هەورامی زمانێکی سەربەخۆیە"، بانگەشەیەکی سیاسییەو هیچ بەڵگەیەکی زمانناسی ئەوە ناسەلمێنێت.

**بێهرووز چەمەنئارا کێیە؟**

بێهرووز چەمەنئارا تەمەن ٣١ ساڵ، خەڵکی ئیلامە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بەکالۆریۆس و ماستەری لە سەر زمان و ئەدەبی فارسی لە زانکۆکانی ئیلام و سنە وەرگرتووەو ئێستا خەریکی تەواوکردنی نووسینی تێزی دوکتۆراکەیەتی لە سەر شانامە کوردییەکان لە بەشی ئێرانناسی لە زانکۆی گئورگ ئاگۆست گۆتینگن لە ئاڵمانیا. بێهرووز چەمەنئارا، زمانی دایکی و بن زاراوەی خۆی شێوازێکە بە ناوی خزڵی لە شێوەزاری کەڵهوری، بەڵام لەگەڵ زۆربەی شێوەزارە کوردییەکان لە کوردستانی خواروو شارەزایی تەواوی هەیە.

**یەکەم پرسیار وەک دەسپێکێک با لەوەوە دەستپێبکەین کە لە خوارووی کوردستاندا لە دەڤەرەکانی کرماشان و ئیلام چەند شێوەزاری کوردی هەیە و روانگەی زمانناسانەی ئێوە لەو بارەوە چییە؟**

ئێمە کاتێک باسی شێوەزارەکانی خوارووی کوردستان دەکەین بەرلەوەی تەنیا باسی ئیلام و کرماشان بکەین، دەبێ باسی هەرێمێکی بەرفراوان لە هەمەدان و لورستان هەتا خانەقین لەم دیوی کوردستان بکەین. لە راستیدا لە باری زمانناسییەوە، ئەوانەی کە باسی شێوەزارەکانی خوارووی کوردستان دەکەن، جیاوازی بیرورایان هەیە. بە گشتی بەشێکی زۆر لەوانە کە لە بواری زمانناسی یان کوردناسیدا کاریان کردووە خەڵکی ئەوروپان. هەر ئەمەش وای کردووە کە ئەوان بۆ خۆیان لە بنەرەتدا لە سەر زمانی کوردی شارەزایی کەم یان مامناوەندیان لە سەر زمانی کوردی بە گشتی و شێوەزارەکان بە تایبەتی هەبووە. ئەوان بە گشتی زمانی کوردی بە دوو بەش یان زاراوەی سەرەکی وەک کرمانجی سەروو و خواروو دابەش دەکەن. ئەمەش وای کردووە کە کۆمەڵێکی زۆر لە شێوەزار خراوەتە نێو زاراوەی خواروو یان باشووری کە ئەو شێوەزارانە لە باری زمانناسییەوە ناکەونە ناو یەک چوارچێوەی زمانیی.

لە شێوەزارەکانی کوردی خوارووەدا بەشێکی زۆر لە شێوەزارەکان ناوی ئەتنیکییان لە سەرە کە بەشێک لەوانە پێوەندییەکیشیان لەگەڵ خودی شێوەزارەکان نییە. بۆ نموونە گۆران-ی هیچ پێوەندییەکی بە هۆزی گۆرانەوە

نییە. دواتر شێوەزاری کەڵهوڕی یان کەڵوڕ لە ناوی ئێڵ و هۆزی کەڵهوور وەرگیراوە. سەنجاوی بە ناوی ئێڵی سەنجاوی، زەنگەنە بە ناوی ئێڵی زەنگەنە لە دەڤەری کرماشان و هەتا دواتر. بەرەو ژوورتریش بۆ دەڤەری ئیلام بڕۆین بۆ نموونە بن زاراوەی خزڵی، ئەرکەوازی، مەڵەکشاهی هەیە. بەڵام ئەگەر لە پێکهاتە و چوارچێوەی زمانیدا لەم شێوەزارانە بڕوانین ئەوە دەبینین کە هەموویان لە بنەڕەتدا یەکن. جیاوازییەکانیان تەنیا لە خەزانەی وشەدا هەیە. من دەتوانم بڵێم کە تەنیا جیاوازی ئەکسەنتی (شێوازی گوتن)یان پێکەوە هەیە. کەوابوو ئەم جیاوازییە لاوەکییانە نابێ ببێتە هۆی ئەوە کە ئێمە هەرکام لەوانە وەک شێوەزارێک ناودێر بکەین. ئێستا کێشەی زمانناسان ئەوەیەو باسی ئەوە دەکەن کە لە زمانی کوردیدا کۆمەڵە پێکهاتەیەکی وەک یەکمان نییە. هەر بۆیە کرمانجی و سۆرانی و کەڵهوڕی بە زمانی جیاواز دادەنێن نەک وەک شێوەزاری زمانی کوردی. ئەگەر بێتو ئێمە بەو شێوە چاو لە زمان بکەین، هیچ زمانێک نابێتە یەک زمان. بۆ نموونە ئینگلیزی دەتوانێت دەیان زمان بێت، زمانی چینیش هەروەها. کەوابوو ئێمە دەبێت لە سەر بنەمایەک بۆ بەکارهێنانی تێرمینۆلۆژی ڕێکبکەوین و سنوورێک دابنێن. وەک نموونە بڵێن لە هەرێمێکدا لێرەوە هەتا ئەوێ دەکرێت لە ژێر فلانە تێرمی زمانیدا شێوەزارێک دیاری بکەین و بڵێین لەو دەڤەرەدا ئەو شێوەزارە بەکار دەبردرێت.

**بەڵام ئایا بە ڕاستی لە کوردستان دەکرێ سنوور بۆ شێوەزارێک دیاری بکرێ یان دابندرێ؟ ئەگەر لەو سۆنگەیەوە چاو لێبکەین، کە تێکەڵاوییەکی زۆری کۆمەڵایەتی و کولتووری و هامووشۆ لە نێو شێوەزارەکاندا هەیە؟**

ئەمە بۆ خۆی زەحمەتە و لە باری ئەتنیکییەوە ناکرێ. بۆ نموونە ناکرێ سنووری نێوان دوو گوند دیاری بکرێ و بگوترێ شێوەزاری ئەو گوندە بۆ نموونە کەڵهوڕییە و هی گوندەکەی دیکە سۆرانییە. ئەم سنووربەندییە ئاوا دەکرێت کە دەبێت هەر شێوەزارێک سەنتەرێکی هەبێت. بۆ نموونە ئەگەر سەنتەرێک بۆ کەڵهوڕی و سەنتەرێک بۆ سۆرانی دابندرێت. ئەوە ئەم دوو سەنتەرە دەبنە دوورترین خاڵی نێوان دوو شێوەزار، بەڵام لە نێوان ئەواندا هێندێک شێوازی دیکەی زمانی هەیە کە نزیکییان لەگەڵ هەر دوو سەنتەرەکە زیاترە. واتە هەتا لە سەنتەری زمانەوە دوور بکەویتەوە ئەوە شێوازەکانی زمانی کە لە نێوان دوو سەنتەرەکەدا هەن لە یەکتری نزیکتر دەبنەوە. بۆ نموونە ئەگەر کرماشان وەک سەنتەری کەڵهوڕی دیاری بکەین و لە کرماشانەوە بۆ سنە بچین هەتا بۆ

ژوورتر برۆین ئەوە وردە وردە سۆرانی یان ئەردەلانی روونتر دەردەکەوێت و هەتا بۆ سەرەوەتر بچین ئەوە زمانەکە بەرەولای سۆرانییەکی تۆختر دەچێت. ئەمانەی کە دەکەونە نێو ئەم دوو سەنەتەرەوە لە خۆیاندا شێوەزار نین، بەڵکو دەستە یان شێوازی زمانن و هەتا لە سەنتەرەکان دوورتر بکەوینەوە ئەوە شێوازە زمانییەکان لە یەکتری نزیکتر دەبنەوە.

**کەوابوو بە راستی چەمک یان تێرمی "کوردی خواروو" یان بە شێوازە کەڵهورییەکەی "کوردی خوارین" دەتوانێت هەموو شێوەزارەکانی وەک لەکی، کەڵهوڕی و گۆرانی وەبەر بگرێ؟ ئایا ئەو چەمکە لە باری زمانناسییەوە لە جێگەی خۆیدایە یان هەڵەیە؟**

کوردی خواروو یان خوارین لەوەوە هاتووە بۆ ئەوەی ناوی ئەتنیکی بە شێوەزارەکانەوە دانەنرێت. هەربۆیە ئەو تێرمەش هەڵبژێردراوە. بەڵام لە باری زمانناسییەوە هەڵەیە. بۆ نموونە ناتوانین بڵێین کوردیی باشوور و کوردیی باکوور. بێجگە لەوە شێوەزارەکانی کوردستانی خواروو بۆ خۆیان وەک یەک نین. بۆ نموونە شێوەزارەکانی هەورامی و لەکی هەروەک سۆرانی دەچن. یان زازاکی لە باکووری کوردستان هەیە کە وەک شێوەزارەکانی کوردستانی خواروو دەچێ کەوابوو ناکرێت ئێمە ئەو شێوەزارانە بە پێی جوگرافیا دابەش بکەین. ئێمە دەبێت لە چەند لایەنەوە سەیری ئەم پرسە بکەین، وەک لایەنی ئەتنیکی، کۆمەڵناسی زمان (سۆسیۆ لینگڤیستیک) یان لایەنی جوگرافی و سیاسی. شتێکی هاوبەش کە لە نێو ئەم شێوەزارانە وەک هەورامی، لەکی، لوڕی و کەڵهوڕی و فەیلی (دیارە ئەگەر بێتو شێوەزار بێت کە من بۆ خۆم فەیلی وەک شێوەزاری ناناسم)، ئەمانە هەموو شێوازێکی تایبەت بە خۆیان هەبووە بە ناوی گۆرانی. بەڵام گۆرانی لە خۆیدا بوو بە گرفتێک بۆ ئەو زمانناسانەی کە لە راستیدا زمانی کوردییان باش نەدەناسی بەتایبەت رۆژهەڵاتناسەکان.

**با جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر تێرمینۆلۆژی زمانی. بەراستی لێرەدا گرفتێک هەیە بۆ نموونە ئەوانەی لانیکەم لە میدیاکاندا دەڵێن: "کوردیی خواروو" مەبەستیان تەنیا کەڵهوڕی و لەکییە. هەورامی وەک شێوەزارێکی سەربەخۆ دادەنێن و لەو چوارچێوەیە زمانییەدا نایبینن. یان لانیکەم هەورامییەکان بۆ خۆیان**

**بەو شێوەیە نایبینن. بەڵام ئێستا تۆ لە روانگەی زمانناسییەوە هەورامی، لەکی و کەڵهوری هەموو لە تێرمی گۆرانیدا دادەنێیت. باشە لێرەدا ئێمە چۆن لە باری تێرمینۆلۆژییەوە خۆمان ساغ بکەینەوە؟ خۆ ناکرێ کەڵهوری لە بەر ئەوەی پێوەندی ئەتنیکیشی لەگەڵ عەشیرەتی کەڵهور هەیە، بە ئاسانی لە هەموو لایەکەوە پەسەند بکرێت. کەواتە تۆ وەک کەسێک کە لە پێشدا بۆ خۆت خەڵکی ئیلامی و لە نێو شێوەزارەکانی خواروودا ژیاویت، بێجگە لەوە لە سەر تێکستە کۆنەکانی گۆرانی کارت کردووەو ئێستاش لێکۆڵینەوەکانت هەر بەردەوامە، کەواتە بۆ ساغبوونەوە لە سەر تێرمینۆلۆژی پێشنیاری تۆ چییە؟**

من نەک تەنیا هەورامی، لەکی و کەڵهوری بەڵکو لوڕیش لە هەمان چوارچێوەی زمانیدا دەبینم. تۆ لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت بەوە کرد کە دەڵێن هەورامی لەو چوارچێوەدا جێگە ناگرێت، بەڵام من هەورامی و لوڕیش لە هەمان چوارچێوەدا دەبینم. دیارە شێوەزاری هەورامی گرینگترین شێوەزاری ئەم بەشە لە کوردیی خوارووە. هەورامی لە باری پێوەندی ڕێزمان، سینتاکس، فنۆنۆلۆژی و مورفۆلۆژی پێوەندی بە کوردیی خواروو هەیە، ئەم زاراوانە لە هەموو بوارێکەوە تێکەڵاون و پێوەندییان پێکەوە هەیە، کاتێک باسی ئەتنیکی

●●

کەمتر لە سەد ساڵە بە گشتی باسی ناسنامە هاتووتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو لە کوردستانیش هەر زۆر باسێکی نوێیە. ئەگەر کەسانێک لە کرماشان، ئیلام یان هەورامان بڵێن کە ئێمە زمانێکی جیاوازمان هەیە ئەمەش لە دەرکی هەڵەی ئێمە لە چەمکێک بە ناوی دیموکراسی یان ناسنامە سەرچاوە دەگرێت

●●

دەکرێت بۆ نموونە دەگوترێت هەرکامە لەم شێوەزارانە هەستی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەمە شتێکی دیکەیە، بەڵام هەموو ئەو شێوەزارانە لە باری پێکهاتەی زمانییەوە یەکن. ئێستا زمانناسێک کە لە ئەمەریکا دادەنیشێت و دەڵێ شێوەزاری سەنجاوی یان کەڵهوڕی یان گۆرانی ئەمە هەڵەیە لە بەکارهێنانی تێرمینۆلۆژیدا. ئەمانە لە راستیدا شێوەزار نین، بەڵکو جۆرێک یان شێوازێکن لە شێوەزارێک کە زۆر لە کۆنەوە بە کەڵهوڕی ناسراوە. دیارە لێرەدا مەبەست لە کەڵهوڕی بن زاراوەکانی وەک سەنجاوی، زەنگنە، مەلەکشاهی، کرماشانی، سەحەنەیی و هی دیکەیە. لە شەرەفنامەدا بۆ نموونە باسی کەڵهوور دەکرێت بەر لە شەرەفنامەش باسی کەڵهوڕی کراوە. هەر لە کۆنەوە بەم شێوەزارە گوتراوە کەڵهوڕی. راستە ئێمە لە هەرێمێک دەژین کە ئێڵ و عەشیرەت ئێستاش قورسایی خۆیان هەیە و بەهەمان شێوەش ئەتنیک لە مێژوودا جێگەی خۆی هەبووە، بەڵام لە زمان و زمانناسیدا ئەتنیک هەمان پێگەی نییە. وەک نموونە شێوەزارێک کە من قسەی پێ دەکەم کەڵهوڕییە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە من وەک ئەتنیکیش دەبێ کەڵهوور بم. کەواتە کەڵهوور بۆ شێوەزاری کەڵهوڕی تەنیا ناوێکی ئەتنیکی نییە، بەڵکو دەکرێت بۆ زۆربەی شێوەزارەکان بەکار ببرێت. بێجگە لە شێوەزارەکانی وەک لەکی، لوڕی و کەڵهوڕی تەواوی ئەو بن زاراوانەی لە کرماشان، ئیلام، هەمەدان و خانەقین هەن هەر هەموویان کەڵهوڕین. شێوەزاری کەڵهوڕی یەکێک لە گەورەترین شێوەزارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە لە نێو کۆمەڵەی گشتی شێوەزارەکان. دیارە لێرەدا بۆ من زۆر گرنگ نییە کامە تێرمینۆلۆژی بەکار ببرێت، بەڵام لە کۆنەوە بەو شێوەزارانە گۆران–ی گوتراوە. لە گەڵ ئەوەش دەکرێت لە روانگەی دیکەوە چاو لەم دابەشکردنە بکرێت.

**ئەوەی تۆ دەیڵێیت لە روانگەی زمانناسییەوەیە. بەڵام ئەگەر بێین و لە باری کۆمەڵناسی زمان واتە تێڕوانین بۆ ناسنامە یان لە بواری سیاسییەوە باسی زمان بکەین. راستییەکە شتێکی دیکەیە و پەسەندکردنی هەمان تێرمینۆلۆژی زەحمەتە. بۆ نموونە کەسێک کە خەڵکی هەورامانە و بە هەورامی قسە دەکات، رەنگە ئەو قبووڵ نەکا پێی بگوترێت زمانەکەی گۆرانی یان کەڵهوڕییە. دیارە لە لوڕستان و لە لای لوڕەکان هەر زۆر بەرچاوترە. لوڕەکان، بەشێکیان خۆیان بە کورد دەزانن، بەڵام بەشێکی دیکەیان خۆیان بە تەواوی لە کورد دادەبڕن و وەک ئەتنیک و زمانێکی جیاواز خۆیان دەبینن و پێناسە دەکەن. دیارە ئەمە لە خۆیدا چ لە لوڕستان و چ لە هەورامان لە خۆیدا تێڕوانینێکی سیاسییە. کەوابوو ئێوە وەک زمانناسێک چۆن لەم**

**پرسە دەروانن؟ تۆ پێشتر ئاماژەت بەوە کرد کە وەک زمانناسێک پێتوایە هەموو ئەوانە شێوەزاری کوردیین. بەڵام ئایا دەکرێت لە نێوان دوو روانگەی زمانناسی لە لایەک و کۆمەڵناسی و گرفتی پێناسە لە لایەکی دیکە چارەسەرییەک ببیندرێتەوە؟ دیارە مەبەستم ئەوەیە بۆ نموونە کەسێکی هەورامی بۆ خۆی تاریفی لە زمان و شوناسی خۆی هەیە و زۆرجاریش ئەو تاریفە لەگەڵ تاریف یان پێناسەی زمانناسیدا یەکناگرێتەوە. ئێوە لە بەرانبەر ئەو دوو پێناسەیەدا لە زمان کە دەکەونە بەرانبەر یەکتری و پێکەوە جیاوازییان هەیە، چ دەڵێن؟**

لە راستیدا ئەمە لە خۆیدا باسێکی تازەیە، باسی ناسنامە و شوناس لە خۆیدا بە گشتی باسێکی تازەیە. کەمتر لە سەد ساڵە بە گشتی باسی ناسنامە هاتووتە رۆژهەڵاتی ناوەراست و لە کوردستانیش هەر زۆر باسێکی نوێیە. ئەگەر کەسانێک لە کرماشان، ئیلام یان هەورامان بڵێن کە ئێمە زمانێکی جیاوازمان هەیە. ئەمەش لە دەرکی هەڵەی ئێمە لە چەمکێک بە ناوی دیموکراسی یان ناسنامە سەرچاوە دەگرێت. لە بنەرەتدا جیاوازی لە خۆیدا نابێتە هۆی پەیدابوونی ناسنامە بۆ ئێمە. بۆ نموونە من وەک کەڵهورێک بڵێم کە کەڵهوری جیایە و خۆمان لە شێوەزارەکانی دیکە داببرین، بەو شێوەیە ناسنامەیەک بۆ ئێمە درووست نابێت. من ناسنامەی ئەتنیکی خۆم و شێوەزاری خۆم هەیە، بەڵام ناسنامەیەکی دیکەم، دەتوانرێت هەبێت. زمانناسی و سیاسەت دەتوانن بۆ قازانج لە یەکتری یان بۆ شەر و ناکۆکی ئەو جیاوازییانە بەرجەستە بکەنەوە. بەڵام بۆ من یان هەر زمانناسێکی دیکە ئەوە گرفت نییە. من لە سەر ئەو شێوەزارانەی لە بەردەستمدان وەک لەکی، لوری و کەڵهوری، هەورامی و هی دیکە کە زۆر لێکنزیکن، قسە دەکەم و هەر لەو سۆنگەشەوە روانگەی زمانناسانەی خۆم دەردەبرم. من دەزانم کە ئەو شێوەزارانە لە باری ماتماتیکییەوە زۆر لێکنزیکن. هەموو کەس دەتوانێت ئەم تێکەڵاوی و لێکنزیکبوونانە ببینێت. ئەوەی من دەیڵێم زەوق و سەلیقە و پێخۆش بوونی من نییە، بەڵکو پێکهاتەی ئەو شێوەزارانە، وایە. بە پێی فاکتە زمانناسییەکان لەو دەڤەرانەی کە باسمان کرد شێوەزارەکان لەگەڵ ئەوەی هێندێک جار لێکجیاوازن، بەڵام لێکنزیکبوونیان لەگەڵ یەکتری زۆرترە. ئەوەی من دەیبینم بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا بەداخەوە کەسانێک سەربەو شێوەزارانە کەڵکی خراپ وەردەگرن و بەپێچەوانەی فاکتە زمانناسییەکان دەیانەوێت هێندێک لە جیاوازییە شێوەزارەکان بکەنە بیانوو بۆ جیاوازی و دابرانی خۆیان لە شێوەزارەکانی دیکە. هەروەها بەشێک لە زمانناسانی ئەوروپایی کە نزیکایەتییان هەیە لەگەڵ سیاسەتمەدارانی ئەورووپایی یان رۆژئاوایی ئەوانیش

لە هەمان ڕێگەیەوە دەیانەوێت ئەو جیاوازییانە بسەلمێنن. بۆ نموورنە تەنانەت هەر لەو زماننناسە ئەوروپییانە کەسانێک هەڵدەکەون کە دەڵێن زمانی کوردی زمان نییە، یان ئەگەر هەیە کۆمەڵێک شێوەزارن وەک کرمانجی و سۆرانی کە هیچ پێوەندییەکییان پێکەوە نییە. ئەم قسانە بە هیچ جۆرێک ناکەونە نێو چوارچێوەیەکی زمانناسییەوە.

**لە کوردیدا بە شێوەزاری هەورامی دەگوترێت شێوەزارێکی کوردییە. بەڵام باسێک کە پێشتر هەبوو و ئێستاش بە شێوەیەک بەردەوامە ئەوەیە کە ئەوان هەورامی نەک وەک شێوەزاری کوردی، بەڵکو وەک زمانێکی تایبەت و سەربەخۆی دەزانن. بەڵام ئێستا ئێوە دەڵێن کە هەورامی تەنانەت دەکەوێتە نێو شێوەزاری گۆرانی. یانێ نەک تەنیا هەورامی زمانێکی سەربەخۆ نییە بەڵکو بن زاراوەیەکە کە لە شێوەزاری گەورەی گۆرانی. ئێستا وەڵامی تۆ بۆ مەکەنزی و ئەوانی دیکە کە هەورامی بە زمانێکی سەربەخۆ دەزانن چییە؟**

ببوورە من لە پێشدا دەبێت ئەوە ڕاست بکەمەوە کە من گۆران-ی بە شێوازێک یان ستایلێک دەناسم. یانێ لە خۆیدا دیالێکت یان شێوەزار نییە، بەڵکو ستایلێکی ئەدەبییە.

ئێستا لێرەدا دوو باس هەیە.

یەکەم ئەویە کە بەشێک لە زمانناسەکانمان کە پێش لە هەموو کەسی دیکە لە سەر زمانی کوردی و گۆرانی نووسیویانە، رووسەکان بوون. ئەوان مەبەستیان لە گۆرانی، هەمان هەورامی یان شێوەزاری هەورامان و هەورامییەکان بوو. ئەوان تووشی هەڵەیەکی گەورە بوون کە هەرچی لە هەورامی دیتییان پێوەندییان دا بە گۆرانییەوەو گوتیان ئەمە هەمان گۆرانییە. هەر بۆیە هەورامییەکان وا تێگەیشتن کە ئەوان بۆ خۆیان گۆرانین و هەموو میراتی گۆرانی، لە بناغەوە هەورامییە.

دووەم، باسێکی دیکە لە پەنجا ساڵ لەمەوبەرەوە لە ساڵەکانی ١٩٦١ و ١٩٦٢ بەدواوە، سەریهەڵدا ئەویش ئەو کاتە بوو کە پرۆفیسۆر مەکەنزی باسی لە ریشەی کورد کرد. مەکەنزی باس لە هەورامییەکان دەکات یان لە سەر رێزمانی هەورامی نووسیووە و دوای ئەو قوتابییەکەی "لودویک پاول" کە ئێستا لە هامبورگ دەژی ئەو باسەی درێژە پێدا. ئەمان باس لەوە دەکەن کە هەورامی کوردی نییەو بەشێکە لە کۆمەڵە زمانە ئێرانییەکانی ناوەندی و قەراغی کەویر. قسەی ئەمان بوو بە بەڵگەیەک بۆ ژمارەیەک کەس لە ناوچەی هەورامان کە هەستی جیاوازییان هەبوو، کە بەڵێن زمانی ئێمە لە کوردی جیاوازە. شتێک نابێت

لە بیر بکەین کە ئەویش ئەوەیە جیاوازی زمانناس دەقاودەق بە مانای جیاوازی ئەتنیکی نییە. بۆ نموونە ئێمە دەتوانین تاکە ئەتنیکێک بین، بەڵام چەند زمانی جیاوازمان هەبێت. بۆ ئەمە نموونەمان لە جیهان زۆرە. یان تەنانەت پێچەوانەی ئەمەش راستە یانێ دابەشکردنی زمانی بە هەمان شێوە بە مانای دابەشکردنی ئەتنیکێک نییە. ئەمە زۆر ئاساییە.

**باشە لە باری زمانناسییەوە تێزی مەکەنزی لە سەر چ بنەمایەک و بە کامە بەڵگە و فاکتی زمانی دەڵێ کە هەورامی کوردی نییە و زمانێکی سەربەخۆیە؟**

لە راستیدا مەکەنزی زۆر شارەزایی لە سەر شێوەزارەکانی کوردی خواروو نەبوو. ئەو تەنیا هەورامی بینیبوو. ئینفۆرمانت یان زانیاری پێدەرەکەی کەسێک بوو کە لە راستیدا بە هەڵە هەورامی و گۆرانی وەک یەک دانابوو. بۆ نموونە کاتێک هێندێک نموونە دێنێتەوە بۆ ئەوە لە لێکدانەوەکەی خۆیدا بڵێ لە فارسی نێوەراست، فارسی نوێ یان ئیمرۆ، وەک فاکتەکانی زمانناسی فارسی ناوەندی و رۆژهەڵاتی، هەمیشە ئاماژە بەوە دەکات کە هەورامی، کوردی گورانی هەرکام زمانێکی جیاوازن و ئەو کاتە کە وشەیەک هەڵدەبژێرن بۆ نیشاندانی جیاوازیەکانی ئەو زمانانە. مەکەنزی نەیانزانیوە کە هاوکات ئەو وشانە لە نێو هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا کەڵکیان لێ وەردەگیردرێت و نابێت وەک وشەیەکی تایبەتی کوردی لە بەرامبەر هەورامی یان گورانی یان لە بەرامبەر فارسیدا بەراورد بکرێت. مەکەنزی و قوتابییەکانی هاتوون؛ وشەکان و رەستەکان کە لە گۆرانیدا هەبوون بە بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەی ئەو تێکستانە بکرێت، ئەوانەیان هێناوەو دەڵێن بەم بزوێن و فۆنانەوە وەک یەک لە هەورامی و گۆرانیدا هاتوون و هەر بۆیە ئەوانەیان وەک یەک داناوەو دواجار گەیشتوون بەو ئاکامە کە ئەمانە زمانی رۆژئاوایی ئێرانی (کوردی) نین، بەڵکو زمانی ناوەندی ئێرانین. ئەگەر ئێمە وای دابنێین کە ئەمە راستە، ئەو دەم دەبێت بۆ کەڵهوڕی و بۆ لەکی و بۆ لوریش هەروا بێت، کە لە راستیدا وا نییە. بۆ من سەیرە کە چۆن توانیویانە وشەیەک بە ناوی کوردی و وشەیەکی تر بە ناوی هەورامی یان گورانی دەستنیشان بکەن و لە بەرامبەر یەکتریدا دایان بنێن.

**کەواتە فاکتی بەربەرچدانەوەی تۆ لە بواری زمانناسییەوە بۆ رەدکردنەوەی تێزی مەکەنزی کامانەن و چیین؟**

من بە چەند هۆکارێک ناتوانم لە باری زمانناسییەوە تێزەکەی مەکەنزی

پەسەند بکەم:

یەکەم، پێش لە هەموو شتێک من دەڵێم کە مەکەنزی هیچ چەشنە سەرچاوەیەکی بۆ پاڵپشتی تێزەکەی بەدەستەوە نادا. وەک ئەوە بۆ نموونە کاتێک من سەرچاوەیەک دەناسێنم، دەبێ بڵێم ئەم کتێبە، ئەم کۆمەڵە شوێنەوارە یان ئەم شتە. بەڵام مەکەنزی ئاماژە بە هیچ سەرچاوەیەک ناکات کە ئێمە بزانین مەبەستی ئەو لە گۆرانی یان هەورامی چییە؟ ناکرێت من هەر ناوێک یان کردارێک بۆ خۆم دابنێم و بڵێم ئەمە هەورامی یان گۆرانییە. ڕەنگە هەمان ناو یان کردار کە من وەک گۆرانی هەڵیدەبژێرم لە سۆرانی و کرمانجیش هەبێت. کەواتە یەکەم هۆکاری ڕەتکردنەوەی مەکەنزی ئەوەیە کە سەرچاوەی دیاری کراوی نییە. بێجگە لەوەش لەو نموونانەش کە وەک هەورامی یان گۆرانی ئەو باسی کردوون، هەڵەی زەق دەبیندرێن.

دووەم، مەکەنزی شارەزای لەگەڵ دیالێکت یان شێوەزارەکانی دیکەی کوردی خواروو نەبووە، چونکە لە نێوان هەورامی و لەکی زۆر نزیکایەتی هەیە. لە باری ڕێزمانەوە ئەم دوو شێوەزارە لەگەڵ کەڵهوڕی دوورن، بەڵام وەک مۆرفۆلۆژی و لە فۆنۆلۆژیدا ئەمانە زۆر لێکنزیکن. ئەمانە کۆمەڵە شتگەلی لێکگرێدراو یان کۆمپلێکسن، ئەم شێوەزارانە کۆمەڵە شتێکن کە ناکرێت

من گۆران-ی تەنیا بە شێوازێک بۆ نووسینی شیعری هەورامی نازانم. گۆران-ی شێوازێکە، ستایلێکە بۆ نووسینی شیعری هەر چوار پێنج شێوەزار نەک تەنیا هەورامی، بەڵکو هەر هەموویان. واتە هەم هەورامی، لەکی، کەڵهوڕی و لوڕی

بە تەنیا چاو لە یەکیان بکەین و لە روانگەی یەکێکیانەوە حوکم بدەین و بڵێین ئەمەیان لەم کۆمەڵە شێوەزارە دادەبڕین. لە بەر ئەوە هەرکامە لەو شێوەزارانە دەرهاوێژین و لەوانی دیکەی دابڕین، ئەوە ئەوانی دیکەش بە شوێنیدا دێنە دەرێ و شیرازەیان لێکدەبچڕێت. چونکە ئەمانە لە هەزارانساڵ پێکەوە لەگەڵ یەکتری ژیاون و گۆرانییان لێ درووست کراوە. گۆرانی بۆ خۆی شێوازێکە لە هەموویان. مەکەنزی ناتوانێت لە سەر گۆرانی یان هەورامی تیۆرییەک دابڕێژێت بە بێ ئەوەی شێوەزارەکانی دیکەی وەک کەڵهوڕی و لەکی و لوڕی لەبەرچاو بگرێت.

**ئێستا کە باسی گۆرانیت کرد، بێینە سەر ئەوەش کە لە نێوان گۆرانی و هەورامیشدا کێشە هەیە بەتایبەت لە تێرمینۆلۆژیدا و لە بەکارهێنانی تێرمدا وەک تۆ پێتوایە کە گۆرانی شێوازی نووسینی هەورامییە لە شیعردا، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، ئێوە تاریفێکی بەو شێوەیە دەکەن. ئێستا پێمباشە بەتایبەتی باسی هەر دوو شێوازی هەورامی و گۆرانی بکەیت، ئەمانە وەک شێوەزار چین و چ پێوەندییەکیان پێکەوە هەیە؟**

من گۆران-ی تەنیا بە شێوازێک بۆ نووسینی شیعری هەورامی نازانم. گۆران-ی شێوازێکە، ستایلێکە بۆ نووسینی شیعری هەر چوار پێنج شێوەزار نەک تەنیا هەورامی، بەڵکو هەر هەموویان. واتە هەم هەورامی، لەکی، کەڵهوڕی و لوڕی. بۆ نموونە لە شیعردا لە لوڕستان، ئیلام، کرماشان هەمان شێوازی هاوبەشی گۆران-ی بەکار هاتووە. بۆ نموونە من لە هەورامان دادەنیشم هەورامیم، بەڵام بە گۆرانی شیعر دەنووسم. من کە لە ئیلام نیشتەجێم، ئیلامیم، ئەرکەوازیم، غوڵامرەزاخانی ئەرکەوازیم، بەڵام کاتێک کە شیعر دەنووسم بە گۆران-ی دەینووسم. یان لە کرماشان وەک نموونەی شاعیرانی وەک ئەڵماسخان، یان مەحزوونی یان هەر کەسێکی دیکە کاتێک لە کاتی ئاسایدا قسە دەکەن یان دەنووسن بە کەڵهوڕی قسە دەکەن، بەڵام کاتێک شیعر دەنووسن بە گۆران-ی دەینووسن.

من لێرەدا چەند نموونەیەک لە شیعری گۆرانی لە چەند شێوازی شیعری جیاواز وەک نموونە دێنمەوە. لێرەدا دەبینین کە گۆران-ی ستایلی هاوبەشی هەموو شێوەزارەکانی کوردیی خوارووە:

نموونەیەک لە مەحزوونی لە کرماشان:

**خاو جه دیدەم دوور، خەیاڵت کەردەن**
**خاو جه دیدەم دوور**
**هەر ئەسر هوونش مەیوو بە زەروور**
**تێشدا نەمەندەن زەرەیٚ مایەی نوور**
**وێنەیٚ تازە زام [بە] تێخ مەودا**
**هووناو لاو بەستەن، مەشوو بە ئەودا**

ئەگەر چاو لەم زمانە بکەیت ئەمە لە کرماشان و نزیک بە هەورامان گوتراوە.

نموونەیەک لە خوڵامرەزاخانی ئەرکەوازی لە ئیلام:
**شوور و شەوقو زەوق زنگانیم سەنەن**
**شەو خاوم شەریک تاف تێژاوەن**
**یان حوباب نە روی گێژە گرداوەن**
**جەو سەید زەدەیٚ تیر گرفتار وە من**
**جەو ویٚ نە روی ئاو بێقەرار وە من**

لێرەدا کاتێک چاو لەم شیعرانە دەکەین ئەم دوو شیعرە لە پێشگر و پاشگرەکان، لە مورفۆلۆژی لە سینتاکس و بە هەر شێوەیەک چاوی لیٚ بکەی هەر یەکن و چوارچێوەیەکی فیکسیان هەیە. لە میتری شیعری، لە وشەکان لە هەموو شتێکدا هەر یەکن. بەڵام ئەم شاعیرانە لە باری نیشتەجێبوونەوە هەر کامەیان پێنجسەد هەتا شەشسەد کیلۆمتر لە یەکتری دوورترن. ئەوەش لە سەردەمێکدا کە وەک ئیمرۆ هیچ پێوەندی ئاسانی وەک تەلەفوون و ئینتێرنێتی نەبووە، بەڵام ئەوان بە یەک زمان شیعریان گوتووە. ئەمە پێی دەگوترێت گۆران-ی و گۆرانیش بۆ خۆی هێندێک جیاوازی تایبەتی هەیە لەگەڵ هەورامی. هەورامی بۆ خۆی شێوەزارێکە کە تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ نموونە وەک لە لەکی، جافی، هەورامی یان سۆرانیدا لە سیستەمی گۆرانیدا ئەرگاتیڤ نییە. ئێمە لە زمانی رۆژانەدا لەوە کەڵک وەرناگرین، چونکە دەبێتە هۆی بە پێچەوانە نیشاندانی مانا. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە بڵێین: "قەڵەمەکەم برد" یان "ماشینەکەم شۆرد (شوشت)". یانیٚ من خۆم قەڵەمەکەم برد یان ماشینەکەم شۆرد. ئەمە لە هەورامی یان سۆرانی وایە بەڵام لە گۆرانی یان کەڵهوری و لوری ماناکەی بە پێچەوانەیە "ماشینەکەم شۆرد" یانیٚ کەسێکی دیکە ماشینەکەی بۆ من شۆردووە نەک خۆم. ئەمە مانای بەتەواوەتی پێچەوانەی یەکتریان هەیە.

**باشه ئێستا لێرەدا پرسیارێک درووست دەبێت، تۆ هەموو شێوەزارەکانی خوارووی بە یەک شێوەزار دادەنێت، بەڵام دواتر باسی جیاوازی بەرچاو تەنانەت لە ڕێزمانیش لە نێو ئەواندا دەکەیت. وەک نموونە باسی ئەوەت کرد کە هەورامی و لەکی لە باری ڕێزمانەوە جیاوازییان لەگەڵ کەلهوڕی و لوڕی هەیە. کەوابوو بە لەبەرچاو گرتنی ئەو جیاوازییانە، ئەی ئیتر ئەوان هەموویان چۆن شێوەزارێکن؟ وەڵامی تۆ بۆ ئەمە چییە؟**

نا، من ناڵێم هەموویان لە نێو یەک شێوەزاردا کۆ بکرێنەوە. وەک نموونە من گۆرانی قەت لە نێو دابەشکردنی زماناسیدا وەک شێوەزار دانانێم. من گۆرانی تەنیا وەک ستایلێکی ئەدەبی یان وەک شێوازێک لە زمانی کوردی دەزانم. هاوکات گۆرانی هەموو شێوەزارەکانی دیکە کۆ دەکاتەوە. گۆرانی فلێکیسبڵە یانی دەتوانێت زوو زوو گۆڕانکاری لە خۆی دروست بکات. وەک نموونە "جە" لە باتی "ژە" یان "نە" و " لە" وەک "جە کوو" یان "ژە کوو"، یان "نە کوو" یان "لە کوو". بەڵام ئەم ستایلی زمانییە (گۆرانی) ناتوانێ هەم ئەرگاتیڤی هەبێ هەم ئەرگاتیڤی نەبێت. کەسێک کە گۆرانی بێژە، هەورامی بێژە، کاتێک کە شیعر دەنووسێت دەتوانێت ئەمە بە ئاسانی تێبگات و بە ئاسانیش بەکاری ببات. کەڵهوور و لورەکانیش بە هەمان شێوە. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە گۆرانی چۆن توانیویەتی ئەمانە پێکەوە لێک گرێ بدات یان ببێ بە هۆی پێوەندی بۆ چەند شێوەزار لەگەڵ یەکتری؟ من پێموایە کاتێک لە دوای ساسانییەکان، زمانی پەهلەوی لە وتاری فەرمی ئێراندا دادەبڕدرێت و زمانی ڕەسمی دەبێتە "فارسی دەری" لە لای خوراسان، زمانی پەهلەوی زمانی کۆنتر لە جێگەی خۆیدا واتە لە حەوزەی جەبال یان کێوەکانی زاگرۆسدا دەمێنێتەوە. دواجار ئەم بەجێماوەی زمانی پەهلەوییەوە دەبێتە بنەمایەک بۆ ئەو چەند شێوەزارە کە لە کێوەکان ماون و لێکنزیکن. ئێستا بۆ نموونە دەڵێم گۆرانی نزیکایەتیشی لەگەڵ زمانی فارسیدا هەیە. بۆ نموونە ئێمە لە پراتێکدا لە فۆرم و پیتەکاندا لە پرۆسێسی گۆڕاندا ئەم گۆڕانکارییانە دەبینین. بۆ نموونە لە کەڵهوڕیدا دەگوترێ "زووان" بەڵام لە گۆرانیدا دەگوترێ "زوبان"، جێگەی سەرەنجە کە لێرەدا با چاو لێبکەین لە کامە لە شێوەزارەکاندا دەڵێن زوبان یان زەبان. وەک نموونەیەکی دیکە لە گۆرانیدا دەڵێن "رووز" ناڵێن "ڕۆژ". لە کاتێکدا ئێمە لە کەڵهوڕیدا دەڵێن "ڕوژ". هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە لە شێوەزارەکاندا لە گۆرانیدا دەبینین. بنەمای گرامەری یان ڕێزمانی گۆرانی لە ڕاستیدا لە سەر کەڵهوڕی داندراوە بەڵام پاشگر و پێشگرەکانی گۆرانی هەمووی لە هەورامی و

لەکی سەرچاوەی گرتووە. بێجگە لەوە گۆرانی لە هەموو شێوەزارەکانی دیکە وەک لەکی و هەورامی و لوڕی فۆرمی زمانی وەرگرتووە. ئێستا لێرەدا دەبینین کە گۆرانی خۆی لە خۆیدا، شتێکی سەربەخۆ نییە(قائم بە زاتی وجودی خۆی نییە) یانێ لە خۆیدا یەک شێوەزار نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکە لە کۆی شێوەزارەکانی دیکەی کوردیی خواروو. لانیکەم گۆرانی لە دەورەکانی یەکەمی ئیسلامییەوە زیاتر لە ١٠٠٠ ساڵە لە "مستەفای دەودان"، "شاخوەشین"، "سوڵتان سەهاک" (سان سەهاک) و ئەمانە و لە دەفتەرەکانی یارساندا هەبووە. بێجگە لەوە ئێمە دەتوانین نموونەی ئەمە لە لای "شەمس قەیس رازی" بێنین کاتێک کە ئەو دەڵێ: بۆ جیاوازی لە نێوان فارسی دەری لەگەڵ شیعری پەهلەوی حەوزەی جەباڵ یان زاگرۆس شیعری دەری عرووزی ئێمە هیچ لە سەر خەڵکی هەورامان و بە گشتی پەهلەوی کە حەوزەی جەباڵە واتە لەحنی هەورامان و بەیتی پەهلەوی کاریگەری نەبووە. لێرەدا شەمس قەیس رازی باسی چەند هۆکاری تایبەتی دەکات وەک ریتم کە ئێمە شیعر و فۆرمی زمانیمان کاریگەری لە نەریتی جوانناسی عەرەبی وەرنەگرتووە، بەڵام شیعری فارسی ئەو کاریگەرییەی بە روونی پێوە دیارە. لە سەدەکانی یەکەمی ئیسلامی ئەو کاریگەرییەی پێوە دیارە. شیعری فارسی گۆرانی بەسەردا هات. بۆ نموونە لە شانامەی فیردەوسی و دواتر یان بەر لەوە لە شیعری شاعیرانی دیکەی وەک روودەکی و مەنووچێهری ئەوانە دەبینن، بەڵام شیعری ئێمە هەر لەو سەردەمەوە هەتا دواتر هەتا نیوەی سەدەی بیستەم وەک یەک فۆرم و یەک زمان و یەک شێواز مایەوە.

**تۆ زۆر بە دریژی باسی گۆرانی و شێوەزارەکانی دیکەت کرد. گۆرانی وەک ستایل یان شێوازێک بۆ نووسینی شیعر بۆ ئەو شێوەزارانەی لە خوارووی کوردستاندا هەیە لە هەورامییەوە بگرە هەتا لەکی و دواتر دانا. بەڵام لە دەرەوەی نووسینی گۆرانی کە هەموو هەر شیعرە ئایا نووسین بە کوردی خواروو لە رابردوودا هەبوو؟**

ئایا مەبەستان پەخشانە؟

**نا هەموو جۆرە نووسین و تێکستێکی دیکەیە لە دەرەوەی شیعر؟**

من لە سەر ئەوەی کە ئێستا لە دەستی مندایە قسە دەکەم. ناتوانم حوکمی دیکەی گشتی بدەم. بەڵام لە سەر ئەو کۆمەڵە دەستنووسەی من لە سەری کاردەکەم کە نزیک بە شەست هەتا حەفتا دەسنووسە، من هیچ نیشانەیەک لە شێوەزاری دیکە بۆ نووسین یان بۆ پەخشان بێجگە لە شیعر بەر لە سەدەی

بیستەم نابینم. تەنانەت هەتا نیوەی سەدەی بیستەمیش کە چاو لێدەکەین. ئێمە هەموو سەردێڕەکانی داستانەکانمان، چیرۆکەکانمان کە دەبوا بە شێوەی تێکست یان پەخشان بنووسرابا بە فارسی نووسراوە. بۆ نموونە یەک خەت بە کوردی نابیندرێت. یان هەمان چیرۆک کە بە گۆرانییە، هەوڵ نەدراوە سەردێڕەکەی بکرێت بە گۆرانی. یانێ هەتا کاتێک شیعر وتراوە بە گۆرانی وتراوە لە دەرەوەی شیعر کە ئەگەر شتێک وتراوە وەک سەرفەسڵ یان سەردێڕ ئەوە بە فارسی یان بە عەرەبی نووسراوە. بە تایبەتی لە کۆتایی چیرۆکەکاندا بە عەرەبی باسی ڕێکەوت و شوێنی دانانی شیعر کراوە. تەنانەت زۆرجار بە زمانی عەرەبی یان فارسی باسی شێوەزاری گۆرانی وەک شێوەزارێکی جوان و ڕێکوپێک و لەبار بۆ شیعر کراوە. ئەو تێکستانە هەم بە فارسی، عەرەبی و هەم بە تەنانەت تورکیش هەن، بەڵام بە کوردی یان گۆرانی نین. هەر بۆیە لێرەدا دەتوانین بێژین ئەو زمانە یەکگرتوویەی کە گۆرانی بۆ شیعر درووستی کرد نەیتوانی ببێتە زمانی نووسینی پەخشان و تێکست. لانیکەم ئەوەی کە من دەزانم هەتا ئێستا هیچ چەشنە تێکست یان پەخشانێک بە گۆران-ی نییە.

**باشە ئێستا چی، پێشوەچوونەکان بە گشتی لە پێوەندی لەگەڵ شێوەزارەکانی کوردستانی خواروو وەک لەکی، لوری و کەڵهوڕی چۆن دەبینن، مەبەستم هەموو چەشنە نووسینێکە بەو شێوەزارانە وەک تێکست، چیرۆک، وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیک؟**

من پێشوەچوونەکان لە دوو ئاستی جیاوازدا دەبینم:

یەکەم، ئاراستەیەک کە سانترالیزەیە بەرەو جۆرێک ناوەندگەرایی دەڕوات. مەبەستیش ئەوەیە هەموو کوردەکان لێی تێبگەن وەک شێوەزار یان زمانێکی هاوبەش کە ئەمانە زۆرن و لە ئیلام، کرماشان و لوڕستان هەن. لە جێگای جیاوازی دیکە هەن کە بۆ نموونە ڕۆمانی پێدەنووسن، شیعر دەنووسن. لە هەموو جۆرە ژانرێکی جیاواز ئەزموون وەردەگرن.

دووەم، ئاراستەیەکی دیکە کە بە پێچەوانەی ئەوەی یەکەمە. بۆ خۆپاراستنی خۆیان، بۆ ئەوەش نە پشت بە فارسی یان تورکی و تەنانەت سۆرانیش ببەستن تەنیا پشت بە شێوەزاری خۆیان دەبەستن. بۆ نموونە ئەگەر دابمێنن بۆ وشەیەک و ئەو وشەیە لە سۆرانی هەبێت، کەڵکی لێ وەرناگرن. بەڵکو هەوڵ دەدەن بۆ نموونە لە لەکی وەریبگرن. کە بە بڕوای من ئەمە پارادۆکسە، لە لایەک خۆپاراستنیان جێگەی ڕێزە، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە خەسارە.

چونکە هەر ئەمە، ئێمە لە داهاتوودا تووشی کێشە و دەردەسەری دەکات کە پێویستە هەرچی زووترە چارەسەر بکرێت. ئێمە لە هەرکام لەو شێوەزارانە کە لە کوردستانی خواروو هەمانە ئەزموونی زۆر بەرز و بەنرخمان هەیە، شیعری بەرز و شاعیری زۆر گەورەمان هەیە هەم لە بواری ناوەڕۆک و هەم لە بواری فۆرمی شیعری و هەم لە بواری زمانەوە زۆر بەرزن. بە خۆشییەوە دەڤەرە جیاوازەکان پێوەندی باشیان پێکەوە هەیە مەسەلەن لە ئیلام ئاگاداری جموجۆڵەکانی شیعری کرماشان و لەکستان هەن و بە پێچەوانە. یان لە ڕەوتی شیعر و ئەدەبی سنە و مەریوان و شوێنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگادارن. ئەو پێوەندییانەی کە لە رابردوودا نەبوون یان زۆر کەم بوون ئێستا زۆر زۆرترە. خەڵک بێجگە لەوە دەتوانن زمانی دایکی خۆیان بۆ نووسینی شیعر تەجرووبە بکەن هاوکات لە زمانی دیکەی کوردی مێدیاییەکان بۆ نموونە سۆرانی و کرمانجیش تەجرووبە دەکەن. بۆ نموونە من خۆم لە هیچ سیستەمێکی ئەکادیمیکدا فێری سۆرانی نەبووم تەنیا بە هەوڵ و تێکۆشانی کەسیی خۆم فێری سۆرانی بووم. بەهەرحاڵ ئێستا ئەوەندە شیعر و ڕۆمانی باشی سۆرانی یان کرمانجیمان هەیە ئەوەندەش بەرهەمی باشمان بە کوردی خواروو هەیە، ئەو بەرهەمانە دەکەونە بازاڕ و خەڵک پێشوازی باشیان لێ دەکەن و منیش زۆر بە داهاتووی نووسین بە کوردی خواروو خۆشبینم.

# وەرگێڕان

- بنەما فەلسەفییەکانی رووناکبیریی فەرەنسا — جەمال نەجاری
- دیدار لەگەڵ: سەباح ئیسماعیل — بورهان ئەحمەد
- گوڵاڵە سوورە — جەلال زەنگابادی
- لە ئەفسانەکانی یۆنانییەکان ((گریکەکان)) — عەبدولکەریم شێخانی
- کۆشکی هاوینەیی — هیوا خەیات
- لەنێوان بوونم بەکرمی ژێر زەوی و هەواڵسازدا — هەنار ئەلسەراج
- "بەردەکان" — جەواد حەیدەری

**پۆزش**

لە ژمارە (٨٨)ی هەناردا، چامەیەکی نزار قەبانی بڵاوبووەتەوە بە ناوی (بەڵقیس) لە وەرگێڕانی موکەڕەم رەشید تاڵەبانی، لەبری وەرگێڕان لە عەرەبییەوە نووسراوە وەرگێڕان لە فارسییەوە، بۆیە داوای لێبووردن لە وەرگێڕ و خوێنەران دەکەین.

# بنەما فەلسەفییەکانی رووناکبیریی فەرەنسا




**رامین جیهانبەگلو**
**و. لە فارسییەوە: جەمال نەجاری**

رامین جیهانبەگلو لە باسی بنەما فەلسەفییەکانی رووناکبیریی فەرەنسا دەڵێت: ئەگەر بمانەوێت خوێندنەوەیەک بۆ بنەما فەلسەفییەکانی رووناکبیری لە فەرەنسا بکەین، ئێمە لەگەڵ دوو خوێندنەوە بەرەوڕووین؛

١- خوێندنەوە فەرەنسییەکان لە نەریتی فەلسەفی فەرەنسا.
٢- خوێندنەوە فەرەنسییەکان لە نەریتی فەلسەفی ئاڵمانیا.

گرووپی (Francaise Action) هاوکات لەگەڵ کۆمۆنیستەکان و گلیستەکان تووشی شەڕ دەبێت و ئەوان بە یەهوودی و فراماسۆن ناو دەبات.

بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی هێزی هاوپەیمانان و هاتنی دۆگۆل بۆ پاریس لە ساڵی ١٩٤٤، سەرجەم رووناکبیرانی دەستەڕاستی بنازۆ و لایەنگرانی نازیسم دادگایی دەکرێن.

**(شارل موراس ١٨٦٨-١٩٥٢)**

شارل موراس لە ٨ سێپتامبەری ١٩٤٤ لە شاری لیۆن قۆڵبەست دەکرێت و سزای بەندیخانەی هەتاهەتایی بۆ دەردەچێت.

لە نێوان خوێندنەوە فەرەنسییەکان لە نەریتی فەلسەفی فەرەنسا، دەکرێت لە قۆناغەکانی یەکەمدا باس لە کاریگەری برێگسۆن و خوێندکارەکانی برێگسۆن لەسەر رووناکبیریی دەستەراست و پاوانخوازی فەرەنسا بکەین.

وەها فەلسەفەیەک لە رەخنەی ئایدیالیزمی ئاڵمانیا و لە بەرگریکردن لە نەریتی دێکارتی پاسکالی کورت دەکرێتەوە و رێبەرانی ئەو بیرە لە کەسانێکی وەک؛ یانیکۆڤیچ، ئالکییە، گۆمییە، ژیلسۆن و ... پێک دێت کە لە بەرانبەردا ئێمە لەگەڵ کاریگەری فەلسەفەی ئاڵمانیا، لە پاش و پێش شەڕی دووەمی جیهانیی بەرەوڕوو دەبینەوە، کە لە ٥ قۆناغدا کاریگەری لەسەر رووناکبیریی فەرەنسا داناوە؛

١- قۆناغی یەکەم؛ کاریگەری شۆپێنهاوەر لەسەر نووسەرانی وەک مارسێل پرۆست.

٢- قۆناغی دووهەم، کاریگەری هێگلی کە لە رێی سمینارەکانی ئەلکساندەر کۆژۆ و نووسینەکانی ئێریک وایل لەسەر کەسانی وەک؛ بۆدریار و سارتر.

٣- قۆناغی سێیەم؛ کاریگەری هایدگەری لەسەر کەسانی وەک؛ لویناس، ریکوێر، پیراونبێک، بلانشۆ و میشێل هار.

٤- کاریگەری نیچەیی لەسەر کەسانی وەک، فۆکۆ و لۆتۆتار و دلۆز.

٥- قۆناغی پێنجەم؛ کاریگەری کانت لەسەر نوێ کانتییەکانی فەرەنسا.

لە پاڵ ئەو دوو خوێندنەوەیەدا دەکرێت باس لە ئەندێشەگەلێک بکەین سەبارەت بە زانستە مرۆییەکان لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا، لە فەرەنسا سەر هەڵدەدەن و لە فەلسەفە دوور دەکەونەوە.

## (کلۆد لۆیی ئێستراوس ١٩٠٨ - ٢٠٠٩)

لەو میانەدا دەبێت ناوی کەسانی وەک؛ لویی ئێستراوس و پییەر بۆردید بێنین، کە بە خستنە بەر باسی مەرگی فەلسەفە هەوڵدەدەن تا بایەخێکی زیاتر بە زانستە مرۆییەکان و بیرۆکەی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی بدەن. بۆ ئەوان باسکردنی زانستە مرۆییەکان، هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی هاتنی فەلسەفە، بۆ نموونە لویی ئێستراوس لە پێشەکی کتێبەکەی خۆیدا (Les trists Tropiques) دەنووسێت:

"من لە فەلسەفە رزگارم بوو، ئێستا دەتوانم بە مرۆڤناسییەوە سەرقاڵ بم".

لە راستیدا ئەو رەخنە گرنگانەی کە لایەنگران و لێکۆڵەران لە بواری زانستە مرۆییەکان لە فەلسەفە دەیخەنە روو، رەخنە لەو ئایدیالیزمەیە کە مەسەلەی ئاگایی مێژوویی و خۆناسیی لە مێژوودا دەخاتە بەر باس. زانستە مرۆییەکان لەو قۆناغەدا بە خستنە ژێر پرسیاری چەمکی مێژوو، چەمکی ئاگایی مێژووییش دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لە پاڵ ئەو نەریتەدا کە زانستە مرۆییەکان رەخنە لە فەلسەفە دەگرێت

و شرۆڤەی دەکات و هەوڵدەدات کە لێی دەرباز بێت، ئێمە لەگەڵ رەوتێکی فەلسەفیی دیکە بەرەوڕووو دەبینەوە، کە رەخنە لە رژێمە تۆتالیتارەکان دەگرێت و لەم رێگەوە ئەو رەخنەیە، رەخنە لە فەلسەفەکانیی مێژووی هێگل و مارکس دەگرێت.

رەوتێکی دیکە کە لە پاش لوک فری و ئالێن رێنە و ناوی ئدێشەی ٦٨ی بەخۆوە گرت، بە چوار بیرمەندی پاش مودێرنی گرنگەوە دیاری دەکرێت کە بریتین لە؛

١- میشێل فۆکۆ
٢- ژاک دریدا
٣- فرانسوا لیوتار
٤- ژیل دلۆز

ئەو چوار بیرمەندە هەر کام بە نۆرەی خۆیان مەسەلەی "ئیمپریالیزمی لۆگۆس" دەخەنە بەر باس و"بنچینەی لۆگۆس" دەخەنە ژێر پرسیار.

هەڵبەت ئەوان لە ژێر کاریگەری بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، پاش شەڕی دووەمی جیهانیی بە رەخنە لە هزری تۆتالیتەرەوە سەرقاڵ ببوون. لە ئەنجامدا ئەو رەخنەیەی کە لە لایەن رووناکبیریی فەرەنسا ئاراستەی فەلسەفە دەکرێت، رەخنەیەکە کە لە رێگەی کاریگەری هایدگەر و نووسینەکانی لەسەر رووناکبیرانی فەرەنسی ئەنجام دەدرێت.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بە ژاک دریدا و بزووتنەوەی بنەماشکێنی فەرەنسا بکەین. رەخنەی دریدا لە بوونناسی نەریتی و مێژووی فەلسەفەی رۆژاوا، لەم مەسەلەدا کورت دەبێتەوە، کە بابەتی بوون هەمیشە بە شێوەی (Ousia) یان جەوهەر باسکرابوو و بە رەخنەی گشتی لەم جەوهەرەدا بەو ئەنجامە دەگەن، کە سنوورێک بۆ گوتاری فەلسەفی بوونی هەیە.

**(پۆل ریکور ١٩١٣ – ٢٠٠٥)**

بیرمەندێکی وەک پۆل ریکۆر بوونناسی وەک جەوهەر ناخاتە بەر باس، بەڵکو بە کاریگەری لە فەلسەفەی ئەرەستۆ و بە نوێخوازی لە فەلسەفەی ئەرەستۆ پرسی "بوون" وەک بابەتێکی "کردەیی" یان (dunamis) دێنێتە ئاراوە، لەم رێگەیەوە بنەمای فەلسەفەی سیاسی نوێ بونیاد دەنێت.

بەم پێیە لە رووناکبیریی پاش شەڕی دووەمی جیهانیی لە فەرەنسا، چوار قوتابخانەی گرنگ هەیە؛

١- ئێگزیستانسیالیزم Existentialism

٢- ڕووناکبیرییەک کە ڕەخنەی لە ڕژێمە گشتخوازەکان دەگرت.

٣- قوتابخانەی فۆکۆیی، ڕەخنەی ئیمپریالیزمی لۆگۆس.

٤- دریدا و بنەماشکێنی.

ئێمە لێرەدا بە جۆرێک لە ڕووناکبیری لە شێوەی نەتەوەخوازیی فەلسەفی، لە بوارەکانی فەلەسەفی و زانستە مرۆییەکان دەگەین، کە بابەتە سەرەکییەکەی پەیوەندی بە فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئاڵمانیاوە هەیە. لە هەمبەر ئایدیالیزمی ئاڵمانی، کە کانت و هێگل و کەسانی دیکە نوێنەرایەتی دەکەن، نەتەوەخواریی فەلسەفی کە ڕووناکبیریی فەرەنسی پێوەی سەرقاڵە، مەسەلەی ئایدیالیزمی دێکارتی دێنێتە گۆڕێ.

ریکور سەررنج دەداتە ڕووناکبیران و بیرمەندانی ئەمریکا و ئینگلیس، وەک هانا ئارنت و جان ڕالز. لەگەڵ ریکور ڕووناکبیریی فەرەنسی بۆ لای ئەندێشەی پاش مودێرنی دەرەوەی شۆڕش دەگەڕێتەوە. ئەم داهێنانە نوێیە لە بواری ڕووناکبیری ئێمە بەرەو تێڕوانینێکی نوێ بۆ فەلسەفەی سیاسی دەبات، کە خودموختارییەکی نوێ لە نێوان ڕووناکبیرانی نوێی فەرەنسادا بە ئەندێشەی سیاسی بەخشیوە. گۆڵد کێسمەن لە کتێبێکدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە لە دژی ئەندێشەی ڕۆمانتیکی ئاڵمانی، دێکارت بناغەدانەری فەلسەفەی شک و گومانە و دامەزرێنەری نەریتێکی دیکەشە، کە دەکرێت ئەو لە بەرانبەر ئایدیالیزمی ئاڵمانی دابندرێت. لێرەدا پێکدادانی ڕووناکبیری لە نێوان نەریتی ئاڵمانی و نەریتی فەرەنسی دەبینین، کە لە پێکدادان لە نێوان هابرماس و ڕووناکبیرانی فەرەنسی وەک فۆکۆ و دریدا دیار و بەرچاوە. هابرماس ناوی "پاوانخوازانی نوێ" لەسەر ئەو ڕووناکبیرانە دەنێت، پێیوایە کە ڕەگ و ریشەکانی "دژایەتی ئاوەز" لە فەرەنسایە، نە لە بیرکردنەوەی ڕۆمانتیکی ئاڵمانی کە گۆڵد کێسمەن هێرشی دەکاتە سەر. بزووتنەوەی دیاردەناسی فەرەنسی، کە لە ژێر کاریگەری فەلسەفەکانی هێدسرل و هایدیگر دایە خۆی لە دوو ڕووناکبیردا دەبینێتەوە؛

١- پۆل ریکۆر

٢- ئێمانوێل لویناس

**(ئێمانوێل لویناس ١٩٠٦ - ١٩٩٥)**

لویناس بە ڕەخنەگرتن لە بوونناسیی کلاسیکی ڕۆژاوا، بە تایبەتی مەسەلەی ڕەوشت، جارێکیتر لە ناو باسەکانی ڕووناکبیریی فەرەنسا دادەنێت. لە

ڕوانگەیەکی دیکەی لویناسەوە، بوونناسی هێگل ئێمە بەرەو ئەندێشەی ململانێی نێوان سوژەیەکیتر دەبات، کە دەبێت جێیبێڵین و بە فەلسەفەیەکی دیکە بگەین. هەڵەی گەورەی لویناس لەوەدایە کە بە ڕەخنە لە بوونناسی کلاسیکی ڕوژاوا، بنەمای بووناسییەکی دیکە بۆ ڕووناکبیری لەبەر چاو ناگرێت، بەڵکوو تەنیا ڕاسەری بە ڕەوشت دەبەخشێت لە نامۆییدا.

ڕووناکبیریی لویناس، بابەتی ئاگایی دەربارەی ئەویتر لە شوێن ئاگایی مێژوویی و دیاردەناسیی هێگلی دادەنێت. ڕەوتێکی دیکە کە لە ڕووناکبیریی فەرەنسا کە ڕەخنە لە بوونناسی کلاسیکیی ڕۆژاوا دەگرێت، بەڵام نەک لە هایدگەر و هێدسل، بەڵکوو لە ژێر کاریگەری نیچە و کانت دایە، ژان فرانسوا لیوتار لە دامەزرێنەرانی ئەندێشەی پاش مودێرنە، ئەو باس لە کۆتایی گێڕانەوە بەربڵاو و گشتگیرەکان دەکات.

**(ئۆردوگای ئاشۆویتس ١٩٤١)**

ئێمە بە قۆناغێک گەیشتووین کە هیچ شێوە ڕوانینێکی بەربڵاوی دیکە بوونی نییە، ئێمە تەنیا لە جیهانێکدا دەژین کە تیایدا گەمە گشتگیرەکان بەڕێوە دەچن، لە ڕوانگەی لیوتارەوە سەرەنجام ئاوەزخوازیی قۆناغی ڕۆشنگەری لەگەڵ "ئاشۆویتس" کۆتایی پێ دێت. لیوتار پێیوایە پاش مودێرنەکان شتێک جگە لە پاش مودێرن بە ئێمە نابەخشن و پرۆژەی فەلسەفەی سیاسی بۆ ڕووناکبیرییان نییە و تەنیا کارێک کە دەتوانین بیکەین ئەوەیە کە بیرلە قەیران و ململانێیەکانی مودێرنیتە بکەینەوە. لێرەدا دەکرێت ڕوانینی نوێی کەسانی وەک لیوتار بۆ کانت ئاماژە پێ بکەین، ئەو کانتەی کە ئەوان مەبەستیانە لەگەڵ ئەو کانتەی کە لە ڕەوتی "نوێ کانتی"یەکان، واتە پۆل ڕیکۆر و کەسانیتر ئاماژەی پێ دەکەن جیاوازە.

لیوتار ڕەخنە لە هێزی دەسەڵاتداری کانت و جوانیناسییەکەی دەگرێت، لە کاتێکدا پۆل ڕیکۆر زیاتر ئاوڕ لە ڕەخنەی دووهەمی کانت واتە ڕەخنەی ئاوەزی کردەیی دەداتەوە.

ڕوانگەی ڕووناکبیرێکی وەک لیوتار بۆ ئەم پرسیارەیە؛ لە دەرەوەی ئێمە چ ڕووداوێک دەقەومێت؟

واتە لەم شوێنەدا کە ڕووناکبیرێکی وەک لویناس دەرەوەی ئێمە "ئەویتر" ناو دەنێت، لیوتار، دەرەوە وەک ئاراستەیەک دەبینێت کە بۆ ئێمە ڕوو دەدات. کەوابوو لێرەدا جارێکیتر ڕووناکبیریی فەرەنسا مەسەلەی "خۆ" و "ئاگایی" دەخاتە ژێر

پرسیار. له لایەک روانینێکی رووناکبیریمان هەیە کە بنەمای بیردۆزی خۆی لە فەلسەفەی رەوشتدا دەبینێت و لە لایەکی تر روانگەیەکی رووناکبیریمان هەیە کە ئەوە دەخاتە بەر باس کە کێ "یاسادانەر"ە؟

لە رووناکبیریی فەرەنسادا بیرمەندانی وەک پۆل ریکۆر هەن، کە لەگەڵ ئەوەی لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ئاڵمانی هێدسرێل دایە، لە هەمان کاتدا لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی فەرەنسی"گابرییەل مارسێل"یش دایە. نەک بەدوای پاش مودێرنەکان و رەخنەی فەلسەفەی مێژوودایە، نەک بەشوێن لویناس و بابەتێکی ترەوە. ئەو بە دوای داهێنان لە بواری فەلسەفەی سیاسیدا وێڵە. ریکور بە خوێندنەوەیەکی نوێ لە "ئارتو" هەوڵدەدات تا باسێکی نوێ لە بواری پلۆرالیزم و دیموکراسی بێنێتە ناو باسە رووناکبیرییەکانی فەرەنسا. ریکۆر بە هێنانەبەر باسی مەسەلەی خۆ یان خود لە دیکارت و لە هەمان کاتدا لە خۆنیچەیی دادەبڕێت (خۆنیچەیی کە ئەگەر "بەرزەمرۆڤ" نەبێت، خودێکە کە بە سووکی سەیردەکرێت).

خودێک کە ریکور باسی لێوە دەکات "خود بە وێنەی ئەویتری" دێت، ریکور مەبەستی ئەوە نییە کە فەلسەفەی هێگلی وەلا بنێت، چونکە پێیوایە ئەمڕۆییە. بۆ ریکور باسێک کە لە فەلسەفەی هێگلدا تەواوە، باسی ئاگایی دیاردەناسییە، نەک باسی گەیشتن بە دەوڵەتێک. ریکور لەگەڵ پرۆسەی دیاردەناسی فەلسەفەی هێگل هاوڕایە و لە هەوڵی گەڕان بۆ پێکهێنانی دیاردەناسییەکی خودیدایە. ریکور هەوڵدەدات ڕێگەچارەیەک بۆ مشتومڕی لۆژیکی نێوان "گشتیی بوون" و "پاژەکیی بوون" بدۆزێتەوە، بە بێ ئەوە بە خودێکی بچووککراو لە بەرانبەر گشتی دا، یان فەلسەفەی گشتیی بوون و تەواوخواز بگات. بەم پێیە رووناکبیریی فەلسەفی پۆل ریکور، رووناکبیریی کۆتایی مێژوو نییە، کە ئێمە لە بیرمەندانی پاش مودێرن دا دەیبینین. ریکور رووناکبیرێکە کە جارێکی تر فەلسەفەی مێژوو دێنێتەوە ناو پرۆسەی ئەندێشەی رووناکبیریی فەرەنسا و ئەم کارە لە سێ بواردا ئەنجام دەدات؛

١- بە لەبەرچاوگرتنی فەلسەفەی زمان (خۆزماننناسی)

٢- بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونیی مێژوویی خود

٣- بە لەبەرچاوگرتنی فەلسەفەی سیاسیی خود (خودێک کە لە قۆناغی زماننناسی و مێژوویی بە قۆناغی بەرپرسایەتی دەگات).

(College du France– ۱٥۳۰ دامەزراوە)

ڕووناکبیریی ئەمڕۆی فەرەنسا، ئیتر قۆناغە زێڕینەکانی خۆی تێپەڕ ناکات. بەشی هەرە زۆری ئەم ڕووناکبیرییە لە چوارچێوەی ناوەندەکانی زانکۆ و بان زانکۆیی وەک (College duFrance) چالاکییان هەیە. کاتێک ئاوڕ بۆ دواوە دەدەینەوە، دەبینین کە سارتەر و بۆدیار خۆیان ناوەند بوون و سەر بە هیچ ناوەندێک نەبوون. ئەمڕۆ گۆڤارەکانی وەک (Temps Moderns) و (Esprit) و (La regle du Jeu) خاوەنی ئەو هێزە سیاسیی و ڕووناکبیرییە نین، کە سەردەمانێک گۆڤاری (Les Temps Moderns) هەیبوو. ڕووناکبیری لە فەرەنسا بۆ بارودۆخێکی تێپەڕ لە گۆڕان دایە، کە لە لایەک بەرەو شێوازێکی تر دەڕوات.

١- ڕەنگە هۆکاری ئەم داکشان و هەرەسهێنانە لە مەرگی گەورە ڕووناکبیرانیی فەرەنسا، وەک سارتەر، ئارۆن، فۆکۆ، لیوتار، بودریار و ... بزانین

٢- هەروەها هۆکارێکی تر دەکرێت کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و لەناوچوونی ئایدۆلۆژییەکان و هەروەها پرۆسەی جیهانیی بوونی سیاسەت و ئابووری بێت کە ڕووناکبیر- هاوڵاتی بۆ ڕووناکبیری ئەکتەر دەگۆڕێت.

ڕووناکبیری فەرەنسی ئیتر سەیرکەرێکی بەرپرسیار(بە وتەی ئارۆن) نییە، بەڵکوو ئەکتەرێکی بێلایەن و نادەروەستە کە خۆی بۆ بەکارهێنەر گۆڕدراوە. ئەوەی کە زۆر گرنگە بەشداری لە دەزگای ڕاگەیەندنە گشتییەکانە، نەک ڕەخنەگرتن لە خودی ئەو دەزگایانە. ڕەخنەی ڕووناکبیریی لە سیستەمی خۆی لە ناو سیستەمی بێدەنگ کراودایە. ڕەنگە بە شێوەیەک بتوانین بڵێین کە ئارمانی دریفوسیی ڕووناکبیریی فەرەنسی ئەمڕۆ تووشی قەیران بووە، چونکە تووشی شێوەیەک پاوانخوازی نوێ هاتووە.

بە واتایەکی تر، ڕووناکبیرانی فەرەنسا لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی سەدەی بیستەمدا بە ئاواتی مەزنی پێکهێنانی مەزهەبە سیکولارە نوێیەکان لە چوارچێوەی فاشیزم یان کۆمۆنیزم و بە هەرەسهێنانی بتەکان و پێغەمبەرەکان بە ڕووناکبیری گەیشتن.

# چاوپێکەوتنی پاشکۆی ئەدەبیی ڕۆژنامەی (النصر)ی جەزائیری لەگەڵ نووسەر و وەرگێڕ سەباح ئیسماعیل-دا



**نووسەر و وەرگێڕی کورد سەباح ئیسماعیل: حەز دەکەم هەموو ڕۆمانەکانی واسینی ئەلئەعرەج و سێیینەکەی ئەحلام موستەغانی بگۆڕمە سەر زمانی کوردی.**

**دیمانە: نەوارە لەحرش**
**گۆڕینی بۆ کوردی: بورهان ئەحمەد**

سەباح ئیسماعیل نووسەر و وەرگێڕێکی کوردە، گێڕانەوە (السرد)ی عەرەبی سەرنجی ڕاکێشاوە و چەندین ڕۆمانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەو ڕۆمانانەش پاش ئەوەی بەچاپە کوردییەکەی بەر دیدەی خوێنەران کەوتووە، لە نێوەندی ئەدەبی و لەلایەن خوێنەرانەوە پێشوازی گەرموگوڕیان لێکراوە، لەو ڕۆمانانەی لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاون: ڕۆمانی (تاکسی)ی نووسەری میسری خالید خەمێسی، کە لە دەزگای ئاراس لە شاری هەولێر چاپکراوە، (شەماعییە)ی نووسەری عێراقی عەبدولستار ناسر، (باڵەخانەی یاقووبیان ) و (شیکاگۆ)ی نووسەری میسری عەلا ئەسوانی، (درێژترین ساڵ)ی نووسەری دوورە وڵات زوهدی داودی، (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)ی نووسەری سودانی

ئەلتەیب ساڵح، (مرۆڤێک ناوی لەناواندا نییە)ی نوسەری جەزائیری واسینی ئەلئەعرەج. کتێبی ( چەمک و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا) کە لە نووسینی خۆیەتی، هەروەها (کەسایەتی تاکی عیراقی)ی نوسەر باقر یاسین و کتێبی (موبارەک و سەردەمەکەی) کە حەسەنەین هەیکەل دانەرێتی، گۆڕیویەتییە سەر زمانی کوردی، ئێستاکەش بە وەرگێڕانی (ریشەکێشکردن و دکتاتۆرییەتی تاک باوەڕی)ی باقر یاسین و رۆمانی (ماڵە ئەندەلووسییەکە) ی واسینی ئەلئەعرەجەوە سەرقاڵە. پێدەچێ لەم مانگەشدا لە وەرگێڕانی (عیراقییەک لە پاریس) ی سمۆئیل شەمعوون ببێتەوە. سەباح ئیسماعیلی نووسەر لەدایک بووی ساڵی (١٩٦١)ی شاری کەرکوکە، وەک ئەندازیارێک لەیەکێک لە فەرمانگە میرییەکان کار دەکات، بەردەوام کاری وەرگێڕان بۆ گۆڤاری "واتە" دەکات، ئەو بە یەکێک لە پڕ بەرهەم و ناودارترین وەرگێڕ لەقەڵەم دەدرێت کە زۆرترین رۆمانی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەم دیمانەیەدا نووسەرو وەرگێڕ سەباح ئیسماعیل دەربارەی کاری وەرگێڕان و ئەدەبی عەرەبی دەدوێت، هەروەها لەبارەی ئەزموونەکانی خۆی لەوەرگێڕانی کارەکانی واسینی ئەلئەعرەجەوە قسەمان بۆ دەکات و حەز و نیازی خۆیشی لەوەرگێڕانی رۆمانەکانی ئەحلام موستەغانی و هەندێک پرۆژەی تری خۆیمان لە بواری وەرگێڕاندا بۆ ئاشکرا دەکات . ئەوەی شایانی وتنە ناوبراو لە ئێستادا خوێندکاری کۆلێجی زمانە لە بەشی زمانی ئینگلیزی.

**ژمارەیەک رۆمانی عەرەبیت وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئایا ئەمە خولیا و حەزەکانت بوون بۆ ئەدەبی عەرەبی وای لێکردی وەریان بگێڕیتە سەر زمانی کوردی، چۆن ئەو پەیوەندییەت دەستپێکرد؟**

زۆرێک لە نووسەرانی کورد زمانی عەرەبی دەزانن، وەلێ بەداخەوە زۆربەی وەرگێڕانەکان لە ئەدەبی جیهانییەوە لە رێی زمانی عەرەبییەوە بووە بێ ئەوەی راستەوخۆ لە زمانی عەرەبییەوە کاری وەرگێڕان بکەن، دەشێ یەکەمین کاری وەرگێڕان لە بواری رۆمانی عەرەبیدا لە وەرگێڕانی رۆمانی (رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست)ی عەبدولرەحمان مونیف و (یادوەریی جەستە)ی ئەحلام موستەغانییەوە دەستی پێکردبێت، لەو چوارچێوەیەشدا سەرەتایەکی نوێ بۆ رووکردنە زمانی عەرەبی و داهێنانەکانی دەستپێکرد.

پێوەندی من بەئەدەبی عەرەبییەوە لە خوێندنەوەی رۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)ی نووسەری داهێنەری سوودانی (ئەلتەیب ساڵح)وە

دەستی پێکرد، کاتێک ئەو رۆمانەم خوێندەوە قوتابی قۆناغی ئامادەیی بووم، رووداوەکانی لە یادەوەریی مندا وەک نەخش و نیگار مانەوە، پاش بیست ساڵ وای لێکردم جارێکی دی بیخوێنمەوە و پاشتر وەریگێڕم، دوای بڵاوبوونەوە و پێشوازیی زۆری خوێنەری کورد بۆ رۆمانەکە، وایلێکردم زۆرتر رۆبچمە نێو قووڵاییەکانی ئەم ئەدەبە جوانەوە و ئەوەشم بۆ ئاشکرا بوو بەوەی ئەدەبی عەرەبی نەک تەنیا لە لای ئێمە، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش لە بیرکراوە، هەر بۆیە دەکرێت کارەکانی هەندێ نووسەری عەرەب بەبێ دوودڵی بگۆڕدرێنە سەر زمانەکانی جیهان، لەم چوارچێوەیەشدا دەبێت بەو پەڕی بڕوا و شانازییەوە ئەمە بکرێت. ئەمە کورتەیەک بوو دەربارەی ژیان و کاروانی من لەگەڵ ئەدەبی عەرەبیدا.

**کارە وەرگێڕانەکانت لە نێوەندی ئەدەبی کوردی چۆن پێشوازییان لێکرا، ئایا دەنگدانەوەیان لای خوێنەر هەبوو؟**

کاتێک رۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)م وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی زۆری لەسەر نووسرا، هەروەها گەلێک لە خوێنەرانیش پێوەندییان پێوە کردم و بۆ بەردەوام بوونم، لەو رووەوە هانیان دام، هەر بۆیە چاپی یەکەمی لەماوەیەکی دیاریکراودا لە کتێبخانەکاندا نەما، ئێستاکەش دوای ئەوەی رۆماننووسی ناوداری سوودانی و خوشکەزای ئەلتەیب ساڵح (ئەمیر تاج ئەلسر) پێشەکییەکی بۆ چاپە کوردییەکەی هەمان رۆمان نووسیوە، بەنیازم بۆ جاری دووەم چاپی بکەمەوە. هەروەها هەردوو رۆمانی (باڵەخانەی یاقووبیان) و (شیکاگۆ)ی عەلا ئەسوانی بۆ دووەم جار چاپکراونەتەوە، ئەمەش بەهۆی تەواو بوونیان بوو لە کتێبخانەکاندا.

**لە بواری وەرگێڕاندا کام رۆمانی عەرەبی دەسپێکی کارەکانت بوو . ئەوەت لەسەر چ بنەمایەک هەڵبژارد؟**

یەکەمین رۆمانێک کە وەرمگێڕا، رۆمانی (کۆچ بەرەو باکوور) بوو، بارودۆخی دەروونی قارەمانی رۆمانەکە، کە مستەفا سەعید بوو لە باری دەروونیی هەر گەنجێکی کورد دەچوو لەسەردەمی رژێمی بەعسی رەگەزپەرستی دژ بەمرۆڤایەتی، ئێمە هەستمان بە نائومێدی و شکست و لە گۆڕنانی هیواکانمان دەکرد، هەستمان بەداگیرکاری و پەراوێزخراوییەکی نادیار دەکرد، باشترین چارەسەریش ئەوە بوو لەو واقیعە ئازاربەخشە هەڵبێین و خۆمان لەگەڵیدا بگونجێنین، کێشەی مستەفا سەعید کێشەی داگیرکراوێکی دیار بوو، وەلێ

ئێمە ئەوەی لەهەموو لایەکەوە داگیری کردبووین نادیار بوو، لێرەدا من جۆرە هاوشێوەیەکم لە نێوان هەردوو لاماندا دۆزییەوە، هەر بۆیە بۆ ئەوەی وەک کەسانی رابوو هەناسە بدەم بەپلە یەک ئەو رۆمانە بەچێژەم بۆ خودی خۆم وەرگێڕا.

**رۆمانی (مرۆڤێک ناوی لە ناواندا نییە)ی واسینی ئەلئەعرەجت وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەبەرچی بەتایبەت ئەم رۆمانە؟ چی تۆی بەوەوە گرێداوە ؟ ئەدی ئەزموونت لەگەڵ رۆمانەکانی دیکەیدا چۆنە ؟**

– بێگومان واسینی نووسەرێکی جیاوازە و جێگای شانازیی فەرهەنگی مرۆڤایەتییە، کاتێک بۆ یەکەم جار واسینیم خوێندەوە، داخی ئەوەم خواست کە نووسەرگەلێکی داهێنەری وەک ئەو هەن و ئێمە نایانناسین، کاتی خۆی زۆرم لەبارەی شۆڕشی جەزائیر خوێندۆتەوە، ئەو کات وامدادەنا کە شۆڕشێکی پاک و نموونەیی و دوور لە دکتاتۆرییەت و گەندەڵی و مشەخۆرییە، لێ پاش خوێندنەوەی ئەم رۆمانە، لام روون بووەوە کە شۆڕشەکان لاپەڕەی سپی نین، بەڵکو تیایاندا لاپەڕەگەلی رەش و ترسناک هەن، هەروەها بۆم دەرکەوت لەنێو شۆڕشەکانیشدا پیلان دژ بەشۆڕشگێڕە راستەقینەکان دەگێڕدرێت، ئیدی دڵنیابووم لەوەی شتێک نییە بەناوی پیرۆزییەوە، واتە دەبێت بەگومانەوە لەهەموو رووداوەکان بڕوانین، ئەمەش بۆئەوەیە تاکو خوێندنەوەیەکی باشمان بۆیان هەبێت، نەک خوێندنەوەیەکی حازرەکی و دوور لە رامان و گفتوگۆ و دیالۆگ، دوای خوێندنەوەی واسینی حەسرەتم بۆ ئەوە کێشا کە من درەنگ ئەوم ناسیوە و لەوەش تێگەیشتم بەوەی لە جەزائیردا نووسەرانێک هەن پێویستە بیانخوێنینەوە و کارەکانیان وەربگێڕین، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە دەرگاکانمان والا بکەین تاکو ئەدەبی جەزائیری بگاتە نێو ماڵەکانمان و کتێبخانەکانمانی پێ دەوڵەمەند بکەین. ئەزموونی من لەگەڵ رۆمانی (مرۆڤێک ناوی لە ناواندا نییە) وێڕای ئەوەی کە ئەم رۆمانە جۆرێک لە چێژ و ئارامیی دەروونی پێ بەخشیم، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا لە وەرگێڕانیدا تووشی دوو گرفت بووم، چونکە واسینی گەلێک زاراوەی خۆماڵی بەکار دەهێنێت، بەڕاستی لەمەدا ئەگەر هاوکاری و کۆششەکانی نووسەر نەوارە لەحەرەش نەبوونایا لە سادەکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو زاراوانەدا، ئەوا تاکو ئێستاکەش رۆمانەکە بەڕەشنووسی دەمایەوە.

**وادیارە لە وەرگێڕانەکانتدا زۆرتر گرنگیت بەبواری گێڕانەوە (السرد) دابێت ئەدی دەربارەی شیعر، ئارەزووی وەرگێڕانیت نییە؟**

سەرەڕای مەزنیی شیعر، لەهەموو ژیانمدا دیوانێکی شیعریم بە تەواوی نەخوێندۆتەوە، لەبەر ئەوەی زۆر چێژ لە شیعر وەرناگرم، هەر بۆیە سەرکێشی لەوەرگێڕانی شیعر ناکەم، ئەمەش لەبەر ئەوەی توانام بەسەریا ناشکێت، لە سەرەتاشەوە کە خووم بەخوێندنەوەوە گرت بەدوای ڕۆماندا دەگەڕام، هەر بۆیە لە کاتێکدا کە لە شیعر دوور دەکەومەوە ڕۆمانێکی زۆر دەخوێنمەوە، بێگومان خوا نەخواستە ئەمە کەمکردنەوە نییە لە شیعر، شیعر پێویستی بەکەسێکی دڵناسک هەیە، بەمرۆڤێکی عاشق، بەمرۆڤێک وەختێک شیعرێکی بۆ دەخوێنیتەوە وەک ئەوە وابێت لەناو قەسیدەکەدا گوێ لە مۆسیقا بگرێت.

**خۆشەویسترین ڕۆمانێک بەلاتەوە لەناو ئەوانەی وەرتگێڕاون کامیانە؟**

هەموو ئەو ڕۆمانانەی وەرمگێڕاون خۆشم دەوێن، ناتوانم یەکێکیانم لەوی تریانم خۆشتر بوێت، چوونکە هەموو ڕۆمانێک تایبەتمەندی و تەکنیکی خۆی هەیە کە جیاوازە لە ئەوەی تر، بەپلە یەک من ئەو ڕۆمانانە بۆ خۆمم وەرگێڕاون، ئینجا بۆ خوێنەر، من لەسەر بنەمای ناو و ناوبانگی ڕۆمان وەرناگێڕم، ڕۆمانێک وەردەگێڕم کە خۆم حەزی پێ دەکەم، ئەگەر لەگەڵیدا نەگونجێم ناتوانم وەریگێڕم.

**ئایا کاری وەرگێڕانت بۆ نووسەرێک کردووە کە پێشتر نەتناسیبێت یان ئەمە بەپێچەوانەوە ڕوویداوە؟**

بەڵێ، زۆربەی ئەو نووسەرانەی کاری وەرگێڕانم بۆ کردوون خۆم دۆزیومنەتەوە و ناسیویانم، ئەمەش دوای خوێندنەوەی دەیان ڕۆمان هەڵمبژاردوون، ناو بەلامەوە گرنگ نییە، خودی ڕۆمانەکە بەلامەوە گرنگە، بۆ نموونە من واسینیم بە خوێنەری کورد ناساند، پێشتر من هیچ شتێکم دەربارەی ئەو بە کوردی نەخوێندبووەوە، هەروەها عەلا ئەسوانی و خالید خەمیسیش بەهەمان شێوە.

**ئایا بەنیازی بەم زووانە هەندێ ڕۆمانی جەزائیری وەربگێڕی؟**

وەک پێشتر وتم کەمتر ڕۆمانە جەزائیرییەکانم خوێندۆتەوە، بەڵام گەڕانم بە دوواریاندا بەردەوامە، ئەگەر لە تواناندا هەبێت پێمخۆشە هەموو ڕۆمانەکانی واسینی وەربگێڕم، هەروەها حەزیش دەکەم سێینەکەی ئەحلام موستەغانی

وەربگێڕم، هەرچەندە پێشتریش وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

**سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕۆمانەی ئەحلام موستەغانی پێشتر وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەدی ئەو نهێنییە چییە کە دەتەوێت جارێکی دی وەریبگێڕی؟**

هەموو وەرگێڕێک لە وەرگێڕاندا زمان و شێوازی تایبەت بەخۆی هەن، زۆرێک لە تێکستە جیهانییەکان لەیەک زماندا چەند جارێک وەرگێڕاون، ئەمەش زۆر باوە بەتایبەتی لە ئێراندا، لەبەر ئەوەی لە کاتی خویندنەوەی ئەو سێیینەدا تەواو تێکەڵی بوبووم، هەروەها کاریگەریی زۆریشی لەسەر دانام، هەستم بەو گۆرانکارییەش کرد کە لە مندا هێنایە کایەوە، هەر بۆیە هیواخوازم وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی.

**لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە دەتەوێت چی بڵێیت، ئایا هیچ ڕۆمانێکی کوردیت وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی؟**

بە داخەوە لەبەر سەرقاڵیم هیچ هەوڵێکم بۆ گۆڕینی ڕۆمانی کوردی بۆسەر زمانی عەرەبی نەداوە، ئومێدخوازم ڕۆمانەکانی نووسەری دوورە وڵات بەختیار عەلی بگۆڕمە سەر زمانی عەرەبی، لەبەر ئەوەی ئەو بە ڕاستی ڕەهەندێکی دیکەی بەخشییە ڕۆمان، بەداخەوە ئەو نووسەرێکی زوڵم لێ کراوە، کاتێک یەکێک لە ڕۆمانەکانی وەرگێڕدرایە سەر زمانی فارسی، یەکێک لە ڕەخنە نووسە بەناوبانگەکانی فارس وتی: هەموو کتێبەکان بخەنە لاوە، ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی بخوێننەوە، ئومێدەوارم یەکێک لە ڕۆمانەکانی وەربگێڕمە سەر زمانی عەرەبی.

**دەربارەی سەلیم بەرەکات دەتەوێت چی بڵێیت، ئەدەبەکەی ئەو زیاتر لەسەر ئەدەبی عەرەبی دەژمێردرێت نەک ئەدەبی کوردی، ڕای تۆ دەربارەی ئەمە چییە؟**

سەلیم بەرەکات یەکێکە لە نووسەرە داهێنەرە کوردەکان، ئەدۆنیس لە بارەی ئەوەوە دەڵێ: (کلیلی زمانی عەرەبی لە گیرفانی نوسەرێکی کوردایە) ئەدەبەکەی بەرەکات و یەشار کەمال و محێدین زەنگەنە و زۆرێک لە نووسەرانی کورد، کە بەزمانەکانی تر نووسراون بۆ ئەدەبی ئەو زمانە ئەژمار دەکرێن کە پێی دەنووسن.

**واسینی پێشەکییەکی دوورو درێژی بۆ وەرگێڕنە کوردییەکەی (مرۆڤێک ناوی لەناواندا نییە) نووسی، کە لەگەڵ چاپکراوە کوردییەکەدا دابەزی و دەستخۆشیی لە هەوڵ و کارەکەت کردووە. ئەوەی پێشەکی دەیخاتە سەر کاری وەرگێڕان چییە؟**

کاتێک داوام لە واسینی کرد بۆ ئەوەی پێشەکییەک بۆ وەرگێڕانە کوردییەکەی بنووسێت بەخێرایی و دڵفراوانی وەڵامی دامەوە و بۆی ناردم، نووسینەوەی پێشەکی وەک دانپیانانێک وایە بۆ پیشاندانی رەزامەندی لەوەرگێڕانی رۆمانەکەی، هەر ئەمەش بوو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە داوای لێکردبووم، دووەمیش نووسینەوەی پێشەکی لەلایەن نووسەرەوە بڕواو متمانە دەبەخشێتە خوێنەر و دانپیانانێکیشە لەلایەن نووسەرەکەوە بەزمان و ئەدەبی وەرگێڕەکە، ئێمە گەلێکین بۆ رەوایی و پاڵپشتیی مەسەلەکەمان پێویستمان بەم جۆرە نووسەرانەیە، کورد لەو جۆرە میللەتانەیە بەدووای تۆڵەسەندنەوەدا ناگەڕێ و ئاشتیشی زۆر خۆشدەوێ و میللەتێکی لێبوردەیە. ئەوەی گەلی کورد بناسێت هەست بەم چاکەکاری و خۆشەویستییەی دەکات، هەر ئەمەش بوو واسینی هەستی پێ کردبوو وەختێک پێشەکییەکەی بۆ نووسی.

**ئەو پاڵنەرانە چی بوون وای لێکردی کتێبی (موبارەک و سەردەمەکەی) نووسەر محەمەد حەسەنەین هەیکەل بگۆڕێتە سەر زمانی کوردی؟**

لەبەر پێویستی گۆڤاری (واتە) بۆ ئەم جۆرە بابەتانە ئەم کتێبەم وەرگێڕا، ئەمەش بۆ ئەوە بوو تاکو خوێنەری کورد زانیاری لەبارەی رەفتارو سیاسەتی سەرۆکەکانی رۆژهەڵاتەوە هەبێت، بۆ ئەوەی بزانن ئەو سەرۆکانە چەند لە گەلەکانیانەوە دوورن و لەبری بیرکردنەوە لە گەلەکانیان و ئاسانکاری کردن بۆ خۆشگوزەرانی ژیانیان تەنیا خەریکی ئارەزووەکانی خۆیانن.

**لە ئێستادا خەریکی کام رۆمانی، هەروەها وەرگێڕان لەلای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

بەنیازم کۆتایی بەوەرگێڕانی رۆمانی (عێراقییەک لە پاریسدا)ی نووسەر سەمۆئێل شەمعوون بهێنم، دوای ئەوەش دەست بەوەرگێڕانی رۆمانی (ماڵە ئەندەلووسییەکە)ی واسینی ئەلئەعرەج دەکەم. هەڵبەت وەرگێڕ پەیامبەری فەرهەنگ و کلتوور و ویژدانی زیندووی مرۆڤایەتییە، هەروەها کردنەوەی پەنجەرەگەلێکە بەڕووی ئەدەبی ئەوانی تردا، بەهێز و توانایشە بۆ نزیکبوونەوەی فەرهەنگەکان لە یەکتر و مۆرڤایەتیش لە یەکتر نزیک دەکاتەوە، تاکو سوود لە ئەزموونەکانی یەکتر وەربگرن و دەرگا داخراوەکان لەبەردەم یەکتردا واڵا بکەن،

دواجار وامان لێدەکات جۆرە بەراوردێک لە نێوان خۆمان و ئەوانی تردا بکەین، وەرگێڕان زەمەن کورت دەکاتەوە و هەنگاوەکانمان بەرەو پێشەوە خێراتر دەکات، من رام وایە ئێمەی کورد زۆرتر پێویستمان بەوەرگێڕانە نەک بەدانانی کتێب. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئێمە لە سەرەتای رێگەکەداین و ئەزموونەکانمان لە چاو میللەتە پێشکەوتووەکانەوە پێویستی بەوەرگرتن و لێکۆڵینەوە و گەڕانی زیاتر هەیە.

**دوا وشەت دەتەوێت چی بڵێت؟**

داخم بۆ ئەوەیە کە لە هەموو نیشتمانی عەرەبیدا نوسەرێکی عەرەب نییە کوردی بزانێت، تاکو لەو زمانەوە کاری وەرگێڕان بکات، ئەمە جگە لە دەلالەتی خۆشەویستی لە نێوان کلتوورەکانی رۆژهەڵات شتێکی تر نییە، مەرج نییە ئەدەبی نەتەوە گەورەکان ئەدەبێکی باڵاو داهێنەرانەتر بێت لە ئەدەبی میللەتە بچوکەکان، هەر بۆ نموونە لە رێی نووسەرێکی مەزنی وەک رەسوڵ هەمزەتۆڤەوە گەلی ئاڤار دەناسرێت و میللەتی قەرغیزیش لە رێگای رۆماننووس جەنگیز ئیتماتۆڤەوە دەناسرێت. داهێنەرانی کورد کەم نین، حەز دەکەین دەنگمان بگاتە هەموو ماڵێکی عەرەبی، نامانەوێت کورد تەنیا لە رێگەی ئازارو مەینەتییەکانییەوە بناسن، بەڵکو لە رێگەی فەرهەنگ و رۆشنبیرییە مرۆڤ دۆستانەکەیەوە بناسرێت.



# گوڵە سوورە

(نمایشنامە)


فارووق صەبری*

و. لە عەرەبییەوە: جەلال زەنگابادی


(کەرەکتەرانی ئەم دەقە: هۆزانڤانی کوردی عیراقی (فایق بێکەس) و خەونداری کوردی عیراقی (لەیلا قاسم)ە. هەڵبەتە هەردووکیان ناسراون و لە کۆهویری کوردیدا نەخشبوونە. هەروەهاش لە دیمەنێن هۆزان و خەباتداو لە دوو قۆناغی زەمەنی جودا ژیاون و لە مانا و لە بنیادا جیاوازن، بەڵام لە ئازارو خەون و خولیادا ئامێتەن. هەندێک لە رووداوی دەقەکە ژێرخانی واقیعی هەیەو هەندێکی تری لە ئەندێشگەی نووسەر هەڵقووڵاون و بە رووداو و دیاردەکانەوە پەیوەستن، بە مەبەستی ورووژاندنی پرسیارانێکی هۆش بزوێنەر، لە پێناو دەربازبوون لە بنەما نەگۆڕەکاندا).

## دیمەنی یەکەم

(شانۆ بێ دیکۆرە. نیمچە تاریکە. رووناکی سپۆت لایت هێدی هێدی بڵاودەبێتەوە... پاشان دوو کەسی ئەدگار نادیار لەلای راست و چەپی شانۆوە دەردەکەون. لە کاتی بڵندبوونەوەی پلەی رووناکی و دەنگی شمشاڵ لەسەر ریتمی سترانی (گوڵی خوێناوی)ی (عومەر دزەیی) دا، هاتوهاواری ئافرەتێک بە دەنگێکی غەمگین - بەڵام نەک ملداو- دەهەژنەفین، وەل بەرزبوونەوەی پلەی رووناکیدا دەبینین ئافرەتەکە دووگیانەو لە لای چەپی شانۆدا دانیشتووەو

بەرەبەرە هاوارەکەی بەرزدەبێتەوە، لەو کاتەش پیاوێک لە لای راستەوە دەردەکەوێت و هۆزان دەسرووددێ و روو لە ئافرەتەکە دەکات کە دەگری و بەسەرسامی و کۆڤان و حەیرەتەوە تەماشای پیاوەکە دەکات).

لەیلا قاسم:

دەمەگری مەگری چاوانـت دێشێ
دایکت نەماوە رۆڵە نازت بکێشێ [1]

فایق بێکەس:

ئەی کورد بەسیەتی تا کەی ئەم شیوەن و فیغانە
بێ سوودە ئۆف و ئامان لەم عەصرە بێ ئەمانە
پـاڕانـەوە و کەســـاســـی بێ کەڵـکە پارەنـاکا
عەزم و پە بات و غیرەت پێویسـتە لەم زەمـانە[2]

**دیمەنی دووەم**

( بێکەس کتێبێکی بەدەستەوەیە و بە هێمنی لە ئافرەتەکە نزیکدەبێتەوە، تا دەچێتە نێو بازنەی رووناکییەوە، کەچی لەیلا هێمان بە دەنگێکی غەمگین و کپکراو هاواردەکات).

بێکەس: ئەرێ تۆ کێیت .. تۆ...؟!

لەیلا: (قسەی دەبڕێ و بە خەم و سۆزو پرسینەوە سەیری دەکات و هەندێک وشەی پچڕاوی روون و ناڕوون دەڵێت و چمان منەی شتێکی بزر بکا دەڕوانێتە دەورووبەری خۆی و بە بزاڤێکی خێرا جارێک و بەکاوەخۆ جارێکی تر دەست لە زگی دەدات):

– ئێوە لە کوێن؟... ئەوەتا خوێن... خوێن
ئاگـ ـ رکـ ـ ـەوتـ ـ ـۆتـ ـ ـەوە ەەەە دارگوێز سوووووووتاااااا
کوانێ گۆڕەەەەەەەەەەەەەەەەکانتان؟!
(دگەڵ دەنگی شمشاڵدا بێدەنگ دەبێ و پاشان دەپەیڤێ):
– ها ئەوەتا مانگ هەڵدێ ێ ێ
بیستم شیعر دەخوێنیتەوە... (کورتە خامۆشییەک) ئەرێ تۆ شاعیری...؟!

بێکەس: دەتوانی ئەوە بڵێی...

(بێکەس روو لە لەیلا دەکات و بەقووڵیی سەیری چاوانی دەکا، چمان کارەسات و وەیشوومەکانی تێیاندا دەبینێت. پاشان کەمێک دووردەکەڤێتەوە، چونکە هەست بە سەختی و قورسیی ئەو دیمەنانە دەکات):

– هەمووومان ئەو کارەساتانەمان بەخۆدیوەو تێیانا ژیاوین و ئێستاش، کەچی بەشێوەگەلێکی جیاوازو لەگەڵ ناو و روخسارانێکی ترا...

لەیلا: (هەندێک بە تووڕەییەوە رادەپەڕێت):

– ئەڵێی ئەو کارەساتانەمان بەخۆدیوەو تێیانا ژیاوین، جا چۆن تێیانا ژیاوی و هێمان تێیانا دەژی؟ ئاخۆ بەرهەڵستیت کرد؟ ئاخۆ ئەوانەت رسواکرد؟ ئایا زیانت پێ گەیشت؟ ئایا فرمێسکی چاوی منت سڕییەوە، منی کیژۆڵەی تۆقیو کە پەنا بۆ دیواری خانوویەکی رووخاو دەبەم؟!

بێکەس: (هەوڵدەدا لە لەیلاو نیگاکانی هەڵبێت، بەڵام بلەز دێتەوە بۆ لای):

بیست و حەوت ساڵە دڵم لێت پڕە
ئەحـواڵم بەدەسـتی تۆوە زۆر شڕە
صــەد بەڵێــن بدەی لەلای من تڕە
بــەسـیەتی ئیـتــر ئــەم وڕەوڕە
نۆکەریـت ناکـەم ورگــم هەڵــدڕە[٣]

(بێکەس پاش ئەو بەیتانە بە لەیلا دەڵێ):

– ئاخۆ وادەزانی لە هەسارەیەکی تر بووم؟! ئاخۆ وا وێنادەکەی کە داری قەنارەکانیان تەنیا بە تفەنگ و هەڵکشان بە چیادا دەڕووخێت؟! ..لەیلا... لەیلا ئاخۆ ئەو دەستەی ئێسکڵ هەڵدەگرێ.. ناسووتێ؟ ئەوساو ئێستاش ئێسکڵی کارەساتم بە دەستێک هەڵگرتووەو خەونەکانم دەکەمە شیعرو بە دەستی ترم دەنووسمەوە.. بەڵێ بە شیعر فرمێسکی منداڵیی دەسڕمەوە و بەرهەڵستی شەڕ دەکەم:

پەپـوولەی سـپی ناو باخی گـوڵان
بنـوو بـە تـەنـا تـا بــەری بەیـان
تـۆم داوەتە دەس خودای نیگەهبان
ئیشـک گری تــۆن پــەری ئاسـمان[٤]

لەیلا (لە بازنەی رۆشناییەوە دەردەچێ و لە پیاوەکەوە نزیکدەبێتەوەو بە حەپەسان و هیدمانییەوە سەیری دەکات):

– ئاخۆ پێت وایە بتوانی بە شیعر بەرهەڵستی شەڕو ئازار بکەی؟ (کەمێک خامۆشی) دەنگت بەلامەوە نامۆ نییەو ئەم شیعرانەت لە یاد و روحما دوور نییە. (کەمێک بێدەنگ دەبێ و پاشان لێی نزیکتر دەبێتەوە) ئەرێ تۆ... تۆ کێی؟!

بێکەس: ئەی تۆ...؟ چمان دەتناسم... ئاخۆ تۆ...؟!

## دیمەنی سێیەم

(دیمەنی رابردوو دەگۆڕدرێت و شوێنێک دەبینرێت لە ژووری ئەشکەنجەدان دەچێ. لەیلا بە پەڕۆیەکی رەش چاوبەستراوەو لەسەر کورسییەک دانیشتووەو پیاوێکی ئاسایش – هەمان ئەکتەرە کە پێشتر رۆڵی بێکەسی نواند– لە تەنیشتی راوەستاوە و کاغەزو پێنووسێکی بە دەستەوەیە و هەوڵدەدات بیانداتە دەستی لەیلا):

پیاوی ئاسایش: بەس ناوی ئەوانەی لەگەڵتان لێرە بنووسە، ئیتر لە پەتی قەنارە رزگارت دەکەین... سەرۆک.. سەرۆکمان حەزناکا لەقەنارە بدرێیت.. ئەگەر ئیعتراف بکەی و ئەم کاغەزە ئیمزابکەی (لەهەمان کاتدا پرچی لەیلا دەگرێ و پارچە پەڕۆکە لەسەر چاوی لادەداو، چەقۆیەکی بەدەستەوەیە)

لەیلا: (سەری هەڵدەبڕێ و بە قێزەوە سەیری دەکات و رووی لێ وەردەگێڕێت):

– نە.. نەخێر.. خیانەتی خۆم ناکەم.. خیانەتی...

پیاوی ئاسایش: (قسەکەی دەبڕێت و پرچی بە توندی رادەکێشێت و چەقۆکەی لە سینگییەوە نزیکدەکاتەوە):

– کامیان لات ئازیزترە مەمکت یان چەتەکانی هاورێت؟!

لەیلا (بە زەحمەت و ئازارەوە سەری لە چنگی کابرا هەڵدەبڕێت، بەڵام بە سووربوونەوە دەسرووودێ):

– کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە(٥)

پیاوی ئاسایش: (چەقۆ ئاژنێتە سینگی لەیلا و دەچریکێنێ):

– کەواتە.. هانێ.. هانێ..

(لەگەڵ نیمچە تاریکیی شانۆدا چریکەی لەیلا بەرزدەبێتەوەو وەل سروودی "کەس نەڵێ کورد مردووە" ئامێتە دەبێ و تا سەرەتای دیمەنی داهاتوو بەردەوام دەبێت)

## دیمەنی چوارەم

(هەمان شوێنی دیمەنی دووەمە. لەیلا لە پەیڤینا وەل بێکەسا بەردەوامەو هێمنانە دەسروودێ):

– "کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە"

ئاری... هەرگیز نامرین. پەتی قەنارەیان جەستەمی خنکاند، کەچی روحم بەرەو رووناکی هەڵکشا (چمان خەوندەبینێ) لە پێش و پاشی کوشتنمان بەدەستیانەوە، من جەواد هەمەوەندی خۆشەویستم بڕیارماندا بژین و درێژە

به تەمەنمان بدەین (بە شادییەکی ئامێتەی ترس و کۆڤانەوە ئاماژە بۆ زگی هەڵتۆبزاوی دەکات)

بێکەس: هەر لە ساتۆکەی یەکەمەوە تۆم ناسی، تۆ... تۆ لەیلا قاسمی. ئایا دەزانی پاش پێواریی جەستەت، سەدان ژن ناوی نەوزادە کچەکانیان ناوە لەیلا؟ گیانت هەمیشە لە ئاسمانی کوردستان بەرزە فڕە... بزانە چۆن هێمنی مەهابادی شاعیرمان ئەتدوێنێ:

که تۆ تۆرای لە چـاوان وەک خـەوی من
لـــە بســـکت رەشـــترە مانگەشەوی من
بڕۆ مەجنوون! بە لەیلاکەی خۆت مەنازە
کـە ناوبانگی پـتـــر رۆیی ئـەوی مـن [٦]

لەیلا: بەڵێ... من لەیلا قاسمم

بێکەس: (لاپەڕەکانی پەڕتووکێک هەڵدەداتەوەو دەخوێنێت):

"ئەگەر چوویتە گۆڕستانی (وادی لسەلام) لە نەجەف و بۆنی عەترێکی خۆشت لە گۆڕێکەوە کرد، سییەکانت لێی پڕکە، ئەوە عەتری بەهەشتە سەردانی گۆڕی لەیلا قاسم دەکا و بەسەر هەمووان‌دا پەخشدەبێتەوە" [٧]

(لەیلا دەست بە سەما دەکاو رەنگە گۆرانیش و جانتایەکی پێستین و چەپکە گوڵاڵەی سووری بەدەستەوەیەو لەکاتی سەمادا پەخشیدەکاتەوە)

بێکەس: لەیلا قاسمیش وەک ئێوە دەیزانی عیشقی دێوانەیی چییە

لەیلا گیان! زۆرم دەربارەت بیستووەو تۆم لە کارەساتەکان و داستانە قارەمانییەکاندا دیوە... ساڵانی ستەم و سەرفرازی و خەونم لەگەڵتا ژیاوە

ئـەم عیـراقە خۆشـــەویسـتە خاکـی گوڵ بـە خوێن
تا حەقی دەسـگیرنەبێ لەو خوێنە دەس هەڵــناگرێ
دۆستایەتی کوردو عەرەب زۆر کۆنە تەئریخ شاهیدە [٨]

لەیلا: (جارێکی تر روو لە بێکەس دەکاو بە وردی دەڕوانێتە روخساری):

– ئەو شیعرانەی خوێندتەوە لەبەرمن و شاعیرەکەشی دەناسم... تۆ وتت من شاعیرم... بەڵێ ئێستە باش دەتناسم.. تۆ فایق بێکەسی شاعیری گەورەمانی

بێکەس:

مەڵێن بێکەس، بێکەس هەس
ئەی تۆ کێـت هەس، بێـکـەس؟[٩]
بەڵێ ئەوم...

لەیلا: (بە خۆشییەکی منداڵانەوە):

- حیکایەتەکەم بۆت تەواو ناکەم، ئەگەر هەندێک باسی ژیانی خۆتم بۆ نەکەی و زیاتر شیعرم بۆ نەخوێنیتەوە...

### دیمەنی پێنجەم

(شانۆ نیمچە تاریکە... بەرەبەرە ڕووناکدەبێتەوەو بێکەس ڕوو لە جەماوەر ڕاوەستاوە)

بێکەس: لە گوندی سیتەک یەکەم گریانم بەخۆبینیوە.. گریانێکە ڕێگا بۆ ژیان هامواردەکات.. بەڵێ ژیان بە هەموو کارەسات و تەنگانەکانیەوە هەر لە گوندە هەژارەکەمانەوە تا لەدەستدانی باوک و دایکم و هەندێک لە بینایی چاوانم، بەڵام بینایی ناخی دڵ و گیانم لەدەست نەداوەو.. عیشقم بۆ خوێندنەوە و نووسین و نیشتمان و سرووشت و خەڵک پەرەی سەند و لەگەڵ خۆشی و تورشی گەلەکەما ژیاوم و بە شیعرم بەرهەڵستی هەژاری و مەرگم کرووە:

داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
ســەربەخـۆیی بێ فیداکاری ئەبەد ســـەرناگرێ
پیاو ئەبێ بۆ سەندنی حەقی لە مردن سڵ نەکا
هەر بڕۆخێ بەس نیە، تا کو نەسەندرێ نادرێ[١٠]

(لەگەڵ خوێندنەوەی کۆپلەی چامەکەیدا نیمچە تاریکییەک دادێت، جگەلە ڕووناکی سپۆت لایت، کە لەگەڵ بێکەسدا دەبزوێت و ئەو بلەز دەپەیلێکی سپی دادەنێت، کە کۆپلە شیعرەکانی لەسەریان نووسراوەو، باندۆرکارە دەنگییەکان بریتین لە غەڵبەغەڵب و ژاوەژاو چریکەو هاواری ئامێتە بە گرمەی تۆپ، کە بە دەنگی تەقەی گوللەیەک کۆتایی دێت و هاواری بێکەسی لاق بریندار دەبیسین)

### دیمەنی شەشەم

(تاریکییەکی زڕتەواو بۆ چەند خولەکێک... ئینجا لەلای چەپی شانۆوە بێکەسی بریندار و حەلیمەی خێزانی دەبینین - هەمان ئەکتەر کە ڕۆڵی لەیلا دەنوێنێت ڕۆڵی حەلیمە دەنوێنێت- حەلیمە یارمەتی بێکەس دەدا تا لەسەر سەکۆیەکی قوڕین دابنیشێت، کەچی ئەو بێ تەرخەمانە دەچێت بوتڵێکی ئارەق دێنێت و دەست بە نۆشین و نووسین دەکات)

بێکەس:

من عارەق دەخۆمەوە کە بێ کەدەر بم
کەمێ لە دنیای دوون بێ خـەبـەر بـم[١١]

حەلیمە: ئەی قۆڕبەسەرم! مەگەر نەتوت: بۆ سەرای سلێمانی دەچم، تا بەشداری لە خۆپیشان بکەم؟!

بێکەس (بە نەشئەوە): ئەی ئافرەت.. ئەی عاقڵ! پاش پەرتەوازەکردنی خۆپیشاندانەکە بەهێز و بەرتیل و پاشی بریندار بوونی لاقم، چەند هاوڕێیەک ترسان بگیرێم ئەگەر بچمە خەستەخانە، بۆیە بردمیان بۆ لای پزیشکێکی برادەریان تا چارەیەکی برینەکەم بکات، ئەو وتی: "زۆر بەختەوەری، گوللەکە رانتی سماندووەوەو لەو دیوەوە دەرچووە، بەڵام هەر دەبێ برینەکەت بدووریتەوە، بەداخەوە هیچ هۆشبەرێکم نییە، جا چۆن برینەکەت بدوورمەوە؟!" بۆیە بە پزشکەکە و هاوڕێکانم وت: "هیچ وەک ئارەق ژانی برین و روح ناسەکنێت" ئینجا بەو بۆنەیە نۆشیمان!

حەلیمە: بەڵام هێمان دەخۆیتەوەو برینداری! سا کەی واز لەم ژەهرە دێنیت؟ عەیبە! حەرامە.. کەی لێی رزگار دەبی و رێگەی رەحمان دەگریتەبەرو کەی تۆبە لە گوناهەکانت دەکەی؟!

بێکەس (دەنۆشێت و نەشئەدارە) : گوناهەکانم! حەلیمە خاتوون من گوناهبارم ؟! (تەڵخانە پێدەکەنێت و باقی ئارەقەکە دەنۆشێت) پێم ناڵێی چ گوناهێکم کردووە ، جگە لە گوناهی هەژاریم و دەوڵەمەندی عەقڵم ؟!

حەلیمە: قوڕ بەسەرم! بە قوربانت بم واز لەم حەرامە بێنە، دەنا ناچیتە بەهەشت... ئارەق حەرامە حەرامە پیاوەکە...

بێکەس (گلاسێکی تر دەنۆشێت و بە گاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنێت): بەهەشت؟! کام بەهەشت؟! حەلیمە دەزانم تۆ عاقڵی، کەچی دەڵێی بەهەشت! هەر بەخۆت منت لێی دەرکردووە! مەگەر سێوەکەت نەخواردو خوا لێت تووڕە بوو، لە بەهەشتەکەی قاومانیداو فڕێمانیدایە سەرزەمین؟! کەچی پێم خۆشبوو! حەزم لەو بەهەشتە ئاسمانییە نییە.. تۆ بوێر و پێشەنگی یاخیبوونی دژ بە ئیرادەی سەپێنراو بەسەرتاو لەو بەهەشتە منیشت رزگارکرد (دەڕوانێتە ئاسماناو و گلاسێکی تر دەنۆشێت و بەپێکەنینەوە دەسروودێ):

گەر بەهەشت ببێتە جێگەی جاهیل و شێت و کەران
دۆزەخیش مەخصووصی پیاوی فازیڵ و صاحیب نیشان
خوایە بمخەیتە جەهەننەم، نەچمە ریزی وەحشییان[١٢]

حەلیمە: ئەرێ شێتبوویتە؟! دەبێ نەزانم باسی چی دەکەی! دیارە ئەم ژەهرە عەقڵتی شێواندووە...

بێکەس: تۆ کچی حەووای و من کوڕی ئادەمم، وایە یان وا نییە؟!

حەلیمە: بەڵێ راستە، بەڵام ناچیتە بەهەشت، تۆ کافری

بێکەس ( بە تەڵخی و گاڵتەوە): من کافرم؟! (بە قاقای پێکەنینەوە) بەهەشت! کام بەهەشت؟! ئەوەی لێ قاودراین! خۆشیم ناوێ.. ئەو بەهەشتەی خۆشیم دەوێ لێرەیەو دەبێ درووستی بکەم (پێ دەکوتێتە ئەرداو لێدانە پەیاپەیەکان دەبنە جۆرێک لە هەڵپەڕکێی کوردی و بە خۆشی و گەشی هەڵپەڕکێ دەکات) ئاری لێرەدا لەسەر زەمیندا، لەسەر زەوی.. لەسەر زەوی، لە دۆڵان، لە کۆساران، لە دەشتی شارەزوور، لە بناری پیرەمەگروون، لە ئاسمانی بابا گوڕگوڕ لەژێر پڕژەپڕژەکانی تاڤگەی گەلی عەلی بەگ، لە نێوان دیجلەو فوراتا...

حەلیمە: وەخ! قوڕبەسەرم. وەڵڵاهی پیاوەکەم شێتبووە.. دیارە ئەم ژەهرە شێتی کردووە. لاحەولە وەلا قووەتە ئیللا بیللا.. بەسیەتی فایق دەچیتە جەهەننەم...!

بێکەس: من لە جەهەننەم ناترسم (ئاماژە بۆ ئاسمان دەکات) دڵنیاشم نە پێیدەگەم و نە پێمدەگات (گاڵتەجاڕانە پێدەکەنێ) من لەم جەهەننەم دەترسم کە لەسەرزەمیندا درووستیانکردووە (وەک مەلێکی سەربڕاو پێ دەکوتێتە ئەردا) بەڵێ نەخۆشەکانی کورسی و جەنگ و حاکمانی سەرای سلێمانی کە رقیانە لە بەهەشتەکەم، درووستیانکردووە...

حەلیمە: پیاوەکە دیوار گوێی هەیە.. لەوەیە یەکێکیان بتبیسێ و ماڵمان وێرانتر بکرێ...

بێکەس: ئەوان لە قولە مەڕمەڕینەکانیان دانیشتوونە و خەڵکان لە جەنگەکانیانا دەسووتێن و لە هەڵبژاردنەکانیانا دەفرۆشرێن و ئێمەش لەپێناو نیشتمانا دەمرین... دروشمەکان و کورسییەکان و ورگە زلەکان و گیرفانە ئاوساوەکان بۆ ئەوانە و زەلیلی و برسێتی و نەخۆشی و ترس و وێرانی و گوللە بۆ ئێمەیە (نیمچە تاریکی و گەڕانەوە بۆ هاماجی دیمەنی پێنجەم، کە بێکەس هێشتا مەستە..)

### دیمەنی هەفتەم

بێکەس: ...گوللەکەیانیش (ئاماژە بۆ برینی رانی دەکات) هێشتا ئاراستە بۆ روحم دەکرێت، بەڵام عیشقم بۆ شیعرو نیشتمان پەکناخات و هێشتا خوێنیشم لە جەستەمەوە لەبەردەڕواو گوڵاڵە سوورەکانی چیاکانمان ئاودەدات... حەلیمە گیان مەترسە.. (هەست بە حاڵەتی مەستیی دەکاو ئاگاداردەبێتەوە کە لەگەڵ لەیلا قاسمە، نەک حەلیمەی ژنی و، پێدەکەنێت) ئەرێ ماقووڵە؟! پێدەچێ هێشتا مەستم (پێدەکەنێت) لەیلا خان لێم ببوورە.. شوێن و یادو سات و زەمانم لێ تێکچووە! گرنگ ئەوەیە حیکایەتی خۆتم بۆ بگێڕیتەوە..

لەیلا (هێمنانە رادەوەستێتە سەر پێ و بزەیەک دەکاو بەرەو بێکەس دەڕواو میهرەبانانە سەیریدەکا. پاشان دەچێتە حاڵەتێکی رامان خەونئامێزو قووڵەوە، چمان ساتۆکانێک دێنێتەوە یادی و دەڕوانێتە ئاسۆدا):

– پێش ئەوەی لەقەنارە بدرێم، هاوڕێکانمان لە ناو و دەرەوەی بەندیخانەوە و بە تەگبیری جەواد هەمەوەندی خۆشەویستم توانییان لە بەندیخانە دەربازمکەن و بە قاچاخ بۆ هەڵەبجە بمبەن... گەرچی لە لەقەنارەدان دەربازبووم، بەڵام پاشتر کەوتمەبەر رق و کینەی کیمیاوی!

بێکەس: هەمەوەندی.. هەمەوەندی.. ئەو هەمەوەندییە ئێستا لەکوێیە؟!

لەیلا ( هیدمان و حەپەساو رابردوو دێنێتەوە یادی و چمان خەوندەبینێ):

– وەرە جەوادی خۆشەویستم وەرە لەگەڵمانا.. تۆ لەگەڵمانی... ئەو لەگەڵمانە (ئاماژە بۆ زگی دەکات) بەڵام ئەترسم ئەترسم نەوزادەکەمان بەدشێوە دەرچێ، یان لە دۆزەخا بژی... یا نازانم چی...!

بێکەس: دڵنیابە نەوزادەکەت عاشقی ژیان و بزەدار و نوێخواز دەردەچێ.

لەیلا: چۆن؟! ئاخۆ ئەمە فرەڕەوی خەون و ئاوات نییە؟!

لەیلا: زۆر ترساوم.. ئاخۆ نەوازادەکەم جوان دەردەچێ، چونکە لە زگی دایکێکا بووە بە بۆنی سێو قەسفکراوە.. بە بۆنی رقی کیمیاوی؟! واوەیلا لە قەسابخانەی هەڵەبجە چەند ترسناک بوو! هەرگیز لە بیرمان ناچێتەوە، چونکە وەک خاڵ لە روحمانا کوتراوە پێش ئەوەی رقی لەسەر جەستەمانا نەخشببێ...

بێکەس: نەخێر، هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە، بەڵام نابێ هەمیشە لەنێو کەلاوەکانیا بگرین.. مانەوە لە رابردوودا نەخۆشییەو، دەبێ بژین و ژیان بەپێی خواستی خۆمان نوێکەینەوە.

لەیلا: واوەیلا لەو کارەساتە تاڵانە کە ئەشکەنجەی روح دەدەن! هێمان بۆنی گازی خەردەل دەکەم، ئایا تۆش بۆنی دەکەی؟ پێم بڵێ بۆنی دەکەی؟! ئەوەتانێ ئامێتەی هەوامانە.. لە نێو چڵی درەختانمانە. بۆنی بکوژی سێو لە هەموو شوێنێکە و گەیشتۆتە ماڵانمان و نێو ژوورەکانمان و لکاوەتە جەستەمانەوە.. ئەوەتانێ لێرە (شێتانە بۆنی جەستەی خۆی دەکات... بە خامۆشییەکی درێژی هاومۆسیقا) هێمانیش لکە سپییەکانی لە ئاسمانمان ماوە...

بێکەس: هەرچییەکت وت راستەو تێدا ژیاوم و هەستی پێدەکەم، بەڵام ئاخۆ تاکو کەی دیلی ئەو رووداوانە بین، دەبێ بژین و لە خەباتی ژیاندا بەردەوام بین و خەونی نوێ ببین، خەون ببین، خەون ببین...

لەیلا (پێدەکەنێ و پێکەنینەکەی چمان گریانە): پێم ناڵێی چۆن خەونی

نویَ ببینین و بکوژان هێمان زیندوون؟! چۆن خەون ببینم و کراسی بووکێنیم سووتاوە؟! کوانێ ئەو خەونە و چۆن دێتەدی ئەگەر تۆڵەیان لێ نەسێنینەوە، تەنانەت لە هاوەڵەکانی دەوروبەریانیش؟!

بێکەس: تۆڵە؟! تەنیا ئەوەی کراسی بووکێتی تۆی سووتاندووە دەبێ سزابدرێت.

لەیلا (دەست بە زگیدا دەخشێنێت و دەچریکێنێت): نەخێر.. دەبێ تۆڵەبسێنرێ.. تۆڵە.. تۆڵە...

بێکەس: ئاخۆ وەکو من نابینی کە تۆڵەسەندن قوربانی دەکاتە بکوژ.. یا دیکتاتۆر.. ئاواتەخوازم (دەستی دلۆڤانانە دەخاتە سەر زگی لەیلا) بەڵێ ئاواتەخوازم و داوای لێ دەکەم نەبێتە ستەمکار و کراسە خوێناوییەکەت وا نێزەی زاڵمان دڕاندیان، نەکاتە نێزەی تۆڵەسەندن و دژی دیکەیان.

لەیلا: ئایا خۆت نابینی کە نوقمی کتێب و خەیاڵ بوویتەو واقیعت لەبیرچۆتەوەو بەچاوی شاعیر دڕوانیتە دنیا، کەچی زۆر زەحمەتە خوێنی کراسەکەم بە شیعر و فیکر بشۆریتەوە؟

بێکەس: چامە بەرهەڵستی مەرگ دەکات و شەهییەتی ئینسان بۆ جوانی و دادوەری و خەون دەکاتەوە... مەگەر تۆ خەونت بە ئایندەیەکی جوانەوە نەدەبینی؟!

لەیلا: ئێمەیان بە پێی ئایەتی قورئان ئەنفالکرد، نازانم چۆن هەڵگری ئەم قورئانە بە زیندەچاڵکردنی ئێمەو ستران و بزەی منداڵێتیمان قایل دەبێ.. چۆن؟!

(دەنگی شمشاڵێکی غەمگین دێت و رووناکی شانۆ کزدەبێتەوە. پاشان سپۆت لایت روخساری لەیلا رووندەکاتەوە و بێکەس لێی نزیکدەبێتەوە)

بێکەس: بووکێ! بەئیزنت با دەستێ لە زگت بدەم؟

لەیلا (هێمان ترساوو خەوندارە): چی؟ چۆن؟ چیت دەوێ؟ توخوا پێم بڵێ.. هێشتا ترساوم...

بێکەس: کچم مەترسە (دەستی بەزگیدا دەخشێنێت و هێمنانە چامەیەک دەخوێنێتەوە) شیعر توانای خوڵقاندنی موعجیزاتی هەیە.. وا چامەیەکی شێرکۆی کوڕم بۆت دەخوێنمەوە:

(با) سڵاوی کرد لە دارێ
دار هەر بەسەر سڵاوی پێگەیاندەوە
مەل سڵاوی کرد لە ئاوێ لەو بەرەوە
ئاو یەک بزەی بۆ ناردەوە

ئاو سڵاوی کرد لە گوڵێ
گوڵ یەک لەنجەی بۆ ئەو کردو
وەڵامی خۆی وادایەوە
بەڵام وەختێ کچێکی جوان
سڵاوی کرد لە هەموویان
دار بەرەو پیری رایکردو
مەل لەسەر شانی نیشتەوەو
ئاو باوەشی پێدا کردو
گوڵەکەیش خۆی دا لە قژی(١٣)

لەیلا (هەست بە کەمێک حەوانەوە دەکات، گەرچی نیگەرانی لە نیگاکانیدا دیارە): ئاخۆ نەوزادەکەم بەدگۆڕو دەغەزار دەرناچێت؟!

بێکەس: نەخێر.. دڵنیابە کە نەوزادەکەت چ کوڕ بێ و چ کچ تەندروست و جوان دەبێت... ئاخۆ ناوێکت بۆی هەڵنەبژاردووە؟

لەیلا: هەڵبەتە ناوی جەواد دەنێم، ئەگەر کوڕ بێ، چونکە لەو کەوتۆتەوە، بەڵام ئەگەر کچ بێ نازانم ناوی چی بنێم (راراو ترساوە) بیرم لەوە نەکردۆتەوە..

بێکەس (شتێک لە چامەی گوڵی خوێناوی گۆران دەسروودێ):

"بڕوانە: شاییە، چۆپییە، لەو ماڵە
گوێ بگرە! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە"

ئەمە سەرەتای چامەی (گوڵی خوێناوی)ی گۆرانی شاعیری گەورەمانە و تۆ ئەکید دەیناسیت و خۆشم ئەم چامەیەم زۆر خۆشدەوێ...

لەیلا: هەڵبەتە دەیناسم.. عومەر دزەیی هونەرمەندی نایابکار کردوویەتی گۆرانییەکی خۆش و جوان (کۆپلەیەک لە گۆرانییەکە دەچرێ، بە پشتەوانەی دەنگی عومەر دزەیی کە بەرزدەبێتەوەو ئامێتەی دەنگی لەیلا دەبێت و پاشان هێدی هێدی هەردوو دەنگ نامێننەوە)

بێکەس: (گوڵی خوێناوی) ناونیشانێکی زۆر نایابە، بەڵام ئەم خوێنە بۆ ناوی کچ ناگونجێت. بەسمانە خوێنی زۆرمان لەبەرچووە.. خوێن.. خوێن.. خوێن.. لە خوێنا نوقم بووینە. دەبا ئەم خوێنە رابگرین (ئاگاداری خۆی دەبێتەوە کە وڕێنەدەکات) جا بەروخسەتی گۆران شاعیری گەورەمان با وشەی (خوێناوی) بکەینە (سوور)... بەڵێ.. تا ببێتە گوڵاڵە سوورەی بەهار کە کۆسارو دۆڵەکانی کوردستان دەپۆشێ و لە کەزی ئافرەتانمان دەدرێ (سپۆت لایت هێدی هێدی خامۆشدەبێ لەگەڵ هاواری ژانی لەیلادا کە دەزێ)

## دیمەنی هەشتەم

(هێدی هێدی رووناکی سپۆت لایت شانۆ رۆشنادەکاتەوەو لەیلا قاسم لەبەرانبەری لانکێک دەبینین کە لایەلایە بۆ کچە نەوزادەکەی دەکاو بێکەسیش لە شوێنیکی بڵند لە پشتی لانکەکە چوارمشقی دانیشتووەو لاپەڕەکانی کتێبێک هەڵدەداتەوە و چامەکانی دەخوێنێتەوە)

لەیلا:

دەمەگــری مەگــری چاوانــت دێشێ
دایکت ژیـاوە گـوڵاڵە نازت دەکێـشێ(١٤)

بێکەس (لە شوێنە بڵندەکەوە دادەبەزێ و نزیکی لانکەکە دەبێتەوە و لە تەنیشتی دادەنیشێ و کتێبەکەی لەسەری دادەنێ و چمان نوێژبکا، ئێژێ):

ئەی گوڵاڵە سوورە! ناوی دایکی گەشمردەت مەکە کراسی قوربانی بۆ پێشێلکردنی مافی خەڵکان و کەرامەت و ماڵ و خەونەکانیان... با ناوت ببێتە رووناکییەک رێگای خۆت و خەڵکانی جیاوازیش لەخۆت رۆشنابکاتەوە و ئیمانت بە فەرموودەی دایکت هەبێ کە ئەڵێ: "ئەی ستەمدیدە مەبە ستەمکار"

لەیلا: ئەی شاعیری هێژامان.. سەیری کچەکەم بکە چەند تەندروست و جوانە! چاوەکانی وەک چاوانی جەواد هەمەوەندی گەش و رووناک بەخشن..

بێکەس: مەگەر نەموت چامە موعجیزات دەخوڵقێنێ؟!

(لەیلا درێژە بە لایەلایەی دەدات و بێکەس بە دەنگێکی نزم شیعر دەخوێنێتەوە و دەنگی سترانبێژ حەسەن زیرەک لەگەڵ هەردوو دەنگیانا ئامێتە دەبێت:

"کوردستان جێگەی بەچکە شێرانە"

بەرەبەرە دەنگی زیرەک بەرزتر دەبێتەوە و درێژە دەکێشێت تا کۆتایی نمایش و دەرکەوتنی ئەکتەرەکان بۆ سڵاوکردن لە جەماوەری بینەر)

***

(١) لایەلایەیەکی کوردی باوە.

(٢) (٣)(٤) (٨) (٩) (١٠)(١١) (١٢) لە هۆزانی ( فایق بێکەس) ـە

(٥) یونس دڵدار

(٦) هێمن موکریانی

(٧) لە وتارێکی رووناکبیری دۆستی کورد عەبدوئیلاه صایغ دەربارەی لەیلا قاسم.

(١٣) چامەیەکی (شێکۆ بێکەس) ـە

(١٤) هەمان لایەلایەی سەرەتایە، بەڵام بە دەسکارییەوە.

فەرهەنگیلە:

ئەندێشگە = (مخیال)/ باندۆرە دەنگییەکان = موئەسسیراتە دەنگییەکان/ بەدشێو = (مشوّە)/ بەدگۆڕ = مەسخ/ دەپ = لەوح/ دەسروودێ = (ینشد ، یلقی)/ دەهەژنەفێ = دەبیسێ/ زڕتەواو = (شبە کامل)/ زگ = سگ/ کۆڤان = خەم/ کۆهویر = زاکیرەی جەمعی/ گەشمردە = شەهید/ هاماج = فەزا/ هیدمانی = حەیرەت

×××

* فارووق صەبری: (١٩٥٢ کەرکووک) هونەرمەندو نڤیسەری کوردە و بە زمانی عەرەبی چالاکیێن شانۆگەری لە عیراق و هەندەراندا نواندووە.

× ١٩٧٤: لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا- بەشی شانۆو سینەما دەرچووەو پرۆژەی دەرچوونی فلیمێکی کورت بەسەرناڤی (تابووت) بوو، کە لە کورتە چیرۆکێکی محەممەد خدەییر وەرگیرا بوو.

× ١٩٧٩: عیراقی بەجێهێشت بۆ تاراوگەکان: لوبنان ، سووریاو ئەمە دە ساڵێکە بە خێزانییەوە لە نیوزلەندایە.

× لەم نمایشنامانە بەشدار بووە: (نامۆ)، (ئەسکۆریال)، (بێژەری ئا.. بێژەری نا)، ( سترانی سەر ڕێڕەو)، (شارێک لەژێر ریشەی سێجادا)، (تاقیکردنەوەی مۆدێل)، (ئابلۆقە)، (شۆڕشی مردووەکان)، (ئەنتیگۆنا)، (باغچەی مەرگ)، (زنگییەکان)، (گالیسکە)

× مۆنۆدرامای (میرانی دۆزەخ) ی لە نیوزلەنداو ئەڵمانیاو کەنداو و هەرێمی کوردستانی عیراق (نیسانی ٢٠٠٧) بەتەنیا (دەرهێنەرو ئەکتەر) نمایشکردوە

× (گوڵاڵە سوورە) ی نووسیوەو دەریهێناوەو لە (٢٠١٢/٩/٢٤) لە هەولێردا نمایشکردووە.

× لە دامەرزاندنی (تیپی ئۆرۆک) بەشداربووە

× لە چەند زنجیرەی درامای سووری بەشداربووە

× سەرپەرشتی لیژنەی یانەی رۆشنهزریی عیراقی لە دیمەشق کردووە

× دیزاینی چەندین ئێوارە کۆڕی وێژەیی کردووە

× ئەندامە لە: تیپی گەلیی شانۆیی ، تیپی شێست کورسی و شانۆی نەتەوەیی سووری

× سەدان وتاری بڵاوبووەتەوە لەم رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕانەدا، لەوانە : سەفیر، الكفاح العربی ، المحرر نیوز، الشاهد، تشرین ، الوفاق ، ندأ الرافدین ، صوت الرافدین ، بغداد ، الزمان و المدی

## لە ئەفسانەکانی یۆنانییەکان ((گریکەکان))

# لە بنەڕەتدا ((پاییز)) سێ دەنکە هەنارە






**و. لە عەرەبییەوە: عەبدولکەریم شێخانی**

لە راستیدا، ئەم نووسینە، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (١٤) ساڵ پێش ئێستا. ئەوسا لە هەولێر بووم و گۆڤارێکی (الأثنين)ی میسریم دەست کەوت، ناوەکەی (الأثنين و الدنيا) بوو و ئێمە هەر بە (الأثنين) ناومان دەبرد. ئەو گۆڤارە و گۆڤارێکی دیکە بە ناوی (مسامرات الجيب) کاریگەرییەکی زۆریان، لە پاڵ گۆڤاری (المصور) و (أخرساعة) و (الهلال) لەسەر ئێمەی تازە عەرەبیی فێربوو هەبوو. ئەو نووسینەم لە گۆڤارێکی کۆنی (الأثنين) بەرچاوکەوت و هەر زوو کردم بە کوردی، بەڵام بەداخەوە، بڵاوکردنەوەی تا ئەمڕۆ دواکەوت و وا دیارە وەکو دەڵێن رەنگە ببێت بە (نسیبـي) گۆڤاری هەنار. دەبێت ئەوەش بڵێم کە لە ماوەی ئەو چواردە ساڵەدا. چەندان جار ماڵم گوێزاوەتەوە و گەلێک شتم ون بووە و ئەو گۆڤارەی (الأثنين) یش یەکێکە لەو شتە ونبووانەم.

((دیمتر))ی خانمە خواوەندی زەوی کە لە کشتوکاڵ و درەوکردندا، یارمەتیی ئادەمیزاد دەدات، کچێکی هەبوو ناوی ((بیر سیفۆن)) بوو، ئەو کچە زۆر ئاشقە گوڵ بوو، بۆیە هەموو کاتێکی خۆی لەنێو باخ و گوڵزاردا بەسەر دەبرد.

رۆژێکیان ((دیمیتر))ی دایکی ((بیرسیفۆن))، کچەکەی لەنێو مێرگ و چیمەن و مێرغوزارێکدا بەجێهێشت تا لەگەڵ خوشکەکانی گەمە و گاڵتە بکەن. کچەکان بۆ خۆیان پێدەکەنین و گوڵیان دەکردە چەپک، بەڵام چاویان لەو پیاوە نەبوو کە خۆی لە پەنا قەدە دارێکی گەورە شاردبووەوە و تەماشای دەکردن.

ئەو کابرایە ((بلتۆ))ی شای جیهانی ژێرەوە بوو.

لە پڕ ((بلتۆشا)) گوێی لە تریقەی پێکەنینی ((بیرسیفۆن)) بوو کە پێکەنینێکی شیرینی دڵڕفێنی جادووگەرانە بوو. چاوی تێ بڕی، روویەکی گەشی بینی دەتگوت مانگی چواردەیە، قژێکی زەرد هەر وەک تاڵی زێڕ، دوو چاوی شینی پیرۆزەیی دەتگوت پارچەیەکی رووی ئاسمانی شینی بەهارانن و کاتێک چاوی لەسەر لابرد، ئەوین وەک ئاگر هەموو گیانی داگرتبوو و بنج و ریشەی لەنێو دڵیدا بە قووڵی چووبووە خوار.

لەپڕ و لەناکاو، ((بلتۆشا)) هەڵیکوتایە سەر کچەکە و ئەویش لەتاوان بە قیژە قیژ و هاوارهاوار رایکردە لای دەستە خوشکەکانی، بەڵام هەر ئەوەندەیان زانی کە ((بلتۆشا)) ((بیرسیفۆن))ی هەڵگرت و دوای ئەوە دیتییان خستییە ناو عەرەبانەیەکەوە کە چوار ئەسپی رەش بۆر، رایان دەکێشا و بە دەستێک جڵەوی ئەسپەکانی گرتبوو و بە دەستەکەی دیکەشی کچەکەی گرتبوو نەوەک رابکات. ئیدی عەرەبانەکە بە خێرایی رۆیشت و دەنگێکی وەک گرمەی هەور لە ئاسمان دەنگی دایەوە.

((بلتۆشا)) قامچییەکی لە زەوی دا و کەلەبەرێکی گەورە دەرکەوت و ئەسپەکان بە نێو تاریکاییەکی ئەنگوستەچاودا تێیان تەقاند، دوای ئەوەی خۆر و رووناکی و گوڵیان لەدوای خۆیاندا بەجێهێشت و سەرەنجام عەرەبانەکە گەیشتە جیهانی تاریکی... لەوێ ((بلتۆشا)) لە ((بیرسیفۆن))ی دیلکراوی پرسی: ((ئایا قایل دەبی ببیتە شاژنی من و جڵەوی ئەم جیهانە گەورەیە بگریتە دەست؟))

هەرچەندە دەشترسا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە راشکاوی و بوێرانە وەڵامی دایەوە:

((مردنی خۆم پێ خۆشترە لەوەی کە لە جیهانی تاریکیدا بژیم)).

ئیدی پشتی لە شا کرد و خواردن و خواردنەوەی لە خۆی حەرام کرد.

دایکی هەواڵی بەدیلگیرانی کچەکەی بیست و زۆری خەم پێ خوارد، بۆیە

لەتاو کچەکەی فرمێسکی وەک تاوی باران داباراند و ئەوەندەی پێ نەچوو زانی کە((بلتۆ))ی شای جیهانی تاریکی کچەکەی رفاندووە.

بۆ رزگارکردنی کچەکەی، رووی کردە لای ((زیۆس))ی خواوەندی خواوەندان و سکاڵای خۆی پێ راگەیاند و داوای لێ کرد جگەرگۆشەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە، بەڵام ((زیۆس)) هیچی بۆ نەکرد و هەوڵی ئەوەی نەدا کە داواکارییەکەی بۆ جێبەجێ بکا، چونکە دەیزانی ((بلتۆ)) تا چ رادەیەک پیاوکوژە و چەندیش مەترسیی هەیە، بۆیە حەزی بەوە دەکرد کە باشتر وایە دۆستایەتیی بکات و دڵی ئەو بۆ لای خۆی راکێشێ.

((دیمیتر))ی خواوەندی دایکی کچەکە زۆر توورە بوو و هەڕەشەی لە خواوەندی خواوەندان کرد کە تا کچەکەی نەگەڕێتەوە، هیچ شتێک بۆ زەوی ناکات و ئەگەر هەژاری و برسێتیش بەسەر زەویدا بڵاوبوونەوە، ئەوا گلەیی لە کەس نەکات، خۆی نەبێت.

ئەوەبوو ((دیمیتر)) چیدیکە بۆ کشتوکاڵ و زەوی و درەوکردن، یارمەتیی خەڵکی نەدا، بۆیە کێڵگە و مەزراکان تووشی نەهات و قات و قڕی بوون...! نە رووەک شین دەبوو، نە گوڵێک دەڕوا و نە بەروبوومێکیش کۆدەکرایەوە: خەڵکی هاواریان لێ هەستا و بێزاربوون و لە ((زیۆس))، پاڕانەوە بەزەیی پێیاندا بێتەوە و ((دیمتر))ی خواوەندی زەوی رازی بکات. ((زیۆس)) ژیر و وریا بوو و وای بەباش زانی کە ((دیمیتر)) بانگ بکات.

کە((دیمیتر)) چووە لای، ((زیۆس)) پێی گوت: ((ئەگەر کچەکەت هیچ خواردنێکی ژێر زەوی نەخواردبێ، ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە کە من بۆتی دەهێنمەوە)).

دایکەکە دابەزییە خوارەوە بۆ شوێنی کچەکەی و لەوێ پێی گەیشت و تا ماوەیەکی زۆر دەستی لە ملی کرد و فرمێسکی خۆشیی وەک مرواری بە چاویدا هاتە خوارێ.

لە کاتێکدا هەردووکیان لە خۆشیی بەیەکگەیشتندا بوون، لە پڕ دەنگێکی گڕ گوتی:

((ئەوە کێیە زاتی ئەوەی کردووە و هاتووەتە نێو وڵاتی من؟))

((دیمیتر))ی خواوەند ئاوڕێکی دایەوە و ((بلتۆشا))ی بینی و گوتی:

من ((دیمیتر))ی خواوەندم و هاتووم کچەکەم رزگار بکەم... ئایا هیچ شتێکی لای تۆ خواردووە؟

((بلتۆشا)) وەڵامی دایەوە:

((نەخێر، تا ئەم بەیانییەش هیچ شتێکی لای من نەخواردووە، بەڵام پێش ماوەیەکی کەم سێ دەنک هەناری خوارد، بۆیە ناگەڕێتەوە سەر زەوی)).

دایکەکە گەڕایەوە لای ((زیۆس)) و ئەویش پێی گوت:

لەبەر ئەوەی کچەکەت سێ دەنک هەناری خواردووە، دەبێت هەموو ساڵێک سێ مانگ لەژێر زەویدا بەرێتە سەر، واتە بۆ هەر دەنکەی مانگێک.

خواوەندی زەوی ((دیمیتر)) هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێت کە جارێکی دیکەش دابەزێتە خوارەوە بۆ ژێر زەوی، بۆ ئەوەی فەرمانی خواوەندی خواوەندان بە کچەکەی رابگەیەنێت. ((بیرسیفۆن)) چاوی بە خەمبارییی شای جیهانی ژێرەوە کەوت و زگی پێی سووتا و بەڵێنی ئەوەی پێ دا کە هەموو ساڵێک سێ مانگی لەگەڵدا بەرێتە سەر و دوای ئەوەی دەستی دایکی گرت و پێکەوە سەرکەوتنە سەرەوە بۆ سەر زەوی... ئیدی دار و درەخت کەوتنە جووڵە و خۆ هەژاندن و گەڵایان دەرکرد و گوڵ بووژانەوە و پشکووتن و کچەکەی گەڕایەوە بۆ گەمە و گاڵتەی خۆی لە مێرگ و باخ و چیمەناندا.

ئیدی هەموو ساڵێک، هەر لەو کات و ساتەدا، ((بیرسیفۆن)) دادەبەزێتە خوارەوە بۆ جیهانی ژێرەوە، تا ئەو سێ مانگەی بەڵێنی بە ((بلتۆ)) دابوو، لەگەڵی بەرێتە سەر و... دایکیشی بە خەم و پەژارە و پەرۆشییەوە چاوەڕوانی کچەکەی دەکات و هەموو بوونەوەریش بەرگی خەم دەپۆشن و گوڵ و گەڵای داران دەکەونە هەڵوەرین و ئەو سێ مانگەش ناوی لێ نرا ((پاییز)).

# کۆشکی هاوینەیی



ریمۆند کارڤەر
و. لە فارسییەوە: هیوا خەیات

بەیانی ئەو ڕۆژە، ویسکی تیچەرزی دەرشت بەسکما و دەیلێسایەوە، بەڵام دوای نیوەڕۆ دەیویست لە پەنجەرەکەوە خۆی فڕێبداتە خوارەوە.

دەڵێم: (هالی ماندووبووم لەم بارودۆخە، ئیتر کۆتایی پێ بێنە).

لەسەر قەنەفەی یەکێک لە سویتەکانی قاتی سەرەوە دانیشتووین. مۆتێلەکە ژوری خاڵیی زۆری تێدایە، بەڵام دەمانویست لەو سویتە قسە و باس بکەین، بۆئەوەی لەکاتی قسەکردندا بتوانین بەناو ژوورەکەدا بگەڕێین. هەر لەبەر ئەوە بەیانی ئەو ڕۆژە دەرگای مۆتێلمان داخست و هاتینە سەرەوە.

هالی دەڵێت: (دوێنێ ئەم بابەتە خەریکە دەمکوژێت).

خەریکین تیچەرز بە سەهۆڵەوە دەخۆینەوە. لەنێوان بەیانی هەتاوەکو دوای نیوەڕۆ تۆزێک خەوتووین. دوای ئەوەی کە لە خەو هەستا هەڕەشەی ئەوەی کرد کە هەر بە جلی نووستنەوە لە پەنجەرەکەوە خۆی فڕێدەداتە خوارەوە، ناچاربووم بەری پێ بگرم. لەقاتی دوو بووین، بەڵام ئەوە سەر و زیاد بوو.

دەڵێت: ئیتر بەسە، لەوە زیاتر بەرگە ناگرم.

دەست دەخاتە ژێر چەنەی و چاو دادەخات، سەری بە پێشدا دەخات و بە دەمی داخراوەوە دەناڵێنێت، کە بەو شێوەیە دەیبینم دڵم دەیخوازی خۆم بکوژم. هەرچەندە دەزانم مەبەستی چییە، دەپرسم: (بەرگەی چی ناگریت؟) دەڵێت: ناچار

نیم وشە بە وشە دووبارەی بکەمەوە. کۆنترۆڵم لەدەست داوە. غرورم شکاوە. من هەمیشە ژنێکی سەربەرز بووم.

ژنێکی سەرنجڕاکێشە، تازەکی بووە بە سی ساڵ. باڵایەکی رەعنایی و قژێکی درێژ و رەش، چاوەکانی سەوز. تەنها ژنێکی چاو سەوزە کە تا ئێستا ناسیبێتم. پێشتر لەبارەی چاوە سەوزەکانییەوە زۆر دوابووین، ئەو دەیگوت هەر بە بۆنەی ئەو چاوە سەوزانەیەوە چاوەڕێ بووە بەڵایەکی بەسەردابێت، بەڵایەک کە من نەمدەزانی مەبەستی چییە!

بە بەردەوامی ناڕەحەتم.

دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە لە خوارەوە لە پرسگەی مۆتێلەکە دەبیستم، تەواوی ئەمڕۆ دەنگی لێدانی زەنگەکەی بەردەوام بووە، تەنانەت ئەو کاتەیش کە خەریکبوو خەوم لێدەکەوت. چاوەکانم دەکەمەوە و بۆ سەقفی ژوورەکە دەڕوانم. گوێ بۆ زەنگی تەلەفۆنەکە دەگرم و ئەو رووداوەی کە خەریکە روودەدات حەپەساندوومی.

دەبوو بۆ سەر زەوییەکەم بڕوانیایە.

دەڵێت: (دڵم شکاوە، وەکو شوشە. ئیتر بەکەڵکی هیچ نایەم, هیچ شتێک لەوە خراپتر نییە مرۆڤ هەست بکات بەکەڵکی هیچ نایەت).

دەڵێم: (هالی...).

رۆژی یەکەم کە وەکو بەڕێوەبەری ئەم مۆتێلە دەستبەکار بووین، هەستمان دەکرد لە کێشەکان رزگارمان بووە، هەم کرێی خانوومان نەدەدا، هەم پێویستمان بە شتی ناوماڵ نەبوو. بەوشێوەیە مانگانە سێسەد دۆلارمان وەردەگرت. لەوە باشتر نەدەبوو.

هالی کاری ژمێریاری رادەپەڕاند، زیاتر کاری بەکرێدانی ئەنجامدەدا. میوانەکانی خۆشدەویست و ئەوانیش بەهەمان شێوە. منیش لە دەرەوە خزمەتی چیمەنەکەم دەکرد و ئاگاداری پاکوخاوێنی مەلەوانگەکە بووم، لە ناویشەوە گۆڕین و نۆژەنکردنەوەم لەئەستۆ بوو.

ساڵی یەکەم کارەکان بە باشی بەڕێوە دەچوون، لەگەڵ کارەکە راهاتبووین و ژیانمان بەرەو باشی دەڕۆشت، نەخشەی زۆرمان لە خەیاڵدا بوو. پاشان نازانم، سەرلەبەیانی رۆژێک دەمویست چەند کاشییەکی یەکێک لە حەمامەکان چاک بکەم کە ئەو کارگوزارە مەکسیکییە بۆ کاری پاککردنەوە خۆی کرد بە ژووردا. هالی رایسپاردبوو. هەرچەندە پێشتر چەند جارێکم بینیبوو پێکەوە قسەمان کردبوو، بەڵام بەڕاستی نەکەوتبوومە داوەکەوە. بیرمە بانگی کردم

بەڕێز. بەهەرحاڵ قسەیەک لە من و قسەیەک لەو.

لەو ڕۆژە بەدواوە پەیوەندیمان دەستی پێکرد. کیژۆڵەیەکی لەبار و جوان بوو، ددانەکانی سپی و جوان. زۆر حەزم لە تەماشاکردنی دەم و ددانی دەکرد. ورده ورده بەناوی خۆمەوە بانگی دەکردم.

بەیانییەک خەریکی گۆڕینی واشەری بەلۆعەی یەکێک لە ژوورەکان بووم، هاتە ژورەوە، وەکو خزمەتکارێک تەلەفزیۆنەکەی داگیرساند. وازم لە کارەکەم هێنا و بەرەو رووی چووم، سەرەتا تۆزێک شڵەژا، پاشان لەبەرخۆیەوە ناوی هێنام.

درووست لەپاش ئەوە لەسەر تەختەخەوەکە لێک ئالاّین.

دەڵێم: (هالی تۆ ئێستایش ژنێکی سەربەرزی، بۆ من باشترینی، هالی. ئیتر با ئەو مەسەلەیە ببڕێتەوە).

سەری رادەوەشێنێت.

دەڵێت: (شتێک هەبوو لە ناخی مندا مرد. ماوەیەک درێژەی کێشا تاوەکو مرد، بەڵام ئێستا ئیتر مرد. تۆ کوشتت. رێک وەکو ئەوەی بەتەور بەربووبیتە گیانی. ئێستا هەموو دنیا لەبەرچاوم رەش بووە).

مەشروبەکەی تەواو دەکات و دەداتە پڕمەی گریان. هەوڵدەدەم لەباوەشی بگرم، ناهێڵێت.

دوو ئۆتۆمبێل لەبەردەم دەرگای مۆتێلەکە وەستاون، ژمارەکانیان هی ئێرە نییە. شۆفێرەکانیان دابەزیون و لەبەر دەرگاکە وەستاون و پێکەوە قسە دەکەن. یەکێکیان تەماشای ژوورەکان دەکات. دەستێک بە چەناگەیدا دەهێنێت. ژنێکیشی لێیە. سەری ناوە بە شووشەی دەرگای دەرەوە، هەردوو دەستی ناوە بەملاولای سەرییەوە، هەوڵدەدات تەماشای ناوەوە بکات. دەسکی دەرگاکە پاڵ دەنێت.

زەنگی تەلەفۆنەکەی خوارەوە لێدەداتەوە.

هالی دەڵێت: (تەنانەت تۆزێک لەمەوپێش کە لە باوەشی یەکتردا نووستبووین، تۆ بیرت لەو دەکردەوە. بەڕاستی ئەوە زۆر جێگەی داخە).

بەتوڕەییەوە ئەو پێکەی کە بەدەستمەوەیە، دەیبات.

دەڵێم: (هالی!)

دەڵێت: (مەگەر وانییە دوێنێ، بۆ قسە ناکەیت).

هەر بە جلی نووستنەکەوە بەژوورەکەدا دەگەڕێت، پێکەکەیش بەدەستییەوەیەتی.

دەڵێت: (تۆ سنووری هاوسەریت بەزاند. بڕواپێبوون ئەو شتەیە کە تۆ

کوشتت).

لەبەردەمیدا چۆک دادەم و زەردەخەنەیەکی بۆ دەکەم، بەڵام لەو کاتەدا بیر لە خوانیتا دەکەمەوە. خەم هێنەرە نازانم چ بەڵایەکم بەسەرهاتووە.

دەڵێم: (هالی، ئەزیزم، خۆشم دەوێیت).

لە حەوشەی مۆتێلەکەدا کەسێک دەست بە هۆڕیندا دەنێت و دەست لادەبات، پاشان دەستی پیادا دەنێتەوە.

هالی چاوی دەسڕێت و دەڵێت: پێکێکی ترم بۆ تێکە، ئەو پێکەی تر هەمووی سەهۆڵ بوو. لێگەڕێ با بە دڵی خۆیان هۆڕین لێ بدەن. گرنگ نییە، من دەگەڕێمەوە بۆ نڤادا.

دەڵیم: تۆ ناڕۆیت بۆ نڤادا قسەی هیچ دەکەیت.

دەڵێت: قسەی هیچ ناکەم، دەڕۆمەوە بۆ نڤادا. تۆ دەتوانیت لەگەڵ ئەوکچە پاککەرەوەیە لێرە بمێنیتەوە، من یان دەڕۆمەوە بۆ نڤادا، یان خۆم دەکوژم.

دەڵێم (هالی!)

دەڵێت: (دەردی هالی!)

لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت و سەردەخاتە سەر ئەژنۆی.

دەڵێت: ناپاک مەشروبی ترم بۆتێکە. نەفرەت لەوانەی کە هۆڕین لێدەدەن. با ئەو ناوە پیس و چەپەڵکەن، ئەو ژنە پاکەرەوەت دەبێت پاکی بکاتەوە؟ پێکێکی ترم بۆ تێکە کوڕی زۆڵ!

تەماشام دەکات و دەموچاو دەدا بەیەکدا.

ئەم مەشروب خواردنەوەیە بووە بە کاری هەمیشەییمان. ئێستا کە بیر لە رابردوو دەکەمەوە، دەبینم ئێمە هەموو بڕیارە گرنگەکانمان لەکاتی خواردنەوەدا بووە. تەنانەت ئەو کاتانەی کە بڕیارمان دەدا واز لە خواردنەوەی ئەلکول بهێنین، قاپێک ویسکی، یاخود شەش چارەکمان دەبرد بۆ سەر مێزی ناندینەکە، یاخود مێزی حەوشەکە.

ئەوکاتەی دەربارەی هاتن بۆ ئیرە و دەستبەکاربوونمان وەکو دوو بەڕێوەبەر بیرمان دەکردەوە تا درەنگانی شەو دەمانخواردەوە. لایەنی باشی و خراپی کارەکەمان لێکدەدایەوە.

هالی لەسەر قەنەفەکە هەڵدەسێت و لەسەر تەختەخەوەکە درێژ دەبێت.

دەڵێت: (هەر لەسەر ئەم تەختەخەوە بوو لەگەڵی نووستیت؟)

شتێک شک نابەم وەڵامی بدەمەوە. هەست دەکەم دەروونم خاڵییە لە وشە. پەرداخەکە دەدەمە دەستی و لەسەر کورسییەکە دادەنیشم. دەخۆمەوە و بیر

لەوە دەکەمەوە کە نێوانمان هەرگیز وەکو جارانی لێ نایەتەوە.

دەڵێت: (دوڤان؟)

(هالی؟)

دڵم توند لێدەدات. چاوەڕێ دەکەم .

هالی عاشقی من بوو.

بەزمی من و خانیتا پێنج ڕۆژ بوو لە هەفتەیەکدا، لەنێوان کاتژمێر دە بۆ یانزە. ئەوکاتەی کە دەهات ژوورەکانی پاک دەکردەوە، خۆم دەکرد بەو ژوورەدا و دەرگاکەم دادەخست.

زۆرترین کات کاتژمێر یانزە، کاتژمێر یانزە ئەو کاتە بوو کە چانس ڕوویدەکردە ئێمە.

لەزەتمان لەیەک دەبرد، هەرچەندە بەپەلە دەمانکرد، بەڵام خۆش بوو.

بیردەکەمەوە هالی دەیتوانی تاڕادەیەک شتەکە قبوڵ بکات. دەبوو بەڕاست هەوڵی خۆی بدات.

من کاری شەوانەی خۆم ئەنجامدەدا، ئەوەی من دەمکرد مەیمونێکیش دەیتوانی ئەنجامی بدات، بەڵام کاری مۆتێل بەرەو تێکچوون دەچوو. ئیتر تاقەتی کارکردنمان نەمابوو.

مەلەوانگەکەم پاک نەدەکردەوە، لەبەرئەوە هەمووی ببوو بە قەوزە، ئیتر میوانەکانیش مەیلی مەلەکردنیان نەبوو تێیدا، تاقەتی چاککردنەوەی بەلۆعە و کاشی دانانم نەمابوو. ئێمە بەدەستی خۆمان شتەکانمان بەرەو خراپتر دەبرد. ئەوکاتەیش دەمانویست بە خواردنەوەوە خۆمان هێور بکەینەوە، زۆری پێدەچوو تا بەری دەداین.

هالیش ئیتر بە وردی فۆرمی پیشوازی و حیساب و کیتابی میوانەکانی جێبەجێ نەدەکرد، ئەوکاتەی میوانەکان دەڕۆیشتن حسابەکەیان یان زیادبوو، یان کەم، هەندێ جار کەسێک کە ژوورێکی یەک تەختەیی گرتبوو، حاسابەکەی تێکەڵاو دەبوو لەگەڵ ژوورێکی سێ تەختەیی. نارەزایەتی تا دەهات زیادی دەکرد هەندێک جار دەبوو بە دەمەبۆڵە لەگەڵ میوانەکان ئیتر کەلوپەلیان دەپێچایەوە و دەڕۆیشتن بۆ شوێنێکی تر.

نامەیەکی ئاگادارکردنەوە لە خاوەنی مۆتێلەکەوە گەیشت, پاش ماوەیەکی تر نامەیەکی تر، پاشان کەسێکی تریان نارد بۆ ڕاگەیشتن بە کارەکانی مۆتێل، بەڵام لەڕاستیدا ئێمە گوێمان بە هیچ نەدەدا. دۆخەکە لە گرێژنە دەرچوبوو. ژیانمان نابووە ژێر پێ و چاوەڕوانی پاڵێ توندمان دەکرد.

هالی ژنێكی بەهۆشە، ئەمەم لە سەرەتاوە دەزانی.

سەرەنجام بەیانی رۆژی شەممە هات. شەوەكەی تا درەنگان لەبارەی كێشە و گرفتەكان قسە و باسمان كرد. بەیانی كە چاومان كردەوە لەسەر تەختەخەوەكە بە چاوی خەواڵووەوە بۆ یەكترمان روانی، هەردووكمان دەمانزانی دەبێت چی بكەین. گەیشتبووینە كۆتایی و شتێكی تر دەستی پێدەكرد.

هەستاین و جلمان لەبەركرد، قاوەمان خواردەوە، بڕیامان دا قسە بكەین بەو مەرجەی نە قسە بە یەک ببڕین، نە وەڵامی تەلەفۆن بدەینەوە و نە میوانەكانی مۆتێل.

هەرئەوەندەی دەستم بە تیچەرزەكە گەیشت، بڕیارمان دا دەرگای مۆتێلەكە داخەین و بە قاپ و سەهۆڵەكەوە بڕۆین بۆ قاتی سەرەوە، سەرەتا تۆزێک قسەی خۆشمان كرد، تاوێكیش تەماشای تەلەفزیۆنمان كرد، لێگەڕاین تەلەفۆنەكەی خوارەوە بە دڵی خۆی لێبدات. بۆ نانخواردن چووینە دەرەوە چپس و پەنیرمان كڕی.

ئێستا ئەوەی كە نەدەبوو رووبدات، روویداوە، هەستێكی گاڵتەئامێزانەمان هەبوو، هەرچی دەبێت با ببێت.

هالی دەڵێت: (بیرتە تازە پێدەگەیشتین؟ پێش ئەوەی ژیانی هاوسەری پێكبێنین؟ لەسەر تەختەخەوەكە دادەنیشێت ئەژنۆی دەگرێتە باوەش و پەرداخەكەشی هەر بەدەستەوەیە...

بیرتە چەندە هیوا و ئارەزوومان هەبوو؟

بیرمە هالی بیرمە.

(تۆ یەكەم پیاو نەبوویت كە ناسیمیت، یەكەم پیاو وایات بوو. بیری لێبكەوە وایات، بەڵام تۆ دوئانیت. كێ دەیزانی هەر یەكەم ساڵ چیم لەدەست دا، تۆ هەموو شتێكی من بووی رێک وەكو گۆرانییەک).

دەڵێم: (تۆ ژنێكی لە ترۆپكدای هالی، دەزانم پێگەیەكی چاكت هەیە).

دەڵێت: (بەڵام من هیچ كات ئەو پێگەیەم خراپ بەكار نەهێنا، پێم نەنایە دەرەوەی حەرەم سەرای هەوسەریمانەوە).

دەڵێم: (هالی، تكات لێدەكەم. ئەزیزم، لەسەری مەڕۆ، با ئەوەندە ئازاری یەكتری نەدەین. ئێستا دەبێت چی بكەین؟)

دەڵێت: (گوێبگرە، بیرتە جارێک بە ئۆتۆمبێل چووین بۆ پیاسەكردن، چوین بۆ مەزرا كۆنەكە؟ ئەوەی ئەها لە دەرەوەی یاكیما لە پشت كێوەكانی تریس بوو. تەنها دەمانویست پیاسە بكەین، بیرتە؟ لەسەر لاڕێیەكی خۆڵین دەڕۆیشتین،

هەوا گەرم و غوبار بوو. بیرتە؟ بەردەوام ڕۆیشتین ڕۆیشتین تا گەیشتین بەو کۆشکە کۆنە، تۆ دوای ئاوی خواردنەوەت لێکردن.

بیهێنەرە بەرچاوی خۆت ئێستا دەتوانین بڕۆینەوە بۆ ئەو کۆشکەکۆنە، داوای ئاوی خواردنەوەیان لێ بکەینەوە؟

دەڵێت: دەبێت ئێستا ئەو پیاوە پیرە مردبێت، دەبێت ئێستا دەست لەملانی گڵ بن لە گۆڕستانێکدا بۆ هەتایە نووستبن. بیرتە دوایی داوەتی کێک خواردنیان کردین؟ دواتر بردیانین ئەو دەوروبەرەیان پیشان داین. کۆشکێکی هاوینەییان پیشان داین سەقفێکی بچووکی نوکتیژی هەبوو ڕەنگ و ڕووی کاڵ بووبووەوە، لەسەر بنی قادرمەکانییەوە گیا ڕوابوو. ژنی خاوەن ماڵەکە وتی ساڵانی جاران، گومان دەکەم مەبەستی زۆر لەوەوپێش بوو، ڕۆژانی شەممە کۆمەڵێک لێرە مۆسیقایان لێدەدا و گۆرانییان دەچڕی، خەڵکیش گوێیان بۆ ڕادەدێران.

وام بیردەکردەوە ئێمەیش کە پیربووین وەکو ئەوان کۆشکێکمان دەبێت و خەڵکی دێن بۆ سەردانمان.

سەرەتا هیچم بۆ ناوترێت. دواتر دەڵێم (هالی، دواتر بیر لەو شتانە دەکەمەوە و دەڵێم: مۆتێل بەو پیسییەی ناو مەلەوانگەکەوە، بیرتە؟ دەڵێم خۆ لێم تێدەگەی؟

بەڵام هالی لەسەر تەختەخەوەکە بە پێکەکەی دەستییەوە دانیشتووە و هیچ ناڵێت، دەزانم ئاگای لێم نییە.


دەچم بۆ لای چەنجەرەکە، لەودیو پەردەکەوە بۆ دەرەوە دەڕوانم. لە خوارەوە کەسێک قسە دەکات و پاشان چەندجارێک دەسکی دەرگای هاتنەژوورەوە بادەدات. هێشتا هەر لەوێدا وەستاوم. دەپاڕێمەوە، هالی هێمایەک بکات، شتێک بڵێت.

دەنگی کارپێکردنی ماشینێک دەبیستم. پاشان دانەیەکی تر ماشینەکان لایتەکانیان دادەگیرسێنن، ڕووناکییەکانیان دەیدات لە ڕووی مۆتێلەکە. دواتر بەدوایەکدا بەرەو شەقامە بەرینەکە دەڕۆن.

هالی دەڵێت: دوئان.

**سەرچاوە:**

فاصله و داستانهای دیگر.



# لەنێوان بوونم بەکرمی ژێر زەوی و هەواڵسازدا

و. لە عەرەبییەوە: هەنار ئەلسەراج

من نانووسم، چونکە دەمەوێت هیچ نەڵێم، کاتێک کە سەرقاڵی نووسینی خۆشییەکانم دەبم، پەشیمان دەبمەوە، وەک لە هەموو وەسییەتەکانی دایکم و نەنکمدا هاتوون، نامەوێت باسی خۆشییەکانم لای کەسانێک بکەم کە خۆشییەکانیان کەمتر بن، کەسانێکی زۆر دڵتەنگ دەناسم. ئەگەر بنووسم و باس لە دڵتەنگییە هەرە بچووکەکانیشم بکەم، هەر پەشیمان دەبمەوە، نامەوێت هەستە نیگەتیڤەکانم بکەونە دڵی کەسێکەوە بە ئاسوودەیی بمخوێنێتەوە. بۆیە یان دەبێت بێدەنگ بم، یان بیر لە چیرۆکی کرمێکی ساویلکەی ژێر زەوی بکەمەوە، کە بەبێ خۆشی و دڵتەنگی تا ئەو کاتەی منداڵێکی هاروهاج دەیدۆزێتەوە و دەیکاتە خۆراکی ماسییە بچووکەکان، لە قوڕدا دەژی. دەبوو بەر لەوەی هەر شتێک بنووسم بەهای نەبێت، ببم بەم کرمە بچووکە، بەڵام ئەو نووسینانەم بە خەڵک

بڵێن کە من باشم و هێشتا ماسییە داماوەکان قووتیان نەداوم. ئایا گەردوون بایەخ بەوە دەدات ئەگەر من لەناو سکی زەویدا بم، یان لەناو سکی ماسییەک؟ ئایا جیاوازی هەیە؟ ئایا ئەوە کەمئەقڵی بوو کە بیرم دەکردەوە خۆشییەکانم، یان ناخۆشییەکانم گرنگن بەلای خوێنەرەوە؟ ئایا ئێستا دەبێت ببمە ئامادەکارێکی هەواڵ؟ بنووسم بەبێ ئەوەی هیچ بشارمەوە؟

### لەنێوان خەم و توورەبووندا... هاوارێک

جیاوازییەکی بچووک هەیە لەنێوان خەم و توورەبووندا... تەنها لەبەر ئەوەی لە کاتی خەمدا کەس نییە نەختێک هاواری بەسەردا بکەیت تاکو تۆزێک ئارامبیتەوە... یان لەبەرئەوەیە کە خەمەکەت تاوانی کەسی تێدا نییە... یان لەبەرئەوەیە تۆ ناتوانیت وەک کەسی تاوانبار بکەیت.

هەربۆیە توڕەبوون نامڕەنجێنێت... هەمیشە پاساوی خۆی هەیە، زۆر بە پەلە ڕەت دەبێت و هیچیش لە پاش خۆی جێناهێڵێت... چونکە تۆ لەگەڵ هەر هاوارێکدا هەموو چەقۆ تیژەکانت هاویشت... لە توورەبووندا هیچیش نامێنێتەوە تەنها خوێنێکی سەرلێشێواو نەبێت، کە بە پەلەتر لە جاران ڕێدەکات و ڕەنگی لە جاران سوورتر دەبێت.

بەڵام لەگەڵ خەمدا مەسەلەکە جیاوازە! خەم تاقە هەستێکە تەنهات دەکات و لە هەموو دەوروبەرت دادەبڕێیت. خەم دەتخاتە نێو زیندانێکی بێ ڕووناکی و بێ ئاو و پێت دەڵێت هەناسە بدە تا هەوا تەواو دەبێت و دەمریت.

### برینەکان جیاوازن و ڕێگەی حەوانەوە یەکێکە

دەزانی من هەمیشە پێت دەڵێم کە من هانات بۆ دەهێنم؟ هەرچەندە من ڕقم لەوەیە هانا بۆ کەس ببەم و پێش تۆش هانام بۆ کەس نەبردووە. زۆر جار باسی ئازارەکانی دانمت بۆ دەکەم. ئازارەکانی سەرم. ئەو سەرئێشەیەی پاش خەوتن تووشم دێت. پێوەدانە هیچەکانی چێشتخانەکەم. برینە بچووکەکانی پێم، چونکە زۆر خۆم بە شتدا دەکێشم. تەنها بە تۆی دەڵێم، چونکە زۆر حەز دەکەم گوێ لە وەڵامەکانت بگرم. حەزم لە سۆزی تۆیە. حەزم لە ڕاچڵەکینەکانتە کاتێک کە لە نووکە دەرزییەک رادەچڵەکی ئەگەر بەپێی مندا بچێت. ئاوها ئازارەکانی دانم و پەنجەکانم تەواو دەبن، بەڵام ئەو ئازارەی کە لە دڵمدایە تەواو نابێت و لای تۆ باسی ناکەم. نەک لەبەر ئەوەی نامەوێت باسی بکەم، بەڵکو لەبەرئەوەی پشتریش پێم وتوویت ڕێگەیەک نازانم بۆ ئەوەی ئازارەکانم لای تۆ بدرکێنم.


**وەرزەکانی باران**

سێ وەرز لە باران تێپەڕی لەو ڕۆژەوە کە تۆم تێدا بینی. پێش ئەوانە لە وشکیدا درزم دەبرد، درزەکان منیان دەکردە بەشێک لە خاک. تا ئەو چرکەیەی تۆم تێدا بینی... ئەو کات یەکەمین جار بوو لەو ساڵەدا ببارێت، بەڵام من هەستم دەکرد ژیانی من یەکەمین جاربوو تێیدا ببارێت، وات دەزانی من عاشقت بووم لە یەکەم بینینەوە وەک پێم وتی. تۆ نازانی من تەنها عاشقت نەبووم، من تامەزرۆت بووم. نازانی کە تۆ ئەو ئاوە بوویت بە لێشاو بەسەر خاکەکەدا هاتیت و منی عاشقت غەرق کرد. لەکاتێکدا تۆ گوڵەکانت دەچاند، من ئامادەبووم پێت بڵێم تۆم خۆش دەوێت و دەتوێمەوە بۆت، بەڵام ئایا ئەوە زۆر شێتانە دەبوو ئەگەر وام بکردایە؟ کەسێک ببینیت و لە چرکەی یەکەمەوە پێی بڵێت بۆت دەتوێمەوە! بۆیە پێم نەوتی، بەڵام من دەمزانی لەو چرکەیەوە تۆ دەبیتە هەموو تەمەنم. ئەو تەمەنەش هەمووی دەبێتە وەرزی باران و وەرزی خۆشەویستی.

**سەرچاوە:**

http://greenfield9918.wordpress.com

# "بەردەکان"



ن: ریچارد شلتن
و. لە فارسییەوە: جەواد حەیدەری

حەزدەکەم شەوانی هاوین بچمە دەرەوە بۆ ئەوەی گەورەبوونی بەردەکان ببینم... پێموایە بەردەکان لە بیابان و دەشت باشتر لە هەر شوێنێکی تر گەشە دەکەن، چونکە بیابان گەرم و وشکە... رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت کە بەردە گەنجەکان لە بیابان زیاتر چالاکترن.

بەردە گەنجەکان حەز دەکەن زیاتر لەو شتانەی کە گەورەکان بۆیان دیاری دەکەن، جوڵە بکەن. بەردە گەنجەکان هەمان مەیل و حەزە دەروونییەکانیان هەیە کە دایک و باوکیان لە رابردوودا هەیان بووە، بەڵام چەندین سەدە پێشتر لە بیری خۆیان بردووەتەوە. بەهۆی ئەوەی کە وەدیهاتنی ئەو ئارەزووانە ئاوی دەوێت... هیچ کات ئەوان بەسەر زاریاندا نایەت... بەردە کۆنەکان قەت کەیفیان بە ئاو نەدەهات و پێیانوابوو ئاو شتێکی ئازاردەرە و تەنگیان پێهەڵدەچنێت و لە کۆڵیان نابێتەوە، پێیان وابوو ئاو قەت لە شوێنێک نامێنێتەوە بۆ ئەوەی شتێک فێربێت، بەڵام بەردە گەنجەکان هەوڵدەدەن بە بێ ئەوەی سەرنجی گەورەکان راکێشن بەشێوەیەک هەڵسوکەوت بکەن کە ئەگەر کەوتنە بارودۆخێکی وەک زریان، یان

هاتنی ئاوێکی بەخوڕ، ئەگەر ئاو ئەوان لە شوێنی خۆیان هەڵکەنێت، یان بیانخاتە شیو و دۆڵێک، یان لە هەورازێکەوە بیانخاتە خوارەوە، سەرەڕای هەموو ئەو مەترسییانە هێشتا بەردە گەنجەکان حەز دەکەن سەفەر بکەن و دنیا ببینن و لە شوێنێک دوورتر لەماڵی خۆیان بگیرسێنەوە و بۆ خۆیان حکومەت دامەزرێن و دوور لە چاوی دایک و بابیان ژیان بۆ خۆیان پێک بێنن.

گەرچی پەیوەندی خێزانی لەناو بەردەکان زۆر پتەو و بەهێزە، بەڵام زۆربەی بەردە گەنجەکان بوێریی و ئازایەتی لە خۆیان نیشان دەدەن و سەرکەوتووش دەبن... هەندێ لە بەردە گەنجەکان برینەکانی خۆیان نیشانی منداڵەکانیان دەدەن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە رۆژگارێک ئەوان سەفەریان کردووە و پەنایان گرتووە و ئاوی زۆریان بینیوە، ئەگەرچی سەفەری هەندێک لە گەنجە بەردەکانیش لە پێنج مەتر زیاتر نەبووە، بەڵام ئەوەش خۆی جۆرێک لە سەرکەوتنە کە زۆرجار شمولی زۆر کەس ناکات و زۆرکەس ناگرێتەوە... هەرچی لە تەمەنی ئەوان تێدەپەڕی و تەمەنیان روو لە هەڵکشان بکات لە ئاستی سەربزێویی و سەرکێشی ئەوان کەمتر دەبێتەوە...

ئەگەر راستت دەوێت بەردە کۆنەکان زۆر موحافزکار دەبوون، ئەوان هەرجۆرە جوڵە و حەرەکەیەکیان بە مەترسی و زۆرجار بە گوناح لە قەڵەم دەدا، ئەوان زۆرجار لە شوێنێک دەگیرسێنەوە و بەزیان زۆر دەکات و قەڵەو دەبن و هەر ئەو قەڵەوییەش لەڕاستیدا دەبێتە یەکێک لە خاڵەکانی جیاوازییان.

شەوانی هاوین کە بەردەگەنجەکان خەو دەیانباتەوە و دەخەون، بەردە پیر و بە ساڵاچووەکان باسێکی جدی و ترسناک دێنە گۆڕێ، باسی مانگ دەکەن، ئەویش بەشێوەیەکی چرپە چرپ و سرتەسرت و خورتە خورت، سەیری ئەو مانگە بکەن چەند پرشنگدارە، چلۆن ئاسمان تێپەڕ دەکات و شکڵ و سیمای خۆی دەگۆڕێت...

ئەوی تر دەڵێت: سەیرکەن چۆن بۆ لای ئێمە دێت، بەنیازە داوا لە ئێمە بکات بەدوای ئەودا برۆین و شوێن ئەو بکەوین.

بەردی سێیەمیش دەڵێت: ئەویش بەردێکە کە لە کەللەی داوە و سەری لێشێواوە...

**سەرچاوە:**

کتێب "بهترین بچه عالم"، مجموعه داستانهای خیلی کوتاه، گردآورنده: جیمس توماس، اسدالله امرایی، چاپ دوم، ١٣٨١.

# هونەر

| | |
|---|---|
| سیناریۆ، ڕەگی لەنێو ژیاندا و باڵای لەنێو خەیاڵدا | کەریمۆک |
| دەربارەی گۆرانی و موزیکی کوردی | تەها ئەحمەد ڕەسوڵ |
| دیدار لەگەڵ هونەرمەند "عوسمان قادر" | سازدانی: ستار قادر |
| شیکردنەوەیەک بۆ سیمفۆنی ژمارە (٩)ی لۆڤیگ ڤان بیتهۆڤن | فەرمان عەلی نوری |
| لویس بۆنوێڵ سینەما دژی دەسەڵات و کەنیسە | و. ئەکبەر حەسەن |

# سیناریۆ؛
# ڕەگی لەنێو ژیاندا و باڵای لەنێو خەیاڵدا



کەریمۆک

بێگومان سەرچاوەی هەر بیرۆکەیەک بۆ نووسینی سیناریۆ، خودی واقیع خۆیەتی، واتە بنەما و بنچینەی هەر بیرۆکەیەک کە دەبێتە خاڵی دەسپێک بۆ نووسینی سیناریۆ، کرۆکیژیان خۆیەتی، لە هەرکوێوە دەست پێ بکەین و لە هەر ژانرێکی ئەدەبی و کەناڵێکەوە سوود وەرگرین بۆ نووسینی سیناریۆ، سەرچاوەکەی هەر واقیعە، واقیعی کۆمەڵایەتی بە ئاست و ئاڕاستە جیاوازەکانەوە، مادەی هەر بیرۆکەیەک و دواجار هەر سیناریۆیەکن، بەڵام ئەوە دەربڕینێکی گشتگیرە، چونکە دواجار بۆ نووسینی سیناریۆ چەند سەرچاوەیەکی گرنگ لەبەر دەستدان، هەریەک لەو سەرچاوانە دەشێت بۆ نووسینی سیناریۆ بکرێنە بنەما، لەنێو قۆناغەکانی سینەمای جیهانیشدا هەر هەموو سەرچاوەکان ئەزموونکراون و چەندین فیلمی پایەبڵند وەک نموونە لەبەر دەستدان.

ژیانی سەرجەم کۆمەڵگاکانی جیهانیش، لەوپەڕی پێشکەوتووەوە تا دەگاتە ئەوپەڕی دواکەوتوویی و داخران، فیلمێکی بێ کۆتایە، سەرجەم بنەما

دراميیەکان لەنێو ڕووداوەکانی ڕۆژانەدا ئامادەییان هەیە، ئەمەش پەیوەستە بە دوو خاڵی گرنگ کە (ململانێ و گۆڕانکارییە)، ململانێ وگۆڕان دوو خاسییەتی هەرە گرنگی ژیانن، هیچ کۆمەڵگەیەک نییە لەنێو تۆڕێک لە ململانێی سیاسی و سایکۆلۆژی نەناڵێنێت، هەر لە ململانێ چینایەتییەکان تا دەگاتە کێشمەکێشمی سیاسی و کوشتوبڕ، دیارە شتێکی بەڵگە نەویستە ململانێ (conflict) یەکێکە لە کۆڵەکە هەرە گرنگەکانی دراما، بێ ململانێ سیناریۆی هیچ فیلمێک ناگاتە ترۆپک و ئامانجی خۆی ناپێکێت، ئەمەش دیسان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژیان خۆی ململانێیەکی نەبڕاوەی بەردەوامە، بۆیە دەشێت ڕووداوەکانی دەوروبەر باشترین و ڕاستگۆترین بیرۆکەبن بۆ هەڵچنینی سیناریۆی فیلم، جا ئەم ڕوودانە دەشێت لەنێو ژیانی خۆمان و خانەوادەکانمان، یان دراوسێ و گەڕەک و کۆمەڵگە هەڵهێنجرابن، بێگومان لەنێو ڕووداوەکانیشدا جیاوازی هەیە، ڕووداوی ناوازە و قوڵ و پڕ لە ئەفسون و تەلیسم هەیە، کە ئەمەیان مرۆ دەخاتە بەردەم ڕامان و بیرکردنەوە، واتە شتێکی تازە بە بەرامبەر دەبەخشێت و دووبارە و بیستراو وەڕسکەر نییە، ڕووداوێک جێگەی سەرنجە و لە هیچ ڕووداوێکی تر ناچێت، واتە خاوەن تایبەتمەندییە، لە بەرامبەریشدا ڕووداوی سواو و بێ ڕەهەند هەیە کە چەندبارە و سەدبارەن، بینەر بە ڕوودانیان ڕاهاتووە و بووەتە شتێکی ئاسایی، لەو جۆرە ڕووداوانە بیرۆکەی باش دروست نابێت و ناتوانرێت بڕوا بە بینەر بکەیت ئەوەی دەیبینێت، شتێکی تازەیە...!

هەوڵی سەرجەم سیناریست و دەرهێنەرانی دونیاش بۆ ئەوەیە شتێکی تازە نیشانی بینەر بدەن، بینەریش هەمیشە لە چاوەڕوانی شتێکی تازەدایە بۆ ئاودێرکردنی ڕۆح و یەکلاییکردنەوەی کێشە ناوەکییەکانی خۆی و وەڵامدانەوەی بەشێک لەو پرسیارانەی هەراسانی دەکەن.

ڕەنگە ڕووداوگەلێکی ناوازە و سەرنجڕاکێش هەبن، کە ببنە بنەمای دروستکردنی فیلمی باش، لەلای خۆشمان ڕۆژانە گوێبیستی دەیان چیرۆک و ڕووداوی سەرنجبەر دەبین، هەر لە چیرۆکی جیاجیای سووتانی ژنان تا دەگاتە دەیان ڕووداوی ناوازە و سەرسوڕهێنەر، کە دەشێت هەڵوەستە لە ئاستیان بکەین و ببنە کەرەستەی دروستکردنی سیناریۆ، نموونەی جیهانییش لەبەر دەستدایە کە دەیان فیلم لە ڕووداوی ڕۆژانە وەرگیراون.

چیرۆک و کورتەچیرۆک، نۆڤڵێت و ڕۆمان، تێکستی ئەدەبی، شانۆنامە، وتاری ئەدەبی، یاداشت و بیرەوەری، ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە کەناڵێکی گرنگ بووە بۆ دروستکردنی فیلم، چونکە ئەدەب مێژوویەکی پڕ لە ئەزموونی هەیە و

پەنجەرەیەکی گرنگ بووە بەسەر کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، تا دەگاتە گرفتەکانی تاک و گەڕان بەدوای پرسیارە گەردوونییەکان و شەڕە بەردەوامەکانی ناخی مرۆڤ، لەم نێوەشدا چەندین قوتابخانەی ئەدەبی بۆ گوزارشت و دەربڕین هاتوونەتە ئاراوە، بۆیە سینەما هەر لە یەکەم هەنگاونانی سوودێکی گەورەی لەو سەرمایە دەوڵەمەندەی بیری مرۆڤ بینی و لەم نێوەشدا چەندین شاکاری گەورەی جیهانی کراونەتە فیلم، چ لە شانۆنامەکانی ولیەم شکسپیر و ڕۆمانە بەرزەکانی دونیا، تا دەگاتە بیرەوەری و ژیاننامەی گەورە نووسەران، ئەم کارکردنە لەسەر ئەدەب بەردەوامی هەیە و بەجۆرێک بەشێک لە نووسەران بەتەواوی کاتی خۆیان بۆ نووسینی سیناریۆ لەسەر تێکستە ئەدەبییەکان تەرخان کردووە، دیارە تا ئێستا و بۆ ئایندەش کارکردن لەسەر دەقی ئەدەبی، بەتایبەتی ڕۆمان، شێوازی جیاجیای بەخۆوە بینیوە، کەمجار ڕێککەوتووە سیناریست و دەرهێنەر دەقاودەق بە گواستنەوەی ڕۆمانەکە پابەند بن، چونکە دروستکردنی وێنە بە وشە تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەو وێنە ڕاستەقینەی بینەر لە سینەمادا بەری دەکەوێت.

ڕووداو و بەسەرهاتە مێژووییەکانیش وەک سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ نووسینی سیناریۆ دەتوانرێت سوودیان لێ ببینرێت، لەم نێوەشدا چەندین فیلمی گەورەی جیهانی لەبەردەستدان، کە بابەتەکانیان داستانە مێژووییەکانە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، دەستبردن بۆ ئەم بابەتە مێژووییانە دووبارە نووسینەوەی مێژوو نییە، بەڵکو ئەو بەسەرهاتە مێژووییانە بەشێوەیەک کاری لەسەر دەکرێت کە قسەیەک بێت بۆ ئەمڕۆ، جا وەک پەند وەرگرتن بێت لە ڕابردوو، یان ڕاڤەی واقیعی ئێستای لە ئەستۆ بێت، هونەرمەند مێژوونوس نییە، بەڵکو خستنەڕووی مێژووە بە باکگراوند و بیرکردنەوەی سەردەمی ئێستا، بەدیوێکی دی دروستکەری مێژووە لە فۆڕمێکی هونەری و زاخاو بە جیهانبینی خۆی.

زۆرجاریش دەوڵەتان پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە مێژووییانە بکرێنە فیلم، ئەمەش هەر بە ئایدیا و دیدێکی ئامانجدارەوە، کە مەبەست شکۆدارکردنی سەروەری ڕابردووە بەسەر سەروەرییەکانی بەرامبەر، واتە لێرەشدا مێژوو بۆ مێژوو نییە، بەڵکو بۆ ئامانجێکی دیاریکراوە لە ئێستادا. بەهەمان پێوەر کارکردن لە ئەفسانەکان و زیندووکردنەوەیان لەنێو کاری سینەما بێ ئامانج نییە، دەرهێنەر دێت لەپشت ئەو خەیاڵ و فانتازیایەی لە ئەفسانەدا هەیە دیدی خۆی تێدا جێ دەکاتەوە، بە جۆرێک کە زەوق و سەرنجی بینەر ڕابکێشێت

و لەو پەنایەوە قسەی خۆی بکات، رەنگە هەندێکجار ئەوەی لەنێو ئەفسانەدا هەیە زۆر نزیک بێت لە خەیاڵی سینەمایی و جۆرێک لە ئازادیی کارکردن بە هونەرمەند بدات، تا داهێنانی خۆی تێدا بخاتەڕوو، چونکە پایەکانی ئەفسانە لەسەر خەیاڵ هەڵچنراوە، بێگومان خەیاڵیش سنووری نییە و هونەرمەند خۆی چوارچێوەی بۆ دادەتاشێت و مانای پێ دەبەخشێت و دواتر لە واقیعدا بەرجەستە دەبێتەوە.

بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکەی باش، مەرج نییە سیناریست راستەوخۆ بەر بیرۆکەیەک بکەوێت، بەڵکو زۆر کەناڵی پەیوەندیدار بە واقیعەوە هەیە، دەشێت وەک سەرچاوەیەک بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکە پشتی پێ ببەسترێت، ئەویش رۆژنامە و بڵاوکراوەکانن، رۆژنامەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە بوونی ئاست و هۆشیاری جیاوازەوە دەشێت وەک سەرچاوەیەکی گرنگ تەماشا بکرێن بۆ ئاشنابوون بە کێشە و ململانێکانی نێو کۆمەڵگە، ئەگەرچی ئاستی رۆژنامەگەری هەر ناوچەیەک لە خستنەڕووی ژیانی کۆمەڵگەکەی جیاوازی هەیە، بەڵام ئێمە بەشێوەیەکی گشتی و شێوە ستانداردەکەی باس دەکەین کە دەبێت رۆژنامە ئاوێنەی چالاکی و بزاوتە کۆمەڵاتییەکان بێت، بۆیە دەشێت لەنێو رۆژنامەکاندا هەواڵ و رێپۆرتاژی جۆراوجۆر هەبن، کە بیرۆکەی باشی لێدروست بکرێت.

بابەتی نێو رۆژنامەکان لە دوولاوە سەرچاوەی گرنگن بۆ دروستکردنی بیرۆکەی باش، لەلایەک رۆژنامەنووس وەک فیلمساز هەوڵی بابەتی ناوازە و تازە دەدات تا راپۆرت، یان بەدواداچوونی لەبارەوە بکات بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەرەکانی، بۆیە گرنگییەکی زۆر دەدات بە ئەکت و گرێی درامی بەسەرهات و بابەتەکان، لەلایەکی تر بوونی ئۆرژیناڵی ئەو رووداوانەیە کە تاڕادەیەکی باش لە ژیان و گوزەرانی خەڵک نزیکن، ئەمەش دووبارە وادەکات بیرۆکەکە زۆر لەڕاستییەوە نزیک بێت و تایبەتمەندی هەبێت.

بێگومان لەگەڵ ئەوەی باسکرا، چەندین سەرچاوەی تر هەن، کە سیناریست دەتوانێت وەک سەرچاوەیەک بۆ نووسینی سیناریۆ سوودی لێ ببینێت، دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت سیناریست بێ سنوور ئازادە چۆن سوود لە سەرجەم دیاردە و دەرکەوتەکانی ژیان وەردەگرێت بۆ نووسینی سیناریۆیەکی سەرکەوتوو.

# دەربارەی گۆرانی و موزیکی کوردی

**تەها ئەحمەد رەسوڵ**



کێشانی پانۆرامایەک بە ریتم و ئاواز و موزیک و گۆرانیگوتن، لەرە و دەنگی بەسۆز و هارمۆنیای ئیستاتیکی، پانۆرامایەکە گەلێک دێرین و مێژووەکەی بۆ بەر لە پەیدابوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، بەڵکو پێ بەپێی بوون و سروشت ئەو دەنگانە هەبوون و دەشێت لە رووە هونەرییەکەیەوە گەردوونیش وەک ریتم و ئاواز بناسین هەروەکو فیساگۆرس پێی وابوو.

هونەری موزیک وەک هونەرێکی زۆر نزیک لە رۆحی مرۆییەوە ئەبستراکترین هونەرە و لەم بارەیەوە ئەفلاتوون و فەیلەسوفانیش دەستەوسانن لەهەمبەریدا... پاش سەرسامبوون و چێژوەرگرتن لە ئاوازەکانی دیاردە سروشتییەکانی وەک شەپۆل و قەڵبەزەی چەم و رووبار و ریتمی لرفە و تەوژمی باوبۆران و ورشەی پەلک و گەڵای درەخت و شەپۆلی پەڵە گەنمەکان، یاخود دەنگی مەل و سەدای بەجۆشی گیانداران، ئیدی مرۆڤیش وەک خاوەن دەنگێکی نغرۆ و تژی لەو دەنگ و سەدا و میلۆدییانە، رەنگپێدەرەوەی هەموو ئەو وەرگرتنانەی بووە سەرباری دۆزینەوەی زمانێکیش کە بە وشە و موفرەدەی ئاخاوتن بەرجەستە نابێت و دەنگێکە لە قووڵایی هەستەکانییەوە هەڵدەقوڵێت... دەشێت موزیک پاش هێڵ و

ڕەنگەکان یەکەمین زمانی ئادەمیزاد بووبێت بۆ دەربڕین و تۆمارکردن، هەربۆیە شیعر و داستانەکانیش دەسپێکی بەخششەکانییەتی کە لە موزیک و ریتم و ڕەگەزە هونەرییەکانی پێکهاتووە.

هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی ئادەمیزاد وەک ڕاهاتنێک و زاخاودراو بە هونەری میللی خۆی پەروەردە بووە و لە گۆشکردنی هەستە هونەرییەکەیدا ریتم و ئاوازی تایبەتی بۆ بووەتە زەمینەی چێژ و خرۆشی دەروون، کە ئەمەش بە پەروەردەیەکی کاریگەر و ڕاستەوخۆ دێتە ئەژمار بەر لە پەروەردەکردنی خودیی لە دۆزینەوە و تامەزرۆبوونی بە ریتم و ئاوازی ناوازە کە خۆراکی دەروون و ڕۆحی مسۆگەر بکات.

پەروەردەی چەشە و گوێگرتن و ئاشنابوون بە موزیک و دەنگ و سەدای گۆرانیبێژان، سەرەتا لە چوارچێوەی خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت، پاشان بەرکەوتنی ئەو سەرەتایانە بە ئەزموونی کەسێتیی و ڕەوشی ژیانەوە کە هەمیشە بارودۆخەکانیش کاریگەری ئەوتۆیان هەبووە لەو پێناوەدا، بەمانای ڕەوشێکی سیاسی و خەبات و بەرخۆدان و بینینی جەنگەکان ریتم و ئاوازێکی تایبەتی دەبەخشنە وەچەی گیرۆدە بەو باسوخواسانەوە و ڕەوشێکی ئارام و سەقامگیریش سێبەری خۆی دەڕژێنێتە سەر وەرگرتنەکان، ئەمە سەرباری ڕێبازەکانی پۆپی کلاسیکی و پۆپی نوێ و هاوچەرخ و شێوازی قۆناغێک کە دەستەجەمعی دەبێتە زمانی گشت و هەمووان تێیدا دەژین.

ئەمە دەشێت قۆناغی سەمفۆنیا و ئۆپێرا و کۆنسێرتۆکان بهێنێتەوە بەر باس، کە لە قۆناغەکانی پێشتردا مرۆڤ زیاتر ئالودەی ئەو شێوازەی موزیک بووە و ئێستاش شێواز و میلۆدی و ریتم و فەزایەکی دیکە، قۆناغەکان لەو میانەدا ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە زاخاودانی هونەردۆستان، قۆناغی رۆک ڕۆڵ نموونەی بەرچاوی ئەو هونەردۆستانەیە، کە هەنوکەش پێی سەرمەستن و نایگۆڕنەوە بە تازەترین ئەلبوومی سەردەم، کە گۆرانیبێژێکی بەتوانا گۆرانییەکانی دەچڕێت.

لای میللەتانی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی نێوەندیش مەقامات و چریکەی زۆر بەتین و چین بڵندی دەنگە پڕ لەرە و سۆزدارییەکان دیسانەوە زەمینەی پەروەردەیەکی هونەرییە هەروەک چۆن (گۆران)ی شاعیر لەمەڕ (دەروێش عەبدوڵڵا)وە دەیڵێ کە زێتر لە بتهۆڤن پێی سەرمەستە... ئەمە پەروەردەیەکە زەمەنیی و قۆناغ بە قۆناغ لە گۆڕاندایە، بەپێی مەیلی خودیی و ڕەوشی ژیان لە پێشکەوتن و بەربڵاویدایە، ئیتاڵی بە ریتم و ئاوازی ئیتاڵی خۆی سەرمەستە و ڕۆمانی بە کەلەپوور و ئاواز و ریتمی وڵاتەکەیان ئاشناترن، ئەگەرچی لە دەرەوەی خۆشیان هونەرێکی

ئاست بڵندیش بوونی هەبێت.

وەلێ پەروەردەیەکی هونەریی کە جوگرافیا و زەمەن ناناسێت و هونەر وەک کایەیەکی ئەکتیڤ تر دەبینێت، هەموو ئەمانە تێدەپەڕێنێت و لە کوێدا هونەر هەبێت پەروەردە هونەرییەکەش خەرمانی خۆی لێ زیاد دەکات و پەیوەندی بە نەتەوە و بیرکردنەوەی مرۆییەوە نییە، ئەوەندەی لە ئاسۆفراوانیدا بەدوای خۆراکەکانیدا دەگەڕێت و دەبێتە زمانێکی جیهانی بێسنوور، وەک چۆن هونەری شێوەکاریی خاوەنی زمانێکی جیهانییە و بە بەخششی مرۆیی لێکدەدرێتەوە، هەروەها داهێنان و توانستی ژەنیاران و گۆرانیبێژان ئەو زمانە جیهانی و گەردوونییەی هەیە و پێویستە لە بازنەی نەتەوە و زێد و جوگرافیاکان دەربازی بێت، ئەمە هەرگیز پەیوەست نابێتەوە بە رەسەنایەتی و هەستی میللی و نەتەوەییەوە، چونکە زمانی موزیک زمانی رۆحە و زمانی ئەو هەستانەیە کە مرۆڤ خاوەنییەتی، بێئەوەی بتوانێت پشت لەو راستییانە بکات.

هونەردۆستان، هونەریان دەوێت و رۆژ بەڕۆژ پەروەردە هونەرییەکەیان دەوڵەمەندتر دەکەن، لێرەدا هەموو ئەو هونەرمەند و گۆرانیبێژانەش مەبەستمانە کە ئەوانیش لەو جیهانەدا بە هونەردۆستان دێنە قەڵەم... هەموو کەسێکیش ئازادە گوێ لە چی دەگرێت و سەربەستە هەڵبژاردنی خۆی پرۆسە بکات، هیچ لەمپەر و سنوور و تخوبێک ناتوانێت بەر لەو هەستە هونەرییەی بگرێت و دەنگ و سەدای ئامێرەکانی موزیک و دەسترەنگینی و سەلیقەیی ژەنیارەکان، هەروەها دەنگەژێ و میلۆدی گۆرانیبێژان دەنگ و سەدای مرۆیین و پێیان نامۆ نییە، هەندێ جار ئەو بەرتەسکبوونەوەی ئاسۆیە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە لەمانای گۆرانییەکان و ناوەرۆکی شیعر و وشەکان تێنەگەن، هەربۆیە پەنا وەبەر هونەری ناوخۆیی ببەنەوە، بەڵام هەستی گوێگرتن بەپێی ئەزموون دەرک بەو داهێنان و چێژ و ئیستاتیکایە دەکات کە دەکەوێتە پێش تێگەیشتنی وشە و یەکە شیعرییەکانەوە، هەربۆیە پێیان سەرمەست دەبن و ناتوانن وەلایان بنێن، نموونەی سەلماندنی ئەم وتەیە دەتوانین لە ریتم و ئاوازی هندییەکانی هندستاندا بیهێنینەوە کە توانیویانە بیپەڕنەوە بۆ جیهان و نەکرێت وەلا بنرێن و وەک هونەر مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت، هۆرە هەر هۆرەیە مادامەکی گەروویەکی مرۆیی بە هەناسەی تایبەتەوە دەیچڕێ، لاوک و حەیران و چینی بڵندی دەنگەکان پێویستی بە جوگرافیا نییە تاوەکو ناسنامەی خۆی بگەیەنێتە وەرگر، بەڵکو توانست و ئاستی شیاوی هونەرییانەی ئەو چڕین و گوتنەیە کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ بیستندا... نموونەی ئەستێرەیەکی وەک (مایکل جاکسۆن) شکاندنی

نەک جووڵەی لەش و بزاوتنی چالاکی ئەندامەکانی ئادەمیزادە، بەڵکو شکاندنی وشە و دابەشکردنی ریتم و خوڵقاندنی هارمۆنیایەکە کە دواجار دەبێتە ستایل و میلۆدییەکی تایبەت لە هونەری موزیکی جیهانیدا تاڕادەی شکاندنی سنووری وڵاتان، بۆیە دەبێت جیهانی بیربکەینەوە لە موزیکدا.

## موزیک و گۆرانی ئەمڕۆمان

هەموو بوار و کایەکانمان کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بە بوون و ژیانمانەوە هەیە، بەتایبەتیش هەست و نەست و دەروونمانەوە، پێویستە ناوبەناو پێداچوونەوەیان بۆ بکەین و بیانخەینە نێو راڤەکاری و رانانی وردەوە، هەرچی کایەی بەژن زرافی هونەریشە دەبێت لەسەروو ئەو شتانەوە حسابیان بۆ بکەین کە تۆکمەترین رایەڵیان لەگەڵماندا بەستووە، داماڵراوترین هونەری پوختیش کە گەلێک ئەبستراکتە و لەگەڵ دەروون و رۆحدا سەروکاری هەیە، موزیک و ئاواز و ریتم و هونەری گۆرانی گوتنە کە خێرا و راستەوخۆ کارمان تێدەکەن و شانبەشانی خۆیان پەلمان دەگرن بەرەو بەشداریکردنێکی زیندوو دەمانبەن.

رەنگە پێویست نەکات بەرەو دێرین و رابردوو بکشێینەوە، بۆ گەوهەری مرۆ بگەڕێینەوە کە بێ ئەم هونەرە کاریگەرە نەیتوانیوە بژی، بەڵکو بەشێکی ئەوتۆ بووە لە رۆحیدا، وەلێ بۆ برەودان و بەگەڕخستنەوە و ئەکتیڤبوونی کایە باڵاکان، هەمیشە لەسەرمانە پرسیارگەلێکی پڕ سەرنج ببەخشینەوە بەو بوارانەی کاریان تێدا دەکەین لەپێناوی تازەگەریی و نوێبوونەوە و گەشەسەندنیان... بە مانایەکی دیکە تاوەکو زیاتر لە گەوهەر و کانزاکانیان تێبگەین و لەوێوە بە دیدگایەکی رۆشنترەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەینەوە، ئینجا لەمیانیاندا کار بکەین.

موزیک و گۆرانیگوتن و لەرینەوەی دەنگەژێی پڕ هەناسەی هونەریی، ئەگەرچی مەیلێکی سروشتی مرۆڤە و لەو بوونەوەرەدایە کە دەتوانین بە (زۆربا) ناوی بهێنین، هاوشانی دەنگەکانی سروشت کە تژین لە بەزم و رەزم و هەڵکشان و داکشان، دیسانەوە زادەی سروشتە و هەنوکە بووەتە خۆراکێکی پێویست بۆ مرۆڤ کە جەخت لەوە دەکاتەوە مرۆ بەتەنها بە نان ناژی، بەڵکو شتهایەکی دیکەش بنەڕەتین و لە ئازادیی و ئاسوودەیی مرۆڤدا رۆڵی کاریگەریان هەیە.

ئێمەش وەک میللەتان خاوەنی موزیک و گۆرانی فۆلکلۆر و ئێستاین، خاوەنی چریکە و سەدای هونەرێکین کە لەڕێی ژەنیار و گۆرانیبێژانمانەوە پێشکەشکراون و دەتوانین بڵێین شتێکمان هەیە بەناوی گۆرانی و موزیکی کوردییەوە، هەروەها

ئەو جەماوەرەش کە بەسەریاندا دابەش بوون و بەپێی مەیلی خودییان هەریەکەو لای خۆیەوە کەسانێکی لەبەر دڵان شیرینە کە خۆی ئارەزووی دەنگیان دەکات و لەگەڵیاندا رۆحی سەردەخات... لەو میانەشدا خاوەنی چەندین رێباز و رێچکەی هونەرین کە پەیڕەوانی بە مامۆستایان و هونەرمەندان ناوزەد کراون.

ئەوەی ئەم وتارە هەوڵی بۆ دەدات پێداچوونەوەیەکە، یاخود بەهەند وەرگرتنی هونەرێکە کە مخابن لەلایەن هونەرمەندانییەوە بەو پەرۆشییە بیری لێنەکراوەتەوە هێندەی مەیلی تایبەتی و میزاج و کاری خودییان نەک سەرخستن و برەوێکی باشتر بە کایەکەیان... وەک ئاشکرایە دەنگ و سەدای مرۆڤ هاوشانی ئامێرەکانی موزیک دەبێتەوە و هەندێ جاریش بگرە باڵاتر و پڕ جۆش و خرۆشتر، ئەگەر ئامێرە موزیکییەکان رۆڵی زۆر کاریگەریان هەبووبێت لە پەروەردەکردنێکی رۆحیدا و گوێی مرۆڤیش پێیان خۆشنوود بووبێت، ئەوا دەنگەژێی بنیادەمیش باشتر و چالاکتر ئەو رۆحەی هەژاندووە و مەستی کردووە، دەنگەژێی تژی لە لەرە و هارمۆنیا و هەڵکشان و داکشان و پلە نزم و بڵندەکان، کە چینەکانی دەنگیان لێوە بەخشیووە، کاراترین ئەو دەنگانە بوون کە دەتوانین قۆناغەکانی ژیانی سەر گۆی زەمینیان پێ تاووتوێ و پۆلێن بکەین، واتە هەر قۆناغە و بوونی گۆرانیبێژانێکی بێهاوتا و داهێنەر و دەنگ زوڵاڵی موزیکی دەبنەوە دانانی قۆناغەکان و لێک جیاکردنەوەیان، ئەگەر سیاسەت و سیستمەکان دروستکەری قۆناغەکان بووبن، ئەوا شۆڕشە هونەرییەکانیش دیسانەوە خوڵقێنەری قۆناغەکانی میللەتانن، ئەمەش بەشێوەیەکی وەها کە ناسنامەیان بۆ دیاریکردبن، نەک تەنها بەپێی بیرکردنەوە و هەژانی رۆحی مرۆڤەکان لەو زەمەن و سەردەمانەدا کە بە کلاسیکی و رۆمانسی و دواتر موزیکی پڕ ریتمی جاز و پۆپ و راپ ناسراون، یان چەندین ستایڵ و رێچکەی هونەری دیکە.

لەبەرئەوەی ئەم هونەرە ئەپستراکترین هونەرە و رۆح بەر لە هەر شتێک پێی دەهەژێ و هەماهەنگ دەبێت لەڕێی هەستی بیستنەوە، وا دەخوازێت ئەوپەڕی زانستی و ئەکادیمییەت لەخۆی بگرێت، چونکە بە بوونی تەنها نەشازێک و شپرزەی تۆنێک هەڕەمی هونەرەکە بەسەر خۆیدا خاپوور دەبێت و هیچ شتێکی دیکە بە هانایەوە ناچێت بۆ سەرخستنەوەی، ئەمەیە وایکردووە هەموو ئەو کەسانەی لەخۆیان رابینیوە و دەنگ و سەدایەکی پەروەردەکراویان هەبووبێت، بێنە نێو مەیدانەکەوە و هێندەیتر دەوڵەمەندی بکەن، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا کارێکی زۆر خودییە، بەمانای پێوەرەکانی گۆرانیگوتن و هەڵبڕینی دەنگە موزیکییەکان، رۆحی مرۆ باشترین دادوەر بووە لەسەریان... دەکرێت

تەفرەدان لە کایە و بوارەکانی دیکەدا بوونیان هەبێت، دەشێت لە ژانری شیعردا بتوانرێت فێڵ و تەشقەڵەی دەروونی بە خوێنەران ئەنجام بدرێت، وەلێ نەبووە و ناشێت لە گۆرانی و موزیکدا ئەو فێڵ و تەفرەدانە پەیڕەو بکرێن، بەڵکو هیچ دەرفەتێکی وەهاشیان نییە تاوەکو ئەو کارە بکەن و بیسەرانی خۆیان قایل بکەن، هەربۆیە نەشازکردن و ناسنامەی دەنگە شپرزەکان زووتر خۆیان بەیان دەکەن و کەسێک ناخەڵەتێنن، ئەم مەسەلەیەش پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە پەروەردە رۆحییەکەوە هەیە و لە کەسانێکەوە بۆ کەسانێکی تر جیاوازی هەیە.

گۆرانی کوردی ئەمڕۆ گۆرانییەکە بە لێشاو دەوترێت و لێشاوێک لە گۆرانیبێژانمان هەیە، کە هەریەکەیان لە بوارەکەدا کاردەکەن، بەڵام وەک وتمان بەپێی میزاج و ئارەزووی خۆیان کاردەکەن و هیچ پێوەرێک بوونی نییە سنووریان بۆ بکێشێت، ئەگەرچی موزیکی کوردی لەڕێی ئامێرەکان و ژەنیارەکانییەوە دەوڵەمەند نییە و ناگاتە ئاستی هونەریی تەنانەت دراوسێکانیشمان، گۆرانیبێژانی ئەمڕۆشمان بەشێوەیەکی گشتی نەیانتوانیوە تەواو خۆیان پەروەردە بکەن و راهێنان و مەشقی پێویست ئەنجام بدەن، ئینجا بێنە سەر ئەوەی گۆرانی بچڕن، بەڵکو بە دەنگە سەرەتاییەکانیانەوە کە لەودیو پێوەرە هونەرییەکانەوەن، چەندین ئەلبووم و سیدییان پێشکەش کردووە شانبەشانی کلیپ و لەڕێی رەنگیشەوە.

پێدەچێت لە دەرفەتێکی دیکەدا بتوانین نەبوونی ئەنجومەن و لیژنەی پسپۆڕ و شارەزای هونەریی بێنینە بەر باس کە ئەم قەیرانەی ناوەتەوە، لەنێو ئێمەدا قەیران هەمیشە بەو مانایە دێت کە کایە و بوارێکی دیاریکراو بە قۆناغی وشک و برینگدا رەت ببێت، یان سست ببێت و بپووکێتەوە، وەلێ قەیرانی گۆرانی و موزیکی کوردی ئەمە نییە ئەوەندەی بوونی زۆروبۆرییەکی رەهای گۆرانیبێژانە کە زۆرینەیان نەیانتوانیوە نازناوی هونەرمەند ببڕن بە باڵای هونەرەکەیاندا و بێوچان گۆرانی دیکە دەڵێن و دەربەست بە هیچ نایەن.

فۆلکلۆر و گۆرانی کوردی

هەموو بەخششەکانی کەلەپوور و فۆلکلۆر تاڕادەیەکی ئەوتۆ دەڕژێنەوە ناو بەرهەمی میللییەوە، بەرهەمە لۆکاڵییەکان رەنگدانەوەی بیر و هەستی نەتەوەیین و بۆئەوەی ببنە جیهانیش، بێگومان سەرەتا بنەماکانیان هەڵقوڵاوی هونەر و داهێنانی میللین، میللیی بەو مانایەی پاش کاریگەریی نەتەوەکانی دیکە و بارگاوییوون بە ژیانی هەرێمەکانی تر، ئەو هونەرە رەگەکانی لەسەر خاکی نەتەوەیی خۆی خۆڕسکانە دابکوتێ و خەسڵەتەکانی بەند بن بە ژیارێکی تایبەتمەندەوە.

میللەتان خاوەنی فۆلکلۆر و کەلەپووری خۆیانن، پاش زمان و فەرهەنگی سەربەخۆیان، ئەوەی دەیانناسێنێت هونەری میللییە، گۆرانی و موزیکیش سەردەفتەری ناسنامەی ئەو میللەتە بەرقەرار دەکات، چونکە ژانرێکی راستەوخۆ و خێرایە و ریتمی ژیان و چۆنێتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشیان بەرجەستە دەکاتەوە، ریتمی ئەفەریقی و ئاوازەکانیان لای هەمووماں ئاشکرایە و رەنگپێدەرەوەی ژیانی ئەفەریقایە، هیندییەکانی ئاسیا و ئەمریکاش بەهەمان شێوە و ئاستی بیرکردنەوە و بیروباوەڕی تایبەتیشیان لەخۆدەگرێت، ئەمە جگە لە سرووت و بۆنە میللییەکانیش لە چۆنێتی گوزارشتیان لەهەمبەر کارەسات و رووداوەکاندا... ریتمی ژیانی ئاسودەی خۆشییەکان و ئاوازی خەمگینی تراژیدیاکانیش دیسانەوە شتێک لەو ژیانەمان لا دەخەملێنن، گۆرانی سەرجەم نەتەوەکان تژییە لەم خەسڵەتە بەرچاوانە و ناکرێت تەنها زاخاودانیان وەهامان لێ بکات شتێک کەم تا زۆر لە گەوهەریشیان تێنەگەین، یاخود بە ئاشنابوونیان شتێک لە تاموبۆی ژیانی کۆمەڵگە و تاکەکانیش پێنەزانین.

هونەر ئەگەر بەشێکی بنەڕەتی پێکهاتبێت لە بەخششی نەتەوەیی، راستگۆیانە ئەو کەش و دۆخەشمان لا وێنا دەکاتەوە کە ئەو هونەرە تێیدا هەناسە دەدات، هەڵگری ترپە و رەهەندە دەروونیەکانیشە کە هونەرمەندان لەپشتییەوە رادەوەستنەوە، رەنگە لێرەدا دەرفەت نەبێت تاوەکو لە بنەماکانی ئەو هونەرە بکۆڵینەوە کە چۆن لەنێو میللەتاندا ناسنامەی تایبەتیان چنگ کەوتووە، وەلێ دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە پێزانین و ناسینەوەیان ئەمڕۆ بووەتە زمانێکی تایبەتی و میللەتان خاوەنی پێناسی تایبەتمەندیانن، یۆنانی لە گریکی کۆنەوە ئاواز و ریتمەکانیان سەدایان هەیە و سەرباری رەسەنایەتیش لەو بەخششەی مۆرکێکی بۆ خۆی چێکردووە، نوێبوونەوە و تازەگەریش دەچێتەوە سەر خەرمانی هونەرەکەیان وێڕای جیاوازیشیان، ئیتاڵی بەهەمان شێوە و فارسی و تورکی و عەرەبیش هەروەها، کوردیش بەهەمان شێوە مۆرکێکی هەیە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر فۆلکلۆر و کەلەپوورمان، بەڵام ئەم نووسینە دیدگایەکی رەخنەیی ئاراستەی ئەو فۆلکلۆرە دەکاتەوە کە گۆرانی کوردی بە ئاقارێکدا بردووە و سەروەختێکی درێژخایەنە لە جوغزێکی داخراودا هێشتوویەتییەوە.

لە ریتم و ئاواز و گۆرانی ئامازیغییەکاندا کە خاوەنی زمانی خۆیانن و هێندەش لە جیهاندا نەناسراون، دەبینین پەیام و گوتاری هونەرەکەیان لەنێو پەند و حیکمەتی نەتەوەییدا هەناسە دەدا و لەڕێی دەنگ و سەدای بەجۆشەوە بەگوێی خۆیاندا دەدەنەوە... جگە لە هەستەکان بەرنامەی پێشخستن و پەیوەستبوون

بە فەرهەنگی نەتەوەییەوە دەخەنەوە روو، بەڵام لای ئێمە، جگە لە سروودە بەجۆشە سیاسییەکان، جگە لە هەڵوێستە نەتەوەییەکان کە دژ بە داگیرکەران دەوەستێتەوە، گوتاری گۆرانی کوردیمان بوونی نییە و نازانرێت بۆ چ شتێکی دیاریکراو تێدەکۆشێت، نازانرێت بۆچی بەردەوامی بەخۆی دەدا و بەخششەکانی ئێستا چییان لە رابردوو جیاوازە و چۆنیش بتوانرێت قۆناغەکانی لێکتر جودا بکرێنەوە.

گۆرانی کوردی ئەوەندەی پەرچەکردارێکی دەروونییە لە بەرامبەر نەهامەتی و ناخۆشییەکان تاوەکو ریتم و ئاوازی بەجۆش بەرهەم بهێنێت، ئەوەندە هەڵگری ئەو هەستە راستەقینانە نییە کە نەتەوەیەک سەراپا تێیدا ژیاوە و دەژی... دیرۆکی کورد تژییە لە چەرمەسەریی وماڵوێرانی و قڕکردن و بەرگریی، کەچی گۆرانییە فۆلکلۆریی و میللییەکانی، گۆرانییەکان و ریتمەکانی بەپێچەوانەوە لێوانلێون لە خرۆش و هەڵبەز و دابەز و خۆشییەکی لەڕادەبەدەر، چەپڵەلێدان و هەڵپەڕکێیەکە دەشێتە نەتەوەکانی دیکە وەها تەماشامان بکەن هەرگیز ئەم میللەتە ناخۆشییەکانی نەچەشتووە و سەرجەم کاتەکانمان لە خۆشی و شادی پێکهاتوون.

گوتاری گۆرانی کوردی پاشکۆی ریتم و ئاوازێکە کە دیسانەوە ژیانی کۆمەڵەکەمان رەنگ پێ ناداتەوە، چۆنێتی ژیان و بیرکردنەوەی تاکەکانی ناگەیەنێت و وەک لێشاوێکی بەربڵاو دەڕژێتەوە نێو بەزم و رەزم و ئاخ و ئۆفێکی چەپێنراوەوە، شیعر و سەدای دەنگەکان جگە لە عەشق و دڵداری و دووریی و چاوی یار و دڵدارەکان چ پەیامێکی نوێی لە هەناویدا هەڵنەگرتووە، هەربۆیە لەوێشەوە پەڕیوەتەوە بۆ نێو دونیای شیعر و وا دەڕوانرێتە شاعیران کە عاشقێکی ناموراد و خاوەن ئەزموونێکی تاڵ بن، یاخود بە ئەزموون لە دەریای عەشق و خۆشەویستیدا، نەک ئەو سووتان و عەشقەی شاعیران هەیانە بۆ ژیان و بوون و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، لەوێشەوە بۆ پەتا و درمێکی رۆشنبیریش کە خاوەنی شیعری گۆرانی بین و جیای بکەینەوە لە ژانری شیعر و ببێتە کایەیەکی سەربەخۆ، بەمانای ئەو شیعرانەی بۆ گۆرانی دەشێن و لیریکیان لەخۆیاندا پاراستبێت وەک ئەوەی ئاوازدانەران چ کارێکیان نەبێت و حازربەدەست شیعرەکان ئەو بوارەشیان بۆ پڕ بکەنەوە.

لە روویەکی رۆشنیشەوە بڕوانینەوە ئەو گۆرانییانەی گەلی کورد شانازییان پێوە دەکات، گۆرانییەکن بۆ وێناکردنی فیگەر و جەستەی مێینە و دیسانەوە لەنێو کەبت و سەرکوتکردن چەپاندنی رەمەک و غەریزەدا ئاهات و دەنگ و

لەرەی هێنابێتە گۆ، واتە گوتاری گۆرانییەکان چ فۆلکلۆری نەتەوەیی بن، یان گۆرانییەکانی ئەمڕۆ ئاخ و داخی پەنگخواردوون لەڕێی عەشقدا، ئەو عەشقەش بۆ رەگەزی بەرامبەرە و نەزیفی وشە بەامبەر ئافرەتان و ژنان و کچان تێکەڵ بە ریتمە بەجۆشەکان دەبنەوە، یاخود وێناکردنێکی راگوزەرانە بۆ جوانیی بەژن و باڵای مێینە، نەک بەدەرخەری گەوهەری عەشقێکی خودایی و جاویدانی تاوەکو لە حیکمەت و فەلسەفەی عەشق نزیک ببێتەوە.

گۆرانی کوردی بە ریتم و ئاواز و میلۆدی میللەتانی دراوسێمان نابوژێتەوە کە هەردەم بەخششەکانی دوێنێشمان لەلا جوانتر و بەپێزتریش بن ئەگەر بەراوردی گۆرانی ئەمڕۆکەی بکەینەوە، بەڵکو سەرەتا داڕشتنی بەرنامەیەکە کە گوتاری گۆرانی و موزیک ئاراستە بکات، نزیکبوونەوەشە لە رۆح و هەستە راستەقینەکان ئینجا ئاوازدانان بۆ ئەو شیعر و وشانەش کە هاوشانی ریتم و ئاواز دەنگ و سەدای مرۆیی لە داهێنانێکی ئیستاتیکیدا پێشکەش بکات.

### فۆلکلۆر و وێناکردنی جەستەی مێینە

بۆ نموونە پێویستە لێرەدا شتێک لەو فۆلکلۆرە بەسەربکەینەوە کە خۆی لە چەپاندن و ئاهونالەی دەروونیدا دەبینێتەوە و فیگەر و جەستەی مێینەی پێ وێنا دەکرێت لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکەماندا، هەڵبەتە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەو شەقڵ و کلێشەبەندییەی بە فۆلکلۆری دێرینەوە دیارە، لەئێستاشدا هەمان کار دووپات دەبێتەوە و جیاوازییەکانی نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ تێدەپەڕێنێت... ئەمەش بێگومان هۆکارێکی لەپشتەوەیە، ئەویش ئەوەیە کۆمەڵگەی کوردی قۆناغەکانی نەبڕیوە و هێشتاکە لەنێو ئەتمۆسفیر و کەشوهەوایەکدا دەژی و هێڵێکە لە دوێنێوە دەکشێ و بەرەو ئایندە درێژدەبێتەوە.

پێودانگی شاعیری عاشق تاوەکو پرۆسەی شیعر بەرهەم بهێنێت، وتەیەکە لەودیو واقیعی شیعرەوە وەشێنراوە و هەمیشە عاشقبوون دەلکێننەوە بە شاعیران و بزافی ئەو هونەرە باڵایەوە، شیعر دەربڕینی هەستەکانە، ئەو هەستانە بەرامبەر واقیعی دەرەکی پەرچەکرداری وەرگرتنەکانی جیهانە ناوەکییەکانە و بێگومان عەشق و خۆشەویستیش ناسکترین هەستە مرۆییەکانن کە مەڵبەندەکانی سۆز و میهر دەتەننەوە و پێدەچێت پڕبەهاترین شت لە گەردوون و ژیاندا خۆشەویستی و مانا قووڵەکانی بن... شیعری کوردیی چەندە وێنای خۆشەویستی و عەشقی کردبێت، لە بازنەی عەشق و سووتاندا بەرهەمگەلێکی هێنابێتە ئاراوە، نەیتوانیوە بگاتە فەلسەفەی عەشق و دەلاقەی مەعریفەیەکی قووڵ واڵا بکات، جگە لە

وێناکردن و ئیستاتیکای شیعر نەگەیشتۆتە مانا فەلسەفییەکانی عەشق، هەربۆیە بێوچان لەگەڵ نوێبوونەوەکانیشدا ئەو پرۆسێسە بەردەوامی بەخۆوە دەبینێت، چەندە ژیان بمێنێت و مرۆڤەکان بێ ئەو بەهایە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکانیان دەرمێن و هیچ مانایەک بۆ بوونیان نامێنێتەوە.

فۆلکلۆر و گۆرانی میللی کە دەربڕی هەستە خودییەکانن، چەشنی شیعری ئاهات و کەفوکوڵی عەشق و خۆشەویستی کاری کردووە و لەو پێناوەدا نەزیفی چەیاندن و کەفوکوڵەکانی بەرجەستە کردووە لەبری گەڕان و پشکنین، دۆزینەوەی واتا و فرەمانای عەشق کە گوزارشتە مرۆییەکان بەرەو ئاستی باڵابوون سەربکەون، عەشق لەوێدا وەستاوەتەوە کە وەسفی جوانیی و بە دەرخەری فیگەری ئافرەت و مێینە بێت، نەک پەیوەندییە رۆحییەکان و ئەو هەستە ناوازانەی نەیەنە تابیرکردن و دەربڕین... عەشق جەستەی بەرهەمهێناوە، نەک جەوهەر و رۆحی رەگەزی بەرامبەر، یاخود هەستە تایبەتییەکانی خودیش... لەو پێودانگە شیعرییەوە گۆرانیبێژان و خاوەن دەنگ و سەداکان تێکۆشاون و عاشقبوونیان تۆمار کردووە، عەشقێکی سووتاو و پڕوکاو کە رواڵەت وەسف بکات و لایەنە مرۆییەکان وەلا بنێت، جەستەی مێ دەنگی زوڵاڵ کردووە، چینە دەنگییەکانی بەرزکردۆتەوە بۆ گەیشتن و لکانی فیزیکی و ئۆرگازم و رەمەک، نەک تێرکردنی هەستە قووڵ و پڕ پرسیارە نامۆکان، جەستەی مێینە کە ئیلهام و سروشی هونەر بووە بەدرێژایی مێژوو، لە هونەری نیگارکێشاندا زۆرترین پانتایی داگیرکردووە، چونکە جەستەی مێینە لە رووی جوانیی و ئیستاتیکاوە دەرژێتەوە نێو بەهای جوانیی و نەرمیی، ئەو نەرمییەی خەیاڵ و ئەندێشەکانی تەنیووە بۆ بەرجەستەکردنی میهر و رەهەندە جوانیناسییەکانی هونەرمەندان، یاخود لە هونەری جووڵەو نمایشی باڵێدا کە جووڵە مێینەکە رازاوەترین بزاوتنی ئەو بوونەوەرەیە کە ناوی مرۆڤە.

گۆرانی فۆلکلۆری و میللی ئەگەرچی بەو میانەدا هەوڵیداوە جەستە و فیگەری سەرمەستکەری مێینە تۆمار بکات و وەسفسازیی تێدا بەئەنجام بگەیەنێت، وەلێ لەبری ئیستاتیکا، لەبری خوڵقاندنەوەی جوانییەکانی لەشولاری مێینە هەستە تایبەتی و مەرامە خودییەکانی تەریب کردۆتەوە بۆ لەقاڵبدانی ئەو جەستەیەی لەنێو خەونەکانیدا بووە... گۆرانیبێژان جەستەی وەک ئامرازی خۆشی و چێژ بونیادناوە، ئەو چێژەی لەمیانی کرداری سێکسییەوە دەگاتە ئۆرگازم، نەک لایەنی رۆحی و پەیکەرێکی پڕ لە ئیستاتیکا کە بەهای بایۆلۆژیا و سایکۆلۆژیەتی ئەو جوانییە وەها رەنگ پێبداتەوە کە ئاوێنەی باڵانومای خانمانیش بێت تاوەکو زیاتر

رووەو نەرمیی پەل بهاون... واتە لە بازنەی نیگارکێشان و وێناکردنی ئەو نەرمیی و میهرەبانییەوە، ئەو جوانییە راستەقینەیەوە خانمانیش هان بداتەوە بۆ وەلانانی زبرییەکانی هەست و رک و ئەو رەفتارانەی نەشیاون لەو پەیکەرە ناسک و پاکیزانە بووەشێتەوە، بەمانایەکی دیکە، هونەر ئەودەمە گوتاری هونەریی خۆی دەگەیەنێت کە جوانییەکان بە راستی و مۆرالّی جوانەوە گرێدەداتەوە، بەو کار و هەڵسوکەوتە باشانەی کە هەموویان دەرژێنەوە نێو پێناسەکانی ئیستاتیکاوە... گۆرانیبێژ یاریی بە نەشمیل و نازدار و نازەنین هێناوەتە وەسف و پەرپیوەتەوە بۆ وێناکردنی قەد و بەژنوبالاّی، لەنجەولار و تیری نیگای پڕ تەلیسم و چاو و برۆی سەرمەستکەر، دەمولێوی ئاڵ و خەندە و بزەی پڕ لە ئاماژە سێکسییەکان و بە دەرخەری مەیلە شاراوەکانی هەردوو رەگەز بۆ یەکتر و پێکگەیشتنیان... زوڵف و پرچ و ئەگریجە، گەردن و سینە و سنگی وەک سێو و لیمۆ و نارنج و هەرمێ و قۆخ، سنگە وەک پەنیری کوردی و شل و مل و نەرم و گەرم، کۆشی گەرم و سەر خستنە سەر ران، باوەش و راموسان و ماچومۆچ و دەم خستنە ناو دەم، سوخمەی سەر مەمک و لەرەی مەمکان و فرمانی لەرینەوە و لەرزینیان، واتە ئاماژەدان و فرمان پێدانی مێینە تاوەکو سینەی بلەرێنێتەوە و هیچ شەرمیش نەکات لەو کردەیەیدا کە خوا پێیداوە... دەست و پەنجە و مەچەک و پاوانە و پاوپووز و رەش ئەسمەر و سووروسپی وەک بەفر و بەفرین، گۆرانی کوردیی خوازیاربووە مێ لەنجەی رۆینی پڕ ناز و شەرمی بگۆڕێت بە لەرزینی لەشولار و ئەوەی لەژێر بەرگ و پۆشاکەوەیە، کە ئەمەش نەک جوانییە پڕ بەهاکان، بەڵکو ئۆرگازمێکی سێکسییە و بۆ ئەو تاقە رەهەندە ئاراستەکان دەگوێزێتەوە... سووتان و پڕوکان بۆ ئەو جەستە پڕ تەلیسم و سیحر و هەموو دونیایە گۆرانییەکانی پڕ کردووە لە وێنەی سێکسیی و ئۆرگازمی خرۆش و ئارەزووە ناوەکییەکان، تا ئەو رادەیەی یار وای لێدێت دەڵێی لە شاری نیویۆرکدا دەژی تا چاوان کوێر بێ و یار لە مەیخانە نەبێت، وەک ئەوەی لە مەیخانەکانیشدا یار و مێیەکان هەبووبن و رازێنەرەوەی خوانی بادە نۆشین بووبن... نەک شیعر، گۆرانییەکان لەودیو سنووری ئاگاییەوە وتراون و دەماودەمیش وتراونەتەوە.

مێ وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی هیچ ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، پەیکەرەکەی تەنها لەشولارێکە بۆ تێرکردنی ئارەزووی پیاوان، جوانیی بەپێودانگی دەست لێدان و تامکردن هاتووەتە بوونەوە، نەک بەتەنها هەستی بینین کە جەوهەریش رەنگ پێبداتەوە، گۆرانییەکان ئازادییەکی رەها دەبەخشنە ژنان و کچانی گوڵ هەنار و گوڵە رازاوەکان تاوەکو بێنە ژووانی

نهێنییەوە و لە واقیع دایاندەبڕێنن، خوازیارن برای کچ و ژنان نەخۆش بکەون تاوەکو کەس بەو پێکگەیشتنەیان نەزانێت، بەڵکو هێندە دڵڕەقانەش کە سێ مانگەی زستان براکان لە جێگەدا نەخۆش بکەون و هەڵنەستنەوە... مێینە هێمایەک بووە بۆ والاکردنی ڕەمەک و مەیلە سێکسییەکان، شەوانی زستانی درێژ و ڕۆژ نەبێتەوە، شەو قەلای مێردان بێ، هەموو ئەمانە ئەندێشەیەکن تەنها هەستەکان دەبزوێنن، نەک گوتاری ئەقڵیی و پتەوکردنی خۆشەویستی، سووتان و پڕووکان بۆ جەستە پێدەچێت لای مێینە ئەو سووتان و خرۆشە پڕ بەهایە نەبێت بگاتە ئاستی بڵندی هەست پێکردن و خۆشەویستییەکی ڕۆحیی، ژنان و کچان ئەوەندەی خاوەنی هەستێکی ڕۆمانسین هێندە خۆشحاڵ نین بەو وەسفە ڕەمەکییانە، چونکە لەو چوارچێوەیەوە دەپەڕنەوە بۆ بەراوردی وەسفەکان کە ڕەنگە چەندین جەستە و چەندین ڕەنگ و تاموبۆ تۆمار بکەن، گەیشتنە ئۆرگازم و کردەی سێکسیی کردەیەکی مرۆییە و بەرەنجامی خۆشەویستی و قوربانیدانە، ئاکامی وەفا و ڕێز و تێگەیشتنە لەیەکتر و هەرگیز ئەو تابۆیانە نین کە مرۆڤ لێیان بێبەری بووبێت، پرۆسەیەکە خرۆشبەخش و لەپێناوی پاراستنی نەژادی مرۆڤدا هەیە وەک هەموو بوونەوەر و زیندووەکانی سەر ڕووی زەوی، بەلام تا ڕادەی تەماشاکردنی وەک کالا و ئامرازێک غەدرێکە نێرینە بۆخۆی بەڕەوا بینیوە.

گۆرانی ئایشە گوڵە و فاتمە و ڕەعنا خوازیارە یەکێکیان لای بێت، لێرەشدا کۆمەڵگە ئیسلامییەکە تەواو بەرجەستە بۆتەوە، کە شەرع ڕێگەی داوە پیاوان تاوەکو چوار ژنیش بهێنن، لەو گۆرانییەدا نێرینە سەربەستە و هیچ ئاستەنگێک لەبەردەمیدا بوونی نییە، بەلاشیەوە ئاساییە لەو چەند ژنە هەر کامیشیان ئامادەگییان هەبێت، خەسڵەتی ژنان و مێینە لەوێدا لە پلەی سفردایە، هەمووان وەک یەکتری دەبینێت، ئەمەش بەو مانایە نا کە یەکسانیی لێبکەوێتەوە، بەڵکو ئارەزوو تەنها بەتاڵکردنەوەی دەوێت و هیچیتر، ئەگەر بە نۆرەش بانگهێشت بکرێن بۆ مێردە تاقانەکەیان، یان یارەکەیان کە بە هەرسێکیان ئەو یارە شک دەبەن، لەوێدا نۆرەش سڕدراوەتەوە، پێشێلکردنی ئەو مافەشی تێدایە کە بەپێی لۆژیکی گۆرانییەکە هەیەتی.

ژنان ئەودەمەی بەم شێوەیە بەرجەستە بکرێن لە گۆرانییەکاندا، تەواوێ دادەماڵرێن لە هەستە مرۆییەکان و وەک کالایەکی هەرزان وێناکراون... کاتێک باس دێتە سەر بێوەژنان، نەزیفی وەسف و ئازادییەکی ڕەها دەرهەقیان دەکرێت و کەوتوونەتە بەر فشارێکی دەروونییەوە، بێوەژن گشتی بۆ تۆ یان

بۆ من و روانینێکی نزمتر لە بوون و پێگەی کۆمەڵایەتییان رەچاو کراوە، کە سیستمی باوکسالاری، یان نێرسالاریی بەیان دەکاتەوە، لەکاتێکدا هەموو بێوەژنێک پیاوێکی لەپشتەوە رادەوەستێتەوە، هیچ بێوەژنێک نییە کە پەیوەندییە هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ پیاودا هەڵنەوەشابێتەوە جگە لەو کچانەی پێش گواستنەوە بەهەر هۆیەک بێت دادەبڕێن لە دەستگیرانەکانیان... بێوەژن لەو خێزانانەوە سەرهەڵدەدەن کە بەردەوامی ژیان چ هێزێکی پێنەماوە و باشترین رێگەچارە جیابوونەوەیە، نەگونجان و بەردەوامنەبوون ئەو رێیەی گرتووە هەردوولا ئازاد بن، نەک بەردەوامبوون بە ژیانێکی دۆزەخیی، چەندە رۆڵی ژنانیش هەبێت لەو لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەیەدا، هێندەش پیاوان بەرپرسیاری ئەو دابڕانە رۆحی و فیزیکییەن و بەرپرسیاری یەکەمیشن، کەواتە بێوەژنان ئەو فیگەرە داماڵراوە نین کە بێ نرخ و کەمبەها تەماشایان بکرێت، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەمیشە وا دەڕواننە بێوەژنەکان کە لە ئلستێکی نزمتری کچاندان یان ئەو ژنانەی مێردیان هەیە، دەوترێت کوڵەکەی ماڵی بێوەژن لە ئاڵتوونیش بێت خێری پێ دەشێت... ئەمە ئەگەر لایەنە مرۆییەکە نەبێت کەمکردنەوەی رێز و حورمەتی ئەو ئینسانانەیە کە دەشێت لەپێناوی پاراستنی ژیان و داهاتوویاندا ئازادیان وەرگرتبێت، نەک ژیان لەگەڵ پیاوانێکی توندڕەو و سەرخۆش و قومارباز و شەرواڵ پیسدا، دەشێت لە سۆنگەی زۆر شتی دیکەشەوە کۆمەڵگە بێوەژن بەخۆوە ببینێت و ناکرێت گۆرانییە میللی و فۆلکلۆرییەکان وەها بڕواننە بوون و پێگەی ئەوانیش... گۆرانییەکان دەکەونە بەرگوێی هەموو کەسانێک، چ لە کەناڵەکانەوە یان ناو ئۆتۆمبێل و ناو پاسەکاندا یان سەر شۆستە و تۆمارگەکان، واتە بڵاوکردنەوەی شتێک بەناوی هونەرەوە کە هیچ رەهەندێکی لەخۆ نەگرتووە و لە شێواندنی بیری تاکەکانی کۆمەڵگەدا کاردانەوەی خراپی لێدەبێتەوە، بێوەژن ئەو بوونەوەرە نییە ئیتر مێردی نەمابێت و سەربەست بێت هەر رەفتارێکی نادروست بکات، یان ئەو تینووەی زۆر لە گەنجان و پیاوان هەڵە لێی تێگەیشتوون و لە دەستگیرکردنیاندا پلەیەکی بڵندتر ببەخشنە خۆیان، واتە ئەو بێوەژنانە وەها سەیر دەکرێن کە بەهەموو شتێک رازی بن و چ دەسەڵاتێکیان پێ نەمابێت، لێرەدا ئەو دەسەڵاتە کۆنەپارێزەش خۆی دەخاتەوە روو کە خۆی دەسەپێنێت، بەڵام لە پێودانگی خۆیاندا بەسەر ئەو دەسەڵاتەوە کە نەماوە، یان دەڕۆستی توانستی خۆیان نایەت و ژێر کەوتووە بەهەموو پێوەرەکان!

ئەگەر شیعر و گۆرانی فۆلکلۆریی پڕ بێت لەو وێنە ختوکەبەخشانە، سەربەستییەکی بەخشیبێت بە جەستەی ئافرەت و داواکار و خوازیاری

بەدەرخستن بێت، ئەوا لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا توندوتیژی دەرهەق کراوە، دەکوژرێت و ئەتک دەکرێت و بەرەو خۆسووتاندن دەبرێت، دوالیزمی بەخشینی سەربەستی و ئازادی و سەرکوتکردنیش لەپاڵیدا نائاگاییەک بەرجەستە دەکاتەوە کە مەرامی رەمەک و غەریزە سەرەتاییەکان بەرێوەی دەبات، شیعری کوردیی لێوانلێوە لە وەسفی ژن و ئافرەتان و جوانیی فیگەریان، کەچی هێشتان ئافرەتان داوای مافی خۆشیان دەکەن وەک لەبیرکراو و بەپەراوێزکراوەکان؟! وەک چەوساوەکان، لێرەشدا ئەوە روون دەبێتەوە کە هیچ کام لەو گۆرانییانە رەنگدانەوەی واقیع نین و لە واقیعدا نایانبیننەوە، واقیع تەنها ئەوە نییە و بینینی پێکە و هەستکردنە بە بوونیان لەناو کۆمەڵدا.

تەنانەت لە کلیپەکانیشدا پێشێلکردنی مێینە هەست پێدەکرێت کە چۆن داوایان لێبکرێت پێویستە ئەو رۆڵە ببینن، لەبەرئەوەی مێینە خوازیاری کرانەوەی کۆمەڵگەیە و شانبەشانی پیاوان کار دەکەن، بەڵام هەندێک جار لەبەر نەبوونی ررشنبیرییەکی هەمەلایەن، کچان بەو ئاقارەدا دەبرێن کە خواستە تایبەتییەکان بهێننە دی، نەک رەفتارە پڕ شکۆ و پێویستەکان تاوەکو پێگەی خۆیان توندتر بکەن، دەبینین لە کلیپەکاندا کچان و ژنان بۆ سیناریۆ پیاوانەکە بەکاردەهێنرێن و کامێرا دیسانەوە بۆخاتری ورووژاندن زوومیان دەخەنەوە سەر، نەک ئەو جوانییەی هونەرییانە لێک دەدرێتەوە، ئێستا لە وڵاتان و کەناڵە ئاسمانییەکانەوە دەبینین تەنانەت بۆ ریکلامی نەستەلەیەکیش مێینە وەک ئامرازێک بەکاردەهێنرێت کە خواردنی نەستەلەیە، نەک دیمەنێکی نەشیاو کە ئەویش لایەنە غەریزییەکەیە، رۆڵ بینینی ئەو کچ و ژنانەی بێئاگا کار لەو کلیپانەدا دەکەنەوە زەبرێک دەوەشێننەوە لە بوونە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیان و شێواندنی وێنە جوانەکەیان کە وێنەی میهرەبانیی و نەرمییە.

هەمووان خوازیاری بەدیهێنانی ئەو شتەن کە کۆمەڵگە رووەو کرانەوە پەل بکوتێ، گۆرانیبێژان و شاعیرانی ئەو بوارە ئارەزوو دەکەن جەستەی رووتی مێ بێتە دەرخستن و وەدەرکەوتن و سەربەستی پێببەخشرێت لە کۆمەڵدا، وەلێ هەموو ئەوانە تەنها بۆ بەرامبەران وەها بیردەکەنەوە، تاوەکو ئافرەتانی شار بگەنە ئەو سەربەستییە، نەک ژن و خوشک و دایکی خۆیان، پێیان رەوایە ئافرەتان هەموو رووت ببنەوە و هەموو شتێکی ئازادانە پیادە بکەن، بەڵام لە چوارچێوەی خێزانی خۆیاندا داپۆشرا و تەریک و سەرکز بمێننەوە، کرانەوە بەو چەشنە بێت بۆ ئەوانیتر تێبکۆشێت و توندوتیژیش دەرهەق بە کەسوکاری خۆی بکات، پارادۆکسێکە دژوار و ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە، تاک کە ئەمە

بیرکردنەوەی بێت ئەوی تر و ئەوانی تر ئەو دۆخە ببینن و خێزانی وابەستەش بە دابونەریتە چەقبەستوو و بێ خەوشەکانەوە بۆ خۆی هەڵبژێرێت، سەرچاوەی هەموو پێنەزانینەکانمانە لە ژیان و لە دونیادا. گۆرانیبێژان پێیان رەوایە مەمک و لەشولاری کەسانی نێو خەونەکانیان بە ئاواز رووت بکەنەوە و بە ریتمیش گەیشتن بە ئۆرگازم، لێ ئەگەر باسی مەمکی خێزانی خۆیان بهێنرێتە بواری نوژداریشەوە چەقۆی نووستوویان خەبەری دەبێتەوە، واقیعێک بەرجەستە دەکاتەوە کە تێنەگەیشتن و هەوڵدانە بۆ خولیایەک هەموو شتێک دەبیات بەڕێوە تەنها ئەقڵ و ئاوەز نەبێت.

### رۆژی گۆرانیبێژان

مەبەست لەم ناونیشانە بۆنە و یاد و تەرخانکردنی رۆژێک نییە کە ببێتە ساڵیاد و بەسەرکردنەوە و بەهەندوەرگرتنی گۆرانیبێژان تاوەکو ببنە خاوەنی رۆژی خۆیان، رەنگە ئەمەش پێشنیار و زمانێکی تەنزئامێزی ئێمە نەگەیەنێت ئەگەر بڵێین هەموو رۆژێک رۆژ و بەروار و کاتی گۆرانیبێژانی کوردە و هەموو ساتەکانیش ساتی ئەوانن.

دەکارین بڵێین رۆژ رۆژی گۆرانیبێژانە و هیچ توێژ و دەستەبژێر و کایەیەک وەک کایەکەی ئەوان گەرم نییە و بوارێکە دەتوانین بڵێین سەرجەم بوارەکانی دیکەی تێپەڕاندووە و سەردەفتەری هەموو شتێکمانە، هەڵبەتە لەم بینگەیەشەوە مەبەستمان داهێنان و برەوە ئیساتیکییەکەی نییە بە بەراورد بە ژانرە هونەرییەکانی تر، بزافی بەژن زرافی گۆرانی کوردی نییە کە بوویێتە بەخششێکی باشتر لە کایەکانی دیکەی هونەریمان. بەڵکو دەمانەوێت ئەو راستییە زەق بکەینەوە کە رۆژەکان و ساتەکان هەموویان تەرخانکراون بۆ موزیک و گۆرانی کوردی و هێشتان دەبینین و دەبیستین گۆرانیبێژان و هونەرمەندانی ئەو مەیدانە گلەیی و گازندەکانیشیان زۆرترن و راستەوخۆتر و بەرفراوانتر دەیوەشێنن و جۆرێک نازی خۆیان دەکەنەوە بەسەر لایەنە پەیوەندیدار و میللەتەکەی خۆشیاندا، ئەمە لەو ساتانەشدا کە خاوەنی دەنگی ناسراویانن و منداڵانیش پێیان ئاشنان و بەپێی دەنگەکانیان کەم تا زۆر دەیانناسنەوە، لەکاتێکدا هونەرمەندان و نووسەران و ئەدیبان و ئەو شاعیرانەش کە شیعریان بۆ دەکەنە دیاری و ناوەرۆکی گۆرانییەکانیان توێژێکی بەدبەختی نێو میللەتن و هەرگیز بەخۆیان رەوا نابینن بە چرپەش داوای هەقی خۆیان بکەن.

گۆرانیبێژانی کورد لەڕێی گۆرانی و کلیپەکانیانەوە توانیویانە جەماوەرێکی

زۆر لەخۆیان کۆبکەنەوە، یاخود لافی ئەوەش لێبدەن کە جەماوەری تایبەتیشیان هەیە و رێیان نادەن کارێکی نەشیاو بکەن و پابەندبوونی خۆیان لا دووپات دەکەنەوە، خۆ ئەگەر کۆنسێرتێکیش رێک بخەن و ریکلامی تەواویشی بۆ بکەن، وێنە گەورەکانیان بکەن بە قەدی دیوارەکانی شارەکانەوە، لە کاتی چۆڵیی هۆڵەکانیاندا گلەیی بەرچاویش لە جەماوەر و ئەو شارانەش دەکەن کە نەچوون بۆ کۆنسێرت و ئاهەنگەکانیان و چەندەها ناز دەفرۆشن و خۆیان بە خاوەنی هەموو وەشاندنێک و بۆچوونێک دەزانن و وەک کەسانی زۆر ناودار زوومی کامێرا و دەنگی رادیۆکانیش بۆ خۆیان دەچننەوە.

پێدەچێت زۆرینەی هونەرمەندان تۆوی نێرگسییەتیان لە دەروونداببێت، وەلێ هەموو ئەو هونەرمەندانەی بە کردەی جەستە و دەنگی جەستەیان لەرێی دەنگەژێ و لەرەی تۆنی دەنگیی و هەناسەوە، ئەمەش مەبەست گۆرانیبێژان و شانۆکارانە کە نمایشی جەستەییان هەیە نێرگسییەتیان رێژەکەی زۆرتر بێت لە بەرامبەر توێژی نووسەران و شاعیراندا کە نێرگسییەتێکی شاراوە و شەرمونێیان هەیە و لە ساتەوەختی رۆشنیاندا دەریدەخەن و یەکالای دەکەنەوە.

گۆرانیبێژان هێندە چانسیان بەرزە، هێندە بوارەکەیان بوارێکی خەڵەتێنەرە توانیویانە شاشەی تی ڤی و کەناڵە لۆکاڵ و ئاسمانییەکانی کوردستان داگیر بکەن و بێ ئەوان هیچیان تێدا نەمێنێتەوە، چەندەها بەرنامە و شەوچەرە و رۆژچەرە بۆ ئەو گۆرانیبێژانە والا کراون و رووبەرێکی زۆر بەرفراوانیان وەبەر کەوتووە و هەموو کایە مەعریفی و هونەریی و زانستی و رۆشنبیرییەکانی دیکەش وەلانراون، بەڵکو شایانی ئەوەش نەماون ئاوڕیان لێبدرێتەوە و بەسەربکرێنەوە.

دەڵێی تی ڤی تەنها قابیلی موزیک و گۆرانییەکانە و پانتایی شاشەکانیان بۆ کلیپەکانی ئەوانە و ئێمە خاوەنی هونەری شێوەکاری و شانۆ و سینەما و هونەری فۆتۆگراف و چی و چی نین و ناسنامەمان تەنها لەرێی گۆرانییە جیهانییەکانمانە کە دەوتوانن ببنە پێناسی نەتەوەییمان!!

لێرەدا وەک سەرنجێکی رەخنەیی ئەمە رووبەرووی شاشەکان و رادیۆکان و راگەیاندنەکان ناکەینەوە، بەڵکو بەخۆداچوونەوەش دەبەخشینەوە جەماوەری گۆرانی کوردی و ئەو میللەتەش کە خۆی بەخاوەنی دەزانێت، رەخنەکەش ئەوەیە بێ بوونی لیژنەی ئەکادیمی و رەخنەگرانێکی هونەریی کە بە هق هونەرمەندی لێهاتووبن؟، کەسانێکی دەنگ نەشاز و دەنگ وەرسکەر بوونەتە گۆرانیبێژانمان و بە چەپڵە راگوزەرەکان فریویان خواردووە و بوونەتە داگیرکەری راگەیاندنی کوردی، ئەوان نە گۆرانیبێژن نە هونەرمەند و هەرگیز پێویست بە بەرنامەکانیش

ناکات تاوەکو باشتر بیانناسێنێت و هانیش بدرێن بۆ سەرخستنی هونەری کوردی، ئەو گۆرانیبێژانە، بەڵکو دەتوانین بڵێین خاوەنی هیچ هەستێکی ئیستاتیکی و هونەریش نین و لەو میلۆدییە جیهانییەش نزیک نەبوونەتەوە کە موزیک و گۆرانی جیهانییە و خۆراکی رۆحی مرۆی ئەم سەر زەمینە دابین دەکات، بەڵکو ناشزانن بۆ ئەو کارە نەکردەیە بەئەنجام دەگەیەنن و چۆن دەرۆستی ئەوەش دێن دەست لە دزێوکردنی فەرهەنگ و کەلتوور و هونەریش بدەن و هەست بە لێپرسینەوەی کەسێتیی، یاخود نەتەوەییش نەکەن.

بەڵگە زۆرن بۆ داماڵینی ناسنامەی هونەرییان و سەندنەوەی هەموو نازناوەکان لێیان، لێرەدا تەنها ئەوە بەرجەستە دەکەین تاوەکو هەموومان تێیدا بەشدار بین و وەئاگابێینەوە لە ئاستی هونەرە رۆچووەکەمان، بۆ نموونە زۆرینەی گۆرانییەکانمان هەڵگری یەک تۆنە دەنگن لە شیعر و وشەکانیاندا، تا ئێستاش ئاوازدانەران و گۆرانیبێژان وەها لە شیعر گەیشتوون کە دەبێت شیعری گۆرانی بن کاتێک لەگەڵ موزیکدا ئاوێتە دەبن، ناوەرۆکی شیعر و موفرەدەی گۆرانی کوردی ناوەرۆکێکی تەواو پووچەڵە و بارگاوی نییە بە هەستی راستەقینەی مرۆیی، واتە گوتاری گۆرانییەکان وەک ئەو گوڵەبەرۆژەیەیە کە لای ئێمە بۆ کاتی بێتاقەتی دەخورێت و گۆرانییەکانیش بۆ بەسەربردنی کاتی خاڵیی هونەردۆستان و گوێگرانە، نەک سەرخستنی هەست و لێکدانەوە و بەخشینی چێژ و چەشەیەکی باڵا لە ئاوازی خەیاڵ بزوێن و پێدانی ریتمێک بۆ رێککردنەوەی هەناوی ونی میللەتەکەمان.

گوتار و پەیامی هونەر پێدەچێت زۆر لەوە مەزنتر بێت تاوەکو لەگەڵ ئەم سەرنجە رەخنەییەدا بیوەشێنین، هێندە دەڵێین وچانێک بۆ گۆرانی کوردی پێویستە، واتە سەرەتا بێدەنگبوونی گۆرانیبێژانی کورد و وەستانیانە، پاشان دیراسە بکەن و گوێ لە ئاوازی مرۆیی بگرن ئینجا لەوێوە سەرلەنوێ بگەرێنەوە بۆ پراکتیزەکردنی ئەو هونەرەی پێی دەڵێن هونەری موزیک و گۆرانی.

# هونەرمەند "عوسمان قادر"
## سەبارەت بە گرنگیی هێڵکاری و "پرۆژەی ئەنفال" دەدوێت



**سازدانی: ستار قادر**

یەکێکی تر لەو گفتوگۆ و دواندنانەی کە سازمان داوە بۆ ئەم جارە، لەگەڵ یەکێک لەو هونەرمەندە شێوەکارانەی کوردە کە زەمەنێکە سەرقاڵی گوزارشتکردنە لە رووداوی ئەنفال، کە ناکرێت رەنگدانەوەی گوزارشتکردن لێی تەنها لە رووبەرێکدا بێت، بەڵکو وا دەخوازێت کە هەرچی ئەداتە هونەری و ئەدەبییەکان هەیە بخرێنە خزمەت ئەو رووداوەوە تاکو گەر بتوانرێت کارکرد و مەوداکانی گەر کەمیش بێت، لە کایەی هونەریدا بەرجەستە بێت. عوسمان قادری شێوەکار هەم وەک خۆی کە لە ناوجەرگەی رووداوەکەدا ژیاوە و هەم وەک هونەرمەندێک کە لەو ساتانە و دواتریشدا چەندین سکێچ و هێڵکاریی و تابلۆی جۆراوجۆری بۆ ئەم رووداوە نەخشاندووە، بەتایبەت لە رووبەری هونەری هێڵکارییدا کە کردوویەتییە ئەداتی سەرەکی گوزارشتەکان لە هەریەک لە خوێندنی ماستەرنامە و دکتۆرا لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا، بۆیە زۆر بە پێویستمان زانی

لێرەدا رووبەڕوو و بە چڕوپڕی لەسەر ئەم پڕۆژەیەی، هەروەها ئاستەنگی و گرنگی هونەری هێڵکاری لە گوزارشتکردنیدا بۆ کارەساتی مەزنی گەلی کورد کە ئەنفالە، بدوێت. شایەنی وتنە کە هونەرمەند لە کارەکانی قۆناغی پەیمانگایدا وەک شایەتحاڵێک و ئارەزوومەندێکی پڕتامەزرۆ بووە بۆ سکێچ و هێڵکاری، بۆیە لە ئێستادا توانیویەتی هەم لە ماستەرنامەکەیدا و هەم لە نامەی دکتۆراکەیدا، لەنێو هەریەک لە بواری تیۆری و پراکتیکی هونەری هێڵکاریدا سەرکەوتووانە بڕوانامەی ماستەر بەدەست بهێنێت، ئێستاش لە هەوڵی ئەوەدایە لەسەر هەمان رەگەز، نامەی دکتۆراکەی بەدەست بهێنێت.

**ئەوەندەی ئاگاداری کارە هونەرییەکانت بین، هێڵکاری رووبەرێکی بەرفراوانی لە ئیشکردنتدا داگیرکردووە، ئەم گرنگیدانەت بۆ هێڵکاری لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

راستییەکەی هێڵکاری هەر لە سەرەتای ئیشکردنمەوە حەز و ئارەزوویەکی زۆری لاخولقاندووم و لەزەتێکی تایبەتیم لێ بینیوە و هەمیشە بە هێڵکاری زیاتر لە کایەکانی تری شێوەکاری توانیومە ئازادانەتر و ساناتر گوزارشت لە هەست و سۆز و ئەو ئایدیایانە بکەم کە مەبەستم بووە، بەردەوام هێڵکاری لای من بووەتە نووسینەوەی یادەوەرییەکانم، لەبری نووسین بە هێڵکاری ئەو یادەوەرییانەم تۆمارکردوون، بۆیە هەر لە زۆر زووەوە لە هەر شوێنێک رووداوێکی ناوازە و کاریگەرم بەرچاوکەوتبێت، بە چەند هێڵێک لەسەر دەفتەری سکێچەکەم تۆمارم کردووە.

**لەلای تۆ گوزارشتکردن بە هێڵکاری لە بەشەکانی تری وێنەکێشان زووتر دێت بەدەستەوە، یاخود تەنها ئارەزوویەکی تایبەتییە؟**

بەڵێ، لەلای من گەر پێناسەی هێڵکاری بکەم، ئەوا بە دایکی هونەرەکان ناوزەدی دەکەم و بە نزیکترین زمانێکی دیالۆگ و گوزارشتی دادەنێم، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە تۆ تا چەند بەم گوزارشتە بینەران بخەیتە بەردەم پرسیار، ئەویش بەهۆی ئەو شێواز و ستایلانەی کە لە دەرئەنجامدا خۆت پێیان دەگەیت بۆ گوزارشتکردن، بە واتایەکی دی مەرج نییە تەنها بە شێوە باوەکە و شێوە ریالیزمییەکە بە هێڵکاری گوزارشت بکەین، بەڵکو زۆر کات بۆ ئەم مەبەستە و لەپێناو دەربڕینی ئەوەی کە دەتەوێت ئیختیزال و گۆڕانکاری لەم هونەرەدا بەرپا بکرێت. پێش هەرشتێک دەبێت هەموو حسابێک بۆ پانتایی ئەو کاغەزە

بکەیت کە هێڵکاری لەسەر دەکێشی و هەوڵی زیاتر بدەیت، هەتا بۆت بکرێت لە وردەکارییەکان دایبماڵیت دواجار دەبێتە جێی تیڕامان و پرسیار، هەر ئەمەشە وات لێدەکات کە لە بەرامبەر هێڵکارییەکدا تێڕامان بەرپا ببێت. گەر بگەڕێینەوە بۆ کارە کۆنەکانی نێو ئەشکەوت، دەبینین بە هێڵکاری چیرۆکی راوشکار و رووداوەکانی ژیانیان تۆمار کردووە، دواتر چوونەتە سەر کاری رەنگکردن.

بۆ من، هێڵکاری هەر لە رۆژگاری پەیمانگاوە هەتا ئێستا ئەو هێزەی لەدەست نەداوە، بۆیە بە بەردەوامی گوزارشتی بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانم پێ دەربڕیوە.

بۆیە لە ئێستادا ئەو چەند هێڵکارییەی رۆژانی ئەنفال و رووداوە جەرگبڕەکانی تر بۆم بوونەتە زەخیرەیەکی لەبن نەهاتوو، کە چەندین ساڵە کاریان لەسەر دەکەم و هەتا لە خوێندنەکەشمدا هەردیسان بۆ کارە پراکتیکییەکانم هێڵکاریم هەڵبژارد.

**ئەوەندەی ئاگادار بین، تۆ لەو رێگەیەوە، واتە هێڵکاری، بەرەو بوارێکی تر هەنگاوت ناوە، کە هونەری گرافیکە، حەز دەکەین ئەم گۆڕانکارییەمان بۆ باس بکەیت؟**

دیارە ئەم پرۆژەیەی کە من زۆر دەمێکە ئیشی تێدا دەکەم و وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، لەبەرئەوەی پرۆژەکەم ئەوەی دەخواست کە بچمە نێو کایەی گرافیک، ئەگەرچی گرافیک رۆڵێکی مێژوویی ئەوتۆی نەماوە، ئەویش بەهۆی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکەی لەم بوارەدا هاتووەتەکایەوە، بەڵام من بۆ بەرجەستە و ئیشکردن لە پرۆژەکەمدا، کە گوزارشتە لە رووداوی ئەنفال بە هێڵکاری، چەندین کاری گرافیکم لەو پرۆژەیەدا ئەنجامداوە، حەزیش دەکەم ئەوە بڵێم کە لە مێژووی شێوەکارییدا زۆرێک لە هونەرمەندەکانی بواری نیگارکێشان بۆ دەربڕین لە کارەسات و بیرۆکە چیرۆکئامێزەکان، پەنایان بردووەتە بەر هونەری گرافیک، ئەویش لەبەرئەوەی کە ئەم بوارە دەتوانرێت چەندان نووسخەی لێ چاپ بکرێت و بەشێوەیەکی بەربڵاو بڵاوبکرێتەوە، هەم لە رێگەیەوە، واتە بە رەش و سپی، کە پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە توانستە هێڵکارییەکەوە، بۆیە لەبەرئەوەی کە بۆ من باکگراوندێکی باشم هەبووە لە بوارەکەدا و دراسەیەکی سەربەخۆم کردبوو، بۆ من هونەری گرافیک ساناتر و وەسیلەیەکی زۆر لەبار بوو بۆ تەکمیلەکردنی پرۆژەی ئەنفال و کارەساتە تراژیدییەکانی گەلی کورد.

**ئەی سەبارەت بە پرۆسەی بەئەنجامگەیاندنی لایەنی پراکتیکی لە ماستەرنامەکەتاندا، چۆن ئەم لایەنە لەلای تۆ گۆڕانکاری بەخۆوە بینی؟**

سەرەتا، بۆ ئەم پرۆژەیە بەرەو ئەوەی بردم کە زمانێکی نێونەتەوەیی وەها بدۆزمەوە، بیکەمە ئەداتێکی کاریگەر بۆ دەربڕین لەم کارەساتە -ئەنفال- لە سەرەتاوە ئەو گۆڕانکارییانەی لە دەم و چاو و جلوبەرگ و بزاوتی فیگەرەکاندا دەبینرێت، دواتر بەرەو دامالینی وردەکاری فیگەر بەرپا دەبێت، ئەمەش وەک سیمبولێکی نەمانی کەسێتی کورد لەبەر چاوم گرت، دواتر بەرەو ئاوتلاین چووە، لە کۆتاییدا پێشاندانی ئەم کارانە بۆ مامۆستایان و هاوڕێیانم و قسەکردن لەسەر ئەم گۆڕانکارییانە و بوێرییم بۆ لێدوان لەسەر کاری خۆم، کە پێشتر ئەمەم ئەنجام نەدابوو، بەڵام یەکێک لەو ڕەگەزانەی کە لە خوێندنەکەمدا ئەوە بوو، دەبوایە لە هەر پێشاندنێکی کۆمەڵە کارێکم و گۆڕانکاری و بەکاربردنی ڕەگەزێک، یاخود بەکاربردنی ستایلێک، دەبوایە قسەت لەسەری بکردایە و بە دیالۆگ و لایەنی تیۆری لەپشت کارەکاندا بێت.

**باشە ئەمە مەرجە لەو خوێندنەدا کە بەم شێوەیە قسە لەسەر ورد و درشتی پرۆژە پراکتیکییەکان لە ماستەرنامەدا بکرێت؟**

بەڵێ، ئەمە یەکێکە لەو مەرجانەی کە وا لە خوێندکار دەکات کە هیچ شتێک بەبێ مەبەست و لە خۆڕا دزە نەکاتە نێو پرۆژە پراکتیکییەکانییەوە، هەروەها بەدەر لە قسەکردن دەبێت بۆ هەر قۆناغێکی ئیشکردنت بە نووسین لە چەندین پەرەگرافدا پێشکەش بە مامۆستای سەرپەرشتیار بکەیت، دواتر لەسەر ئەو نووسینانەت سەرنجیان دەبێت و لێکۆڵینەوەت لەسەر دەکەن.

**باشە ئەم مەرجە لەبەر چ هۆکارێک دانراوە کە لەکاتێکدا کاری هونەری بۆ خۆی لە بۆتەی کارێکی ئیستاتیکدا مەبەستێک دەردەبڕێت؟**

سەرەتا ئەم جۆرە قسەکردنە لەوەوە دەست پێدەکات، کە پێت دەڵێن ئەم پرۆژەیەت لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و گرنگی ئەم پرۆژەیە لە چیدایە و بۆچی ئەم جۆرە ئەداتی گوزارشتکردنە و دواتر بۆچی بە گرافیک، یاخود هێڵکاری، یاخود ڕەنگکاری، ئەم پرۆژەیە ئەنجام دەدەیت، ئەمانە هەموو ئەو پرسیارانەن کە دەبێت لە دیالۆگ و نووسیندا وەڵامێکی قایلکەریان بدەیتەوە و پشتگیری لە پرۆژەکەت بکەیت، ئینجا بۆ ئەم کارە وا پێویست دەکات بە سەرجەم ئەو کەرەسە و ڕەگەزانەدا بچیتەوە کە ئیشیان لەسەر دەکەیت و دەبێت بە چڕی

دەستبکەیت بە خوێندنەوە لەسەر هەر دەستەواژەیەک کە ئاماژەیان پێدەدەیت و پێناسەی هەریەک لەو ڕەگەزانە بکەیت، کە ناویان دەهێنیت و بەکاریان دەبەیت لە پرۆژەکەتدا.

**ئەم ئیشانەی کە بۆ پرۆژەی ئەنفال ئەنجامت داون، ئایا تاکو ئێستا لە قۆناغی پێشمەرگایەتی و ژیانی نێو کارەساتەکەدا، کۆمەڵە هێڵکارییەکت هەبووە کە لە ئێستادا ئیشیان لەسەر بکەیت؟**

بەڵێ، من زۆر کات دەفتەری هێڵکاریم پێ بووە تاکو ئەو ڕووداوانەی کە دەمبینی تۆماریان بکەم، ئەمەش هەر لە ڕۆژانی خوێندنم لە پەیمانگەوە ئەم کارەم ئەنجامداوە، کاتێکیش لە دەرەوە بووم و لە ناوجەرگەی ئەو ڕووداوانەدا ژیانم دەکرد، ئەم کارەم ئەنجامداوە، ئەگەرچی ئەو کات بیرۆکەی پرۆژەیەکی گەورەی وەهام نەبوو، بەڵام کارەکانم بەردەوام ئەو ڕووداوانە بووە، بۆیە ئەو سکێچ و هێڵکارییانەی ئەو کات هەوێنی سەرەکی ئیشکردنی پرۆژەی ئێستامن. حەزیش دەکەم ئەوە بڵێم کە ئەو ڕووداوانە لە ڕێگەی وێنەوە دەپارێزرێن و زۆرێک لە شوێن و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کات نەماون، مەگەر تەنها لە فۆتۆ و هێڵکارییەکاندا مابن، بەتایبەتی بەنیسبەت منەوە، ئەو کارەسات و ڕووداوانەی لە بیرەوەریی مندا بوون، تەنها لەنێو سکێچەکانمدا ماون و بەس.

**دیارە کە ئەوەندە هۆگری هێڵکاری بن، دەکرێت بڵێم کە ئەو خوێندنەی لە ئێستادا سەرقاڵین، ئایا هەر بە هێڵکاری لایەنی پراکتیزیت ئەنجامداوە؟**

بەڵێ، لایەنی پراکتیکی هەر دەچێتەوە سەر هونەری هێڵکاری، بەڵام ئەوەی کە جیاوازە ئەم خوێندنەم زیاتر لەسەر دۆکیۆمێنتکردنی ئەنفالە لە ڕێگەی شایەتحاڵانی ئەنفالەوە، دەمەوێت نەمرییەک بۆ ئەوانە بخولقێنم، ئەگەرچی ئەم پرۆژەیەم زیاتر بە قەڵەم ئەنجامداوە، بەڵام بەهەمان شێوە و ستایل بە جیاوازییەکی کەم لە جارنامەی ماستەرەکەمدا، ئەویش لەوەدایە کە نەمهێشتووە ڕەگەزی فانتازیا ئاوێتەی کارەکان بێت، لەبەر خاتری زیاتر بەرجەستەکردنی دۆکیۆمێنتاری ڕووداوەکە.


**ئەی وەک زەخیرەیەک بۆ کارەکانت، ئایا پێشتر لە مێژووی هونەردا کارێکی لەم جۆرە کراوە، کە تۆ سوودت لێ بینیبێت؟**

دیارە ڕووداوی هۆلۆکۆست زۆرێک لە هونەرمەندان کاریان بۆ کردووە،

هەروەها کارە گرافیکییەکانی فرانسیسکۆ گۆیا- Goya لەو کارانەی کە بۆ شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا بەئەنجامی گەیاندوون و ئیشەکانی دۆمیە و جۆرج ئوول و کوکوشکا و چەندانی تر سوودم وەرگرتووە، بەڵام دەتوانم بڵێم کارەکەی من کە لەم خوێندنەمدا بەئەنجامی گەیاندووە، پێشتر لەو جۆرەم نەبینی، چونکە من ئیشم لەسەر زمانجاڵی شایەتحاڵانی ئەنفال کردووە، هەم بە دۆکیۆمێنتاری، هەم بە کارە هونەرییەکانم لە رووی تیۆری و پراکتیکییەوە.

**ئەگەر جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ هێڵکاری، بەڕێزتان چ پێشنیارێک دەکەن بۆ سیستمی خوێندنی هونەری شێوەکاری ئێرە و چۆنێتی گرنگیدان بەم رەگەزە گرنگەی شێوەکاری، کە هێڵکارییە؟**

بەڕاستی سیستمی خوێندنی هونەر لێرە زۆر قاڵبکارانەیە و زۆر شتێکی گشتگیری لەخۆ گرتووە، هەتا لە نێوەندی خوێندنی باڵاشدا، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە لێرە ناچنە نێو وردەکارییەکانی رەگەزی شێوەکاری و خوێندنی تێدا ئەنجام نادەن. بۆیە هیچ نامەیەکی ماستەر، یان دکتۆرا لەم جۆرە نابینرێت، بۆیە بەبۆچوونی من، دەبێت لەمەودوا بکرێتە مەرج کە لەم وردەکارییانەدا خوێندن بەرپا بێت، تاکو ئەو رەگەزە بونیاتنەرانەیە لەلایەی خوێندکارانی ئێمەش ببێتە جێی گرنگیپێدان.



**بایۆگرافیای هونەرمەند:**

ساڵی ١٩٦٢ لە سلێمانی لەدایک بووە.

دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی ١٩٨٠- ١٩٨٥.

هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە بەریتانیا، لەسەر هێڵکاری ٢٠٠٥- ٢٠٠٧.

خوێندکاری دوا قۆناغی دکتۆرایە لەسەر جینۆسایدی کورد لە ڕێی هێڵکارییەوە، لە زانکۆی لەندەن بۆ هونەر- سەنتەری هێڵکاری.

پێشانگای تایبەتی:

مۆزەخانەی نیشتمانی سلێمانی (ئەمنە سوورەکە) ٢٠٠٤.

گەلەری کۆمەڵەی فەرهەنگی شاری سەقز لە کوردستانی ئێران ٢٠٠٤.

گەلەری کوردستان لە شاری سنەی کوردستانی ئێران ٢٠٠٥.

گەلەری کوفە لە شاری لەندەن- بەریتانیا ٢٠٠٢.

هۆڵی کوردستان لە شاری لەندەن ١٩٩٢.

گەلەری ئیلین برۆدوای لە شاری لەندەن- بەریتانیا ١٩٩٣.

پێشانگای جیهانی زانکۆی لەندەن بۆ هونەر لە کۆریای خواروو و لە لەندەن- ٢٠٠٧.

پیشاندانی کارەکانی بە سلاید لە یادی ساڵڕۆژی ئەنفال و هەڵەبجەدا لە ١٨ی مارسی ٢٠٠٧ لە شاری لەندەن.

گرتنی چەندین سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوە لە زانکۆ و شوێنە گشتییەکاندا بۆ خەڵکی بێگانەی ئەوروپی لە پێناوی ناساندنی کارەساتی ئەنفال و جینۆسایدی کورد لە دنیادا لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧-٢٠٠٨-٢٠٠٩، زۆربەی ئەم سیمینارانە بە فلیم دۆکیۆمێنت کراون.

بەتایبەتی کە پرۆژەی ماستەرەکەی لەسەر کارەساتی ئەنفال کردووە و سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە لە ناساندنی ئەم کارەساتەدا لە دەرەوەی وڵات.

هەڵبژاردنی تابلۆکانم لەلایەن پرۆفیسۆر ستیڤن فیردین بۆ گەلەری هەرە بەناوبانگی وڵاتی بەریتانیا (تەیت بریتن لە لەندەن).


نمایشکردنی لەگەڵ شاکارەکانی هونەرمەندی مەزنی بەریتانی (ولیەم تیرنێر) ٢٠٠٦:

http://www.tate.org.uk/britain/exhibitions/drawingfromturner/artists/ahmed.htm.

کردنەوەی چەندین پێشانگا لە وڵاتانی بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا، کەنەدا و سوریا، هەروەها لە وڵاتی ئێران سەرپەرشتی چەند پێشانگایەکی کردووە بۆ ناساندنی کارەساتی ئەنفال بە دنیا لەدوایساڵی ١٩٨٨-ەوە هەتا ئێستا بەردەوامە.

لە ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ لەلایەن مۆزەخانەی ئیمپریالی جەنگی بەریتانیاوە کە مۆزەخانەیەکی زۆر گرنگی جیهانی بۆ دۆکیۆمێنتکردنی کارەساتەکانی جینۆساید و شەڕ دژ بە مرۆڤایەتی، وەک هونەرمەندێکی شاهیدحاڵی شەڕ لە مەراسیمی تایبەت و شیاودا ڕێزی لێنراوە و پێشانگای تایبەتی بۆ کراوەتەوە، بۆ ماوەی سێ مانگ و نیو، هەروەها تابلۆکان کە لەسەر گێڕانەوەی کارەساتی ئەنفالە لەم مۆزەیەدا هەڵگیراوە و بەردەوام پیشان دەدرێت لە ئایندەدا.

٢٠٠٩/١٠ بەهەماهەنگی زانکۆی هونەری لەندەنی بەریتانی و بریتش میوسیەم (مۆزەخانەی بەریتانی) بە ناوبانگی جیهانییەوە بانگێشتی بەشداریکردنی پرۆژەی هێڵکارییەکان لەناو هێڵکارییەکاندا کراوە و لەسەر تابلۆی لیۆناردۆ داڤنشی شۆڕشگێڕ، کاری هونەریی ئەنجام داوە.





# شیکردنەوەیەک بۆ سیمفۆنی
# ژمارە (٩)ی لۆدڤیگ ڤان بیتهۆڤن



شیکردنەوەی: فەرمان عەلی نوری

سیمفۆنی ژمارە ٩ لەسەر پەیژەی (ڕێ)ی بچووک، زنجیرە ١٢٥:

Ludwig Van Beethoven
Symphony No.9 in D minor Opus 125

ئەو چیرۆکەی کە لەم سیمفۆنییەدا بەکارهاتووە هی نووسەری بەناوبانگ (فریدریک شیللەر)ە، کە دوو سەدە لەمەوبەر بۆ یەکەمینجار وەکو شۆڕشێکی نوێکاری لە فۆڕمی سیمفۆنیدا (بیتهۆڤن- Beethoven) لە جوڵەی چوارەمی سیمفۆنییەکەدا دایناوە و هەر چوارینە دەنگی کۆڕاڵ (سۆپرانۆ، ئاڵتۆ، تینۆر، باس) تیایدا بەشدارن.

((ئەم سیمفۆنییەی (بیتهۆڤن- Beethoven) بە یەکێک لە گرنترین بەرهەمەکانی موزیکی کلاسیکی دادەنرێت)).

لە ساڵی (١٨١٧) دەستیکردووە بە نووسینی، لە ساڵی (١٨١٨) ئەم سیمفۆنییەی تەواو کردووە، ئەم سیمفۆنییە بۆ یەکەمجار لە (٧)ی ئایاری ساڵی (١٨٢٤) لەسەر شانۆی ئەلکەرینتی شاری (ڤییەننا- Vienna) پێشکەش کرا بە سەرپەرشتی رابەری ئۆرکسترا (ئارمیلۆڤ).

**جوڵەکان:**

١-خێرا، بەڵام زۆر نا، کەمێک بە میهرەبانییەوە، بە پەژارەیەکی کەم، یان بە غەمگینییەکی کەم.

٢-زیاتر بە چالاکی (بە چالاکییەکی زیاتر) -چەند لە توانادا هەیە خێرا- تیژڕەویی یەکەم.

٣-زیاتر بە لەسەرخۆیی و خاوتر و هێمنتر- بەشێنەیی و بە تیژڕەوییەکی مامناوەندیی.

٤-کۆتایی، چەند لە توانادا هەیە خێرا.

1- Allegro ma non troppo, un poco maestoso
2- Molto vivace – Presto – Tempo1
3- Adagio molto e cantabile – Andante moderato
4- Finale: Ode To Joy

**ئامێرەکان:**

دوو فلوت لەگەڵ پیکۆلۆ، دوو ئۆبوا، دوو کلارنێت، دوو بەسوون لەگەڵ کۆنترا بەسوون، چوار هۆڕن، دوو ترومپێت، سێ ترۆمبۆن، تیمپانی، تریانگێڵ، سیمباڵس، باس درام، لەگەڵ ژێدارەکان، لەگەڵ سۆپرانۆ، ئاڵتۆ، تینۆر، لەگەڵ سۆلۆی باس، لەگەڵ چوار بەش کۆرسی کۆڕاڵ.

Two flutes , and piccolo , Tow oboes , Two clarinets , Two bassoons , and contra bassoon for horns , Two trumpets , three trombones , impani , triangle , cymbals , bass drum , and string , and soprano , alto , tenor , and bass solo , and four part mixed chorus.

فریدریک شیللەر
برادەرینە... برادەرینە
ئەم دەنگانە چیتر بەردەوام نابن
کەواتە با گۆرانی برایەتی
گۆرانی شادی ببێژین

ئای شادی هەرشکۆدار بێت
ئەی شادوومانی ئەی چاوگی نەمر
ئەی نەوەی بەهەشت
بۆئەوەی بگەینە بەردەرگات خۆمان بە ئاگر شت

بۆ بارەگای پیرۆزت هاتووین
بە تیشکی روونی دڵفرێنت خەڵک زنجیری سەختیان دەپچڕێنن
هەر کە شەقەی باڵت بێ
خەڵک وەکو برا دەژین

تۆ ئەی سەرفراز و دڵشاد ئەی ئەوکەسەی
برادەری وەفادارت هەیە
تۆ کە دڵی ئافرەتێکت داگیرکردووە
لێگەڕێ با بەیەکەوە گۆرانی شکۆداریی بڵێین

هەر کەسێکیش دڵی خۆی نەخاتە سەر دەستی
با لە ئەشکەوتەکەیدا بەتەنیایی شین بکا
شادمانی باڵی بەسەر خەڵکدا کێشاوە
لە هەموو لایەکی زەمینەوە دەنگی داوەتەوە
بۆ چاک و خراپ بۆ هەموو شتێک لەم سروشتە

با بە شادییەکی بێگەرد هەڵپەڕین
چونکە ئەم شادییە چەش و دڵخۆشی خۆشەویستیمان دەداتێ
باوەش بۆ هەموو کەس دەکاتەوە
لەم پەپوولەیەی کە شەیدای بەهارە
تا دەگاتە ئەو فریشتەیەی کە سۆز دەبارێنێ
با دڵخۆش بین تا خۆری پڕشنگدار لە کەشکەڵانی فەلەک بسووڕێتەوە

برایان... وەرن
با چاوتان بە پاڵەوانێتی و دڵخۆشی و سەرکەوتن
بگەشێتەوە

خەڵکینە ئەی ئەوانەی لە ژماردن نایەن
هەستنە سەرپێ و کۆببنەوە
بە دڵشادی ماچی برایەتی بگۆڕنەوە
خوای گەورە خۆشەویستی بۆ جیهان دەبەشێتەوە
بۆ ملیۆنەها بەندەی خۆی
کە بە ڕێگای خۆشەویستیدا دەچن و دەیدۆزنەوە

**جوڵەی یەکەم:**
Allegro ma non troppo un poco maestoso

ئەم جوڵەیە گوزارشت لە جیهان و سیستمی ئاڵۆزی دنیا دەکات و هەڵوێستی مرۆڤی سەرسام لەڕووی ئەم جیهانە بەدیار دەخات، کە (بیتهۆڤن– Beethoven) لە سەرووی هەموویانەوەیە، موزیکەکە وا دەکەوێتە بەرگوێ وەکو ئەوە وایە کە بانگەوازی گەلێک بکات لەژێر زوڵم و بارگرانیی ئازارەکانیدا بناڵێنێت، بە ئاوازێکی وا بانگ دەکات کە پڕە لە خۆشی و هیوا و ئاسۆی ڕوون، شێوەی ئەم ئاوازەش لە زۆربەی موزیکەکانی ئەم دانەرەدا باوە.

ئەم میلۆدییە بریتییە لە ترپەکانی ڕۆژگار لە دواییدا هێمنی و لەسەرخۆیی موزیکەکە بەرەبەرە ون دەبێت و دەچێتە چوارچێوەی موزیک و میلۆدییەکی توندی پڕ لە سۆز و دەربڕین، ئەم موزیکە ئاوازی سەرەکی جوڵەکەیە و

ئامێرەکانی (ڤیۆلین- ڤیۆلا- ڤیۆلینسیل) بەدەری دەخەن و لە دەسپێکدا بە نەرمی دەڕوا و دواتر بەرەبەرە بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە گرووپی ئامێرە هەواییەکان ئاوازەکە وەردەگرنەوە و هەر بەم ئامێرانەش ئەم جوڵەیە کۆتایی پێ دێت.

ئاوازی بنەڕەتی ئەم جوڵەیە بووەتە سەرچاوەی داهێنان بۆ گەلێ لە موزیکژەن و دانەرانی موزیک، بەڕادەیەک کەرەستە موزیکییەکانی ئەم میلۆدییە بەدەیان شێوە و شێواز لە موزیکی گەلان بەکارهاتووە.

### جوڵەی دووەم:

Molto vivace – presto – tempo .1

لێرەدا (بیتهۆڤن- Beethoven) وەکو ئاماژەپێکردنێک بەو گۆڕانکارییەی کە دەیەوێت لە فۆرمی سیمفۆنیدا بیکات لەبری جوڵەی (ئەندانتێ- Andante) جوڵەی (سکریزۆ- Scherezo)ی بەکارهێناوە.

لە فۆرمی سیمفۆنیدا جوڵەی (سکریزۆ-Scherezo) هەمیشە دەکەوێتە جوڵەی سێیەم، کەچی (بیتهۆڤن- Beethoven) لە جوڵەی دووەمی ئەم سیمفۆنییەدا دایناوە.

سەرەتای ئەم جوڵەیە بە ئامێرە ریتمییەکان دەست پێدەکات، هەر لە سەرەتاوە ئاوازی ئەم پارچەیە دەردەکەوێت، ئامێرەکان هەموویان بەشدارن لە پێکهێنانی ژیانێکی گێژاوئامێز، کە هەمیشە لە بەربەرەکانیدایە لەگەڵ دەوروبەریدا، بەڵام ئەم توندوتیژییە هیوابڕ نییە و ئەم هیوایەش لە ئاوازی سەرەکی جوڵانەوەکەدا بەدیار دەکەوێت کە لە ئامێرە ژێدارەکانەوە دەبیسترێت، ئەم میلۆدییەش بەهێزترین ئاوازە کە (بیتهۆڤن- Beethoven) بۆ مرۆڤایەتی جێهێشتووە، هەمان ئاواز جارێکی تر لە ئامێرە هەواییەکانەوە دەبیسترێتەوە تا ئەو شوێنەی هەموو ئۆرکێسترا پێکەوە هەمان ئاواز وەردەگرنەوە و ئەم ئاوازە بە تێکڕای ئامێرەکانی ئۆرکێسترا کۆتایی دێت.

### جوڵەی سێیەم:

Adagio molto e cantabile – Andante moderato

ئەم جوڵەیە لە بنەڕەتدا لەسەر دوو ئاوازی بەرهەڵستی یەک دانراوە و تەنانەت پەیژەی جوڵەکەش جیاوازە لەگەڵ پەیژەی هەردوو جوڵەی یەکەم و دووەمی ئەم سیمفۆنییە.

پەیژەی ئەم جوڵەیە (می بیمۆڵی گەورەیە).

سەرەتا ئامێرە هەواییەکان (بەسون- کلارنێت- ئۆبوا) بە باگراوەندێکی هێمنانەی ئامێرە ژێدارەکان دەست پێدەکەن، میلۆدی یەکەمی ئەم جوڵەیە یەکێکە لە قوڵترین ئاوازەکانی (بیتهۆڤن- Beethoven) و وا لە گوێگر دەکات کە بەندی نیگەرانییەکی قوڵ بێت.

دوای ململانێیەکی زۆر، میلۆدی دووەم دێت، ئەم میلۆدییە چەندجارێک لەگەڵ میلۆدی یەکەم یەک لەدوای یەک دووبارە دەبنەوە بە ئامێری (ترامپێت)، ئەم جوڵەیە کۆتایی دێت.

**جوڵەی چوارەم:**

Final . Ode To Joy

لەکاتی دەستپێکردنی ئەم جوڵەیە (٢٠٠) دووسەد لاپەڕەی نۆتە نووسینی داناوە، دواتر دڕاندوویەتی تا گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە موزیکێکی تەواوی بۆ چیرۆکەکەی (شیللەر) داناوە.

سەرەتای ئەم جوڵەیە بە گرووپی ئامێرە هەواییەکان دەست پێدەکات، لەدوایشدا گرووپی چەلۆ و کۆنتراباسەکان ئەم دەنگانە دادەمرکێننەوە و چەند گۆڕانکارییەکی ناکاو لە پەیژەکان روو دەدەن و دیسان گرووپی کۆنتراباسەکان ئەم دەنگانەش کپ دەکەنەوە بە ژەنینێکی زۆر سۆزدار، دواتر چەند پەیژەیەک دەژەندرێت لەلایەن گرووپی ئامێرە هەواییەکانەوە، بەردەوام دەبن تا گرووپی ژێدارەکان لێیان وەردەگرن، لەدواییدا میلۆدی سەرەکی کۆڕاڵ لە پەیژەی (رێی گەورەدا) دەبیسترێت بە هاوشانی ئامێری (ڤیۆلا و چەلۆ و کۆنتراباس)، دواتر بەرەبەرە ئامێرەکانی تری ئۆرکسترا بەشداری ئەم میلۆدییە دەکەن و تا لەکۆتاییدا لە هەموو ئامێرەکانی ئۆرکێستراوە دەبیسترێت، لەدواییدا گەڕانەوەیەکی زۆر هونەری دەکرێت بۆ میلۆدی سەرەکی کە لە سەرەتای ئەم جوڵەیەدا دەبیسترێت، دواتر یەکسەر بە چینی دەنگی (باریتۆن) ئەم بەشە سەرەکییەی چیرۆکەکە دەوترێت:

برادەرینە... برادەرینە
ئەم دەنگانە چیتر بەردەوام نابن
کەواتە با گۆرانی برایەتی
گۆرانی شادی بڵێین
ئەی شادی هەر شکۆداربێت

بەم جۆرە لەگەڵ تێکستی ئەم چیرۆکە ئۆرکسترا بەردەوام دەبێت تا سیمفۆنییەکە کۆتایی پێدێت.

سیمفۆنی ژمارە (٩) دەستنووسی بیتهۆڤن:





# لویس بۆنوێڵ
# سینەما دژی دەسەڵات و کەنیسە

حمید عقبی
و. لە عەرەبییەوە: ئەکبەر حەسەن

لویس بۆنوێڵ هەر لە یەکەمین فیلمییەوە (سەگی ئەندەلوسی) زمانی سینەمایی بەکاردەهێنێت بۆ گاڵتەکردن بە ئایین و قەشمەریکردن بە سیاسەت و بۆرجوازییەت. سینەما بۆ ئەم دەرهێنەرە لە چەکێکی کوشندە دەچێت کە دەتوانێت ساختەیی و ترسناکیی چینی بۆرجوازی و سیستمە دیکتاتۆرییەکان و ئایین وێران بکات، کە بوون بە هۆکارێک بۆ بێهۆشکردنی میللەتان و زیادکردنی دەسەڵاتگەری و کۆنترۆڵکردنی سەرجەم توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا.

فیلمی ڤیردیانا کە لە سەردەمی فرانکۆدا دروستی کرد، ساڵی ١٩٦١ خەڵاتی چڵەخورمای ئاڵتوونی فێستیڤاڵی کانی برد و هەتا کۆتایی دەسەڵاتی فرانکۆ لە ساڵی ١٩٧٧ نمایشکردنی قەدەغەبوو.

ئەم فیلمە جوانە کە بە وێنە بەهێزەکانییەوە لە یادەوەریی بینەردا دەمێنێتەوە،

زۆر فکر و بابەتی ئاڵۆز لەخۆ دەگرێت، گرنگترینیان وێنەی ئاییندار، دڵڕەقی، مەرگ، ململانێی کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی و سێکس.

ڤیردیانا کچێکی گەنجی جوانە و لە یەکێک لە کەنیسەکاندا دەژی، خۆی نەزر کردووە بۆ عیبادەت و ئیمان. ڤیردیانا بانگهێشتێکی پێدەگات لەلایەن مامییەوە کە لە گوندێک دەژی. ڤیردیانا دەڕوات بۆ کۆشکی مامەکەی کە پیاوێکی بۆرجوازی و خۆپەرستە. مامی دەکەوێتە خۆشەویستیی ڤیردیاناوە و هەوڵ دەدات سێکسی لەگەڵ بکات. ئەم پیاوە لە شەوی بوکێنیدا ژنەکەی دەمرێت و لە ڤیردیانادا وێنەی ژنەکەی خۆی دەبینێتەوە. کابرا هەوڵ دەدات بەهۆی خزمەتکارەکەیەوە ڤیردیانا فریو بدات. لە کۆتاییدا ڤیردیانا رازی دەبێت جلوبەرگی شەوی بوکێنیی ئامۆژنەکەی لەبەر بکات، بەڵام مامی بێهۆشی دەکات و لاقەی دەکات.

### وێنەی ڤیردیانای گەنج

ڤیردیانا، سەرەڕای جوانی و سەرنجڕاکێشییە سێکسییەکەی، هیچ ئەزموونێکی سێکسی نییە و هەست بە مێینەبوونی خۆی و ئارەزووی سێکسی ناکات، لە دەرەوەی جیهان و واقیع دەژی و پەیوەستە بە سروتە ئایینەکانەوە، حەقیقەتی واقیع نابینێت و دەرک بە دڵڕەقیی ئەم جیهانە ناکات. پێی وایە ئایین دەتوانێت خۆی و خەڵکیش بەختەوەر بکات. بۆنوێڵ لە دیمەنەکانی یەکەمدا لە رێگای زمانێکی سینەماییەوە حەقیقەتی ئەم مەخلوقە دەخاتەڕوو. لە پشتیرەکەدا جوتیارێک دەبینێت کە مانگا دەدۆشێت، هەوڵ دەدات لاسایی بکاتەوە، بەڵام شکست دەهێنێت. دەرهێنەر لە سەرەتای فیلمەکەدا سەرنج دەخاتە سەر سێکس لە رێگای چەند ئامرازێکەوە، بۆ نموونە گەمەی پەت کە ریتای کچە بچووکی خزمەتگوزارەکە دەیکات.



ریتای کچۆڵە وێنەی کچێکە کە لە قۆناغی گۆڕاندایە لە کچێکی بچووکەوە بۆ کچێکی گەنج و وەک مێینەیەک دەرک بە هەندێک شت دەکات. سەیری ژوورەکەی ڤیردیانا دەکات و دیمەنی لاقەکردنەکە دەبینێت. جووڵەی ریتا چالاکانە و دینامیکییانەیە. ریتا چەند پرسیارێک لە دایکی دەکات سەبارەت بەوەی بینویەتی، بەڵام دایکی بە روانینی پیرێکی بۆرجوازییەوە کە پڕە لە مەیلی سێکسی، لێی توڕە دەبێت.

دەتوانین فیلمەکە بکەین بە سێ بەشەوە. بەشی یەکەم: هاتنی ڤیردیانا و گواستنەوەی لە فەزایەکی ئایینییەوە بۆ فەزایەکی دنیایی و رۆچوونە ناو ئەزموونێکی ئازاردەر و دڵڕەقەوە. بەشی دووەم: گەڕانەوە بۆ کەنیسە، بەڵام دایکە رەهبانەکە گەڕانەوەکەی رەت دەکاتەوە، لەبەرئەوەی گوناهبار و پیسە. لە خۆشبەختی ڤیردیانا مامی دەمرێت، ئەویش بڕیار دەدات گرنگی بدات بە هەژاران و بانگیان بکات بۆ کۆشکەکەی مامی، بۆئەوەی خواردنیان بداتێ و چاودێرییان بکات، بەڵام ئەوان بە خراپە و توندوتیژی وەڵامی ئەم چاکەیەی دەدەنەوە، تا ئەو رادەیەی یەکێکیان لاقەی دەکات. لە بەشی سێیەمدا هەڵگەڕانەوەیەکی گرنگ روودەدات: ڤیردیانا واز لە جلوبەرگە ئایینییەکەی دەهێنێت و هەوڵ دەدات بەبێ ئایین تێکەڵی ژیانی دنیا ببێت.

## بۆنوێڵ و کۆکردنەوەی پارادۆکسەکان

بۆنوێڵ لەم فیمەدا گاڵتە بە بەزەیی و هاوسۆزیی ڤیردیانا دەکات کە کۆمەڵێک خەڵکی سەرگەردان کۆدەکاتەوە و بەباشی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، چارەسەری نەخۆشەکانیان دەکات، خواردنیان پێدەدات، شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین دەکات. لە بەرامبەر هەموو ئەمانەشدا تەنیا داوای ئەوەیان لێدەکات نوێژ بۆ خودا بکەن. وەڵامی ئەم داوایەی ڤیردیانا توندوتیژ دەبێت و بە خراپە پاداشتی دەدەنەوە.

بۆنوێڵ پارادۆکسەکان کۆدەکاتەوە. ئەم گرووپە سەرگەردانە کە ئەخلاقێکی بازاڕییانە و رسوایان هەیە، خۆیان لە کۆشکێکی گەورەدا دەبیننەوە، لەم نیشتەجێبوون و گواستنەوەیە لە برسێتی و شەقامەوە بۆ ماڵێکی گەورەی بۆرجوازی، خواردن و خواردنەوە و ئامرازی خۆشگوزەرانییان لەبەردەستدایە، واتە دەرهێنەر ئەم چینە رسوا و هەژارەی خستووەتە جیهانێکەوە کە تەواو جیاوازە لە جیهانی خۆیان. دەرهێنەر چاودێریی ئەم کاردانەوەیە دەکات و بەکاریدەهێنێت بۆ دووبارە داڕشتنەوەی هەندێک تێکست و رووداوی

ئایینی و ئەفسانەیی بە شێوازی تایبەتیی خۆی، هەموو ئەمانەش دەقۆزێتەوە بۆ گاڵتەکردن و قەشمەریکردن بە ئایینی مەسیحی.

بۆنوێڵ لە ڕێگای هەندێک دیمەنەوە زاڵبوونی دڵڕەقی و زەبروزەنگ و ئاژاوە و توندوتیژیی سێکسیمان پیشان دەدات، بە جۆرێک کە زۆربەی ژنانی ئەم کۆمەڵەیە ڕووبەڕووی لاقەکردن و هەراسانی سێکسی دەبنەوە لەلایەن پیاوانەوە. توندوتیژی لەناو چینە هەژارەکەدا دەرەنجامی توندوتیژیی سیاسی و توندوتیژیی چینی بۆرجوازییە. لە سایەی هەر سیستمێکی دیکتاتۆری و کۆمەڵگایەکی بۆرجوازیدا ژیان دەبێت بە جەنگەڵێک و بەهێز لاواز دەکوژێت، ژیان دەبێت بە دۆزەخێک و ئایین دەبێت بە میکانیزمێک بۆ سڕکردنی ئازار. کەنیسە، لە ڕوانگەی دەرهێنەرەوە، ناتوانێت هەست بە حەقیقەت و کۆژانی مرۆڤ بکات، ئایین چارەسەری کێشە هاوچەرخەکانی مرۆڤی پێ نییە و بووە بە یەکێک لە میکانیزمەکانی دەسەڵاتگەری بەدەستی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پۆلیس و بۆرجوازییەوە. بۆنوێڵ بەبێ ئەوەی پشت بە گوتارێکی ئەدەبی و سیاسیی ڕاستەخۆ ببەسێت، دەسەڵاتگەری دەخاتەڕوو و ئابڕووی دەبات.

### فیلم سەرکێشییەکی شیعرییانەیە

بۆنوێڵ دەرهێنەرێکی سینەمایی بلیمەتە و ئامراز و زمانێکی سینەمایی شیعرییانەی هەیە. بە سادەیی و بەبێ پشتبەستن بە بەرهەمهێنانێکی زەبەلاح و تێچوونی زۆر، بەبێ پشتبەستن بە فێڵە سینەماییەکان و کاریگەرییە وێنەییەکان، هەموو گرتەیەک دەگۆڕێت بۆ هاوارێکی تۆقێنەر و کاریگەرییە دەروونییەکەی لەسەر بینەر بەهێز دەبێت. فیلم دەتوانێت هەستە ناوەکییەکانمان بلەرزێنێت. بۆنوێڵ پشت بە شێوازی شۆک و هەژاندنی بینەر و وروژاندنی لەناوەوە دەبەسێت. ئێمە لەبەردەم سینەمای داستانی، یان گێڕانەوەیەکی باشی ڕووداوە درامییە کاریگەرەکاندا نین، فیلم بۆ بۆنوێڵ سەرکێشییەکی شیعرییانەیە بۆ وێرانکردنی بەها ئێستاتیکییە کلاسیکییەکانی سینەما و هونەر.

چ ئەوسا و چ ئێستاش فیلمەکانی بۆنوێڵ بەشێکی گرنگە لە میراتە هونەری و ئێستاتیکییەکەی سوریالیزم. سوریالیزمیش بزووتنەوەیەکە ئەوە ڕەت دەکاتەوە تیۆر و ڕێسای جێگیری هەبێت. هونەر میکانیزمێکە بۆ گفتوگۆ و هەموو هونەرمەندێک ئازادیی تەعبیرکردنی لە هزرە جنونییەکانی خۆی هەیە و دەشێت هەر شتێک بەکاربهێنێت. نە پیرۆزیی ئایین، نە هێڵە سوورەکان و نە کۆت و بەندی فۆرم لەبەردەم داهێناندا ناوەستن. دەشێت هونەرمەند شێوازێک

بەکاربهێنێت، پاشان لە کارێکی دیکەدا دژی ئەم شێوازە ببێتەوە و بیڕووخێنێت.

دەگەڕێینەوە بۆ باسی فیلمی ڤیردیانا وەک فیلمێکی گرنگ. ئێمە لە بەردەم حیکایەتێک، یان بە دۆکیۆمێنتکردنێکی مێژوویی سەردەمێک، یاخود خوێندنەوەیەک بۆ واقیعدا نین، ئێمە لە بەردەم چەند تایپێکی مرۆڤداین کە لە واقیعێکی نەناسراودا ئەزموونی نوێ دەکەن. ڤیردیانا گیرۆدەی بەها و ئایینێک بوو کە بە نموونەیی دەزانین، بەڵام لە یەکەمین بەرکەوتنی ڤیردیانا لەگەڵ واقیعدا ئەم بەهایانە هەرەس دەهێنن. ئەم واقیعە ڕێگا نادات بەهاکانی ئایین تیایدا پراکتیزە بکرێت. لە ڕوانگەی دەرهێنەرەوە کۆمەڵگا پێویستی بە شۆڕشێکی توندوتیژ و بەهێز هەیە بۆ ئەوەی هەموو شتێک بڕووخێنێت و سەرلەنوێ بونیادی بنێتەوە.


بۆنوێڵ لە منداڵیدا چەوسێنراوەتەوە. ئەو کوڕی قەشەیەک بووە، باپیری ناچاری کردووە بڕوات بۆ کەنیسە. تێڕوانینە نێگەتیڤەکەی ڕەگەزە بنچینەییەکە نییە، بەڵکو لەوە گرنگتر ئابڕووبردن و داماڵینی دەسەڵات و چینی بۆرجوازییە، بەو پێیەی کە ئایین تەنیا ڕووپۆشێکە و هەوڵ دەدات ناشرینیی دەسەڵاتگەری و دیکتاتۆرییەت بشارێتەوە. لەبەرئەوە بۆنوێڵ چەند وێنەیەک بەکاردەهێنێت، کە لە فۆرمدا سادەن، بەڵام لە ناوەڕۆک و مانا فرەکانیاندا تۆقێنەرن.

**سینەمای قەدەغە**

لە بەشی دووەمدا گرووپێکی سەرگەردان دەبینین کە دەخۆن و دەخۆنەوە، سەما دەکەن و بەشێوەیەکی توندوتیژ سێکس دەکەن، لەگەڵ یەک شەڕ دەکەن. پیاوێکی ناشرین و کوێر لە ناوەڕاستی خوانەکەدایە. ئەم دیمەنە تێکستێکی ئینجیل تەسویر دەکاتەوە: دوایەمین خوانی مەسیح و حەوارییەکان. لێرەدا هەموو کردەیەک دژی وێنە ئایدیاڵییەکەی تێکستەکەی ئینجیلە. بۆنوێڵ چێژ لە پێشکەشکردنی وێنەیەکی گاڵتەجاڕ و پیسکردنی پیرۆز و پیرۆزکردنی پیس وەردەگرێت.

ڤیردیانا دواجار حەقیقەتی واقیعی بۆ دەردەکەوێت کاتێک بۆ دووەمجار لاقە دەکرێت. کەسێکیش لاقەی دەکات، کە ڤیردیانا چاکەی لەگەڵ کردووە. کوڕی مامەکەی داوای لێدەکات لەگەڵ واقیعدا بژی. دواجار ڤیردیانا هەست بە مێینەبوونی خۆی دەکات، سەردانی کوڕە مامەکەی دەکات و یاری کاغەزی لەگەڵ دەکات. کامێرا بە جووڵەی تراڤلینگ دەکشێتەوە بۆ دواوە. ئەوەی پێویست بوو، دەرهێنەر وتی. پاشان کامێراکەی دەکشێنێتەوە بۆ ئەوەی بڵێت: پێویستمان بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دووبارە تێگەیشتنەوە لە ئایین و بەهاکان و مرۆڤ هەیە.

سینەما لای بۆنوێڵ میکانیزمێکە بۆ تەعبیرکردن لە بیروبۆچوون. دەتوانین بڵێین سینەمای بۆنوێڵ هەژارە و زۆر لە فیلمەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر نمایشکردنیان قەدەغە بوو. تا ئەمڕۆش هەندێک لە فیلمەکانی لە چەندین وڵاتدا نمایشکردنیان قەدەغەیە، چونکە سینەمای بۆنوێڵ سینەمای بیر و گفتوگۆیە و واقیعێکی رووکەش بە دیدێکی بابەتییەوە پێشکەش ناکات. بۆنوێڵ لەمە زیاتر دەکات، هەوڵ دەدات بە شوێن حەقیقەتە رەهاکاندا بگەڕێت و هەموو هێڵە سوورەکان دەبەزێنێت. ئەو نیۆرالیزمی ئیتاڵیی رەتکردەوە و گاڵتەی پێکرد. بۆنوێڵ لە هەموو گۆشەکانەوە سەیری واقیع دەکات. دیمەنە نێگەتیڤەکان رەت دەکاتەوە و بانگهێشتمان دەکات چێژ لە هەر گرتە و وێنەیەک ببینین. ئێمە پێویستمان بە بۆنوێڵ و بەرکەوتنی شۆکەکانی هەیە.




**سەرچاوە:**

http://cineworkinst.eu/

# چاپکراوە نوێیەکانی ساڵی ٢٠١٣ی

## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

### کە ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەون




**لە چاوەڕوانی فەرەجوڵڵای قەهاردا**

و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

**ڕۆمان**



**فەرهەنگی شیعرەکانی سالم**

ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق

**لێکۆڵینەوە**




**سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران**

هاوار کەمال میرزا

**لێکۆڵینەوە**




**سەبارەت بە تەلەفزیۆن و**
**دەسەڵاتی ژورنالیزم**

و. مەنسوور تەیفوری

**ڕۆژنامەوانی**




**بیرکردنەوە**

عەزیز جەلال عەزیز

**زانستی**




**ئاینی کۆن و کۆچکردن لە کوردستاندا**

عەبدڵڵا قەرەداغی (مەلا عەلی)

**مێژوویی**




**ئابووریی نێودەوڵەتی**
**لە دەرئەنجامی قەیرانەکانیدا**

فەیسەڵ عەلی محەمەد

**ئابووری**




**کێشەی پەروەردەیی خێزانە**
**موسڵمانەکان لە ئەڵمانیا**

د.ئەحمەد عەلی حەمە

**لێکۆڵینەوە**




**شۆڕشی تەکنۆلۆژیا**

محەمەد دوکانی


**زانستی**




**خاڵبەندی**

کیومەرز نیکرەفتار

**زمانەوانی**




**تۆمارەکانی مێژوو**

عومەر ئیسماعیل مارف

**مێژوویی**




**لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا**

ناز ئەحمەد سەعید

**لێکۆڵینەوە**




**شێوازگەری لادان**

ئیدریس عەبدوڵڵا

**زمانەوانی**




**لە بەرزایی شوراکانەوە**

بەیان سەلمان


**ڕۆمان**



**تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندی**
**نێوان زمان و کلتوور**
د. شاخەوان جەلال فەرەج
**لێکۆڵینەوە**




**الجيوبوليتكس المعاصر**
د.فوئاد حەمە خورشید
**لێکۆڵینەوە**



**دیوانی ع.ح.ب**
محەمەد حسێن بەرزنجی
**شیعر**



**زمان و فیکر لەنێوان تیۆری و پراکتیکدا**
نەجات حەمید ئەحمەد
**لێکۆڵینەوە**



**سێ کتێب لەبارەی شیعرەوە**
سەباح رەنجدەر
**وتار**




**شەوێک لە شەوانی سیمرخ**

سەلاح شوان


**شیعر**




**گەشتێک بەناو کلتووری ژاپۆنیدا**

ئەردەلان عەبدوڵلا

**کلتووری**




**گفتوگۆ لە رۆمانی کوردی**
**کرمانجی خوارووا**

جەلال ئەنوەر سەعید

**لێکۆڵینەوە**




**رۆشنبیری و گوتاری فیکری**

هیوا عەزیز سەعید

**لێکۆڵینەوە**




**کاریگەرییەکانی لەشکرکێشی هێزە**
**بیانیەکان لەسەر کوردستان**

رەسوڵ ئیبراهیم رەسوڵ

**مێژوویی**




**هۆزی فەیزوڵابەگی و پەیوەندی لەگەڵ حوکمڕانانی موکریان و باباندا**

عەزیز کەیخوسرەوی

**مێژوویی**




**بەرکوتێکی ژیانم**

و. عەزیز گەردی

**ژیننامە و شیعر**




**تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا**

حەمە مەنتک

**لێکۆڵینەوە**




**تۆم خۆشدەوێت ئەی تۆ؟!**

کنێر عەبدوڵڵا

**گوتار**




**ڕێگایەکی دوور و درێژ**

شێنێ بۆسکانی

**یاداشت**




**سۆشیال دیموکرات و دەوڵەت**

دڵشاد تاڵەبانی


**لێکۆڵینەوە**




**مێژووی سۆفیگەری و**
**سۆفیگەرێتی لە مێژوودا**

لەتیف هەڵمەت


**لێکۆڵینەوە**




**فەلسەفەی مێژوو لای ئیبن خەلدون**

نەبەز عەبدولڕەحمان

**لێکۆڵینەوە**




**چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی**
**شوێنەوارەکانی کوردستان**

کەمال نوری مەعروف

**مێژوویی**

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org
www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە